بارانی ڕەحمەت

هۆنراوەیەکی ئایینی
مێژوویی پەروەردەییە

هونراوەی:
مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

بسم الله الرحمن الرحيم

بارانی ڕەحمەت

سرشناسه	مدرس، عبدالکریم، ۱۹۰۵ - ۲۰۰۵م.
عنوان و نام پدیدآور	بارانی ڕەحمەت/ هونراوەی مه لا عبدالکریم .
مشخصات نشر	سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۹.
مشخصات ظاهری	۳۰٤ ص.
وضعیت فهرست نویسی :	فیپا
موضوع	محمد(ص)، پیامبراسلام، ۵۳ قبل از هجرت — ۱۱ق. — شعر.
موضوع	شعرکردی — عراق — قرن۲۰م.
رده بندی کنگره	PIR۳۲۵٦/آ۲٤۳م٤ ۱۳۸۷
رده بندی دیویی	۸فا۲/۹/
شماره کتابشناسی ملی :	۹۵۸۲۰۲۱

بارانی ڕەحمەت

(هۆنراوەیەکی ئایینی، مێژوویی پەروەردەییە)

دانراوی:

ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

انتشارات کردستان

سنە

انتشارات کردستان

Kurdistan Publication

سنه ـ پاساژی عیزرەتی ـ تەلەفوون ـ ۲۲۶۵۳۸۲

بارانی رەحمەت

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	بارانی رەحمەت
✓ دانراوی (تألیف):	مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
✓ پیاچوونەوە (تصحیح):	عبدالله فاتحی، صدیق فاتحی، مصطفی حسینی
✓ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول)؛ ۱۳۸۹
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۲۰۰۰ (بەرگ) جلد
✓ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع):	۳۰٤ صفحەی رقعی
✓ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

نرخی: ۳۰۰۰ تمەنە

شابک: ۶ـ۰۴۸ـ۹۸۰ـ۹۶۴ـ۹۷۸

ISBN: 978 - 964 - 980 - 048 - 6

بسم الله الرّحمن الرّحيم

سەنا و سوپاسێ لەسەر سەفابێ سەلامێ لەسەر شێوەی وەفـابێ
ئەویان «تحیّە»ی زاتی خـودایـە ئەمیان «هدیّە»ی ڕەسوولەڵڵایـە
بە جیلوەی فەیزی عالی جەنابی بگا بە ڕۆحی ئـال و ئـەسحابی
هەم بەو کەسانە بە ڕێگەی دیـنا ئەگەڕێن بە شوێن هێزی یـەقینا

***

پاش سـەنای خـودا و سـەلامی سـەروەر
عـەرزم ئـەمەیە کـورت و مـوختەسەر
بـە ئـەمری خـودا فـەرزە لەسـەرمان
بـزانـین مـەعنای ئـیسلام و ئـیمان
ئەسڵ و فـەرعی دیـن، عـەقیدە و عـەمەل
بـاش راگـیر بکـەین تـا کـاتی ئـەجەل
تـا بـە بـاوەڕو کـردەوەی پـەسەند
لە دونـیا و دیـنا بـبین بـەهرەمەند
جا چونکی کـوردی چـاکـە بـۆ کـوردان
شـیعریش شـیرینە لای زەوقـی وردان
نـووسیم بـە کـوردی کـتێبـێکـی سـووك
سادە و ئـاسان بـێ بـۆ گـەورە و بـچووك
لەسـەر عـینوانـی «بـارانـی ڕەحـمەت»
چـونکی لە دڵا ئـەڕژێنـێ حـیکمەت
ئـومیدە بـبێ بـە مـایەی ئـیحسان
وەکـوو بـارانـی ئـارامـی نـیسان
تـەرتیبی وایـە: یـەك مـوقەددیمە
دوو بـابی عـومدە، ئـینجا خـاتیمە

لە پـێش مـەقسوودا ئـەم مـوقەددیمە
لەبـۆ چـاوڕوونـی گـەلێ لازیـمە

فـیعلی مـوکەللەف «واجـبە و حـەرام
مەندووب و مەکـرووە، مـەباحە»، تـەمام

«واجب» کـردنی مـایەی سـەوابـە
تـەرکیشی مـایەی قـەهر و عـەزابـە

«حـەرام» ئـەوەیە تـەرکی سـەوابـە
کـردنی مـایەی قـەهر و عـەزابـە

«مەندووب» کـردنی ئـیحسانە و سـەواب
تـەرکـی نـابێ بـە مـایەی عـەزاب

«مەکرووە» تەرکەکەی ئیحسانە و سەواب
بـیشی، کـەی نـابێ بە مـایەی عـەزاب

«مـەباح» تـابیعی مـەیلی ئـنسانە
کـردن و تـەرکی هـەردوو یـەکسانە

***

بابی ئەووەڵ

که ئاگادار بووی لەم موقەددیمە
ئەمجارە وادەی باسی موهیممە

بابی ئەووەڵمان فـرووعی دیـنە
ئـەوەی پـێویـستی مـوکەللەفینە

با پێشی بخەین، چونکی ئاسانە
نـزیکی فـیکری وردە سـاڵانـە

لەم بابە هەیە پێنج فەسڵی تەمام
لەسەر ژمارەی ئەرکانی ئـیسلام

«اَلْإِسْلامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لا إِلٰهَ إِلَّااللّٰهُ وَ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللّٰهِ، وَ تُقِيمَ الصَّلاٰةَ وَ تُؤْتِيَ الزَّكاٰةَ وَ تَصُومَ رَمَضانَ وَ تَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلاً»

فەسڵی ئەووەڵ [دوو کەلیمەی شەهادەت]

فەسڵی ئەووەڵمان باسی شەهادەت
کــــە بـــناغەیە لەبـــۆ ســـەعادەت
شەهادەت وایە ئـینسانی هـۆشـیار
بــە دڵ بــزانــێ و جـا بکـا ئـیقرار
بــڵێ «أَشْــــهَدُ» ئــەزانــم بــە دڵ
بە زمان ئـەڵێم بـە وێنـەی بـوڵبـوڵ
«أَنْ لَا إِلٰـــهَ» خـــودایــێ بــۆ خـــ نە
نییە «إِلَّا اللّٰه» مـەگـەر زاتــی حـەق
یــانێ ئـــەو زاتـــە نــاوی «الله» یـە
هەرچی سیفەتی چـاك بـێ، لەوایـە
پاکە لە هەرچی عـەیب و نـوقسانە
پەنهان و دیاری لای ئەو یـەکسانە
«وَ أَشْـــهَدُ» هـەم ئـەزانـم تـەحقیق
بە زمان ئەڵێم بە نـەهجی تـەسدیق
«أَنَّ مُـــحَمَّداً» بــەڕاسـتی و یـەقین
ئەو موحەممەدە کە پـاکـە و ئـەمین
«رَسُـــولُ اللّٰـه»یـە ئـەو پـێغـەمبەرە
بۆ جینن و بەشەر بە حەق ڕەهـبەرە
پــەیغامی خـــودای لەبـۆ هـێنـاون
ڕێگـای نـەجاتی پـێ نـیشان داون

بــۆ ئــیعتیقاد و بــاوەڕی بـەکـار
لەبۆ کردەوەی شەرعی و سەمەردار
هاتووە بە ڕەحمەت بۆ هەموو عالەم
بــۆ پـێـغـەمبەران بـووە بـە خـاتەم

ڕشتەی نەسەبی حەزرەتﷺ لە هەردوو لاوە

نــەسەبی ســابت بــۆ ڕەســووڵە ڵڵاە
بـۆت بـەیان بکـەم: ئـەووەڵ «عــبدالله»
«عــبدالمــطّلب» بــەرزی بــێ‌لەکـە
مـایەی ئـیفتیخار بـۆ ئـەهلی مـەککـە
«هــاشم» و «عـبدالمـناف» و «قُـصَيّ»
«كِلاب» و «مرّه»، هەم «كعب» و «لُؤَيّ»
«غــالب» و «فــهر» و «مــالك» بـزانـە
لەمـان بـەرەوژوور «نـضر» و «كـنانه»
«خــذيمه، مـدرك، اليـاس» و «مـضر»
«نــزار» و «مَـعد، عـدنان»ی سـەروەر
ڕشـــــتەی والیـــــدەی «آمــنه، وهَب»
«عبدالمناف» و «زهـره»ی بـە ئـەدەب
لەوەوژوور «کــلاب» لای ئـەم بـاپیرە
یەك ئەگرن ڕشتەی ئەم هـەردوو تـیرە
ئـەم ڕشـتە بـەرزە بـە حـوکمی دەلیـل
ئەگات بە «قیدار» کـوڕی «اسـماعیل»
هەموو سـەربەرز و مـەرد و سـەرفەراز
بــەوان ئـاوا بـوو مـەککـە لە حـیجاز
هــــەڵبـــژێراوی خــودای عــالەمن
ســاحێب شــەرەفی نـەسڵی ئـادەمن

وەختی حەملی والیدەی و کاتی لەدایك بوونی حەزرەتﷺ

حـــەملی ئــامینە بــە مــەولای عــەرەب
ئــەڵێن هــاتە جــیّ لە مــانگی رەجــەب
پاش نۆ مانگ دەرچوو لە بورجی شەرەف
دونیای ڕووناك کـرد تـەرەف بـە تـەرەف
لە شــاری مــەککــە بــیستەمی نــیسان
دونیای جـوان کـرد بـە فـەڕڕ و ئـیحسان
دووشـــــەممە، دوازدەی «ربـــــیع الاوّل»
دونیا ڕوونـاك بـوو بـە نـووری ئـەکـمەل
پێنج‌سەد و حەفتا و هـەشت سـاڵی تـەمام
مـــــیلادی عـــــیسا «عـــــلیه السّـــلام»
لەپــاش جــلووسی شــای نـەوشیرەوان
حـــەفتا ســـاڵ تـەواو ڕۆیـی بـوو زەمـان
پــەنجا ڕۆژ لەپــاش هــێرش حــەبەشی
سوپای ئـەبرەهە و چـەند فـیلی وەحشـی
شــەوی عــالەمی کــرد بــە چــراخــان
شـێوەی زەوی کـرد بـە شـێوەی بـاخان
شــەویّ بـوو شـێوەی گـەلیّ جـوان بـوو
شــاهی ڕۆژانـــی هـــەموو جـــیهان بـــوو
شـــەویّ تــلووعی ئــەو بــەدرە وابــوو
پـــڕ لە ئــارامـــی و ســـەیر و سـەفا بـوو
وادەی قـــدوومی حـــەزرەتی ســـەروەر
هـــاودەم بـــوو لەگـەڵ نـەسیمی سـەحەر

یـــــــانێ نـــــزیکه ڕۆژ بـــبێتــــەوه
دەرگـــــای ڕوونـــاکـــی واز بکـــرێتـــەوه
بـــه پـــەیدا بـــوونی ئـــەوبوو کـــه زانست
بەیداخی هەڵگـــرت لەبـــۆ حـــەق پـــەرست
لەت لەت بـــوو تـــاقی هـــەیوانـــی کـــیسرا
ڕێگـــەی ســـەرکەوتن له جـــیننی بـــەسرا
گـــۆلاوی ســـاوه ئـــاوەکـــەی ڕۆچـــوو
ئـــاگـــری مـــەجووسی کـــوژاوه و گـــوم بـــوو
سەر بەرەو ژێر بوو چەند تـــەختی شـــاهان
کـــــەوته گـــێژاو و بـــــەختی گـــومڕاهـــان
وەخـــــــتی وەلادەی ســـــەییدی ســـــەروەر
لەبــــــۆ والیــــــدەی نـــووری کـــەوته دەر
شاری «بُصریٰ»ی دی به دوو چاوی سەر
ئـــــــــــای لەم ئـــــــیشاره «الله اکـــــبر»
یـــانێ ئـــەم شـــاهەی مـــەککـــه مـــەقامه
تـــەختی ئـــوممەتی له مـــوڵکـــی شـــامه
بــــــڕۆ بــــــخوێنــــــه کــــــتێبـــی شـــیفا
بــــــزانـــــه چـــی بـــوو کـــەلامی شـــیفا

ئەو ژنانەی که شیریان داوه به حەزرەتﷺ

دایــــــەنی شـــــیری شـــاهی «مُـــؤتَمَن»
ئـــــەووەڵ دایکــــی بـــوو، دوو «امّ اَیـمَن»
کــــــه جـــارییه بـــوو لەبـــۆ عـــەبدوڵڵا
بـــــه مـــیرات گـــەیی بـــه ڕەســـوولوڵڵا

ئـازادی فـەرموو حـەزرەت بـە مـەردی
ئــینکاحی فـەرموو لە زەیـدی عـەبدی
سێهەم «سوەیبە»ی بە حوسن و حەسەب
چەن رۆژ شیری دا بە مـەولای عـەرەب
ئـەمیش جــارییەی ئـەبوولەهەب بـوو
ئازادی مـوژدەی فـەخری عـەرەب بـوو
ئــەو دەمــە مـوژدەی تـەوەلوودی بـرد
بــۆ ئــەبوولەهەب زوو ئــازادی کــرد
چوارەم «حەلیمە»ی سـەعدییە نـەسەب
ئــەهلی بــادییەی بـە شـەرم و ئـەدەب
هــات بــە دایــەنی بـردی بـۆ سـەحرا
تا موددەی دوو ساڵ شیری خـۆی پـێدا
ئەو چەرخە هـەرچـەن قـاتی لەنـاو بـوو
بــــەشەر لە بــرسا پــرژ و بــڵاو بــوو
بــە یــومنی زاتـی حـەزرەتی مـوختار
مــــاڵی حــەلیمە ئــەژیان بــێ ئــازار
جــــا چــۆن دائــیرەی مــاڵی دایــانی
رزگــــاری خـــۆیـان لەوۆ ئــەزانــی
پــاش تــەواو بــوونی زەمـانی شیری
کــــە بــــردیانەوە بــــۆلای بـاپیری
بــــە رجــــا و تکــا پــێیـان دانــەوە
لە شـــــاری مـــەککــە هــێنـایانەوە
فەقەت پاش سێ مانگ کەوتنە وەحشەت
لە «شـــقالصّــــدر»ی کـەوتنە دەهشـەت

نـــاچار حـــەلیمەی دڵ پــڕ لە لەکــە
زوو هــێنــایەوە بــۆ شــاری مـەککـە

پەروەردەکردنی حەزرەتﷺ

ئــینجا والیــدەی ئــەو نــەورەسیدە
پەروەردەی ئەکرد وەك نـووری دیـدە
لە عـومری شـەشدا ئـەو مـایەی دیـنە
لەگــەڵ والیــدەی چــوو بـۆ مـەدینە
کــە گــەڕانــەوە بـۆ مـەککـەی ئـاوا
دایکی نەخۆش کەوت لە خاکی ئـەبوا
هــەر لەو شــوێنــەدا مـوتەوەففا بـوو
حەزرەت بە مەرگی دڵ پـڕ جـەفا بـوو
ئــینجا بــاپیری بــە لوتــف و سـەفا
ئــەیپاراست لە گشت ئـازار و جـەفا
خــزمەتی ئـەکـرد بـە دڵ و بـە گـیان
«امّ ایــــمن»ی پـــاکــی مـــیهرەبان
کەگەییە هەشت ساڵ، شای شیرین لەقا
بــــاپیری ڕۆیشت بـــــۆ «دارُالبَــقا»
لە نــــەخۆشـــینا «عــبدالمــطلب»
وەســـییەتی کــرد بــۆ «ابــوطالب»
خــزمەتی بکــا بــە ڕۆح و بــە گـیان
بــــاش بـــیپارێزێ لە ژاری ژیــان
لەپــاش ئـەو لەلای مــامی شـەریفی
وەخـــتی ڕائـەبوارد زۆر بــە لەتـیفی

رۆیشتنی حەزرەتﷺ بۆ شام و یەمەن

عــومری دوازدە بــوو «عــلیه السّــلام»
کــــە ئــەبووتالیب بــردی لەبــۆ شــام
کـــاتێ گـــەیشتن بــە شــاری بــوسرا
بـــوحەیرای راهــیب نــاسی لەو شــارا
لەســـــەر بــەیانی تــەورات و ئــینجیل
ئـــەوە رەســوولی نــەسڵی ئــیسماعیل
جــا مــەنعی کــردن لە دیـمەشقی شام
فەرمووی ئەگەر «جوو»ی بێشعوور و فام
بـــیناسن، ئــینجا بــۆیــان رێکــەوێ
نــــاهێڵن بـــژی رۆژێ یـــا شــەوێ
ئـــەبووتالیبیش کــــە ئـــەمەی زانـــی
بـــۆ پــاراســتنی نــووری چــاوانــی
مــــوعامەلەی کــرد لە شــاری بــوسڕا
زوو گــــەڕایـــەوە لەبــۆ «بـیتُ الله»
لە عــومری حــەڤدە شــاهی ســەرفەراز
لەســـەر ئــوسووڵ و دەســتووری حــیجاز
رۆیشت بـــۆ یــەمەن لەبــۆ تــیجارەت
لەگــەڵ زوبــەیر و کــۆمــەڵێ عــەشرەت
پـــاش مــوعامەلە بــە قــەدر و ئــیعزاز
هــەموو هــاتنەوە بــۆ خــاکی حــیجاز

تیجارەت کردنی بۆ خەدیجە ـ رضی‌اللّٰه‌عنهاـ

پاش ئەم سەفەرە، خەدیجەی عولیا
ساحێبی جاه و سەروەتی دونیا
لەبەر شۆرەتی شکۆه و شانی
لەبەر ئەمینی و عەقڵ و عیرفانی
ڕێکەوت لەگەڵیا بە قەدر و حورمەت
کردی بە عامیل لەبۆ تیجارەت
غوڵامێکی بوو مەیسەرەی ناوبوو
شکۆه و شەرم و هۆشی تەواو بوو
لەگەڵ حەزرەتا بە قەدر و ئیکرام
چوون بۆ تیجارەت بۆ دیمەشقی شام
کاتێ گەیشتن بە شاری بوسرا
نەستووڕای راهیب، مەرتەبەی کوبرا
حەزرەتی ناسی بە چەن نیشانە
کە پێغەمبەری ئاخر زەمانە
ئەویش مەنعی کرد لە دیمەشقی شام
جا هەر لەو شارا سەییدی ئەنام
موعامەلەی کرد بە شەوق و شادی
هاتۆ بۆ مەککە وادی بە وادی
لەم سەفەرا بوو مەیسەرەی سەروەر
دوو فریشتەی ئەدی پاك و مونەووەر
بە سەر حەزرەتا ئەبوون بە سێبەر
هەتا لە گەرما نەبینێ زەرەر

نیكاح كردنی خەدیجە

كــــە گــەڕانــەوە لە ســـەفەری شـــام
شۆرەتی دەرچـوو لەلای خـاس و عـام
جـا ئـارەزووی كـرد خـەدیجەی عـولیا
نـــیكاحی بكـــا بـــە قـــەدر و حـــەیا
لەپاش خوازبێنـی و خـوێنـدنی خـوتبە
خەدیجە شووی كرد بەو ساحێب روتبە
ئەم لە بیست و پێنج، ئەویش لە چل ساڵ
گـــەیشتن بـــە یـەك بـە فـەڕڕ و ئـیقباڵ

وەختی تەعمیر كردنەوەی تایفەی قوڕەیش بۆ كەعبە

عومری سی و پێنج بوو كە قوڕەیش سەرجەم
كـــەوتنە تـــەعمیری كـــەعبەی مـــوعەززەم
لەســـــــەر دانـــــــانی «حَـــــجَرُالأَســـــوَد»
كـــــەوتنە شـــۆڕش، بـــێ ســـامان و حـــەد
هـــەموو حـــەزرەتیان كـــرد بـــە حـەكـەمیان
تـــــا ئـــــەو ئـــــاشووبە لابـــــا لەســـەریان
وەهـــــا حـــــوكمی دا شـــــاهی شـــەرەفناك
دایـــــان نـــــا لەنـــــاو بـــەرماڵێكـــی پـــاك
بـــەرماڵەكـــەیان هـــەڵگـــرت بـــە كـــۆمـــەڵ
لەجـــێی خـــۆی دانـــا ســـەیدی ئـەكـمەل
دەفـــعی كـــرد لەوان شـــەڕ و بـــێعـــەرزی
خـــــۆیشـــی گـــەیشتە مـــەرتەبەی بـــەرزی

لەو تـــاریخەوە کـــەوتە ســـەر خـــەیاڵ
کـــەوتە ســـەر فـیکری خـوای «ذُوالجَـلال»
چـــۆن ئـــەبێ دونـــیا بـــێ‌ســـەر و ســـامان
بـــێ‌ســـاحێب نـــابێ ســـەفحەی ئـــاسمان
ئـــەم ڕۆژ و مـــانگ و ئـــەستێرەی گـــەشە
ئەم سـەر سـوبحەینێی سـەد نـەشئە بـەخشە
ئـــەم بـــا و ئـــەم هـەورە، ئـەم گشت بـارانـە
ئـــەم چـــەشمەی ڕەوان، ئـــەم جـــۆبـــارانـە
ئـــەم دەشت و ســـارای زومـڕووتـی پـۆشـە
ئـــەم کـــێوی بـــەرزی ســـەد هـــەوا نـــۆشـە
چـــۆن ئـــەم ســـامانە بـــێ‌ســـاحێب ئـەبێ؟
بـــێ حـــــوکمڕان و مـــــەراقـــیب ئـــەبێ
بـــــەردێ یـــــا دارێ نـــــاشی بـــــیتاشێ
بـــۆ حـــــوکمڕانـــی ئـــەم دونـــیا نـــاشێ
بـــــــە هـــــەناسەیێ کـــــەسێ بـــــتاسێ
چـــۆن خـــۆی بـە گـەورەی عـالەم ئـەناسێ
جـــــیهانداریکـــــە لایـــــق بـــــۆ جـــیهان
یـــەکســـان بـــێ لەلای ئـــاشکرا و پـــەنهان
هـــەروا بـــە خـــەیاڵ ئـــەگـــەیییە فـــەلەك
بـــە فـــیکری نـــازك ئـەگـەیییە مـــەلەك
هـــەر ســـاڵێ مـــانگێ ئـــەشکەوتی حـــەرا
بـــۆ ئـــەفکار ئـەی کـرد بـە خـەڵوەت سـەرا
ڕۆحـــی پـــاك ئـــەکـــرد لە گشت عـــەلایق
دڵی چـــاك ئـــەکـــرد بـــە فـــیکری لایـــق

تـــا بـــۆی حـــاسڵ بـــوو مـەرتەبەی کـەماڵ
عـــــومری عـــەزیزی گـــەیشتە چـــل ســـاڵ

ئەساسی پێغەمبەرێتی حەزرەتﷺ

چـــــرای دیـــــن لە نـــێو دڵیـــا هـــەڵکـــرا
بـــــۆ ئـــەم جـــیهانە بـــوو بـــە چـــل‌چرا
شەش مانگ وەحی حەق ڕوئیای سادق بوو
هـــــەرچـــی ئـــەیبینی زۆر مـــوافـــق بـــوو
لەپـــاش ئـــەو مـــوددە بـــە لوتـــفی مـەننان
ڕۆژی دووشـــــەممەی حـــــەڤدەی ڕەمـــــەزان
جـــــیبریل هـــــاتە لای لە غـــاری حـــەرا
فـــەرمووی بـــخوێنـە ئـەی ڕوخسـار چـرا
فـــەرمووی قـاری نـیم، جـوبریل بـە ئـازار
وشـــاردی و فـــەرمووی: بـخوێنـە ئـەمجار
عـــــوزری هـــێنـــاوە بـــە وێنـــەی ســـابیق
وشـــــــــــاردییەوە جـــــــــیبریلی فـــــایق
فەرمووی: بخوێنـە ئـەی ســاحێب تـەمکین
فەرمووی: من ئوممیم بێ خەت و نـووسین
جـــا وشـــاردییەوە جـــیبریلی ئـــەکـــرەم
خوێندیەوە ﴿إِقْـرَأْ﴾ تـا ﴿مَـا لَـمْ يَـعْلَمْ﴾[1]
کە جیبریل ون بوو، حەزرەت بە دەهشـەت
هـــاتەوە بـــۆ مـــاڵ بـە تـرس و وەحشـەت

---

١. علق/ ٥ ـ ١.

فــەرمووی: دام‌پــۆشــن، کــە دایـان‌پۆشــی
لەپــاش ســەعاتێ ڕووی کــردە خــۆشــی
بـــــەیانی فـــەرموو لەلای خـــــەدیجە
وەزعـــی خـــۆی ئـــەووەڵ، هـــەتا نـەتیجە
فـــەرمووی پـــەرۆشـــم لە وەزع و حـــاڵم
چـیم بــەسەرابــێ و چــۆن بــێ مـەئالم
خـــەدیجەی زانـــا، بـــە هــۆش و زانست
فەرمووی مـوژدەبێ ئـەی ڕاسـتی پـەرست
لە هــەردوو دونــیا ســاحێب حــورمەتی
بــۆ هــەموو عــالەم مــایەی ڕەحـــمەتی
ئـــەتۆ مـــەردێکـــی بـــەرز و بـــەهرەمەند
ســـــاحێبـــی بــیر و کــردەوەی پــەسەند
ئـــــینسانێ وابـــــێ هــەرگیز نــاکــەوێ
بــــەرزی وەهـــــابێ، قـــــەت دانــانەوێ
جـــا بــردی بــۆلای وەرەقــەی جــەلیل
دانــای مــەزموونی تــەوڕات و ئــینجیل
پـــاش بــــەیاناتی حـــــەزرەتی بـــەشیر
جــــوابــــی دایـــەوە وەرەقـــەی خـــەبیر
فــەرمووی بــە قـوربان ئـەو زاتـە جـوانـە
لە مــــــــەلائیکەی مــــــــوقەڕڕەبــــانە
فـــریشتەیێکـــــە بـــــۆ دیــــن دەلیــــلە
نـــــاوی مـــــەشهوورە، کـــە جــوبرەئیلە
ئـــەمینی وەحــــیە بــــۆ پـــێغــەمبەران
کـــــاتێ لای بــــەشەر ڕەوانــــە کـــران

ئـــەو فـــریشتەیە هـــێنـــاویە ئـــەوسا
تـــەوراتی و ئـــینجیل بـــۆ مـووسا و عـیسا
هــاتووە بـۆلای تـۆیش بـە ئـەمری خـودا
چـــوون ئــادەمیزاد گشت وان لە خـــەودا
کـــــەلامی خـــودات بـــۆ نـــازڵ ئـــەکــا
مـیعراجـــی خـــێرت بـــۆ حـــاسڵ ئـەکـا
ئـــەبی بـــە ڕەهـــبەر بـــۆ جـــینن و بـەشەر
ڕوو بکـــــەن لە خـــەیر، لا بـــدەن لە شـــەڕ
جـا شـۆڕش ئـەکـەن لەمسـەر تـا ئـەوسەر
بـــۆت پـــەیدا ئـەکـەن هـەزار دەردیسـەر
بـــە زەمـــم و ئـــازار، بـــە ڕەخـــنە و لەکـە
هـــــەتا دەرئـــــەچی لە شـــاری مـــەککـــە
ئـــاخ لەو ســـەردەما بـەر حـەیات ئـەبووم
گـــــەنج و بـــــەهێز و دەســـەڵات ئـــەبووم
هـــــەوڵم بـــدایـــێ بـــۆ حـــورمەتی تـــۆ
تـــــێکـــۆشـــیمایێ بـــۆ خـــزمەتی تـــۆ
جا حەزرەت فەرمووی: چۆن عەشرەتی من
ئـــەبن بـــە مـــایە بـــۆ حـــەسرەتی مـــن!؟
مـــن خـــارج ئـــەکـەن لە وەتـەنی خـۆم!؟
کـــــزی و غـــــەریبی ڕەوا ئـــێرن بـــۆم!؟
پـــێی فـــەرموو: بـــەڵێ دونـــیا هـــەر وایـــە
عـــــالەم دوژمـــــنە بـــۆ ســـاحێب پـــایە
جـــــــا نـــــەخوازەڵا پـــــایەی ئـــــەنبیا
لەوە بـــــــوڵەنـــــدتر نـــــییە لە دونـــــیا

لەپاش ئەم وەزعە هەتاکوو سێ ساڵ
هیچ ئایەت نەهات بۆ شای پڕ کەماڵ
فەقەت جوبرەئیل بۆ سەبووری ئەو
خۆی نیشان ئەدا جارجار بە پرتەو

نزوولی وەحی لە پاش موددەی سێ ساڵ

لەپاش ئەم موددە، ڕۆژێ لە حەرا
هاتە خوارەوە شای روخسار چرا
لەوێ جوبرەئیل دەرکەوتەوە بۆی
لەسەر هەیئەتی بە هەیبەتی خۆی
بەم مولاقاتە زۆر بە پەشێوی
بە زەردی ڕەنگ و بە باری لێوی
بە هەر حاڵێ بوو هاتەوە بۆ ماڵ
جا دایانپۆشی بۆ تەسکینی حاڵ
لەم داپۆشینا جیبریلی ناسیر
نازڵ بوو لەگەڵ سورەی «مُدَّثِّر»
پاش ئەمە حەزرەت بە هێز و بە تین
خەلقی بانگ ئەکرد بۆ دین و ئایین
لەبۆ ناسینی خودای تەنها و تاك
بۆ باوەڕی پاك، بۆ کردەوەی چاك
لەبۆ سیلەی ڕەحم، بۆ میهرەبانی
لەبۆ ڕەوشتی بەرزی ئینسانی
بۆ سەخا و بەخشش، بۆ داوێن پاکی
بۆ تێگەیشتن، بۆ دڵ ڕووناکی

لەبــۆ دڵســـۆزی، بــۆ شــەرم و وەفــا
بــۆ پــەیمانداری، بـۆ سیدق و ســەفا
جا ئەهلی مـەککـە و بـادییەی ئـەتراف
هەرکەس تاڵب بوو لەبـۆ ڕێگـەی سـاف
یــەك یــەك و دوو دوو ئـەهاتن بـۆلای
بــۆ دیــنی ئـیسلام ئــەچوونە پـەنای
بەر لە هەموو کەس خـەدیجە و سـددیق
پاش ئەوان عەلی، هـەم زەیـدی عـەتیق
بیلال، «ام‌الفضل» ساحێب هۆش و زەین
ئـــــەمجارە ئـــــەسما «ذات‌النّـــطاقین»
عوسمان و زوبەیر هەم عـەبدوڕەحـمان
هەم سـەعد و تـەلحە گـەیین بـە ئـیمان
ئـــــەبووعوبەیدە وەلەدی جـــــەڕڕاح
ئــەبوسەلەمەی بــە ســیدق و سـەڵاح
ئەمجار ئەرقەمەی مـەخزوومی نـەسەب
پــایە بــوڵەنــدی ڕەوشت و حـەسەب
کوڕانی مەزعوون هەرسێ بە سـەرجـەم
عوسمان، عەبدوڵڵا، قەدامـەی ئـەکـرەم
هەم ئیبنو حاریس، عـوبەیدەی پـەسەند
بــە دیـن گـەیشتن بـە ڕوتـبەی بـوڵەنـد
ســەعید کـوڕی زەیـد، لەگـەڵ عـەیالی
فــاتیمەی خــەتتاب مــەرتەبە عــالی
هــەموو فـائیز بـوون بـە دیـنی ئـیسلام
ڕازی بــێ لەوان عــــەلیمی عــەللام

دەعـوەتی حـەزرەت بـۆ دیـنی ئـیسلام
گــەلێ پــەنهان بــوو لەم بـەینا لە عـام
ئەوانـەیش بـە دیـن مـوکەڕڕەم ئـەبوون
«سِرّاً» لە مـاڵی ئـەرقـەم جـەم ئـەبوون

دەعوەت کردن بۆ دینی ئیسلام بە ئاشکرا

نــــازڵ بــــوو ﴿فَـاصْدَعْ بِـمَا تُـؤْمَرُ﴾ [1]
ئەمری دەعوەت هات جەهری و ڕووبەڕوو
حەزرەت دەسـتی کـرد بـە دەعـوەتی عـام
بـێ پــەردە و پــەنا بــۆ دیــنی ئــیسلام
ئــــینجا کـــافرەکـــان کـــەوتنە تـــەکـــان
بـــۆ ئـــەزیەت دانـــی مـــوسوڵمـــانەکـــان
بـــە جـــنێو بـــە لێدان بـــە تـانە و تـەحقیر
بـــە بـــەهانەی پـووچ بـە مـەکـر و تـەزویر
دوو ســـاڵ بـەم ڕەنگـە بـە ڕۆژ و بـە شـەو
ئیسراحـەت نـەبوو مـەگـەر وەخـتی خـەو
سـاڵی پـێنـج ڕۆیشت، شـەشەم کـەوتە دەر
نـــــیشانەی بـــەرزی ئـــیسلام کـــەوتە دەر
ســـاڵی شـــەشەم هـــات بۆ دەورەی نـەبی
نـــــیشانەی بـــــەرزی ئـــیسلام هـــاتە دی
ئــیمانی هــێنــا بــە خــودای ئــەکــبەر
مـــیر حـــەمزەی دلێر مـــامی پـــێغـــەمبەر

---

1. حجر / ٩٤.

هەم پاڕایەوە حەزرەتی سەروەر
کە ئیسلام ببێ یەك لە دوو عومەر
یا «ئەبولحەکەم» یا «ئیبنی خەتاب»
وەربگرن دین و ئەحکامی کیتاب
ئەو لەبەر حەسەد دەرچوو بە نائەهل
لە «بولحەکەم»ی بوو بە «ئەبووجەهل»
ئەم لەبەر شەرەف رووی کردە کەماڵ
گەڕا بە فارۆق بۆ حەق و بەتاڵ
سێ رۆژ پاش حەمزە نایل بوو بە دین
بە ئیمانی ئەو ئیسلام کەوتە تین
شیری خۆی هەڵگرت بە وێنەی مەردان
وتی کێ مەردە با بێتە مەیدان
هەتاکوو ژنی بێشوو بخەوێ
منالی وردی هەتیو بکەوێ
ئەوا من دەرچووم لە بتپەرستی
لە پڕ و پووچ و رەوشتی پەستی
هەرکەس هۆشی بێ و بڕوانێ تاوێ
ئەزانێ خودا شەریکی ناوێ
جا نەخوازەڵا بەردێکی بێدەنگ
بۆ خۆت بیتاشی بە نووکی قوڵەنگ
ئەگەر تۆ بۆ خۆت نەبی بە خێوی
پیا هەڵئەمیزێ چەقەڵ و رێوی
کە ئەمیانە بیست کوففاری مەککە
هەموو بە جارێ کەوتنە هەلەکە

بــە وێنــەی مــەنجەڵ دڵیــان هــاتە جــۆش
بـۆ شـەڕ و ئـاشووب بـوون بـە زرێپـۆش
راســـە هــەر ســەرێ بـــە هـــەوا چــاخە
دەمـــاخی وێنـــەی بـــەردی چـــەخماخە
پـــۆلای حـــەقیقەت ئـــەگـــەر لێی بـــدا
بـــە هـــەموو لادا پـــرشنگ هـــەڵ ئـــەدا
ئـــاگـــری فـــەساد هـــەڵئـــەگـــیرسێنـــێ
تــا تــۆڵەی نــاحەق لە حـــەق ئـەستێنـێ

دەرچوونی یاران بۆ حەبەشستان

جـا بـۆ دەفـعی شـەڕ لە گـیانی یـاران
هەم بۆ نـەشری دیـن لە ڕووی دیـاران
ئـــیجازەی فـــەرموو «نـــبيّ الرّحـــمة»
یـــارانـــی بـــڕۆن بـــۆلای «اصـــحَمه»
جا هیجرەتیان کرد یـارانـی بـێغـەش
بۆلای ئـەسحەمە نـەجاشی حـەبەش[1]
ئەویش بە مەردی و شـیرین ڕەفـتاری
مـــوقیمی کـــردن بـــێ دڵ ئـــازاری
کۆمەکی کـردن بـە بـەرزی هـیممەت
بە ماڵ و سەروەت، بە جاه و حورمەت
کــە تـێ گـەیشتن کـوففار لە خـۆیـان
هیجرەتی ئەسحاب زیان بـوو بـۆیـان

---

١. نجاشی: لەقەبی پاشای حەبەشستانە.

لایــێ شــۆڕەتــە بــۆ دیـنی ئـیسلام
بــە تــێ‌کــۆشـینی ئـەسحابی کـیرام
لەلایــێ حــەبەش ئـەکـەن بـە رەفـیق
ئــەگــەر فـرسەتیان پـێ بـدا تـەوفیق
لایێ خۆش ئەکەن جێگە و مـەئوایـان
بــۆ مــوسولْمــانێ بـڕوا بــۆلایــان
چونکی خۆ ئەگەرن بە ماڵ و سەروەت
مــەیدانــیان هــەیە لەبــۆ کـەسابەت
زوو بــە پــەلە پـەل کـوففاری نـاشی
قاسیدیان ڕێ‌خست بـۆلای نـەجاشی
لەگــــەڵ دیــاری نــایاب و جــوان
بەڵکـوو ئـەو شـایە گـوێ‌بگـرێ لەوان
کـــــۆچ کــردووەکــان بــنێرێتــەوە
هــــەرکەسیش ئــەڕوا بــێ‌گێڕێتــەوە
ئەمما نـەجاشی بـە نـامووس و عـەرز
ئەسحابی پاراست بـە ئـەخلاقی بـەرز
وەفــدی حــیجازی تـەواو تـێ‌گـەیان
ئێمـە قـەومێکـین ئـەشراف و ئـەعیان
دایــم حـــازرین بــۆ پـەنای زەعـیف
جــا نــەخوازەڵا لە قــەومی شـەریف
ئــەم ئــەسحابانە گشت بـە ئـەخلاقن
بــە دیــن و ئــایین، بــەرزی ئـافاقن
هەموو بـە شـەعبی خـۆمـیان ئـەزانـم
ئــــەیان‌پارێزم تــــا مــــاوە گــیانم

... ـیی کەیش کە بێ بۆ حەبەش
وەرئەگرێ بۆ خۆی لە کۆمەکی، بەش
جا وەفدی کوففار بە دڵ شکاوی
هاتنەوە مەککە زۆر بە داماوی
هەر لەم لایشەوە دوو هۆزی غالیب
بەنیهاشم و بەنیموتتەلیب
یەك کەوتن لەبۆ کۆمەکی حەزرەت
کەوتنە ئیزهاری ناموس و غیرەت
بۆیە هەر ئەوان مەحسووبن بە ئال
هەر بۆ ئەوانە مایە و پایەی عال

دەرچوونی «بنیهاشم» و «بنیمطّلب» لە مەککە و مانەوەیانلە شەعبا

کە ئەمیانە دی قورەیشی کوففار
ترسان لە وزعی رەسوولی نازدار
گشت بە ئیتتیفاق پەیمانێکیان کرد
پەیماننامەیان نووسی دەست و برد
هەموو بەری بن لەم دوو عەشرەتە
کە دڵیان لەسەر یاری حەزرەتە
چوون لە مەبدەئا لەمان جیاوازن
ژنیان نەدەنێ و لێیان نەخوازن
نەکەن لەگەڵیان خەرید و فرۆش
نەڕۆن بۆلایان نە ساغ نە نەخۆش

هـەتا مـوحەممەد ئـاوارە نـەکـەن
بێکەس و دەست و بێچـارە نـەکـەن
ئـەم پـەیماننامەی نـاباری سـەعبە
بردیان هـەڵیـانواست لە مـاڵی کـەعبە
فـەقەت ئـەو کـەسەی ئـەمەیە نـووسی
تووشی شەلەل هات دەسـتی بـنووسی
بـەڵێ زۆر دەسـتی نـووسەری پـەستی
مـاری ئـەدبار و بـەدبەختی گـەستی
خۆلاسە خزمان بەمە «مَحْصور» بـوون
ڕۆیشتنە کێو و لە مەککـە دوور بـوون
لەوەی مـانەوە هـەتاکـوو سـێ سـاڵ
بـە تـەنگی وەزع و بـە تـاڵی ئـەحواڵ

کۆشش کردنی بەعزێ لە مەککە بۆ سوڵح

وا لە نـوبووەت تـەواو بـوو نـۆ سـاڵ
جـا ئـینجا بـەعزێ لە ئـەهلی کـەماڵ
بـۆ خـزمەکـانیان ڕەحـمیان جـۆشـا
بـۆ ئـیسڵاحـی بـەین دڵیـان خـرۆشـا
هـەم لەو سـەرەدا سـەییدی غـالیب
فـەرمووی بـە مـامی بە ئـەبووتالیب
ئـەو پـەیماننامەی کـە زوو نـووسراوە
لە مـاڵیکـەعبە هـەڵاوەسـراوە
وەحـی خـودایـی لەبـۆم هـاتووە
کـرمی مـۆرانـە هـەمووی خـواردووە

مەگەر لەفزێکی کە موقەددەس بێ
عینوانی ناوی خودای ئەقدەس بێ
کە ئەمیە لێ بیست مامی بە تەکان
هات لەبۆ مەککە و فەرمووی بە خزمان
موحەممەد ئەڵێ ئەو پەیماننامە
چونکە ئەساسی لەسەر حەرامە
هەمووی خوراوە مەگەر ناوی پاك
لەبەر حورمەتی خودای تەنیای تاك
بڕۆن لە کەعبە تەحقیقێ بکەن
ئەگەر وەها بوو تەسدیقی بکەن
ئیتر لابدەن لە ستەمکاری
دەستبەردار ببن لە دڵئازاری
حەیفە کە سیلەی ڕەحمی خزم و خوێش
ببێ بە جەفا و جەور و سزا و ئێش
ئەگەر وا نەبوو من لەگەڵ ئێوەم
نادووم لەگەڵیا قەت بە دوو لێوەم
کە تاقێقیان کرد حاڵی بوون سەرجەم
واقیع وەها بوو، بێ زیاد و کەم

هاتنەوەی خزمانی حەزرەتﷺ بۆ شاری مەککەی موکەڕڕەمە

ئینجا ڕێ کەوتن بۆ سوڵح و نەرمی
خزمان هاتنەوە زۆر بە دڵ گەرمی
لەم بەینا ڕۆژێ شاهی ڕیسالەت
سوورەی «والنّجم»ی ئەکرد تیلاوەت

که خوێندنەوەی هەمووی تـەواو کـرد
سوجدەی تـەعزیمی لەبـۆ خـودا بـرد
کـــافرەکـانیش هـەموو بـە سـەرجـەم
سەر بە سوجدە بوون بۆ خودای عالەم
وەزعی ئەم سوجدە گەیشت بـە وڵات
هەر لە خۆر نشین هـەتا خـۆرهـەڵات
ئەو ئـەسحابانە کـە لە حـەبەش بـوون
بەم دەنگوباسە گەلێ دڵخـۆش بـوون
وایـــان ئـــەزانـــی فـــەوتاوە ئـــیشراك
هەموو ملکەچ بوون لەبۆ خودای تـاك
گشتیان هاتنەوە بە شەوق و عـوشرەت
لەبـــۆ بـــینینی دیـــداری حـــەزرەت
بـــەڵێ هـــاتنەوە، گـــەیشتن بـــە یـــار
بـــە دەوای دەردی دەروونـــی بـــیمار
گەلێ دڵشاد بوون بە لیقای حـەزرەت
لاچـــوو لە دڵیـــان غـوباری غـوربەت
ئەمما حاڵی بوون کـە ئـەهلی مـەککـە
دڵیـــــان لە قـــــارا پـــــڕە لە لەککـــە
نـــاچار لە تـــرسی کـــوففاری نـــاشی
ڕۆیشـــــتنەوە بـــۆلای نـــــەجاشی
هـــەژدە ژن لەگـەڵ سـێسـەد و هـەشتا
پـــیاوی مـوبارەك لەم سـەیر و گـەشتا
لە جاران چـاتر بـێ خـیلاف و غـەش
ئـــیکرامـــی گـرتن پـادشای حـەبەش

ڕەحمەتی لێ بێ زۆر بە ویجدان بـوو
بـــۆیـــە نـــائیلی نـووری ئـیمان بـوو

وەفاتی ئەبوو تالیبی مامی و
وەفاتی حەزرەتی خەدیجە ـ رضی اللّٰه عنها ـ

مـــانگی نـۆهـەمین لە سـاڵی دەهـەم
ئەبووتالیب مرد بوو بـە مـایەی غـەم
پاش وەفاتی ئـەو خـەدیجەی عـولیا
مـــوتەوەففا بـوو، دەرچـوو لە دونـیا
لەپاش وەفاتی ئەو ساحێب سـەعدە
حەزرەت مارەی کرد سەییدە سەودە
هەم نیکاحی کرد عائیشەی سـددیق
ئەمما پاش هیجرەت کردی بە ڕەفیق

ڕۆیشتنی حەزرەت لەگەڵ زەیدی خادمی بۆ شاری تائیف

پاش ئەم ئەوزاعـە حـەزرەتی ئـەمین
ڕۆیشت بۆ تائیف لەبۆ نـەشری دیـن
ئەهلی تـائیفی زۆر نـەسیحەت کـرد
ئـــەمما تـــەئسیری لەوانـــا نـــەکـرد
کەس تاڵب نەبوو لەبـۆ دیـنی حـەق
لەبەر تـەقلید و هـەوا و کـەللەی ڕەق

قسەی ساردیشی ئەبیست لەو قەومە
بـــێ نـــەزاکـــەتی و ئـــازار و لۆمـــە
زەیـدی خـادمی بـە ڕۆژ و بـە شـەو
وەکوو فیدایـی حـازر بـوو لای ئـەو

گەڕانەوەی بۆ شاری مەککە

کـــە گـــەڕایـــەوە ئـــەو شـــای بـێعـەیبە
لە ڕێدا رابـــــورد لای عـــــەتبە و شـــەیبە
چونکی خزمی بـوون ڕەحـمیان جـۆشـا
بـــۆ کـــزی حـــەزرەت دڵیـــان خـــرۆشـا
خـــادمێکـــیان بـوو نـاوی عـەداس بـوو
ئـــەهلی نـــەینەوا و نـەسرانـی نـاس بـوو
بـــەوا بـــۆیـــان نـــارد مـــیقدارێ تـــرێ
تـــــا مـــەیلی بکـــا کـــاتێ مـــەیلی بـــێ
چوون بەختیار بوو عەدداسی حـەقناس
تـــرێکـــەی دانـا بـە شـەرم و ئـیخلاس
پـــــاش «بســـــم الله الرحـــمن الرحـــیم»
بەعزێکـی لێ خـوارد سـەروەری عـەزیم
تـەعەججوبی کـرد عـەدداس لەم ئـیسمە
چوون بێخەبەر بوو لەو ئـیسم و ڕەسـمە
ئـــینجا بـە نـەرمی لێی پـرسی حـەزرەت
خەڵکی کام شاری و مەردی کام عەشرەت
وەڵامـــــی داوە بـــە نـــەرمی و ئـــەخلاق:
خـــەڵکـــی نـــەینەوام لە خـاکـی عـێراق

فــەرمووی: ئــەینەوای یــۆنســـی بـرام؟
خۆشەویستەکـەی خـودای «ذوالاکـرام»؟
بەم قسـە عـەدداس گـەلێ مـەسروور بـوو
بــە فــەیزی خـــودا دڵی پــڕ نـوور بـوو
ئـــیمانی هـــێنـــا بــە دڵێکـــی پـــاك
بـــوو بـە مـەردێکـی چـاو و دڵ ڕوونـاك
جا حـەزرەت ڕابـورد لەو خـاك و ئـەهلە
هــەتاکــوو گــەیشت بــە «بـطن نـخلة»
نـــیوەشەو لەوێ بـــە نـــوێژ و قـــورئان
مــەشغووڵ بـــوو هــەتا وادەی بـەربەیان
حەوت کەس لە جـیننی بـە ئـەمری خـوا
قـورئانیان لێ بـیست هـەموو لەو شـەوا
ئـــیمانیان هــێنــا بـــە خـــودای تـــەنیا
لە ئـــــــەحقافایە ﴿وَ إِذْ صَـــــــرَفْنا﴾ [1]
کــە گــەییە مــەککـە حـەزرەتی هـادی
تـێگــەیی فــیکری ئــەشخاسی عـادی
ڕۆیشـــــتە پـــەنای دلێری بــــێ غــەم
وەلەدی عـودەی، مـەشهوور بـە «مـعطم»
لە پـەنای ئـەوا بــە شــەرم و تــەمکین
دەوامــی ئــەکــرد لەسـەر نـەشری دیـن

---

١. احقاف/ ٢٩.

گردبوونەوەی حەزرەت لەگەڵ حاجیانی مەدینە لە عەقەبەدا

لە ساڵی یازدە لە موسیمی حەج
چوو بۆلای گەلێ لە قەومی خەزرەج
خوێندیەوە بۆیان ئایاتی قورئان
دینی تەوحیدی بۆ کردن بەیان
شەشیان گەیشتن بە نووری ئیمان
ئەووەڵیان رافیع، کوڕەزای عەجلان
ئەبوو ئەمامە، هەم عەوف و جابیر
هەم قوتبە و عوقبە کوڕانی عامیر
کە گەڕانەوە لەبۆ مەدینە
بەوان ئەو شارە پڕ بوو لەم دینە

باسی میعراجی حەزرەتﷺ

هەر ساڵی یازدە لە مانگی رەجەب
لە بیست و حەوتا شای «فَخرُالعَرَب»
گەیشت بە روتبەی بوڵەندی میعراج
ریسالەت تەخت و خۆی شاه و ئەو تاج
بە ئەمری خودا جیبریلی ئەمین
بوراقی بۆ برد بە قەدر و تەمکین
شەو بە بێداری بە سواری بوراق
لەگەڵ جوبرەئیل سەروەری ئافاق
لە مەککەوە تا «بیتالمقدّس»
مەسافەی تەی کرد بە فەیزی ئەقدەس

﴿سُبْحَانَ الَّذي أَسْرىٰ بِعَبْدِه﴾ [1]
أَيْ: بِرُوحِهِ مَعَ جَسَدِه
هەروا لەفزی «عَبد» لە هەموو قورئان
بە رۆح و جەسەد کراوە بەیان
چوون ئەم میعراجە بە نەس زاهیرە
هەرکەس مونکیر بێ مەعلووم کافرە
هەر ریوایەتێ کە موخالیف بوو
بە قووەی ئیجماع زوو بە تەلف چوو
کە ئیجماع کرا و موخالیف نەبوو
بێ‌قیمەت ئەبێ نیزاعی پێشوو
عەلاوە میعراج بە رۆح یا بە خەو
قیمەتی نییە بۆ مەقامی ئەو
پاش زیارەتی «بیتُ‌المقدّس»
تەشریفی سەرکەوت رەسوولی ئەقدەس
لە ئاسمانان تەواوی سەرکەوت
گەیشتە سیدرە و جیبریل لەوێ کەوت
ئەم بەرز بووەوە بۆ روتبەی بەرزی
نە چاوی شێوا نە دڵی لەرزی
هەتا مەقامێ خودا مەیلی بوو
سەرکەوت و قەتعەن مانیعی نەبوو
لەپاش زوهووری تەجەللای ئەنوار
پاش وەرگرتنی ئەلتاف و ئەسرار

---

١. اسراء / ١.

لەپـــاش خـــیتابێ ئـــیلقا کـــرا بـــۆی
نـــزوولی فـــەرموو بـــۆ مـەقامی خـۆی
بە فەرموودەی خۆی هەر لەم شەوا بـوو
خودا پێنج فـەرزەی مـوقەڕڕەر فـەرموو
لەســەر حـەزرەت و لەسـەر ئـوممەتی
بــۆ جـەزای خـێر و بـەرزی هـیممەتی
جیبریل سـبحەینێ هـات لەبـۆ تـەعلیم
ئـــیمامەتی کـــرد بـــۆ مـەولای عـەزیم
دوو ڕۆژ بـە دوو ڕەنگ ئـیمامەتی کـرد
سـەر و پـایانی وەخـتی مـەعلووم کـرد
بــۆ مـــیعراج لە قـودس تـا پـایەی والا
کـــــە ڕەوای بـــــینی خـــوای تـــەعالا
دەلیــــــل حـــەدیسی ئـــاحادە، ئـــەمما
مـــەشهوورە لەلای عـــومدەی عـــولەما
تـــیبقی عـــەقیدەی ئـــەهلی ســـوننەتە
خـــــیلافی ئـــەوە عـــوقدە و بـــیدعەتە
کـە ڕۆژ بـووەوە شـاهی سـاحێب تـاج
ئـیعلانی فـەرموو واقـیعەی مـیعراج
بەعزێ سادە لەوح بە شوبهە و تـەڕدیـد
نــــادیم بـــوونەوە لە دیـــنی تـــەوحید
کـــوففاریش کـــەوتنە گـەپ و ئـیستیهزا
بـــە تـــانە و تـــەشەر، بـە قسـەی نـاسزا
ئـــەمما بـێوەقـفە بـووبەکـری سـددیق
تـــەسدیقی فـەرموو، بـە قـوەی تـەوفیق

هــەروا هــەر یــارێ دڵی هــۆشــیار بــوو
لە قودرەتی حەق بــاش خــەبەردار بــوو
چــونکی بــۆ خـــودا ئــەرز و ئــاسمان
سارا یا دەریا، یــەك نــەهجە و یــەکســان
لەو ڕۆژانـــەیشا قــافڵەی مـــوشریکین
ڕۆیـــی بـــوون لەبــۆ خــاکــی فــەلەستین
جــا هـــاتن وتـــیان بــەو عــالی شــەیمە
چــۆنت دی وەزعــی قــافڵەکــەی ئــێمــە
ئـــەویش ئــەحواڵی قــافڵەکــەی هــەموو
بـــۆ گـــێڕانـــەوە بــە حــەق زوو بــە زوو
کـــاتێ قـــافڵەکـــەی هـــاتەوە بـــە گــرد
ئــەهلی قــافڵەکــەیش وایــان بــەیان کــرد
کـــەچی هـــەر دڵیــان بــێ‌ئــیعتیبار بــوو
مەشرەبیان لەســەر جــەفا و ئــینکار بــوو
بـــورهان و دەلیـــل بـــە هـــەزار ئــایەت
قـــیمەتی نـــییە بــەبێ هــیدایــەت
ئــەمما هــیدایــەت کــە ڕووی کــردە دڵ
دڵ ئـــەکــرێتــەوە وەکــوو پــەڕەی گــوڵ
دڵ غونچە ڕەنگە و ڕەحــمەت نــەسیمە
غـــونچە بـــۆ نـــەسیم گـــەلێ تــەسلیمە
خــودا نــەسیمی بــا بــێت بــە ڕەحــمەت
بـــۆ ســـەفای دڵمـــان هـــەتا قــیامەت
دڵ بــــەو نـــەسیمە ئــەگــەشێتــەوە
چـــونکا لوتــفی تــۆ ئــەبەخشێتــەوە

گرد بوونەوەی حەزرەتﷺ لەگەڵ مەدینەیی
لە عەقەبەی دووهەم

لەوەختی حەجا لە ساڵی دوازدە
لە ئەهلی «طیبە» گەیشت بە دوازدە
شەش کەسی پێشوو بە غەیری جابیر
لەگەڵ حەوت کەسی سادیق و سابیر
مەعاز و زەکوان، یەزید و عەبباس
عوبادە، هەموو خەزرەجی حەقناس
ئەبووهەیسەم و عەویمی ئەوسی
ئەهلی ئیخلاس و عیززەتی نەفسی
ئەمانە هەموو ئیمانیان هێنا
بە خودای تەنهای بەسیر و بینا
کە گەڕانەوە لەبۆ مەدینە
زۆر بڵاوە بوو باسی ئەم دینە
ئەوس و خەزرەجی بۆ هێزی ئیمان
تاڵب بوون لەبۆ فێر بوونی قورئان
کاغەزیان نووسی بۆ «فخرالبشر»
بۆ ئوستازێکی بەرز و هونەروەر
ئەویش مەسعەبی بۆ ناردن دەرئان
لەبۆ تەعلیمی ئایاتی قورئان

گرد بوونەوەی حەزرەتﷺ لەگەڵ مەدینەیی لە ساڵی سێزدەهەما

لە ساڵی سیازدە هەفتا کەسیان هات
بۆ حەجی بەیت و ئەخزی بەرەکات
ئیمانیان هێنا ئەم جەمعە بە عام
بە شاهی عالەم «علیه‌السّلام»
لە زیممەیان گرت نوسرەتی حەزرەت
رجایان لێ کرد بۆ وەعدەی هیجرەت
جا فەرمانی دا ئەو شاهی دینە
یارانی بڕۆن لەبۆ مەدینە
لەهەموو لاوە ئەسحابی حەزرەت
لەبۆ مەدینە کەوتنە هیجرەت

تەگبیر کردنی کافرەکان بۆ کوشتنی حەزرەتﷺ

کە ئاگادار بوون کوففاری بێدین
لە قەسد و فیکری رەسوولی ئەمین
لە «دارالنّدوە» کەوتنە تەگبیر
لەبۆ کوشتنی بە حیلە و تەزویر
وایان بڕیار دا لە هەموو هۆزێ
شمشێر هەڵگرێ گەنجێکی قۆزێ
گشتیان بیکوژن نەك بە یەك و دوو
تا هەموو عەرەب ببن بە عەدوو

لەسەر ئەم فیکرە زوو بە دەست و بـرد
جـیبریلی ئـەمین خـەبەرداری کـرد
حەزرەت ئەمری کرد عـەلی لەو شـەوا
بـنویٚ لە جـێگـەی نـووستنی ئـەوا
خـۆیشـی هـاتە دەر کـە گـەییە دەرگـا
گـەلێکـی بـینی شـەڕکـەری ئـاگـا
لەویـا هـەڵیگـرت مشـتێ وردە خـاك
بۆ مـەنعی حـیسسی کـوففاری نـاپاك
خـوێنـدی بـەسەریا ئـەووەڵی یـاسین
هەتاکوو گـەیشت بـە ﴿لَا يُبْصِرُونَ﴾ ١
بـەو مشـتە خـاکـە ڕشـتی لەسـەریان
خودا مەنعی کرد حـیسسی بـەسەریان
پێیان نەزانی و خۆی دەرکرد «فِي الفَور»
لەگەڵ ئەبووبەکر چوون بۆ غاری «ثَور»
ئـەم دەرچـوونەیان ئـازانـە و سـەریع
هـاتە جـێ غـوڕڕەی ئـەووەڵی ڕەبـیع

تەعقیب کردنی کافرەکان بۆ حەزرەتﷺ

کـاتێ حـاڵی بـوون کـافری بـەدحاڵ
کـە ئـەو سـەروەرە دەرچـووە لە مـاڵ
گـەڕان بـە شـارا لە خـوار و لە ژوور
بـە دەوری شـارا، لە نـزیك و دوور

---

١. یس / ٩.

هـەتا ڕوویـان کـرد لە دەرگـاکـەی غـار
لەو کـاتا تـرسا بـووبەکـری نـازدار
لەویـا پـێی فـەرموو شـای سـاحێب پـەنا
﴿لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللّٰهَ مَعَنَا﴾[١]
یـانێ مـەترسە، خـوا لەگـەڵمـانە
حـەرەسی خـودا هـاوەنزڵمـانە
جـا خـودا نـاردی بـۆ ئـەو سـەروەرە
کـۆتـرە بـاریکە و جـۆلایـیکەرە
کۆتـر بـە هـێلکـە و هـێلانـەکـەی خـۆی
جـۆلایـیکەرەیش بـە هـۆی تـان و پـۆی
پـەردەیان لێدا بـۆ چـاوی کـوففار
خـەیاڵیـان ویڵ بـوو لە تـەحقیقی غـار
کـافرەکـان ڕۆیـین، ئـەمجارە سـدیق
لەو غـارا کـەوتە گـەڕان و تـاقیق
لێی فـڕە ئـەدا بـەرد و درك و دار
پـڕی ئـەکـردۆ کـونی مشك و مـار
تـەنها کـونێ مـا پـێی خـۆی نـایە سـەر
بـۆ دەفـعی زەرەر لە «خـیرالبَشَـر»
ئینجا حەزرەت نووست لای یاری گیانی
سـەریشی دانـا لە سـەری ڕانـی
لەم کـاتەدا بـوو مـاری بـە ئـازار
دای لە پـەنجەی پـێی سـدیقی نـازدار

---

١. توبه / ٤٠.

له ئـــێشـــی ژاری مـــاری بـــێ‌ئـــامان
فـــرمێسکـــی چـــاوی ئـــەڕژایـــە دامـان
یەك دوو قەترەی دای لەسـەرگۆنـای ئـەو
ســـەروەری نـــازدار بـێدار بـوو له خـەو
پـــــرسی ئــــەسبابی ئـــازاری ســدديق
جـــا کـــە حـــاڵی بـــوو له حـاڵی ڕەفـیق
دای له پــــەنجەکــەی تـفی بـــە ســـەفا
خــــودا ئــەو تــفەی بــۆ کــردە شـــەفا
شـــەهدی لێوی دۆست ئـــەبێ بـە تـریاق
بــۆ مـــاران گـــەستەی عـاشقی مـوشتاق
عـــــەلاوە ئــــاوی دەمــــی ئــەو زاتــە
هـــەوێنـــی چـــەشمەی ئــاوی حـــەیاتە
ڕۆحــــی مــــن فـیدای ســەییدی ســەردار
هـــەم ﴿ثَـانِيَ اثْـنَيْنِ إِذْ هُـمَا فِـيالْـغَارِ﴾ [1]

هیجرەت و تەشریف بردنی حەزرەت ﷺ بۆ مەدینەی مونەووەرە

سێ شەو ماتڵ بوون له عەینی ئـەشکەوت
لەســـەر دەلیـــل و وڵاغـی خـۆش ڕەوت
کــە پــەیدایــان کـرد بـە سـەفای سینە
هــەردوو ســـوار بـــوون بــەرەو مـەدینە
عـــــەجایباتی ڕێگـــــەی مــــەدینە
بــــــڕۆ له پــــەڕەی تـــاریخ بــــبینە

١. توبە / ٤٠.

ئـــەڵێ ڕۆیشـــتنە خـــێڵێ لەســـەر ڕێ
«امّ مـــعبَد»یـــان کـــرد بـــە خـــانەخوێ
پـــیرەژنێ بـــوو بـــە مـــەشرەب ئـــەمیر
هـــەر مـــەڕێکی بـــوو وشك و لات و پـیر
حـــەزرەت دەســـتی خـــۆی لەو کـــوتوپڕا
هـــێنـــا بـــە گـــوانـــی وشکـی ئـەو مـەڕا
بـــە یـــومنی دەســـتی ڕەســـوولی ئـــەمین
بـــوو بـــە مـــەڕێکـــی شـــیرا و نـــازەنین
شـــیریان لێ دۆشـــی، شـــەربەتیان نـــۆشـی
بـۆ ئـوممومەعبەد بـوو بـە دڵ خـۆشـی
چـەن ساڵ شـیری دا ئـەو مـەڕە بـە فـەڕ
مـــایەوە هـــەتا وەفـــاتی عـــومەر
ئـــەڵێ ســـوراقـەی شـۆخـی سـوارچـاك
بۆ تەعقیبیان هات، بـە چـوست و چـالاك
کـــە لە دوورەوە ســـوراقـــە دەرکـــەوت
نـــاسی بـــووبەکـر بـە شـێوە و بـە ڕەوت
تـــا گـەییە شـوێنـێ کـە هـەڵمـەت بـێنـێ
لەبـــۆ کـــوشتنیان دەست بـــوەشێنـــێ
لەســـەر هـــیممەتی ســـەییدی لەولاك
سێ جار بە سواری ڕۆچـوو لەنـاو خـاك
ئـــینجا تـــۆبـــەی کـــرد لە فـــیکری زەرەر
ئەمیش عـەفووی کـرد بـە سـەرفی نـەزەر
کـــە گـــەڕایـــەوە مـــوژدەی پـــێ درا
بـــۆ ئـــەوە تـــاج و زیـــنەتی کـــیسرا

هــــەروا رۆیشــــتن وادی بـــە وادی
بــە زەوق و فـەرەح بـە شـەوق و شـادی
جــا خـــەبەردار بــوون تـایفەی ئـەنسار
لەســـەر قــودوومی مــەحبووبی نـــازار
هــەموو بــە کــۆمــەڵ هــاتن تــا «قُبا»
بـــــۆ ئــــیستیقباڵی شــــاهی «نُـــجَبا»
لەوێ گــەیشتن بــە لیــقای مــەحبووب
پەروانەی ئەو بوون، گـەیین بـە مـەتلووب
لە دێی قــوبادا تــا بــیست و دوو شــەو
ئــاسایشی کـرد، شـای سـاحێب پـڕتـەو
لە جـــــومعەدا بـــوو دەرچـــوو لە قـــوبا
بــە شـنۆی خـۆش‌بـۆی نـەسیمی سـەبا
نــوێژی جــومعەی کــرد لە بــەنی‌سالم
لەگــەڵ یــارانــی خــۆش‌تـەبع و سـالم
پــاش نـوێژی جـومعە ئـەو بـە تـەمکینە
مــــوشەڕڕەفــی کــرد شــاری مــەدینە
خـــودا رازی بـێ لە فــیرقەی ئـــەنسار
زۆر بە ئیکڕام بوون بـۆ مـەولای ئـەحڕار
بــە لای هــەر مـاڵێ رائـەبورد حـەزرەت
دەعوەتیان ئەکرد بـە شـەوق و عـوشرەت
هــەتا دابــەزی بــە گــوێرەی مـەتڵووب
لە مـــاڵی ئـــــەبووئەییوبی مــەحبووب
جــا کــۆ بــوونەوە یــارانـی بـە جـەمع
وەکـــوو پـــەروانــە لە ئــەترافی شـەمع

شـــاری مـــەدینه و ئـــەترافـــی پـــاکـــی
بـــە نـــووری ئـــیسلام کـەوتە روونـاکـی

کڕینی ئەرز بۆ مزگەوت و خانوو لە تایفەی «بنی‌نجار»

پاش موددەی حەوت مانگ سەییدی سەردار
عـــــەرزێکـــــی کـــــڕی لە بـــــەنی‌نەجار
زۆر تـــــەلاشیان کـــرد بـــیبا بـــە ئـــیحسان
هـــــەر پـــارەی پـــێدان ســـەییدی ئـــینسان
جـــــا دروســــــتی کـــرد مـــزگەوتی عـــالی
لەگـــــەڵ چـــــەن هـــــۆدە لەبـــۆ عـــەیالی
کـــــە جـــێگـــە و ڕێگـــە دروس کـــرا بـــۆی
تـــــەشریفی ڕۆیشت لەبـــــۆ مـــاڵی خـــۆی

هاتنی عائیلەی حەزرەتﷺ و عائیلەی ئەبووبەکرؓ بۆ مەدینە

زووتـــر ڕۆیـــی‌بوون زەیـــد و بـــوورافـــیع
بـــــە دوای عـــائیلەی ســـەییدی شـــافیع
جـــــا لە مـــەککـــەوە ئـــەو دوو ئـــەمینە
عـــــەیالیان هـــــێنـــــا لەبـــــۆ مـــەدینە
ســـــەییدە ســـەودە و فـــاتیمەی زەهـــرا
«امّ‌کـــــلثوم» و ڕوقـــــەییەی ســـــوغرا
«امّ ایــــــمن» و ئـــــوسامە، هـــــەموو
دڵیـان بـە لیـقای ئـەو شـاهە خـۆش بـوو

عـەبدوڵڵای کـوڕی بـووبەکـری ئـەفزەڵ
عـــائیلەی خـــۆیـــانی هـێنـا بـە کـۆمـەڵ
یاران لە مەککە و ئـەتراف هـەرچـی بـوو
هـــیجرەتیان فـــەرموو بـــۆ مـــەدینە زوو
گشت گرد بـوونەوە بـە شـەرم و تـەمکین
یەك حاڵ و یەك ماڵ، یەك دڵ و یەك دیـن
حەزرەت مەشغووڵ بوو بە نەشری ئیرشاد
لەبـــۆ تـــــەوحیدی خـــالیقی عـــیباد
بـــۆ هـــێز و ئـــەسباب کـەوتە ئـیستیعداد
بـــۆ دەفـــعی فـیتنە و ئـاشووب و فـەساد
ئـــەگـــەر بـە ئـیرشـاد نـەگـا بـە نـەجاح
بـــە کـــاری بـــێنـــێ بـۆ غـایەی ئـیسلاح
دەعـــوەتی ئـــەکـــرد ڕەئـیس و ئـەشراف
چەن تیپێ عـومدەی هـەنارد بـۆ ئـەتراف

واقیعاتی ساڵی ئەووەڵی هیجرەت

ســـریەی حـەمزە لە ســاڵی ئـەووەڵ
لەپاش ئەو تیپی عـوبەیدەی ئـەفزەڵ
سریەی سـەعد و تـەئسیسی مـینبەر
عـــەقدی بـــرایـــی یـارانـی ڕەهـبەر
نـــوێژی جـەنازە و زەکـاتی ئـەمواڵ
هەم گوێزانەوەی عایشەی بـە کـەماڵ
هەم ئەووەڵ غەزای سەییدی عەدنان
کە نـاوی ئـەبرێ بـە غـەزای «ودان»

واقیعاتی ساڵی دووهەم

دووهەم ساڵ غـەزای «بـواط»ی ئـەسهەل
غـــەزای عـەشیرە، هـەم بـەدری ئـەووەڵ
پــاش ئــەوە تــیپی عــەبدوڵڵای ئـەهلە
لە مــانگی ڕەجــەب بـۆ «بـطن النّـخلة»
ڕۆژوو واجب بــوو لە مــانگی شــەعبان
گــــەڕا بـــە قـیبلە «کـــعبة الرّحـــمان»
حەڤدە مانگ لەسەر هیجرەت تـەمام بـوو
هەر قودسی شەریف قیبلەی ئـیسلام بـوو
جا ڕۆژێ هەڵکـەوت لە مـانگی ڕەجـەب
نوێژی نـیوەڕۆی ئـەکـرد شـای عـەرەب
لە نـــــاو مـــزگەوتی بـــەنیسەلەمە
لەپـاش دوو ڕکـات ئـەو شـای ئـەکـرەمە
قـــیبلەکـــەی گـــۆڕا بــە «کــعبة الله»
بـۆی هـەڵچـەرخـاوە بـە ئـەمری خـودا
ئـــەم مـزگەوتەیە ئـەی ڕوونـاکـی عـەین
نــــاو ئـــەبرێ بــە «مســـجِدالقِــبْلَتَین»
لە ڕەمـــــەزانـــا زەکـــاتی فـــیترە
غەزای گەورەی «بَدر»، کە ساحێب قـەدرە
عەجیب حەربێ بوو ئـەم حـەربی بـەدرە
فـــیداکـــارانـــە و شــێرانــە و گــەورە
فــریشتەی بــۆ هــات لەســەر خــاریقە
بـــۆ حـــەق و بــاتڵ بــوو بــە فــاریقە

ئـــەسحاب ســێســەد و لە هــەژدە کــەمتر
ئـــــەوان هـــــەزار و لە ســــــەد زیــــاتر
چونکی موخلیس بوون سوپاهی یاران
غـــالْب بـــوون لەســەر سـوپای بـەدکاران
حـــەفتایان کـــوژرا و حـــەفتایان بـە دیـل
گــیران بــە دەســتی ئــەسحابی جـەلیل
سریەیی عومەیر بـۆ «عـصما»ی بـێ قـەدر
لەپــاش ئــەو غــەزای «قــرقرة الكَـدر»
ســریەیی ســالم بــۆ ســەر یــەهوودی
ئـــەبووعەفەك نـــاو شـــەرووری عـــادی
عـــەقدی فــاتیمە لە مــانگی شــەووال
بـۆ عـەلی حـەیدەر شـێری «ذي‌الجـلال»
غــەزای «ســویق» و غــەزای «قُــنَیقاع»
ســـــریەیی ئـــیبنو مـــوسلیمەی نـــەفاع

واقیعاتی ساڵی سێهەم

لە ساڵی سێهـەم غـەزای «غَـطفان»
هەم غەزای «بحران» بۆ بێ‌ئینسافان
سـریەیی زەیـدی کـوڕی حـاریسە
غەزای «أُحُد»ی سـاحێب کـاریسە
لە پاش ئەو غەزای «حَمراء الأسَد»
ئــینجا ســریەی «بــن‌عبدالأسَـد»
سریەی عاسیم و سـریەیی مـونزیر
بــۆ بــەنی‌سەلیم، بــۆ بـەنی‌عامیر

شەراب حەرام بوو، قەتعەن لابرا
تەوەللودی بوو حەسەن لە زەهرا
حەفسەی مارە کرد ئەو موحتەرەمە
لەپاش زەینەبەی کچی خوزەیمە

واقیعاتی ساڵی چوارەم

ساڵی چوارەم بوو بە حوکمی تەقدیر
کە چوون بۆ غەزا سەر «بنی‌نضیر»
هەر لەم ساڵە بوو بە گوێرەی سەماع
غەزای ناوبراو بە «ذات الرّقاع»
ئیزنی تەیەمموم بە ئەمری خودا
وەلادەی حوسەین، هەم «بَدر»ی سوغرا
هەر لەم ساڵا بوو ئومموسەلەمە
بوو بە مەنکوحەی «نبيّ الرّحمه»

واقیعاتی ساڵی پێنجەمین

ساڵی پێنج غەزای «دومة الجندل»
«مصطلق، خندق، قریظه»ی ئەزەل
هەر لەم ساڵا بوو نوێژی مانگ گیران
حادیسەی ئیفکی تەزویر و بوهتان
سریەی موحەممەد ئیبنی موسلیمە
بۆ قەومی قەرتا، ئەهلی «مظلمه»

عەقدی زەینەبەی دووهەم بە تەنها
بۆ ئەوبوو ئایەی ﴿زَوَّجْنَاكَهَا﴾ [١]
هەر لەم ساڵا بوو کە جووەیریە
بوو بە مەنکووحەی «خیرالبریّە»

واقیعاتی ساڵی شەشەم

لە ساڵی شەشا واجب کرا حەج
لەسەر دەوڵەمەن، بێعوزر و حەرەج
غەزای «ذو قِرد» هەم «بنی‌لحیان»
لەم ساڵەدا بوو بە نەهجی بەیان
هەم غەزای «غابە»، چونکی کافران
بە تاڵان بردیان گەلەی وشتران
سریەی عەکاشە بۆ غەمری مەرزووق
سریەیی ئیبنو موسلیمەی مەوسووق
پێنج سریەی زەیدی کوڕی حاریسە
بۆ بەنی‌سەلیم ئەهلی کاریسە
بۆ قافڵەی قورەیش هاتەوە لە شام
بۆ قەومی بەنی‌سەعلەبەی نەفام
بۆ قەومی جوزام «قطاع الطّریق»
پێنجەم بۆ «وادی القُری» بە تەحقیق
سریەی «عبدالرحمن بن‌عوف»
بۆ سەر «دومة الجندل»ی بێخەوف

---

١. احزاب / ٣٧.

سریەیی عەلی، مەردی ساحێب فیکر
بۆسەر بەنیسەعد، سەعد ئیبنو بەکر
هەم سریەیی زەید، بۆ سەر فەزارە
ئەهلی ئاشووب و فیتنە و شەرارە
سریەی عەبدوڵڵا وەلەدی عەتیك
بۆ ئیبنو رافیع جووی لە حەق تەریك
سریەی عبدوڵڵای ئیبنو رەواحە
بۆ بەنیرەزام ساحێب قەباحە
سریەیی ئیبنو جابیری کەڕاڕ
بۆ سەر عەکەل و عووەینەی بەدکار
سریەی ئیبنو ئومییەی ئەکرەم
بۆ ئەبوسۆفیان لە تۆڵەی ستەم
لەم ساڵەدا بوو «امّ حبیبە»
بوو بە مەنکووحەی ئەو شا نەجیبە
لەم ساڵەدا بوو بێشك و میریە
«بیعة الرّضوان» لە حودەیبیە

واقیعاتی ساڵی حەوتەم

لە ساڵی حەوتا غەزاکەی «خَیبَر»
هەم «وادی القُریٰ» بە نەسسی خەبەر
هاتنەوەی جەعفەر لە خاکی حەبەش
«عمرة القَضا»، قەزای ساڵی شەش
سریەی عومەری فارۆقی مەنسوور
بە سەر هوازین، تایفەی مەشهوور

سـریەیی سـدیق بـۆسـەر فـەزارە
کـۆمـەڵێ شـەرکـەر لە خـێر ئـاوارە
سریەیی غالیب ساحێب زەوق و وەجد
بـۆسـەر مـەیفەعە لە وڵاتـی نـەجد
سـریەیی بـەشیر بـۆ بـەنی مـەڕڕە
بـۆ مـودافـەعەی ئـەو ئـەهلی شـەڕڕە
سـریەیی بـەشیر «ابـن‌الأنـصاری»
بـۆ یـومن و جـەببار فـیرقەی فـیراری
سـریەیی «ابـن‌ابـی‌العـوجا»ی مـەرد
بـۆ بـەنی‌سەلیم مـەردانـی نـەبەرد
عـەقدی مـەیموونە و عـەقدی سـەفییە
لەبـۆ حـەزرەتی «خـیرالبـریّة»

واقیعاتی ساڵی هەشتەم

لە سـاڵی هـەشتەم غـالیبی ئـەنوەر
ڕۆیشت بـۆ «کـەدید»، لە مـانگی سـەفەر
دووبـارە غـالیب لە مـانگی سـەفەر
ڕۆیشت بـۆ «فـەدەك» بـە فـەتح و زەفـەر
لەم سـاڵا گـەیین بـە دیـنی تـەوحید
عـەمر ئـیبنو عـاس، خـالیدی وەلیـد
سـریەیی شـوجاع بـۆ بـەنی‌عامیر
زاڵ بـوو لەسـەریان ڕەشـیدی ئـامیر
پـاش ئـەو سـریەی کـەعبی غـەففاری
بـۆ «ذات اطـلاح» بـە بـەختیاری

ســـــریەیی ئـیبنو حـــاریسه و جـــەعفەر
بۆ خاکـی مـوئتەی، پـڕ خـەوف و خـەتەر
عــــەمری بـــەنی‌عاس، قـــائیدی بــاسیل
ڕۆیشت بـــــۆ شــــەڕی «ذات السّــلاسل»
ســـــریەیی ئـــــەبووعوبەیدەی ئـــــەمین
بــۆ ســاحیلی بـــەحر، بـە هـێز و تـەمکین
دوو ســــوپای ئــەبووقەتادەی ئــەکــرەم
یــەك لەبــۆ «خـــضره»، دوو «بـطن اَضـم»
بــە سـوپای یـاران عـەدەد هـەشت هـەزار
مــــانگی ڕەمــــەزان ســەروەری ئــەبڕار
فەتحی مـەککـەی کـرد بـێ ئـێش و ئـازار
خوتبەی عەفووی خوێند لەسەر ئەهلی شار
لەبـــــەر ئـــــاسایش بـــە قســـەی جـــوان
خۆی کرد بـە یـوسـف، ئـەوان بـە ئـیخوان
گــەرمای ســەرسام کـــرد بـــە ســایەبانی
دنـــــیای آرام کـــــرد بــــــە مـــــیهرەبانی
کــەعبەی ڕوونــاك کـرد بـە نـاوی خـودا
بــە ﴿قُــلْ جَــاءَ الْــحَقّ﴾ [1] بــتانی هـەڵدا
ڕۆحـــم بـــە فـیدای نـیزامـی فــەتحی
بۆ خـوتبەی بـەرزی پـڕ سـەنا و مـەدحی
ســـــریەیی خــــالید بـــــۆ بــــەنی‌عوزا
کـــــە شـــــێوەی شـێوا، پـایەی داخـــزا

---

١. اسراء / ٨١.

لەم ساڵەدا بوو سریەی عەمری عاس
بۆ بەنیهوزەیل، قەومی حەق نەناس
سریەیی سەعدی ئەشهەلی سیفات
لەبۆ موشەللەل بۆ هەدمی قەنات
سریەیی خالید، ئەو عالی شەیمە
بۆسەر تایفەی بەنیجوزەیمە
پاش ئەوە غەزای «سیّدالکونین»
لەگەڵ «هەوازین» لە خاکی حونەین
سریەیی ئەبووعامیری مەزن
بۆسەر راکردووی قەومی هەوازن
سریەیی توفەیل، لە مانگی شەواڵ
بۆسەر «ذوالکَفّین» بەدی بەدفەساڵ
جا غەزای «طائف» بە فیداکاری
خۆیشی حازر بوو مەحبووبی باری
پاش گەڕانەوەی شاهی ساحێب خەیر
هاتە خزمەتی کەعبی بنزوهەیر
قەسیدەی «بانَت سُعاد»ی غەڕرا
لەبۆی خوێندەوە، خەڵاتیش کرا

واقیعاتی ساڵی نۆهەم

لە ساڵی نۆدا شاهی موئتەمەن
قەیسی بنسەعدی هەنارد بۆ یەمەن
ناردی عویەینەی مەرتەبە عولیا
سەر بەنیتەمیم، لە خاکی سوقیا

وەلیـدی هـەنارد، مـەحبووبی خـالیق
بـــۆســـەر تـــایفەی بـــەنیموستەلیق
«عـبدالله»ی ئـیبنیعوسجەی بـە قـەدر
ڕەوانـــە فـەرموو بـۆ سـەر بـەنیعەمر
سـریەیی قـوتبە بـۆ قـەومی خـەسعەم
لەپـــاش غـــەلەبە هـــاتەوە بـــێ غـــەم
ســـریەیی «ضـــحّاك» بـۆ بـەنیکیلاب
هـاتنەوە بـە خـێر ئـەفرادی ئـەسحاب
ئـینجا سـریەی عـەلقەمەی بـێغـەش
بۆسـەر کـۆمـەڵێ لە قـەومی حـەبەش
ســـریەیی عـــەلی بـــە ئـەمری خـاتەم
بـــۆســـەر بـــتەکـەی تـایفەی حـاتەم
سریەیی عەکاشە بـۆ خـاکـی حـەباب
جا غەزای «تبوك» بە سوپای ئەسحاب
چونکی ڕۆژەکەی تەنگ و زەیقەت بوو
بە «جیش العُسره» شۆرەتـی دەرچـوو
هەر بە ماڵی خۆی حەزرەتی عوسمان
سوپاکەی ڕێخست بە ئەمن و ئـەمان
جـا بـە وەحـی حـەق «نـبيّ الرّحـمه»
ئـــیعلانی فـەرموو مـەرگی ئـەسحەمە
هـــەم بـــە جـەماعەت شـاهی زەمـانە
لەگـــەڵ ئـــەسحابی ســـاحێب ئـەمانە
نـــوێژی جـــەنازەی غـــایبانەی کـــرد
حـوقووقی وەفـای بـۆ بـەجێ هـاورد

سددیقی هەنارد لەگەڵ سێسەد کەس
لە مەدینەیی بۆ مەککەی ئەقدەس
عەلیش هاتەوە لە خاکی یەمەن
ئەویشی هەنارد مەولای موئتەمەن
لە ڕۆژی جەژنا بۆ عام جاڕ درا
لەسەر کافران مەنعی حەج کرا

واقیعاتی ساڵی دەهەم

مەعازی هەنارد شاهی موئتەمەن
هەم ئەبوومووسا بۆ خاکی یەمەن
خالیدی هەنارد بۆ خاکی نەجران
عەلی بۆ یەمەن، بۆ نەشری ئیمان
ڕۆیی و هاتەوە بە فەتح و زەفەر
بۆ حەجیش گەیشت بە «خیرالبشر»
لەم ساڵەدا بوو «حـجّة الوداع»
سەد و چوار هەزار ئەسحاب بە ئیجماع
وەکوو پەروانە بە دەوری شەمعا
ئەویش وەك چرا لە حەلقەی جەمعا
چوون لەبۆ حەجی بەیتوڵڵای مەعموور
بە ئیخلاسی دڵ بە سەفا و حوزوور
لە ڕۆژی جەژنا لە خاکی «مِنیٰ»
جوبرەئیل سوورەی «نصر»ی بۆ هێنا

بــە دوای ئـەوا هـات لەسـەر تـەراكـوم
ئـــــایەی ﴿الْـــيَوْمَ أَكْـمَلْتُ لَكُــمْ﴾ ١

حەزرەت حاڵی بوو کە مەعنای ئیکمال
خـــیتامە لەبــۆ وەحـــی «ذوالجـــلال»

لەپاش «نصر» و «فتح» ئەمر بـە تـەسبیح
حــەمد و ئـیستیغفار ئـیمایە و تـەلمیح

بـــــــەمە نـــــزیکە وادەی وەفـــــاتی
بــڕوا و شــاد بــبێ بــە لیــقای زاتــی

ئینجا بـانگی کـرد حـەزرەت لە زەهـرا
پــێی فــەرموو ئــەوا دەعــوەتم کــرا

وادەی ریـــــحلەتە لە دونـــیای فــانی
وادەی وەفــــاتە و لیـــــقای ڕەبـــانی

جـا گـریا بـە جـۆش فـاتیمەی بـەتوول
تا تـەسکینی کـرد حـەزرەتی ڕەسـوول

کـــــە گـــــەڕانـــــەوە لەبـــۆ مــەدینە
لە غــەدیری خـــوم، ئــەو پـڕ تـەمکینە

خوتبەیەکی خـوێنـد گـەلێ بـە قـیمەت
بــــۆ دیـــن و دونـــیا هــەتا قـیامەت

بۆ فەرد و کـۆمـەڵ بـۆ دیـن و ئـەخلاق
بــۆ بــەرزی ئـیسلام لە کـورەی ئـافاق

بــۆ شـوێنکـەوتنی سـوننەت و کـیتاب
بـۆ ئـیستیقامەت لەسـەر ڕێی «صَـواب»

---

١. مائده/ ٣.

جــــا کــە هــاتەوە و گــەییە مــەدینە
ئــەو پــایە بــەرزەی ســاحێب تــەمکینە
لە جاران زۆرتر مەشغووڵ بــوو بــە دیــن
بــە حــەمد و زیکــری خــودای عــالەمین

واقیعاتی ساڵی یازدەهەم

لە ســــاڵی یــــازدە لە مــــانگی ســــەفەر
جــوبرەئیل هــێنــای بــۆ «خــیرالبشــر»
﴿وَاتَّـــقُوا یَـــوْماً تُـــرْجَعُونَ فـــیهِ﴾[1]
ئــیشارەی مــەرگی حــەزرەتی وەجــیهـ
ڕۆژی دووشەممە، بیست و حەوتی مانگ
ڕێکی خست سوپای بەرزی بەناوبانگ
ڕۆژی چوارشەممە کەوت بە نــەخۆشــی
ئــــازار وجــــوودی ئــەوی داپــۆشــی
هـــــەر لە ئـــەووەڵی ئــەم نــەخۆشــیا
خــوتبەیەکــی خــوێنــد بــەرز و بــە مــەعنا
ڕۆژی پــێنــجشەممەی ئــاخری ســەفەر
ئــاڵای ئــوسامەی ڕێخست بــۆ ســەفەر
یــەعنی ســـەرۆک بـــێ بـــۆ ئــەو ســوپایە
چـــونکی هـــەر قـــائید ســاحێب ئــاڵایــە
ئەمما چوون حەزرەت هــەر مــوبتەلا بــوو
ئـــــوسامە هــــێزی ئــەژنۆی شکــابوو

---

١. بقرە/ ٢٨١.

ڕۆژی یـــەکشەممە سـێهـــەمی ڕەبــیع
غـــاڵب بــوو ئــێشــی سـەییدی ڕەفـیع
لەبــەر نــەخۆشــی جــەستەی نـــازاری
لەبـــــەر غـــەڵەبــەی ئــێش و ئـــازاری
ویســـــتی لە شـــوێنــێ بـمێـنـێتــەوە
لە نــۆبــەی ژنـــان خـــۆی بگــرێتــەوە
ئیزنی خواست مەولای مـەرتەبەی کـوبڕا
نــەخۆش بــێ لەلای عــائیشەی حــەمڕا
جـــا بـۆ دووشــەممە ئـەو ڕوخســار چـرا
کــەوت لە مــەنزڵی عــائیشەی حـــەمڕا
هەرچـەن نـەخۆش بـوو بـە دڵ و ئـەندام
لە نـــــوێژەکــــانا ئـــەبوو بــە ئــیمام
فەقەت پـێنـج‌شەممە ویسـعەت نـەمابۆی
ئـەبووبەکـری کـرد بـە جـێداری خـۆی
جــا ئــەبووبەکــریش بــە ئـیستیقامەت
دەوامــــی ئــەکــرد لەســـەر ئـیمامەت
دووشـــــەممەی دوازدەی «ربــیع الأوّل»
مــوتەوەففا بـــوو ســـەییدی ئــەکــمەل
شـــابازی گــیانی بـــە قــەدر و ئـــیعزاز
بۆ بـاغی فـیردەوس کـەوتە سـەر پـەرواز
خۆی بـە دڵ مـەیلی لەسـەر پـەرواز بـوو
لیــقای تــەجەللای خـــودای نـــیاز بـوو
بـە ڕەحــمی ڕۆحــی سـاحێب هـیممەتی
بــــوو بــــە زەخـــیرە لەبـــۆ ئـــوممەتی

ئـــای لەو زەلزەلە و ســەدەمەی عــوزما
ئــافاقی پــڕ کــرد تــا ســەفحەی ســەما
یـــارانـــی هــەموو ســینەیان جــۆشـا
بــۆ فــیراقــی ئــەو دڵیــان خــرۆشـا
سەرسام و مەلوول، حەیران و بێهۆش
بەعزێکیان لێ مرد، بەعزێکیان نەخۆش
وا پــەرێشــان بــوو عــومەری فـارووق
قەسەمی ئەخوارد بە حەزم و وسووق
هــەرکەسێ بــڵێ کــە پــێغــەمبەر مـرد
بە شیر ئەیکوژم زوو بە دەست و برد
ئــەمما حــەزرەتی بـووبەکری سـدیق
هەروەکوو خۆی بوو مەحکەم و وەسیق
خـوێندیەوە وەکـوو خـەتیبی سـەییت[1]
ئـــایەی شـــەریفەی ﴿إِنَّكَ مَـــيِّت﴾[2]
جـــا تـــەسکینی دا بــە دڵی فــارووق
لە وەفـــاتی ئـەو گـــەیی بــە وسـووق

باسی شۆرین و کفن و نوێژی جەنازە و داپۆشینی حەزرەتﷺ

ڕۆژی دووشەممە و هەم شەوی ئاتی
هــــەروا مـــایەوە لە جـێی وەفـاتی

---

١. [سەییت، صَیِّتْ]: یانێ دەنگ بەرز. ٢. زمر / ٣٠.

ڕۆژی سێشەممە حەیدەری کەڕڕار
شۆردی جەسەدی سەییدی ئەبڕار
کۆمەکی ئەکرد عەبباسی مامی
هەم «فضل»ی کوڕی ساحێب مەقامی
ئوسامە و شەقران عەلاوەی قیسەم
ئازاد کراوی ڕەسوولی خاتەم
بە شەرم و ئەدەب لەلای پەردەوە
بە چەن حەسرەت و ئاهی سەردەوە
ئاویان ئەڕێژا و ئەگریان بە تاو
بە جۆشی سینە و جگەری سووتاو
ئاوی ئەووەڵجار گەرمی بێقوسوور
دووهەم ئاو و مورد، سێ ئاو و کافوور
بە سێ شاکفنی سحوولی ئەنوەر
عەلاوەی ئەوان کراس و مێزەر
پاش غوسڵ و کفنی ئەو سەرفەرازە
حازر بوون لەبۆ نوێژی جەنازە
ئەووەڵجار پیاوان دووهەم لە ژنان
سێهەم منالی بە تەمیزی جوان
فەقەت لەم نوێژا ئەسحابی کیڕام
هیچکەس لەبۆ کەس نەبوو بە ئیمام
هەر لە سێشەممە یا لە شەوی چوار
یا لە ڕۆژیا، بە نەقڵی ئەخبار
لە جێی وەفاتیا قەبریان هەڵکەند
لە حوجرەی عولیای عائیشەی پەسەند

قـــەبر هــەڵکــەنی ئــەبووتەلحه بــوو
لەســـەر تــەرتیبی حـەفر و لەحـد بـوو
فەرشی ئەلحەدیان بۆ کرد بـە نـۆ خشت
سـوورەتی ئـەلحەد سیرەتی بـەهەشت
عەبباس و عـەلی هـەم «فـضل» و «قـثم»
ڕۆیشـــتنه قـــەبری سـەییدی ئـەکـڕەم
به شەرم و شەرەف دایان هـێشـته خـوار
تەسلیمیان فەرموو، بـە ڕەوزەی گـوڵزار
عومری عەزیزی شەست و سێ ساڵ بوو
عـەقڵی و حـەواسـی پـڕ لە کـەماڵ بـوو
بـــڕژێ بـــەسەریا ســـەلات و ســـەلام
بـــە قـــەد حـــورووفی جـەمیعی کـەلام

باسی وەزعی ئەعزا و بەدەنی و شێوە و ڕەنگی

له شــــــەمایلی شــــیرینی حـــــەزرەت
بــــەعزێکــــی ئـــەڵێم لەبــۆ مــەعریفەت
ســـەری گـــەورە بـــوو، پــێشـــانی گـوشاد
هــەرکەسێ ئــەیدی پــێی ئــەبوو دڵشـاد
جارجار مووی سەری ئەگـەییە سـەر شـان
جــارجــار کــۆتـاتر پیا ئـەبوو پـەخشان
ئــەبرۆی بـــە وێنــەی قـەوسی تـیرئەنداز
چـــاوانـی جـوان بـوون بـە وێنـەی شـاباز
چ له پشـــــــتەوە، چ لە بـــــــــەردەمی
شـــــتیان ئـــەبینی بـێزیـعف و کـــەمی

ڕەنگی ڕوخساری جوان و سپی و سوور
دەرئەکەوت لە دوور بە وێنەی بلوور
ئاخ بە تەماشای ئەو چرای سەفا
من ڕزگار ئەبووم لە دەرد و جەفا
لووتی ساف و ڕێك شێوەی بەرانی
ساف و ئاودار و شاش بوو ددانی
زمانی فەسیح، قسەی شیرین بوو
تفی دەرمانی ئێش و برین بوو
گەردنی بێ گەرد، بەوێنەی بلوور
ئەدرەوشایەوە بێ عەیب و قوسوور
سینگی گوشاد و دڵی بە قووەت
پڕ لە زانست و عەقڵ و مورووەت
کە بە چاو ئەنووست دڵی بێدار بوو
مەشغووڵی یادی خودای غەففار بوو
دڵی ئەو شاهی ساحێب پڕتەوە
چوار جار لەت کرا و شۆراوەتەوە
لەپاش دووساڵی، دە ساڵی و چل ساڵ
لە پەنجا و یەکا، «مِعراج الکمال»
هەموو هەر سیڕ و «خَرق العادت» بوون
مایەی سولووکی ڕێی سەعادەت بوون
ناو شانی گوشاد بە تین و قووەت
لای چەپیەوە بوو مۆری نوبووەت
بە وێنەی هێلکەی کۆتر، یا کەوێ
قەزای لە نەجمەی پادشا کەوێ

دەستی پڕ سـەفا و سـەخا و نـەسرین بـۆی
وەهـــا درێژ بـــوون ئـــەگـــەینە ئـــەژنۆی
دەســـتی دانـــایە لەســـەر هـــەر ئـــێشـــێ
شـــیفای بـــۆ ئـــەهات نـــەی‌ئەما ڕێشـــێ
ئاخ بەو دەستەکـەی وەکـوو بـەستەی گـوڵ
نـــــــەجاتی ئـــــەدام لە خــــــەستەیی دڵ
ژێری پـــێی ســـاف و بـــۆنـی وەك عـەنبەر
فـــریشتە ســـیرەت، ئـــەندام بـــێ‌ســـێبـەر
نـــە کـــورت، نـــە درێژ، بـاڵای مـوعتەدیل
بــــــەرزیشی هـــــەبوو لەســــــەر مــــوقابیل
هەرچەن ســوورەتی جـوان و زەریـف بـوو
خـــولق و ســـیرەتی زیـــاتر شـەریف بـوو
زیکـــــری زوبـــــانی نـــاوی خـــودابـــوو
دایـــم مـــەشغووڵی نـــەشری هـــودا بـــوو
ســـــیواکـــــی ئـــەکـــرد بـــە داری ئـــیراك
تـــەرغیبی عـــامی ئـــەکـــرد بـــۆ ســـیواك
مـــەزاحـــی ئـــەکـــرد لەســـەر ســەداقـەت
قســـەی خـــۆشـی بـوو لەسـەر حـەقیقەت
زەردە خــــــەندەی زۆر پـــێکــــەنینی کــەم
قـــەهقەهەی نـــەبوو ســـەییدی ئـــەکـــرەم
ئـــــەگـــــریا کـــــاتی بـــــیستنی قـــورئان
لە شــــــەونوێژیشــــــا، ئـــەمما بـــڕێ ئـــان
لە کـــاتی تـــرسی خـــوای بـــە عـــەزەمەت
کـــــاتی بـــــەزەیی بـــۆ حـــاڵی ئـــوممەت

وەفـــا بـــە وەعـــدە تـەبیعەتی بـوو
حـــەیا بـــە وێنـەی حـەقیقەتی بـوو
زیـاتر لە عـالەم بـە عـەقڵ و عـیففەت
بـە شـەرم و شکـۆ، بە بەرزی سیفەت
شەو بەعزەن ئەنووست، بەعزەن بێداربوو
مـەشغووڵی فـیکر و زیکـری غـەففاربوو
هـێنـدە لە نـوێژا ڕاوەسـتا بـە شـەو
ئـاوسان هـەردوو پـێی نـازەنینی ئـەو
ئەغڵەب دووشەممە و پێنجشەممە و جومعە
بـەڕۆژوو ئـەبوو ئـەو سـاحێب ڕوفعە
«ایّـام البـیض» و شـەش ڕۆژەی شەواڵ
عـەرەفە و عـاشوورای ئـەگـرت بـە کـەماڵ
دائـەنیشت وەکـوو سـاحێب ویـقاران
نـەئەکـەوتە پـێش لە ڕیـزی یـاران
لە ڕێ ڕۆیـینا بـۆ پـاش و بـۆ پـێش
فەرقی نـەئەکـرد شـای مـەشرەب دەروێش
لەسـەر ئـەسپ و کـەر هـێسر و وشتر
سوار ئەبوو بێ فەرق، جار لە جار خۆشتر
لە پـاشکۆی خـۆیـا لەبـەر شـەفێقـی
سـواری ئـەکـردن بـەندە و ڕەفـێقـی
بـە ئـیشی ئـاسان گـەلێ مـەسروور بـوو
لە تـەسەنوع و تـەکـەللوف دوور بـوو
کـۆمـەکـی ئـەکـرد بـە شـەخسی زەعـیف
جـا نـەخوازەڵا دامـاوی شـەریف

بـــۆ بـــێوەژن و هـــەتیوی بــێکــەس
لەبـــۆ غـــەریب و خـــزمانی بــێدەس
ئـــەیپرسی حـــاڵی غـــایب و نـــەخۆش
عـــەیادەتی بـــوو لەگـــەڵ قســـەی خـۆش
ئـیستیرجـــاعی بـــوو بـــۆ یـەکـێ ئـەمرد
بـــە خشـــووع نـــوێژی جـەنازەی ئـەکـرد
لەگـــەڵ جـــەنازەی ئـــەچوو بـــە تـەمکین
دوعـــای بـــۆ ئـــەکـرد لە دوای داپـۆشـین
وەهـــــمی عـــاجزی لەهـــەرکەس ئـــەبرد
ئـــەڕۆیـــی بـــۆلای دڵخـــۆشـــی ئـەکـرد
ئـیکرامـی زۆر بـوو بـۆ زومـرەی ئـەشراف
حـــەقی وەرئـەگـرت بـە فـەزڵ و ئـینساف
ســـەرفی نـــەزەری ئـــەکـــرد لە خـــیلاف
لە قســـــەی تـــاڵی پـــیاوی بـــێئـــینساف
لە مـــــوشکیلاتا تـــــەدبیری ئـــــەکـــرد
هەرکەس مەغروور بوو تـەسخیری ئـەکـرد
دەســـتی ئـەشۆری و «بسم اللّه»ی ئـەکـرد
ئـــــەوجارە دەســـتی بـــۆ تـــەعام ئـــەبرد
ڕەخـنەی نـەدەگـرت لە چـێشت و تـەعام
ئـــــەمیانە وشکــــــە و ئـــەویانە بــێتـــام
یـــا تـــەرکی ئـــەکـرد یـا خـۆ زوو بـە زوو
لێی ئـــــەخوارد شـــتێ، بـــەپێی ئـــارەزوو
قـــــەت جـــــیا نـــەبوو نـــانی لە یـــاران
چ لە دەوڵەمـــــــــەن، چ لە هـــــــــەژاران

تــرێ و کــاڵەکــی ئــەخوارد بــە ویــقار
هـــەم بـــە یــەکــەوە روتــاب و خــەیار
زەوقــی مــایل بــوو بـە چـەور و شـیرین
وەکوو خورماورۆن هەم هـەڵوا و هـەنگوین
شــیری مـەیل ئـەکـرد چـاشت و ئـێواران
مــەیلی بــوو لەســەر گــۆشتی باڵداران
زەوقــی شــانی بـوو لە گـۆشتی حـەیوان
ئــەیکرد بــە پـێخـۆر سـرکە لەگـەڵ نـان
هـەر بـە سـێ پـەنجە، جـارجـار بـە چـوار
چـێشـتی هـەڵئـەگـرت بـە شـەرم و ویـقار
پێی خـۆش بـوو لیـباس لە بـوردی یـەمان
لە مــاددەی خــوری و لە مـاددەی کـەتان
ڕەنگی سپی و سەوز لەلای مـەرغووب بـوو
پارچەی بەو ڕەنگـەی لەلا مـەحبووب بـوو
ئــــەیکردە پــەنجەی بــچووکی خــاتەم
زۆر لە دەستی ڕاست لە دەستی چەپ کـەم
چەوری ئەفەرموو مووی سـەری جـارجـار
زۆر مــەیلی هــەبوو بــە عـەتری بـۆنـدار
مــیسکی هـەڵئـەگـرت، بـخووری ئـەکـرد
لە داری عـــــوود و لە کــــافووری ورد
ســــوورەتی پــاك و شــەرەف و عــەرزی
ســــیرەتی چـــاك و ئــەخلاقی بــەرزی
نــایەتە نــووسین بــۆ مــن بــە دەفــتەر
ســەڵەوات لەســـەر ڕۆحــی پــێغــەمبەر

بــــەسە بـــۆ ســەنای قـــورئانی کـــەریم
﴿إِنَّكَ لَـــــــعَلىٰ خُــــــلُقٍ عَـــــظِيمٍ﴾ [١]

باسی بڕێ لە «اِرهاص» و «کَرامات» و «مُعجِزات»ی حەزرەتﷺ

بـــا بـــڵێیـــن بـــەعزێ لە ئـــیرهـاساتی
لە کــــــەرامـــــات و لە مـــوعجیزاتـــی
لە پێش نوبووەت «خرق العادە»ی خاس
لە ئــیستیلاحا پــێی ئــەڵێن «اِرهــاص»
بــە مـەعنای ئـەساس بـۆ پـێغـەمبەری
دامــــــەزرانـــــدنی پـــایەی ســــەرووەری
بــە «خــــرق العـادە»ی دوای نـوبووەت
بــــێ مــــوعارەزە بـــڵێ «کــرامَت»
پــاش نــوبووەت و تـــەڵەبـــی کـوففار
هـــەر خـــاریقەیێ ئـــەو بـــیکا ئـــیزهار
بـــــەو خــــــاریقەیە ئـــەڵێن «مُـــعجِزە»
چـــونکی خـــەسمەکـەی بـەوە عـاجزە
نـــیشانەکـــــانی شـــــەوی وەلادەت
هەموو ئـیرهـاس بـوون لەبـۆ نـوبووەت
هـــەر وا ئـــەو هـــەورە لە کـاتی سـەفەر
لە ڕاســـــەریەوە ئـــەبوو بــە ســێبـــەر

---

١. قلم / ٤

کــە بــوو بــە ڕەســوول ســەییدی ئــەنام
گــەلێ جــەمادات لێیــان کــرد ســەلام
کــــۆڵەکـــــەیێ بـــوو لەو مـــزگەوتەدا
بـــــۆ خــــوتبە پـــاڵی پـــێیــەوە ئـــەدا
کاتێ تـەرکی کـرد پـاش بـینای مـینبەر
نـــاڵانــدی لەبــەر فــیراقــی دولبــەر
تـــا ڕۆیشـــــتە لای بـــــە مـــیهرەبانی
بــاوەشی پــیا کــرد وەك بـرای گـیانی
ئـەوجا بـێدەنگ بـوو بـە سـەبر و ئـارام
بـــە مـــــەحەبەتی «عــلیه السّــلام»
تــەسبیحاتی کــرد بــە ئــەمری خــودا
مشـتێ وردە بــەرد لە دەســتی ئــەوەدا
هــەروا لە دەسـتی بـوبەکـر و عـومەر
لە دەستی عوسمان مەحبووبی سـەروەر
بە ئـەمری ئـەو بـوو دارخـورما لە دوور
هات بوو بە حیجاب بۆ شاهی مەنسوور
دارێکی سەمری بانگ کرد بـۆ تـەسدیق
هات و پاش تـەسدیق گـەڕاوە تـەحقیق
وشــتر چــەن دەفـعە هـاتن بـۆ شکـات
لە قــورسی بـار و ڕێگــەی دوور وڵات
شکــاتی ئـاسك و قسـەی ســووسەمار
بــاسی دەفــەیشان بــۆ خـەتەری ژار
گەلێ دوعای کرد گشتیان قـبووڵ بـوون
بۆ خێر و بـۆ شـەڕ بـۆ بـوون و نـەبوون

بە دوعـای ئـەو بـوو حـەزرەتی عـومەر
ئـیمانی هـێنـا، گـەیشت بـە سـەمەر
بە دوعای ئـەو بـوو حـەزرەتی ئـەنەس
عـومر و ئـەولاد و مـاڵی کـەوتە دەس
بە دوعای ئـەو بـوو کـە ئـیبنو عـەبباس
لە دونـیا گـەڕا بـە «اعـلمُ النّـاس»
بە دوعـای ئـەو بـوو سـاڵی وشکـەساڵ
بـاران ئـەباری مـەحاڵ بـە مـەحاڵ
دوعای شەڕیشـی لە هـەرکەس ئـەکـرد
بـە ئـەمری خـودا تـەئسیری ئـەکـرد
ئەو پـێنـج بـێشـەرمە کـە بـە ئـیستیهزا
بـۆ حـەزرەت ئـەبوون بـە مـایەی سـزا
دوو ئـەسوەد نـاو و حـاریس و وەلیـد
عـاس ئـیبنو وائـیل نـامەردی پـەلید
زوو گیرۆدە بوون بە دوعـای حـەزرەت
لە دونیا دەرچوون بـە داخ و حـەسرەت
ئەسوەدی کـوڕی مـوتتەلیب کـوێر بـوو
ئەسوەدی دووهەم ئیسقای پێ فـێر بـوو
وەلیـد بـە تـیرێ جـەستەی دارزا
عـاسیش بـە درکـێ فـەوتا بـە سـزا
حـاریسیش سـەری داوەشـا بـە زام
لە دونـیای ڕۆشـن دەرچـوو بـە نـاکـام
بـوون بـە سـەدەقە بـۆ ئـەو پـێنـجانە
کـەوتنە کـۆشش ئـازا و مـەردانـە

پەیمانی شەڕیـان تـێکـدا بـە یـەکـجار
هــۆزی حــەزەریان هــێنـاوە بـۆ شـار
مــەعتەم و زەمـعە و هـیشام و زوهـەیر
«ابوالبـحتری» مـەردی سـاحێب خـەیر
بە دوعای ئەو بـوو عـەتەبەی نـەگـبەت
کــوشتی شــێرێکـی بـەهێز و هـەیبەت
پیاوێکـی عـەرەب دڵ و دەروون سـارد
بــە دەسـتی چـەپی تـەعامی ئـەخوارد
حەزرەت بە نەرمی و ئارامـی فـەرمووی
دەسـتی راس چـاکـە نـانی پـێ بـخۆی
کــــابرا بــــە عــیناد وتــی نــاتوانــم
هەر بە دەستی چـەپ خـواردن ئـەزانـم
فـەرمووی بـا وابـێ کـابرای بـەدعەمەل
دەستی نەخۆش کەوت بە دەردی شەلەل

بەیان کردنی چەن شتی غەیبی

بــە ئـیعلامی حــەق چــەن خــەبەری دا
هــەموو هـاتنە جـێ بـە ئـەمری خـودا
دەرکەوت بە راستی قسـەی غـەیبی ئـەو
بۆ فەتحی موڵکـی قـەیسەر و خـوسرەو
وەهــــا ســوراقــە مــوژدەی پــێ درا
وەری گــرت تــاج و ئــەسبابی کـەسرا
ئــەخباری فــەرموو سـەروەری زەمـان
بـە شـەهید بـوونی عـومەر و عـوسمان

هەم بە شەهیدی «ابوالحَسَنین»
بە سوڵحی حەسەن «بَینَ الفِئَتَین»
هەمووی ناو بردن کوژراوانی بەدر
هاتە دی قسەی شاهی ساحێب قەدر
هەم خەبەری دا بە دایکی ئەنەس
ئەڕوا بۆ غەزای کوففاری ناکەس
لەسەر بەیانی ڕەسوولی مەقبووڵ
ڕۆیشت بۆ فەتحی شاری ئیستانبووڵ
هەر لەو سەفەرا لە وشتر داکەوت
مرد و مەرتەبەی شەهیدی دەسکەوت
ئیعلانی فەرموو مەرگی شای حەبەش
قەتڵی فەیرووزی ساحێب مەکر و غەش
گەلێ واقیعەی وەهای خستە دەر
هەموو نووسراون لە پەڕەی سیەر

ڕزگار بوونی بریندار و کوێر و نەخۆش بە یومنی فەڕی ئەوﷺ

هەر بە کەرامەت شای ساحێب ئەمان
لوقمان مەشرەب بوو، بێ دەوا و دەرمان
چاوی قەتادەی موخلیسی ئەرشەد
کەوتە سەر کوڵمی لە غەزای ئوحود
نایەوە جێگە و دەستی پیا هێنا
بوو بە چاوێکی بە دەرك و بینا
چاوانی «فودەیك» نابینا و زەلیل
تفی خۆی لێدان ڕەسوولی جەلیل

وا شـــتی ئـــەدی لە عــومری هــەشتا
تــۆ ئـــەتوت فـــودەیك مـــناڵە هێشـتا
بــە تــفی ئــەو بـــوو ســـددیقی نـازار
رزگار بوو لە سۆی ئێشـی گـەستی مـار
بە تـفی ئـەو بـوو حـەیدەر لە خـەیبەر
چـــاوی رزگــار بــوو لە ئـێش و خـەتەر
پـــێی ئــەبورافــیع شكــا بـــە جـــەفا
دەستی پیا هـێنـا شـای سـاحێب سـەفا
وا خۆشەوە بـوو ئـەتوت بـاش‌جەڕڕاح
هـاتووەتە سـەری بـۆ جـەبر و ئـیسڵاح
ژنــــێكـــی دامـــاو مــنداڵێكـــی بـــوو
كـــەچەڵ و لاواز، زۆر بـێ‌ڕەنگ و ڕوو
هـــێنـــایە پـــەنای ســـەیدی ســـەردار
بـــــۆ رزگـــــار بـــوونی لە زام و ئـــازار
دەســـــتی نـــازاری هـــێنـــا بـــە ســـەرا
مـــناڵ رزگـــار بـــوو لە گشت مـــاجەرا
منداڵێكی شـێت، بـێ‌حـاڵ و بـێ‌هـۆش
وێڵ و سـەرگەردان، نـاساغ و نـەخۆش
دایكەكەی هێنـای بـۆ حـوزووری ئـەو
تـــا رزگـــار بـبێ بـــە هـــیممەتی ئـەو
دەستی خۆی دانـا لەسـەر سـینەی ئـەو
دوعای لەبۆ كرد شای سـاحێب پـڕتـەو
بـــە مـــەیلی خـــودا گـــورج رشـــایەوە
ڕەنگـــی وەكـــوو گـــوڵ زووگـەشایەوە

بۆ خۆی ڕزگـار بـوو لە شـێتـی و ئـازار
بــــە بــەرەكــەتی ســەروەری نـــازار

باسی زۆر بوونی شتی کەم بە یومنی ئەوﷺ

بــە فــەڕی ئــەو بــوو کـەوا هـاتە شـیر
مــــەڕەكـــەی «ام‌مـــعبد»ی فـــەقیر
چەن خورمای بەخشی بە «عـبدالرحـمن»
ئــەبووهورەیــرەی مــەشهووری زەمـان
لەو تـــاریخەوە تــا فــەوتی عــوسمان
لەوانـــەی ئــەخوارد بــە تــوولی زەمـان
زەرفـــی خـــورماکـەی لەو ڕۆژا ون بـوو
بــۆیــە بــە ئــاه و ئـەسەف ئـەیفەرموو:
«لِــــــلنَّاسِ هَـــــمٌّ وَ لِــــي هَـــمَّانِ
هَــــمُّ الْــــهَمْيَانِ وَ هَــــمُّ الْــــعُثْمَانِ»
بــە یــەك چــتیر و مـەنێ جـۆ بـە حـەق
هەزار کەس تێر بـوو لە غـەزای خـەندەق
لە غـــەزای تــەبووك لەبــەر کـــەمی نـان
شکــــاتیان هــێنــا بــۆ شــاهی زەمــان
ئەویش ئەمری کرد هەرکەس هەرچی بـوو
هــێنـایان بـۆلای زۆر بـوو یـا کـەم بـوو
هــەموویان داکــرد لەســەر یـەك سـفرە
پــیا بـەش کـردنەوە بـۆ دەفـعی عـوسرە
هــەموو بــەشیان بـرد بـە ئـارەزووی دڵ
ســوپا ڕزگـــار بــوو لە دەردی مـوشکڵ

بـــێنـــە یـــادی خـــۆت لە حـــودەیبییە
یـــــاران و شــــــاهی «خـــــیر البـــــریّە»
کـــــاتێ ڕۆیشــــــتن بــــۆ ئـــەو ســــەراوە
حــــاڵی بــــوون کــــانی وشك و بــــێ ئـــاوە
حـــەزرەتی ســەروەر نـیزەی خـستە نـاو
کــانی هــاتە جـۆش بـە وێـنەی سـەراو
دەسنوێژیـان گـرت و ئـاویان خـواردەوە
کــانی و ئــاوەکــەیش هــەروا مــایەوە
ســـــەفەرێکــــی تر لە ڕووی دیــــاران
بــۆ ئــاوی دەســنوێژ دامــابوون یـاران
غــەیری کــاسەیێ قــەتعەن ئــاو نـەبوو
جا تەشریفی بـرد حـەزرەت زوو بـە زوو
دەســتی خســتە نــاو ئــەو کـاسە ئـاوە
کــاسە هـاتە جـۆش وێـنەی سـەرچـاوە
تـا دەسـنوێژیـان گـرت یـارانـی بـە عـام
بـــە یـــومنی زاتـــی «عــلیه السّــلام»
پــــەنایان هـــێنـا قـــەومێکـــی فـــەقیر
لەبــەر نــاخۆشــی و کــەمی ئـاوی بـیر
تــەشریفی ڕۆیـی و ئـاوی دەمـی خـۆی
کردە ئـەو بـیرە خـۆش بـوو تـام و بـۆی
ئـاویشی زۆر بـوو بـە سـافی و خـۆشی
چـــونکی لە ئــاوی حــەیاتی نــۆشــی
مـــیوانداری کـــرد حـــەزرەتی بـــەشیر
بـۆ ئــەهلی «صُـفّە» بــە کـاسەیێ شـیر

هەرکەس بە قـەد خـۆی لێیـان خـواردەوە
کـــاسە شـیرەکـەیش هــەروا مــایەوە
شـــەخسێ «رحـــمةً للـعالمين» بـێ
ئـەبێ ڕزگـــاری هـــەر بـەو تـەئمین بـێ
دەسـتێ هـاو دەسـتی «روح القُـدُس» بـێ
مەوریدی فـەیزی خـودای ئـەقدەس بـێ
چـۆن شـیفای خـەستە بـەو دەسـتە نـابێ
یـا سـەفای سـینەی دڵ خـەستە نـابێ
دڵێ کـە جـێگـای نـووری خـودا بـێ
ئـــەبێ تـــەمەننای لای ئـەو ڕەوا بــێ
دەمـێ کـە زیکـری زات و سـیفات بـێ
ئـەبێ نـمی ئـەو ئـاوی حـەیات بـێ
ڕەحـمەتی خـودا ڕووی کـردە هـەرکەس
بـۆ تـاریکە شـەو ئـەبێ بـە قـەبەس
ئـــەبێ بـــە پـەنا بـۆ هـەموو عـالەم
ئـــەبێ بـــە دەوا بـۆ ئـێش و ئـەلەم
ڕۆحـــم بـە فـیدای نـاو و نـیشانت
دڵ داوا ئـــەکـا نـەشئەی ئـیحسانت
لوتـــفت مـــەرهەمی زامــــی زەلیـلە
بـــۆ قـــاپی ئـیحسان نـاوت کـلیلە
خـۆم خسـتە قـاپی ئـەمن و ئـەمانت
وەك عــەرەب دەخـیل دەسـمە دامـانت
کـــوردم، بـوردییەم نـەزمی کـوردییە
پـــەنام هـێناوە، وەخـتی مـەردییە

لەت کردنی مانگ و ڕۆژ ماتڵ بوون

کە مونکیر داوای موعجیزەی لێ کـرد
به ئیمای پەنجە مـانگی دوولەت کـرد
﴿اِقْـــتَرَبَتِ السَّـــاعَةُ وَانْشَــقَّ﴾ [1]
بـۆ لەت بـوونی مـانگ دەلیـلێ حـەقە
ئـــایەتی دوایـــی وەکـــوو بـــورهانە
لەبـــۆ ئـــینسانێ نـــەگـــرێ بـــەهانە
بـــۆ مـــوعجیزەیە ئـــینکاری مـــوسیرِ
ئیعراز و دەعوای سـیحری مـوستەمیرِ
بۆی ماتڵ بوو ڕۆژ، لەسەر نەقڵی حەق
لەبەر نوێژی عەسر لە غەزای خەندەق
بۆ پایەی بەرزی شاهی سـاحێب تـاج
ئـــیمتیازی بـوو بـە ئـەسرِا و مـیعراج
کـــە بـە ئـیحتیرام جـیبریلی ئـەقدەس
شـــەو بـــردی هـەتا «بـیت المـقدّس»
لەوێوە ســــــەرکەوت لە ئـــــاسمانان
بـــیستی گـــوفتوگۆی خـالیقی مـەننان
به سورعەتی بەرق هەر لە عەینی شـەو
هـــاتە خـوارەوە بـە شـەوق و پـڕتـەو

---

1. قمر / ١.

موعجیزەی قورئان

ئــەعلای مـوعجیزەی سـەییدی عـەدنان
لەفــزی پــڕ مــەعنای ئــایاتی قــورئان
بـــە ئـــەمری خـــودا قـــەرار دراوە
قــورئان لە لەوحــا هـەمووی نـووسراوە
وەری گـــــرتووە جــــیبریلی ئــــەمین
بـــە ئــیلقای خــودای «ربّ العــالمین»
بە بـیست و سـێ سـاڵ بـەپێی ئـیحتیاج
هــێنــاویە بـۆلای شـاهی سـاحێب تـاج
پـــەری و فــریشتە و هــەموو ئــادەمی
نــاگــەن بــە وێنـەی، نـە زۆر نـە کـەمی
نـــەك دەســـوورەتی «اَقْـصَرُ السُّـوَر»
دوورە لە هـــێز و تـــاقەتی بـــەشەر
مـــەبنای ســەفایە و شــیفای ســدوورە
مەعنای حـیکمەتە و ڕەحـمەت و نـوورە
تـــیا هــەیە بــاسی ئــەووەڵ و ئــاخر
پــــڕە لە خـــێری بـــاتین و زاهـــیر
ئـــەسراری زۆری لێ ئـــەبێ عـــەیان
عـــولەمای ئــەوێ، ئــەمما لە ئــەعیان
ئــەو تــەرغیب ئـەکـا پـەری تـا بـەشەر
لەسەر ئیشی چـاك، لەسـەر دەفـعی شـەڕ
لەســـەر عـــەقیدە و بـــاوەڕێکـــی پـــاك
لەســـەر کــردەوە و ڕەفــتارێکــی چـاك

لەسەر ئیسڵاحی ڕەوشت و ئەخلاق
بۆ هەموو بەشەر لە هەموو ئافاق
لەسەر کۆمەکی بۆ خێر و ئیحسان
بە گیان و بە ماڵ، بە حورمەت و شان
لەسەر ڕووخۆشی و ئیمان و سەفا
لەسەر چاوپۆشی و پەیمان و وەفا
لەسەر سیلەی ڕەحم، بۆ خزم و بۆ خوێش
لەسەر دڵسۆزی بۆ شاه و دەروێش
قورئانە ئەڵێ قەت غافڵ مەبە
لە ئیتاعەی حەق قەت ماتڵ مەبە
ئەڵێ تێکۆشە بۆ ئادابی دین
فەرامۆش مەکە بەشی خۆت لە ژین
ئەمرت پێ ئەکا بە حیفزی نوفووس
عەقڵ و ئایین و سەروەت و نامووس
لەبۆ خاس و عام وا ئەدا فتوا
کەرامەت نییە ئیللا بە تەقوا
هەرکەس ئەتقا بێ یەقین ئەو کەسە
هەر ئەو ئەکرەمە و هەر ئەو ئەقدەسە

دەلیلی ئیعجازی قورئان بە کورتی

گەر ئەڵێیت قورئان بۆچی موعجیزە
مەخلووق لە ئینشای وێنەی عاجیزە
من چەن دەلیلت بۆ ئەکەم بەیان
لەبۆ ئیسباتی ئیعجازی قورئان

ئەووەڵ مەربووتی ئـەهلی ویـجدانـە
مـەخسووسی ئـەهلی دیـن و ئـیمانە
دڵ داگیر ئـەکـا بـە قـووەی تـەئسیر
تەسخیری ئـەکـا بـە وێنـەی ئـەسیر
دای ئـەگـرسێنـێ وەکـوو کـارەبا
تـاریکی وەهـمی لەسـەر لائـەبا
نـابێزرێ لە دڵ هـەرگیز بـە تـیکرار
بەڵکوو خۆشترە ئـەمجار لە ئـەوجار
بەو نـەشئە قـورئان ئـەیبەخشێتـەوە
دڵ بـە وێنـەی گـوڵ ئـەگـەشێتـەوە

***

دووهەم بەیانی ئەخباری مەکتووم
وێنەی ئـایەتی ﴿غُـلِبَتِ الرُّومُ﴾ [١]
﴿لَـتَدْخُلَنَّ الْـمَسْجِدَ الْـحَرَامَ﴾ [٢]
﴿فَتْحاً قَرِيباً﴾ [٣] بە گوێرەی مـەرام

***

سێهەم جـیایی تـەرتیبی یـەکسـەر
لەبـۆ ئـوسلووبی کـەلامی بـەشەر
چوون ئوسلووبێکی غەیرە موعتادە
خـاریجی وەزعـی نـوتقی عـیبادە

***

---

١. روم/٢.
٢. فتح/٢٧.
٣. فتح/٢٧.

چــــوارەم ئــەمەیە دوورە لە گـــەزاف
لە مــوبالەغەی تــێکـەڵ بـە خـیلاف
ئــەمما قســەی غـەیر بـەبێ گـوفتوگۆ
ئەغڵەب جوان ئەکرێ بە هووشە و درۆ
پــێنــجەم ئــەمەیە لە هــەموو بــابێ
بـــەرزە لە پــایەی هــەموو کـیتابێ
لە زەم و ســـەنا لە وەعـــد و وەعـــید
لە «ضرب المثل»، لە نەشری تـەوحید
ئـــــەمما ئــادەمی دوورن لەم تــەرزە
سـەرکەس بـۆ بـابی مـەرتەبەی بـەرزە

***

شەشەم دەلیلە بـۆ مـەردی زانـا — کە ئاگادار بێ لە سیڕڕی مەعنا
بە نوکتەی ورد و بەلاغەی کەلام — بە موناسەبەی مـوقتەزای مـەقام
موعجیزە لەبۆ واعیز و خـەتیب — پێی دائەمێنـێ بـەلیغ و ئـەدیب
عالەم هاتە جـۆش بـۆ مـوقابەلە — بـۆ مـوعارەزە و بـۆ مـوجادەلە
هەموو مانوو بـوون لە مـوقابەلە — بۆیە دەسـیان کـرد بـە مـوقاتەلە

***

ئـــیمامی ڕازی شـــابازی تـــەحقیق
دوو قسـەی هـەیە مـەعقوول و دەقـیق
قسـەی ئـەووەڵیـان حـاڵ نـییە بـە دەر
یــا پـەستە نـەزمی لە قـووەی بـەشەر
یــا هــاومیزانــە بــۆ هـێزی ئــەوان
یـــا بـــوڵەنــدترە مــەرتەبەی لەوان

ئـــەووەڵ و دووهـــەم نـــابێ وەئـــیللا
چۆن لە وێنـەی ئـەو ئـەبوون تـەوەللا
گـەر ئـەدنا ئـەبوو یـا خـود مـوساوی
خـــوتەبای عـەرەب بـێ دڵ شکـاوی
ئـــینشایان ئـــەکـرد وێنـەی لە کـەلام
ئیفشایان ئەکـرد لەلای خـاس و عـام
قســـەی دووهـەمین لە «نـفسُ الأمـر»ا
یــــا وا لە پــایەی قــووەی بــەشەرا
یا مەگـەر هـەر خـاك بکـەن بـە سـەرا
لێك دوورن وێنـەی سـورەییا و سـەرا
ئــەگـــەر ئـــەمەیە عـــەینی مــەتڵەبـە
کـــە مـوعجیزەیە و دوور لە مـەشرەبە
ئـــەگـــەر ئـــەوەڵە دووبـــارە جـــوان
بۆم مەعلووم ئەبێ موعجیزەی قورئان
چـــــونکی کـــەلامێ لە قـــودرەتا بـــێ
خودایش بـۆ وێنـەی ڕێگـای نـەدابـێ
یـــــەقین تـــەئییدی زاتـــی خـــودایـــە
لەبــــــۆ تـــــەسدیقی «رســـول الله»یـــە
وەکـــوو ئـــەوەیە بـە قـووەی قـودسی
نـــــەیەڵێ کـــەسێ وەرگـــێڕێ دەســـــی
بـــێجگـــە لەمـــانە مـوعجیزەی زۆرن
لای عەقڵی سـەلیم بـە ئـیمزا و مـۆرن

ئیعجازی ئەخلاقی

لە گشت باڵاتر موعجیزەی ئەخلاق
سەرگەردان ئەکا عوقەلای ئافاق
ئەو سیدق وسەفا و ئەو ئەمانەتە
ئەو عەهد و وەفا و ئیستیقامەتە
ئەو شەرم و شێوە و ئەو شوجاعەتە
ئەو حەوسەڵەیە، ئەو مەتانەتە
ئەو چاوپۆشییە و ئەو سەماحەتە
ئەو شەهامەتە و ئەو سەلاحەتە
ئەو دڵ گوشادی و ئەو تەوەککولە
ئەو خۆگرتنە و ئەو تەحەمولە
ئەو دڵسۆزییە و ئەو دڵدارییە
ئەو میهرەبانی و بێ ئازارییە
ئەو تێکۆشینە لە ڕێی ئەم شەرعە
ئەو بێ تەماعی و ئەو زوهد و وەرعە
ئەو ئیعتیدالە لەبۆ ڕەفتاری
ئەو حەلاوەتە لەبۆ گوفتاری
گشت موعجیزە بوون بۆ زومرەی ئەنام
ئیتر نایەوێ توول دان بە کەلام

کەرامەتی ئوممەتی، موعجیزەی ئەوەﷺ

هەر کەرامەتێ بۆ ئەهلی دینە
وەکوو موعجیزەی شای مورسەلینە

پــڕتــەوی نــووری ڕۆژی هــودایــە
لە سەفای سـیمای «ڕســول الله»یـە
لە هەر وڵاتێ شـوێنـێ ڕۆشـن بـێ
ڕۆژ بۆ ئەو شەوقە ئـەبێ زامـن بــێ
«والحاصل» نووری سەما و زەمـینە
بـــــۆیـــــە «رحـــــمةً للـــعامین»ە

❊❊❊

دەســا ئـەی پـەنای دیـن و دونـیاکـەم
تکـــا کـــارەکـــەی ڕۆژی جـــەزاکـــەم
تـــــەبیبی ئـــەحواڵ، لوقــمانی دەردم
مـــــایەی ڕزگـــاری لە ئــاهی ســەردم
بـــە مــــیهرەبانی لاکـــــە بـــەم لاوە
خـــۆت بــنوێنــە پـێم بـە تـەجەللاوە
بۆم ڕووناك بکە سەر لەوحەی «ضَمیر»
«إِنَّكَ أَنْتَ السِّــــــــــراجُ الْـــــــمُنیرُ»
گـــەلێ دڵشـــادم کـــە ئــوممەتی تــۆم
هــەر ئـینتیزاری ڕووی هـیممەتی تـۆم

باسی حەرەمانی بە ئیحتیرامی

بـــــا بکـــــەین بـــــاسی حــەرەمەکــانی
ســـاحێبـــی قـــەدر و حـــورمەت و شـانی
تـا «خـەدیجە» مـا حـەزرەتی خـۆشخـوو
تـــــەنها خـــەدیجە عــائیلەی ئـــەو بـــوو

لەپـــاش وەفـــاتی خـــەدیجەی عــولیا
ئــەگــەرچـــی عـــومری گـەییبووە پـەنجا
چـــەن ژنــی هـێنـا شـای عـالی هـیممەت
لەبــــەر تــەقازای ئـیدارە و حـــیکمەت
وەکـــوو زوو وتـــمان خـــەدیجەی کــوبرا
لە شــــاری مـــەککـــە نـیکاحی کــرا
هەر لە مـەککـەدا دە سـاڵ پـاش بـیعسەت
لە شــەست و پـێنـجا ڕۆیـی بـۆ جـەننەت
پاش ئەو بە سێ ڕۆژ «سەودە»ی موحتەرەم
بـوو بـە مـەنکووحەی ڕەسـوولی ئـەکـرەم
لە پـــەنجا و چـواری هـیجری بـێ جـیدال
لە مــــــەدینەدا لە مـــانگی شـــەووال
مـــوتەوەففا بـــوو بــە پــایەی ڕەفــیع
چـــوو بـــۆ مــەقبەرەی «جــنّةالبــقیع»
«عـــایشە» لە ســاڵی دەهــەمی بــیعسەت
لە مەککە بـوو بـە مـەنکووحەی حـەزرەت
شــــەووالی ســاڵی ئــەووەڵی هــیجرەت
لە مــــەدینەدا گـــەیی بــــە حـــەزرەت
هەرچـەن لەو کـاتا عـومری نـۆ سـاڵ بـوو
ئــەمما ســاحێبــی عــەقڵ و کـەماڵ بـوو
دانـــای ئــەحکامی ســونەت و کــیتاب
«مَــرْوِيٌّ عَــنْهٰا»ی عــولەمای ئــەسحاب
لە مــــەدینەدا ســـاڵی پـــەنجا و هــەشت
عومری شەست و شەش ڕۆیی بۆ بە هەشت

سـەییدە «حـەفسە» سـاڵی سـێی هـیجرەت
بوو بـە مـەنکووحەی شـەریفەی حـەزرەت
ساڵی چـل و پـێنـج عـومریشی لە شـەست
لە مـــەدینەدا ڕۆیـــی بـــۆ بـــەهەشت
کـــچی خـــەدیجە «زەیـــنەب»ەی عـــەزرا
ســـاڵی سـێی هـیجری نـیکاحی کـرا
پاش مـوددەی سـێ مـانگ مـوتەوەففا بـوو
نـــاییلی قـــەبری ســـاحێب سـەفا بـوو
«امّ ســــــــلمە» لە ســـــــاڵی چـــوار
بـــوو بـــە حـــەرەمی ســەییدی ســەردار
ساڵی پەنجا و نۆ، عـومری هـەشتا و چـوار
خـــاکـــی بـــەقیعی پـــڕ کـــرد لە ئـــەنوار
«زەیـــنەب»ەی دووهـــەم بـە ئـیمان و دیـن
ســاحێبــی عــەقڵ و شـەرەف و تـەمکین
لە ســاڵی پـێنـجی تـاریخی هـیجرەت
بوو بـە مـەنکووحەی شـەریفەی حـەزرەت
عـومری پـەنجا و سـێ لە بـیستی هـیجری
«جـــنّةالبـقیع» بـــوو بـــە جـێی قـــەبری
هـــەر لە پـــێنـــجا بـــوو کـــە «جـووەیرییە»
بـــوو بـــە مـــەنکووحەی «خـــیرالبـــریّە»
ساڵی پەنجا و پێنج عومری شەست و پەنج
دەرچـــوو لە دونـــیای پـــڕ مـەلال و ڕەنـج
لە ســـــــــاڵی شـــــەشدا «امّ حــــبیبە»
بـــوو بـــە مـــەنکووحەی ئـەو شـا نـەجیبە

لە مـــەدینەدا ســـاڵی چـــل و چـــوار
ڕۆیشـــتە بـــەقیع مـــەقبەرەی ئـــەبرار
لە ســـاڵی حـــەوتا ســـەرووەری عـــالی
هـــێنـــای «مـــەیموونە»ی نـــەسەب هـــیلالی
ســـاڵی پـــەنجا و یـــەك لە خـــاكـــی ســـەرەف
مـــرد و مـــەدفوون بـــوو بـــە قـــەدر و شـــەرەف
هـــــەر لەم ســـــاڵەدا ســـەییدە «ســـەفیە»
بـــــوو بـــە مـــەنكووحەی «خـــیرالبـــریّە»
لە ســـــاڵی پـــــەنجا مـــــانگی ڕەمـــەزان
لە مـــــــەدینەدا ڕۆیـــــی بـــــە ئـــــیمان

نەسەبی حەرەمەكانی

سەییدە خەدیجە و عایشەی حەسیبە
ســـەییدە حـــەفسە و ئـــوممـوحەبیبە
ئوممـوسەلەمە و سەودە، ئـەم شـەشە
ئەسڵ و نەسەبیان قـەومی قـورەیشـە
هـەردوو زەیـنەبە لەگـەڵ مـەیموونە
هـــەم جـــووەیرییەی عـالی نـموونە
عـــەرەبن ئەمما نـــە وەك لە قـورەیش
ئیسرائیلی بـوو سـەفییەی بـێغـەش

ئەو حەرەمانەی كە نەیگوێزاونەتەوە

غـــــەیری ئـــەمانەش هـــەیە لە ســـیەر
دوانـــزە مـــەنكووحە بـــۆ «خـــیرالبشَـــر»

«امّ شريك» و «خەولە» و «عەمرە»ی پاك
«ئەسما»، «مەليكە»، «فاتيمە»ی «ضحّاك»
«عاليە» و «سەنا»، «قەتيلە»، «شەراف»
خوشكی دوحيە بوو بە نەقڵی ئەشراف
دوانزەهەم ژنی لە بەنیغەففار
ناويان ديار نييە لای ئەهلی ئەخبار
نەیگوێزانەوە «خيرالبريّە»
نەچووە لای كەسيان ئيللا عاليە

جارييەكانی حەزرەتﷺ

چوار بوون جارييەی شاهی زەمانە
ئەووەڵ لەوانە ناوی «ڕەيحانە»
لە ساڵی پێنجا بە قەدر و حورمەت
بوو بە جارييەی عاليەی حەزرەت
وەفاتی فەرموو ساڵی دەی هيجری
«جنّةالبقيع» بوو بە جێی قەبری
دووهەم لەو چوارە «ماريە»ی قيبتييە
دايكی ئيبراهيم، عالی سەجييە
لە ساڵی حەوتا موقەوقەس لە ميسر
بەدياری ناردی بۆ شای ساحێب نەسر
لە ساڵی شازدە لە عەهدی عومەر
بوو بە مەدفەنی بەقيعی ئەنوەر
سێهەم «نەفيسە»ی جارييەی زەينەبە
بەخشی بە شاهی عالی مەرتەبە

چـوارەم دیـار نـییە نـاوی لە ئـەسفار
کەوتە لای حەزرەت لە حەربی کوففار

سیڕڕی زۆری حەرەمانیﷺ

لە خـــەسائیس بـــوو بـــۆ شـــاهی ئـــەبرار
مـــەنکووحەی بـــبێ زیـــاتر لە چـــوار
چـــونکە ئـــەحکامی مـــەربووتی ژنـــان
ژن کـــەشفی ئـــەکـــا، بـەو ئـەکـرێ بـەیان
بـــۆ کـــەشفی ئـــەمەیش کـــافی نـــییە کـەم
زۆری پـــێ ئـــەوێ تـــەعلیمی ئـــومەم
عـــەلاوە ئـــەمەیش لایـــقی جـــەزمە
وەســـیلەی بـــەرزی یـــەکـــێکـــیان خـزمە
مـەخسووس بـە وەزعـی ژن و ژنخـوازی
زۆر قـــەومی نـــاحەز لێك ئـــەبن رازی
حـــەزرەتیش لەبـــەر مـــودارا و ئـــولفەت
زۆری حـــەز ئـەکـرد بـە زۆری عـەشرەت
ئـــەیزەن[1] ڕەوایـــە بـــە شـــەرعی ئـــیسلام
مەخسووس بێ یە کێ بـە بـەرزی ئـەحکام
مـــەعلووم کـــە تـــەنها کـــەسرەتی ئـەزواج
نـــەبوو لە خـــاسسەی ســـاحێبـی مـیعراج
چەن شـتی وا بـوون کـە حـەرام بـوون لێی
چەن واجبیش بوون لەسەر شەخسی خـۆی

---

١. [ئەیزەن: «ایضاً»، دووبارە.]

حـــــەقی جـــــینایە و قـــەرز و کـــەفارات
لەبـــــاتی فـــــەقیر واجب بـــوو بـــیدات
«صـــلاةاللّـیل» و وەتـر و فـەجر و چـاشت
هەم غوسڵی جومعەیش واجب بوو بـیکات
خـــــەسایسی ئـــــەو لە مــوحەررەمـــات
بـــــــەیان کـــــراون لە مــــوتەووەلات [١]

بەیانی ئەولادی حەزرەتﷺ

ســێ کــوڕی هـەبوو رەسـوولی عـەزیم
«قـاسم، عـەبدوڵڵا» سـێهـەم «ئـیبراهـیم»
چوار کچ: «زەینەب»ە و «روقەییە»ی عەزرا
«امّ کــــــلثوم» و «فــــــاتیمە»ی زەهـــــرا
قاسم پەیدا بوو چەن ساڵ پێش بـیعسەت
بــەر لە جــەمیعی ئــەولادی حــەزرەت
هــەر لە مـەککـەدا لە عـومری دوو سـاڵ
مـــرد بـە ئـیرادەی خـودای «ذي‌الجـلال»
«عـبدالله»ی کـوڕی دووهـەمی حـەزرەت
ئەویش پەیدا بـوو سـاڵێ پـێش بـیعسەت
هـــەر لە مـــەککـــەدا وەفـــاتی فـــەرموو
تـــــەییب و تـــاهیر لەقـــەبی ئـــەو بـــوو

١. [موتەووەلات: «مُطوّلات»، ئەو کتێبانەی بە درێژی باسی سیرەت و بەسەرهاتی حەزرەتیان تێدا نووسراوە.]

ئــیبراهــیم کـوڕی سێهـەمی حـەزرەت
پــەیا بــوو ســاڵی هـەشتەمی هـیجرەت
لەپـــاش حــەفتا ڕۆژ مــوتەوەففا بــوو
بــەقیع بــەو کــوڕە پــڕ لە ســەفا بــوو
کچی گەورەی ئەو زەینەبەی خـۆش‌حـاڵ
پـەیا بـوو لە پێش بـیعسەت بـە دە سـاڵ
وەفــاتی فــەرموو لە هــەشتی هــیجری
«جــنّةالبــقیع» بــوو بــە جــێی قـەبری
هــەر لە مـەککـەدا شـاهی «خـیرالنّـاس»
مــارەی بــڕی بــوو لەبــۆ «ابـوالعـاص»
لەو مــوتەوەللید بــوون عـەلی و ئـەمامە
عــەلی پــێش بــلووغ چــوو بــۆ قـیامە
ئـــەمامە مــــاوە و لەپـــاش فـــاتیمە
شووی کرد بـە عـەلی و بـوو بـە خـاتیمە
یــەعنی بــێ ئــەولاد دەرچـوو لە دونـیا
گــەیشت بــە پــایە و مـەرتەبەی عـولیا
هـــاتە دونــــیاوە ســــەییدە ڕوقـــــیە
حەوت ساڵ پێش بـیعسی «خـیرالبـریّە»
ئینکاحی فـەرموو حـەزرەت لە عـوسمان
دوو هــیجرەتی بــوو بـۆ حــەبەشستان
لە مـــەدینەدا وەخـــتی غــەزای بــەدر
وەفــاتی فــەرموو بــە عـیززەت و قـەدر
ئـوممولکولسوومی بــە عــەقڵ و کـەماڵ
لە پێش بـیعسەتا بـە مـوددەی دوو سـاڵ

هـــاتە دونـــیاوە بـــە ئـــەمری مـــەننان
لەپاش روقەییە شووی کـرد بـە عـوسمان
وەفـــاتی فـــەرموو لە ســالّی نـــۆهـــەم
زۆر بۆی مەحزوون بوو رەسوولی ئەکرەم
فـاتیمەی زەهـــرا ســالێ پێش بـیعسەت
هـــاتە دونـــیاوە بـــە قـــەدر و حـــورمەت
لە مــــەینەدا ســــالّی دووی هـــیجری
ئـــینکاحی فـەرموو حـەزرەت بـۆ عـەلی
شەش مانگ پاش فەوتی سەییدی عەدنان
وەفـــاتی فـــەرموو، مـــانگی رەمـــەزان
بـــێجگـــە ئـــیبراهـــیم ســـەییدی والی
لە خـــــەدیجە بـــــوون هـــەموو مـــنالّی
ئـــــەمما ئـــــیبراهـــیم لە مـــارییە بـــوو
زوو بـــەیانمان کـــرد کـــە جـــارییە بـــوو

ئەولاد و نەتەوەی کچانی حەزرەتﷺ

بـێجگـــە حـــەزرەتی فـــاتیمەی زەهـــرا
ســـاحێبـــی قـــەدر و مـــەرتەبەی غـەڕڕا
کـچانی حـەزرەت یـا بـێ ئـەولاد بـوون
یــــاخود ئـــەولادیان مـــوتەوەففا بـــوون
لە زەهـــرای بـــەتوول بـــە ئـــەمری خـودا
دوو کـــچ پـــەیدا بـــوو، سـێ کـوڕی والا
ناوی کوڕەکـان «حـــەسەن» و «حـــوسەین»
سێیەمیان «موحسین» وەکوو نووری عەین

نـــاوی کــچەکــان بــزانــە مــەعلووم
یــەکــەم «زەیــنەب»ە، جـــا «امّ کـلثوم»
ئومموکولسوومیان شووی کرد بـە عـومەر
دوو مـــنداڵی بـــوو بــە نــەقڵی خـــەبەر
«زەید» و «روقــەییە» بــێنـەسڵ و سـەمەر
مـــوتەوەففا بـــوون پـاش فـەوتی عـومەر
ئومموکولسوومی سـاحێب بـەهرە و فـەڕ
شووی کرد بـە عـەونی وەلەدی جـەعفەر
پاش ئەو «موحەممەد» پاش ئەو «عـبدالله»
کـــوڕانـــی جـــەعفەر بـــرای «مُـــرتضیٰ»
نـــەتەوەی نـــەبوو لەم ســێ بـــرایــە
هەر خـێر و ئـیحسان بـۆی بـوو بـە مـایە
ئــەمما زەیــنەبەی بـــە ئــیحسان و فـەڕ
بـــوو بـــە عـائیلەی «عـبدالله»ی جـەعفەر
کـــوڕ و کـــچێکـی لێ بـوو بـە مـەعلووم
کـوڕ «عـەلی» نـاو بـوو، کـچ «امّ کـلثوم»
نـــەتەوە کـــەوتەوە لەم دوو ئـــینسانە
هـــەموو شـــەریفن لە ڕووی زەمـــانە
فـــەقەت پـــایەیان کــەمترە بـــە عــەین
لە پـــایەی نــەسڵی حـەسەن و حـوسەین
ئــەمان مــەشهوورن لە سـەفحەی دونـیا
لە زومـــــڕەی ئـــالی مــەرتەبەی عــولیا

باسی ناوی بەندەکانی حەزرەتﷺ کە ئازاد کراون

«ئــــوسامە، ســــەلیم، زەیــد، ئــەبولەباب»
«ئــەلیس» عــەبدانــی شــای عـالی جـەناب
«رافـــیع» و «ریــباح، یــەسار» و «ســەوبان»
«ئـــەبوورافـــیع» و «فـضالە» و «شــەقران»
«کــرکرە» و «تـەهمان، هـیشام» و «مـەدعەم»
«ابـــوضمیر»ە و «مـــەئبوور» و «ئــەسلەم»
«ئـــەبوومویهیب» هـــەم «ئــەبووعوبەید»
«سـەند» و «ئـەنجەشە، ئـەحمەر» و «عـوبەید»
«ئـــەبووواقـــید» و «ســەفینە»و «عــەسیب»
«سەعد» و «ئەبووهیند» هەم «زەید» و «نەجیب»
«ئـەوس» و «ڕەفـاعە» و حـەزرەتی «سـەلمان»
«واقـید» و «شـەمعوون» هـەم «ئـەبووڕەیـحان»
«حـــونەین» و «ئـــەبوبەکـــرە»، ئــەمانە
ئـــــازادی کـــردن شـــاهی زەمـــانە

خزمەتکارانی حەزرەتﷺ [لە پیاوان]

خـــزمەتکارانـــی ڕەســوولی ئــەقدەس
«ڕەبیعە» و «ئەیمەن، عەبدوڵڵا» و «ئـەنەس»
«عەقەبە» و «ئەسلەع، سەعد» و «ئەبووزەڕ»
«حــونەین» و «نــەعیم، مـوهاجیر» بـە فـەڕ
هــەم «ابـوالحـمراء» مـەشهوور بـە هـیلال
«ئــەڕمـەد» و «ئـەسوەد، ئـەیاد» و «بـیلال»

خزمەتکارانی لە ژنان

خـــزمەتکارانـــی لە زومـــرەی ژنـــان
«خەولە» و «مەیموونە»ی پڕ عەقڵ و عیرفان
«امّ عــیاش» و «ســەلما»ی بــە عـیسمەت
«امّ ایـــمن»ی عـــەتیقەی حـــەزرەت

مام و پوورەکانی حەزرەتﷺ

دوانــزە مــامی بـوو سـەروەری ئـافاق
«ئـەبوو تالیب» و «حـادیس» و «عـیزاق»
هەم «عەبد کەعبە» و «قیسەم» و «ضـرار»
«حەجەل» و «مەقووم، زوبەیر»ی نـاودار
«ئـــەبوولەهەب»ی مـــەشهوور بـە ئـازار
«عەبباس» و «حەمزە»ی حەمیدە کـردار
ئەهلی ئیمانیان حـەمزە و عـەباس بـوو
بۆیـە شـۆرەتـیان «افـضل النّـاس» بـوو
شـــەش پـــووری هـــەبوو «خـیرالبـریّە»
«عاتیکە» و «بـیضا، بـەڕڕە» و «سـەفییە»
«ئــەڕوا» و «ئــەمیمە»، تــەنیا سـەفییە
بـــوو بـــە ئـــوممەتی «خـــیرالبـــریّە»

حەرەسەکانی لە غەزاداﷺ

ئێشکچی حەزرەت بە مـەیل و دڵخـواز
لە غــەزای بــەدرا «ســـەعد»ی بـن موعاز

«زوبـەیر» لە خـەندەق، ئـەمما لە ئـوحود
دوو برای عوزەیر «زەکـوان، مـوحەممەد»
حــــەرەس بـــوو لەبـــۆ «خــیرالبـــریّە»
«مـــــوغەیرە»ی دلێر لە حــــودەیبییە
لە خەیبەرا «سـەعد» ئـیبنی ئـەبیوەققاس
«ئەبوئەییووب» و «عوباد» بوون حەراس
لە «وادي‌القُــرىٰ» حـەرەس بـوو «بـیلال»
رازی بــێ لێیــان خـودای «ذي‌الجـلال»

ئەوانەی دایان لە گەردنی کافر لە حوزووری ئەوا ﷺ

چەن کەسیان لەلای شاهی دڵ ڕووناك
دایــــان لە مــــلی کـــــافری نــاپاك
«میقداد» و «عەلی، عاسیم» و «ضحّاك»
«ئیبنو موسلیمە» و «زوبەیر»ی چـالاك

بانگدەرەکانی حەزرەت ﷺ

بانگدەرەکانی ئەو ساحێب ئـەمرە
لە مــەدینەدا «بــیلال» و «عـەمر»ە
«ئەبوومەحزوورە» لە شاری مەککە
لە قوبادا «سەعد» پاکـی بـێ لەکـە

شاعیر و حەدوە خوێنی و خەتیبی حەزرەت ﷺ

شـــوعەرای شـــاهی ســـاحێب فــەساحە
«کەعب» و «حـیسان» و «ئـیبنو ڕەواحـە»

حـــەدوە خـــوێنـــی ئــەو چـــوارن ئــەی بــرا
«عەبدوڵڵا» و «عامیر، ئەنجەشە» و «بەڕڕا»
بـــە حـــوزووری ئـەو ئـەبوو بـە خـەتیب
جـــارجـــار «ســابت»ی بـەلیغ و ئـەدیب

کاتبەکانی حەزرەتﷺ

کــــاتبەکـــــانی هـــــەر چـــــوار خـــولەفا
«ســـابت» و «زەیـــد»ی بـــە ســیدق و ســەفا
«زوبەیر» و «تەلحە» و «سەعد»ی بنیوەققاس
«عەلا»ی حەزرەمی، «حنظلە»ی حـەق نـاس
«ســـەعید ئـــیبنو عــاس، خـالید» و «ئـەبان»
کـــــوڕانـــــی ســـــەعید ئـــازا و مـــیهرەبان
«عــــامیر، شـــــەرحـــبیل، خـــالیدبنوەلید»
«ئـــەبووسوفیان» و «مـــوعاوییە» و «یـــەزید»
دوو «عــــــەبدوڵڵا» نـــــاو دارای مــــــەلاحە
«ئـــــیبنو ئـــــەرقەم» و «ئـــــیبنو ڕەواحـــــە»
«ئـــیبنو ئـــەبیسەرج» لەگــەڵ «حـــوەیتیب»
«عـەمر» ئـیبنو عـاس، لەگـەڵ «مـوعەیقیب»
«ئــوبەی بـــنیکەعب، مـوغەیرە»ی غـەیوور
«حــــوزەیفە»ی ئـــیبنو یـــەمانی مـــەشهوور
لە هــــەموان زیـــاتر حـــازر بـــۆ نـــووسین
مـــــوعاوییە بـــوو و زەیـــدی بـــە تـــەمکین

بانگ کردنی پیاوە گەورەکان بۆ ئیسلامییەت

زۆر بانگی فـەرموو لە سـاحێب جـاهان
کـــاغەزی نـــووسی بـــۆ پـــادشاهان
بۆ «قەیسەری رۆم»، بۆ شـاهی «کـیسرا»
بۆلای «مـوقەوقەس» لە خـاکـی مـیسرا
بۆ «عەبد» و «جیفر» دوو شاهی عوممان
بـــۆ «هـــۆزەی عـەلی» یـەمامە مـەکـان
بۆ «شاهی بەحرەین» ساحێب مەرحـەمە
بۆ شاهی حـەبەش یـەعنی «ئـەسحەمە»
بۆلای «حادیس»ی غـەسسانی نـەسەب
پادشای غـوتەی بـێحـیلم و حـەسەب
کاغەزی نووسی بۆ «فەروە»ی سـەروەر
ســـاکـــنی مـــەعان تـــابیعی قـــەیسەر
کـــــاغەزی زۆرە بـــــێجگـــــە لەمـــانە
بـــەعزێکـــیان مـــاون ئـــەو کـــاغەزانـە
بـــەعزێ جـــوابـیان پـڕ بـوو لە ئـەدەب
واکـــە لایـــق بـێ بـە مـەولای عـەرەب
بەعزێکیان دوور بوون لە شێوەی کـەرەم
بە وێنەی «پەروێز خـوسرەو»ی عـەجەم
بـــەعزێ گـــەیشتن بـــە نـووری ئـیمان
وەکوو «نەجاشی» و «مەلیکی عـەممان»

کاغەز بەرەکانی حەزرەتﷺ

قاسیدی قەیسەر «دوحیە»ی موحتەرەم
«ئیبنو حوزافە» بۆ کەسرای عەجەم
قاسیدی عەممان «عەمر»ی ئیبنو عاس
بۆلای موقەوقەس «حاتیب»ی حەق ناس
«سەلیت» قاسید بوو بۆ هۆزی عەلی
قاسیدی بەحرەین «عەلا»ی حەزرەمی
قاسیدی حاریس ناوی «شەجاع» بوو
قاسیدی حەبەش «عەمر»ی موتاع بوو
قاسیدی فەڕوە ناوی «مەسعود» بوو
نیشانەی ڕەحمەت لەوا مەوجوود بوو

ئەمیرەکانی لە مەملەکەتان

ئەمیرەکانی لە مەملەکەتان
لە خاکی یەمەن «بازان»ی سامان
هەم لە سەنعادا «خالید»ی سەعید
لە «حضرموت»دا «زیاد»ی لەبید
«ئەبوموسا» بوو بۆ موڵکی عەدەن
«مەعاز» لە جەند، تابیعی یەمەن
ئەمیری نەجران «ئەبوسوفیان» بوو
لە سیاسەتا مەردی مەیدان بوو
«یەزید»ی کوڕی لە موڵکی تەیما
«عەتاب» لە مەککەی موبارەك سیما

«عەمر»ی کوڕی عاس بۆ خاکی عـەممان
فــەرمانڕەوا بــوو بـە عـەدڵ و ئـیحسان
قــازی یــەمەن بــوو حـەزرەتی «عـەلی»
بە حـوکمی حـەدیس یـا نـەسسی جـەلی
«سددیق» والی بوو بـە حـوسنی مـەنهەج
لە ســـاڵی نـۆدا بـۆ ئـیقامەی حــەج
جـــا بـــۆ یــارمەتی ســددیقی وەلی
نــاردی بــە شــوێنیا حـەزرەتی عـەلی
لە مـووسیمی حـەج بـە هـێز و جـورئەت
خوێندیەوە سەدری سـوورەی بـەڕائـەت
مـــەنعی حــەج کــرا لە رووت و کــافر
بــە حــوکمی خــودای غــاڵب و غـافر
بــــێجگــــە لەمــانەیش لە گــەلێ وڵات
چەن کەس عامیل بوون بۆ حەققی زەکات

باسی وڵاخی سواری و حەیوانی شیر لە بزن و مەڕ و وشتر

نــــۆزدە ئــەسپی بــوو شــاهی ســەرفەراز
«سَکب» و «مُــرتجِز» هــەم «ورد» و «لِذاذ»
«ظــرب» و «ذوالعــقال، مــرتجل، لَـحیف»
«سجل» و «سبحە» و «بحر، مَرواح»ی لەتـیف
«مـــلادح، نــــجیب، ذَولَــــمە، مــندوب»
«یــعبوب» و «طـرف»، ئـاخریان «یـعسوب»
شــەش هــێســتری بــوو، دوانــی نــاودار
«دُلدُل» و «فـــضّە» عــــەلاوەی چـــوار

سـێ کـەری هـەبوو «عَـفیر» و «یَـعفور»
یـەکـێ‌تـر هـێنـای عـوبادەی غـەیوور
چل و پێنـج وشتری سـاحێب خـێر و شـیر
نـاوی بـەعزێکت بـۆ بکـەم تـەحریر
«اطـلال» و «اطـراف، بـروده، حَـنا»
«بـغوم» و «زمـزَم، سـعدیه» و «سـقیا»
«بـرکه» و «دیـا، عـریس» و «شَـقراء»
«بسـیره، مـروه، قَـمر» و «سـمراء»
«عـضباء» و «غـوثه» هـەم «غـیثه» و «مـهره»
«جدعاء» و «ورشـه» هـەم «قـصوی، عـجره»
حەوت بـزنی هـەبوو لە مـەڕیش سـەد سـەر
شـیری ئـەخواردن سـەییدی سـەروەر

ئەسبابی حەربییەی حەزرەتﷺ

نـۆ شـیری هـەبوو یـەکـەم «ذوالفـقار»
«حـنف» و «قـلعی، مأثـور» و «بـتار»
«عَضب» و «قضیب» و «مخذم» و «رسوب»
حەوت کراسی زرێی مەحکەم و مەرغووب
«ذات الحـواشـی» هـەم «ذات الفـضول»
«ذات الوحـاش» و «سـعدیه»ی مـەقبووڵ
«خـرنق» و «بـتراء»، «فـضّة» تـەواوە
کـراسـی زرێـن و «دِرع»یـان نـاوە
شـەش کـەوانـی بـوو «سِـداد» و «صـفراء»
«کـتوم» و «روحـاء»، «شـوحط» و «ذوراء»

چوار رم، سێ قەڵغان، جەعبەی کافوور نـاو
پشـتێنـی قـایش، سـێ هـەڵقـەی لە نـاو
دوو حـەڕبـەیشی بـوو بـچووك و گـەورە
دوو مـەغفیری بـوو شـای سـاحێب دەورە
کـڵاوی زرێی کـە ئـەیکەنە سـەر
لە کـاتی شـەڕا بـۆ دەفـعی زەرەر
گـۆچـانێکـی بـوو یـەك زەرعـی نـەجیب
عـاساییکـی بـوو «مـخصره» و «قـضیب»
«قـضیب» دارێکـە ڕێك و مـونتەزەم
بـە وێنـەی گـۆچـان، بـەبێ چـەم و خـەم
ئـەمما «مـخصره» بـە قـەد دوو بسـتە
بـۆ کـاتی قسـە و ئـیشارەی دەسـتە
ئـاڵایـێکـی بـوو لە کـاڵایـێ ڕەش
«عـقاب»ی نـاو بـوو، غـەیرە مـونەققەش

جل و ئەسباب و ئەساسی بەیتیﷺ

جـل و ئـەسباب و «اثـاثُ البَـیت»ی
وا دەرکـەوتوون لە دوای فـەوتی
پـێنـج کـاسەی بـووە سـەییدی ئـەبرار
یـەکـەم لە بـلوور، دووهـەمین لە دار
یـانێ دارخـوارمـا، سـێهـەم شکـابوو
لە سـێ شـوێن بـە زیـو پـینە کـرابـوو
کـاسەی چـوارەمـین نـاوی «ریـان» بـوو
پێنجەم «مـغیث» نـاو، گـەلێ جـوان بـوو

خـــەنەدانـــی مس، زەرفـێکـیش لە بـەرد
پێیان ئەگوت «تور»، بێلەکـە و بـێ گـەرد
ڕەکـــوەیێکـــی بـــوو جـــەوەندە بـۆ ئـاو
تـــەشتی خـۆ شـۆریـن لە «مـفرق» تـەواو
کـــــیفێکــــی هـــەبوو قـایشی نـایاب
مـــەشهوور بـە «ربـعە» بـۆ وردە ئـەسباب
وەکـــوو ئـــاوێنـــە و مـــەقەس و کــلدان
شـــانە و ئـــەسبابی پـــێویســـتی پـیاوان
ســــیواکــــێکــــی بـــوو لە داری ئـــیراك
لە وەخـــتی خـۆیـا پـێی ئـەکـرد سـیواك
کورسییەکـی بـوو پـیچکەی داری سـاج
«مُدهن» جێگـەی ڕۆن، کـرا بـوو لە عـاج
قـــەسعەیەکـــی بـــوو نـــاوی «غـرا» بـوو
لە ئـەترافـیەوە چـوار حـەڵقـەی تـیا بـوو
کـــە پـڕیـان ئـەکـرد لە چـێشـتی مـیوان
بە چوار کەس ئەهات بۆ حەڵقـەی دیـوان
دوو مـێزەرەی بـوو شـای عـالی جـەناب
ئەوی گـەورەیان مـەشهوور بـە «سـحاب»
بـــچووکەکـــەیان وەکـــوو شـــەوە بـوو
لە فـــەتحی مـــەککـــە بـە سـەریەوە بـوو
دوو کـــراسـی هـەبوو سـەر تـا بـە دامـان
کـــاڵای «صـــحاری»، لەتـیف و جـــوان
دوو کراسی جومعە لەگەڵ سێ «خمیص»
یـــانێ چـەتفەی ڕەش، نـایاب و نـەفیس

دوو کراسی تریش لە حیبری ئەعلا
یەك یەك بوو «کسا» و «قمیص» و «ردا»

قەمیس کراسێکە تا ئەژنۆی ئینسان
ریدا جلێکە ئەدرێتە ناو شان

سێ جبەی هەبوو شاهی بە تەمکین
ڕەنگی یەکێکیان سەوزێکی شیرین

کەسا دائەگرێ ئەغلەبی ئەندام
بۆ کاتی سەرما، یا بەعزێ مەقام

دوو خوفی هەبوو لەگەڵ یەك لیفە
دوو نوێنی ناسك، کاڵای قەدیفە

فەرشێ چەرمی بوو کە پڕ بوو لە لیف
«صاع»ێك و «مدّ»ێ بۆ شەرعی شەریف

ئەنگوسیلەیێ لە زیوی زەریف
یەکێ لە ئاسن ئەمما زۆر لەتیف

نووسرابوو لێیان عینوان و جاهی
یانێ «مُحمّد رسول‌الله»

سەرەوە «الله» ئەمجارە ڕەسوول
ئینجا موحەممەد سەدیری مەعقوول

ئەمانەم وەرگرت زۆر بە ئیهتیمام
لە تەئلیفاتی عولەمای ئەعلام

وەك «مواهب» و شەرحی «زرقانی»
وەکوو «انوار»ی شێخی نەبهانی

مادام کە دیتان سەهو و نیسیانێ
یا لە عەدەدا زیاد و نوقسانێ

بـــیبەنەوە ســـەر تــەرتیبێکـــی چـــاك
مـــــەمنوونتان ئــەبم بــە دڵێکـــی پـــاك
فــەقەت دەربـــخەن مـەئخەزی تـەسحیح
تــا مـــوعتەبەر بـیّ وەسـیلەی تـەرجـیح
«أَرْشَـــــدَنَا اللّـــــهُ إِلَـــــی الصَّـــوَاب
وَ أَسْــــــعَدَنَا یَــــــوْمَ الْـــــمَآبِ»

باسی جێنشینەکانی حەزرەتﷺ

بێنە سـەر سـەیری هـەر پـێنـج خـولەفا
خـــاوەنی عـــەدڵ و ئـــیحسان و وەفـــا
ئــەعلا و ئــەفزەڵیـان رەفـێقـی شـەفیق
خەلیفەی ئەووەڵ «بووبەکـر»ی سـدیق
نـــاوی «عـــبدالله» و بـــاوکی عـوسمانە
نـــــاوی بـــــاپیرەی عـــامیر بـــزانـــە
دایکی «امّ الخَیر» سەلمای کچی سـەخر
کوڕی عامیری ساحێب عـیزز و فـەخر
لە شەشەم جەددا مەڕڕەی بـە حـورمەت
رشتەی ئەم زاتە ئـەگـات بـە حـەزرەت
بێ شەڕ و ئاشووب، بە ئـیجماعی عـام
بـــوو بـــە خـــەلیفەی ســـەییدی ئـــەنام
هـــەر رۆژی ئـــەووەڵ خـــەلیفەی زانـــا
خوتبەیەکی خوێنـد بـە مـەغز و مـەعنا
فـەرمووی بـە یـاران ئـیمڕۆ مـن والیـم
لەســـەر رەئـی عـام سـاحێب تـەعالیم

ئـــەمن خـــۆم لە کـــەس چـاتر نـازانـم
چـــــونکی نـــازانـــم چـــۆنــە پـــایانم
هـــەر تـــەقوای خـــودا مـایەی شـــەرەفە
هـــەرکەس ئـــەتقا بـــێ ئـــەوە ئـەشرەفە
نـــادان کـــەسێکــە عـــەقڵی کـۆتـا بـێ
بـێ کـردەوەی چـاك عـومری فـەنا بـێ
فەرمان بـەردارم بـۆ حـوکمی سـوننەت
دوور و بـــێزارم لە ڕێگـــای بـــیدعەت
ئـــەگـــەر چـــاکـەم کـرد ببن بـە یـارم
یـــارمەتیم بـدەن بـــۆ ئـــیش و کـــارم
کاتێ ڕێم ون کرد دەخـیل سـەد دەخـیل
ڕێم پـــێ نـیشان دەن بـە وێنـەی دەلیـل
پـــــــــادشایانی زەمـــــانی قـــــەدیم
خـــاوەنی تـەخت و بـارەگـای عـەزیم
دەرچـــــوون لە قـــەسر و لە قـــەبرا ڕزان
ئـــێســـتاکـەش دیـلی دائـیرەی جـەزان
خـــوا مـــاڵ و سـەرووەت ئـەسێنـێتـەوە
هـــەر کـــردەوەی چـــاك ئـــەمێنـــێتـەوە
ئـــینجا هـــاتە خـوار لە بـەرزی مـینبەر
جـــێنشـــینەکـــەی ڕەسـوولی ڕەهـبەر
ڕۆژی دووهەمین بـە شـێوەی تـوججار
ئـــەسبابی هـەڵگـرت ڕۆیشت بـۆ بـازار
عـــومەری فـارۆق لە ڕێ پـێی گـەیشت
لەپـاش لێ پـرسین حـاڵی تـێ گـەیشت

ئــــەیەوێ بـــڕوا لەبــۆ تــیجارەت
لەبــەر نــەفەقەی عــائیلە و عـەشرەت
عومەر عەرزی کـرد وەزعـی خـەلافەت
نـــاکــەوێتــە یــەك لەگــەڵ کـەسابەت
جـا بـۆیـان دانـا لەسـەر «بـیت المـال»
هەر ڕۆژێ مەڕێ بـۆ خـەرجـی عـەیال
لەسـەر ئـەم نـەهجە بـە سـیدق و سـەفا
بــوو بــە جـێداری حـوکمی مـوستەفا

واقیعاتی ساڵی یازدەی هیجری

پـــاش دامــەزرانـــی سـدیقی ئـیمام
لەبــەر شکــۆ و تــەرویجی ئـیسلام
فەورەن سەوقی کرد بەبێ تەفرە و بەین
سوپای ئوسامە بـۆ خـاکـی بـەحرەین
ســوپا هــاتەوە بــە فــەتح و زەفــەر
قــووەتی ئــیسلام بــەمە کــەوتە دەر
خۆیشی کەوتە رێ بۆ حەربی ئەعراب
مورتەددەکانی بـێ سـیدق و سـەواب
تەسخیری کردن بـۆ حـوکمی ئـیسلام
فەرمانبەردار بوون بۆ هەموو ئـەحکام
خــالیدیشی نــارد بـە هـێز و سـوپاه
بــۆسـەر تـەلیحەی ئـەسەدی گـومڕاه
پــاش ئــەوە ڕۆیــی بــۆ بـەنیتەمیم
تـەفرەقەی کـردن بـە نـەسری عـەزیم

واقیعاتی ساڵی دوازده و کوشتنی موسەیلەمە

لە ســـــاڵی دوازده ســــدیقی رەشـــید
کـــــردی بـــە قـــائید خـــالیدی وەلیـــد
ســـوپاهێکـــی نـــارد لەبـــۆ یـــەمامە
جـــێی مـــوسەیلەمەی ســـاحێب نـــەدامـــە
یـــەمامەی گـــرت و «وَحشـــی»[1] تـــێکـــۆشـــی
«مُســـیلمە»ی کـــوشت زۆر بـــە نـــاخۆشـــی
جـــا چـــوون لەم حـــەربا حـــەفەزەی قـــورئان
بـــە دەســـتی کـــوففار گـــەلێکـــیان کـــوژران
بـــۆ پـــاراســـتنی قـــورئانی ئـــەنوەر
کـــەوتە ئـــەندیشە حـــەزرەتی عـــومەر
وەختی خۆی قـورئان لە عـەسری حـەزرەت
هەموو نـووسرابـوو سـوورەت بـە سـوورەت
فـــەقەت نـــووسرابـــوو لەســـەر دەفـــەشان
لە تـــەختەی دار و لەســـەر بـــەردی پـــان
زۆر مـــەزەننە بـــوو بـــۆ مـــەحو و فـــەوتان
لەپـــاش فـــەوتانی «حـــفّاظ»ی قـــورئان
جـــا بـــە تـــەدبیری عـــومەری فـــارووق
پـــاش مـــەشوەرەتی ئـــەربـــابی وســـووق
ئـــەمری ســـادر کـــرد ســـدیقی ئـــەکـــبەر
زەیـــدی بـــن‌سابت کـــاتبی ســـەروەر

---

١. ناوی پیاوێکە لە کافریەتیدا حەزرەتی حەمزەی شەهید کرد، لەپاش ئیسلام بـوون، لەم حەربا موسەیلەمەی کوشت.

وەك عەسری حەزرەت بە حوسنی سوورەت
ئـایەت بـە ئـایەت سـوورەت بـە سـوورەت
بــــە ئـــــیتتیلاعی ئـــەسحابی کـــیرام
رازی بـــێ لێیـــان پـــادشای عـــەللام
هەمووی نووسیەوە لە چـەن پـارچـەی سـاغ
لە پـێسـتی نـایاب، پـوختە و بـە دەبـاغ
خســـتنیە بـــەینی دوو لەوحـــی شـیرین
لای خــۆی رای گــرتن ســدیقی ئـەمین
پـاش وەفـاتی ئـەو کـەوتنە لای عـومەر
پاش ئـەو لای حـەفسەی حـەرەمی سـەروەر
لە رووی ئـــەمەوە حـــەزرەتی عـوسمان
تەحریری فـەرموو حـەوت نـوسخە قـورئان

هەناردنی «خالد بن ولید»ﷺ بۆ عێراق

جا سوپای رێ خست سـدیقی مـەجید
کـــردی بـە قـائید خـالیدی رەشـید
نـــاردنی لەبـــۆ شـــارانـــی عـێراق
لەبـــۆ تـــەرویجی ئـیسلام لە ئـافاق
جـا بـەو سـوپاوە زوو بـە دەست و بـرد
فەتحی «انبار» و شـاری «حیره»ی کـرد
لەوێ بـــۆ حـــەربی «ذات السّـلاسل»
خــواردیـەوە خـالید زەهـرێکـی قـاتیل
بەم شەڕە ئیسلام زۆر بـە شـەوکەت بـوو
بـەسەر دوژمـنا سـاحێب هـەیبەت بـوو

فــەتحی «عــین التّــمر» کـرا مـوکەممەل
لەپـــاش ئــەو فــەتحی «دومـة الجـندل»
لەپاش ئـەو فـەتحە بـە تـوندی و تـەوبیخ
چوو بۆ سەر دوژمن لە خـاکـی «مـضیخ»
لە مـــــوزیخەوە هـــــاتۆ بــــە تـــەعجیل
بـــۆ شـــەڕی قـــەومی «ثـــنی» و «زمـیل»
لەوێوە ڕۆیـــی بـــۆ خـــاکـــی «رضـــاب»
ئـــینجا بـۆ «غـراض» بـە قـەوڵی سـەواب
هـــەر لەم ســـاڵا بـــوو سـددیقی قـودسی
نـــاردی بـــۆ شـەڕی ئـەسوەدی عـونسی
مـــــوتەنەببی بـــوو لە خـــاکـــی یـــەمەن
تـــەبەعەی زۆر بـــوو لەســـەر فـیڵ و فـەن
هەم لەبـۆ بـەحرەین هـەم قـەومی سـەلیم
هەموو مەجبوور بوون بە سیدق و تەسلیم

واقیعاتی ساڵی سیازدە

لە ســـاڵی ســـیازدە لە فـــەسڵی بـــەهار
ڕێکی خست بۆ شام سـوپای فـیداکـار
کـــردی بــــە قـائید بـۆ فـەوز و نـەجاح
ئــــــەبووعوبەیدەی وەلەدی جـــــەڕڕاح
سێ مانگ شەڕی کرد لە حدوودی شـام
ئـــینجا داوای کـــرد کـــۆمـەك لە ئـیمام
ئەویش ئەمری کـرد خـالیدی سـەمسام
لەبــۆ کــۆمــەکــیان بــڕوا لەبۆ شــام

تــەعیینیشی کــرد بــە قــائیدی عــام
ئــەبووعوبەیدەی عــەزل کــرد لە شـام
کە ڕێ کەوت بــۆ شـام خـالیدی وەلیـد
کــردی بــە جــێدار «مـثنّی»ی ڕەشـید
ئـــــیتر مــــایەوە مــوسەنناى نــەبەرد
لە ســوپای عــێراق تــا وەفــاتی کـرد
لە پــێش هــاتنی ســەعدی مـوعتەبەر
بـۆ خـاکـی عـێراق لە عـەهدی عـومەر
خـــالیدی دلێر کــــە گــەیشتە شـــام
فەتحی «بصرا»ی کرد بە سوپای ئیسلام
ئینجا هـاتەجێ حـەربەکـەی «یـرموك»
بەم حەربە ڕۆمی بوون بە پووشی سووك
لەم حەربەدا هات بە ڕاسـتی و تـەحقیق
قســەی وەفــاتی بـووبەکـری سـددیق
تــەسادوفی کــرد حــادیسەی ئـەجەل
لەبــۆ بیست و دووی «جـمادی الأول»
لە «روضــە»ی والا لای قـەبری ئـەنوەر
تەسلیمی خـاك بـوو سـددیقی ئـەکـبەر
دوو ساڵ و سێ مانگ بە حەق ئیمام بوو
یــەعنی خــەلیفەی «فــخرالأنـام» بـوو
عومری عەزیزی شەست و سێ ساڵ بوو
هاو وێنەی شاهی سـاحێب کـەماڵ بــوو

***

لە نــەخۆشینا سـددیقی ئـەکـبەر
عەهدنامەی خۆی دابوو بە عـومەر
پاش وەفاتی ئەو ئەسحابەی کـیرام
بەیعەتیان پێ کرد بە ئیجماعی عام

خەلیفەی دووهەم عومەرﷺ

عــومەری فـارووق خـەلیفەی دووهـەم
خــۆشـەویستەکـەی ڕەسـوولی خـاتەم
دایکـــی حـــەنتەمە، بـــاوکی خـــەتتابە
نـــەفیل بـــاپیری عـــالی جـــەنابە
«لُــؤَي» بــاپیرەی حــەوتەمی عــومەر
هــەشتەم بــاپیرەی زاتــی پــێغــەمبەر
کـــاتێ دامــەزرا لەســەر خــەلافەت
بۆ دیـن تـێکـۆشـی زۆر بـە شـەرافـەت
کـردی بـە مـەبدەء تـاریخی هـیجرەت
دای مــەزران دەفــتەر لەبــۆ کـیتابەت
کــەوتە تــەرتیبی شــارانــی ئـیسلام
قازی تـەعیین کـرد بـۆ زەبـتی ئـەحکام
لەســەر ســوپای شـام خـالیدی لابـرد
ئــەبووعوبەیدەی لە جـێ تـەعیین کـرد
ئــەمما بــە وێنــەی دوو بـرای شـەفیق
کۆمەکی یەك بـوون بـە فـەیزی تـەوفیق
لە ســاڵی ســیازدە لە عـەهدی عـومەر
حــەربی «اجــنادین»کــرا بــە زەفــەر

هــەر لەم ســـاڵەدا لە خـــاکـــی عــێراق
ئـــەبووعوبەیدەی حـــەمیدە ئــەخلاق
بەستی بـۆ سـەیری سـوپای مـوکەڕڕەم
بـەسەر دیـجلەدا جـیسرێکـی مـەحکەم
ئەو عەهدە عەهدی حوکمی «بۆران» بوو
ژن بوو، لە نـەسڵی کـەسرای ئـێران بـوو
ســـوپا ســـالاریش بـــەهمەنی نـاو بـوو
خـــاوەنی شـان و شـۆرەت و نـاو بـوو
جـا ئـەبووعوبەید مـەردی خـاتر جـەم
کـەوتە شـەڕ لەگـەڵ لەشکـری عـەجەم
لەوێ شـــەهید بـوو بـە سـەدەمەی فـیل
جـــا بـــوو بـە قـائید «مـثنیٰ»ی جـەلیل
لە شەڕی «بویب» زوو بـە دەست و بـرد
ســـوپای عـەجەمی تـەواو بـەرباد کـرد

واقیعاتی ساڵی چواردە

لە ســـاڵی چـــواردە خـــالیدی وەلیــد
سەرکەوت بۆ دیمەشق مەردانە و ڕەشید
بــە شـــەڕێکـــی زۆر «عَــلَی التَّـــوالي»
دیـــــمەشقی داگـــرت خـــالیدی والی
لەپاش فەتحی شام غەزای ئەهلی «فَحل»
هەرچەن گران بوو، تەواو بوو بـە سـەهل
فــەتحی شـارانـی سـاحیل تـەواو بـوو
هـــــەم «طَـــــبَرِیّە» گـیرا زوو بــە زوو

حەربی «مـرج الرّوم»، شـەڕی «بَـعلَبَك»
هەم فەتحی «حمص» بە سوپای پڕ چەك
شاری «قینسرین» هـەم شـاری «حَـلَب»
هـەم «انـطاكـيّه» گـیران مـوڕەتـەب
هـــەر لەم ســالاّ بـووكـە مـوعاویە
فـاتیح بـوو بـە زۆر بـۆ «قـیساریّە»
بێسانی داگـرت عـەمری کـوڕی عـاس
فەتحی «غزّە»ی کرد بە قووەی ئیخلاس
سـولّحی کـرد لەگـەڵ ئـەهالی «اردن»
بـە پـەیمانی ڕاست، بـەبێ فـێڵ و فـەن
«نـابلُس»، «ولد» و «تـبق» و «عـمواس»
هەم «بـیت جـبرین» بـە شـەوکەتی ڕاس
فەتحی کرد «یافا»، هـەم «مـرج العـیون»
مـوفاوەزەی کـرد لەگـەڵ «ارطـیّون»
هــەر لەم ســالاّ بـوو حـەزرەتی عـومەر
نـاردی بـۆ عـێراق سـەعدی مـوعتەبەر
ئـــەویش دامــەزرا لای «قــادسیّە»
لەگـــەڵ ســوپاهی ســاحێب مــەزییە
ســوپای شـاماتیش هـاتەوە عـێراق
کەوتنە تێکـۆشـین بـە بـەرزی ئـەخلاق
لە مـانگی شـەعبان قـووەی سـەعدییە
بـە زۆر فـاتیح بـوون بـۆ قـادسییە

واقیعاتی ساڵی پازدەهەمی هیجری

لە ســاڵی پــازدە عــومەری ئــەرشــەد
لەسەر فـەرموودەی حـەزرەتی ئـەحمەد
ڕۆیــی بــەوێنـەی فـریشتەی ئـەقدەس
بێ شەڕ فـەتحی کـرد «بـیت المـقدّس»
هەر لەم ساڵا بوو کە سەعدی حەق ناس
«مدائـن»ی گـرت بـە قـووەی ئـیخلاس

واقیعاتی ساڵی شازدەهەم

لە ســاڵی شــازدە سـوپای خـاوەن دڵ
بوون بە فـاتیحی «تکـریت» و «مـوسڵ»
هەم داگیریان کرد «خانەقی» و «حەڵوان»
لەگــەڵ جـەمیعی خـاکـی «مـاسپەزان»
«بَــصره»ی بــینا کـرد عـومەری ئـیمام
بــوو بـە قـەرارگـای لەشکـری ئـیسلام
فــەتحی «قـرقیسا» و جـیزیە وەرگـرتن
لە ساڵی شـازدە هـەردووی ڕێ کـەوتن

واقیعاتی ساڵی حەڤدەی هیجری

هــیرقەلی ڕۆمــی لە ســاڵی حــەڤدە
هــاتە ســەر ســوپای ئـەبووعوبەیدە
لە شاری «حمصا» مەحسووری کـردن
بۆ داوای کـۆمـەك مـەجبووری کـردن

که پێیـان گـەیشت ئـیمدادی عـێراق
هیرقەلیان شکاند بـە عـەونی خـەللاق
هــەر لەم ســاڵەدا سـوپای سـەعدییە
«جــزیره»یــان گــرت هـەم «ارمـینیّه»
لەم ســاڵا ڕۆیـی عـەلای «حـضرمی»
بۆ شەڕی «اصطخر» بە دەروون گەرمی
لەم ســاڵا گــیرا «شـوشتَر» و «اهـواز»
لەگــەڵ «رامــهُرمُز» بـە مـەیل و نـیاز
لەم ساڵا ڕۆیـین بـۆ جـوندی سـابوور
گیرا بـە پـەیمان بـە قـەولی مـەشهوور

واقیعاتی ساڵی هەژدەهەمی هیجری

له هــەژدەدا هــات تـاعوونی «عَـمواس»
گــەلێکــی فــەوتان لە کــوبباری نــاس
ڕێکــەوت لەبـۆ شـام حـەزرەتی عـومەر
لە بــیمی شــەڕی ڕۆمــی بــەد ســەمەر
پــاش ئــیستیشارە لە ڕێ گـــەڕاوە
خـــالیدی لەگـەڵ خـۆیـا هـێنـاوە
لەپـاش ڕزگــار بـوون لە تـاعوونی عـام
کــەوتە ڕێ عــومەر بـۆ دیـمەشقی شـام
لە شــاری شـــاما بــیلالی ئــەنوەر
جــارێ بــانگی دا بــە ئــەمری عـومەر
بە یـادی حـەزرەت یـاران هـاتنە جـۆش
دڵیان هـاتە کـوڵ بـە وێنـەی حـەوجۆش

فـرمێسکـیان ئـەڕشت بـە وێنـەی بـاران
کــە بــە خــوڕڕەم بــێ کــاتی بـەهاران
بــەڵێ بــە بــاس و «تــذکار»ی یــاران
چـــاوی مــوشتاقان ئــەڕژێنــێ بــاران
چـەن خـۆشـە کـە یـار بـۆ یـاری گـیانی
ســــینەی بـــبرژێ وەکــوو بـوریانی
بە جۆشـی سـینە و بـە فـرمێسکـی چـاو
ئــــیسراحـــەت بــدا بــە دڵ و هــەناو
هــەر لەم سـاڵەدا عـەمری کـوڕی عـاس
ڕۆیـی لەبـۆ مـیسر بـە شـەوکەت و بـاس
بــە وەخــتێکــی کــەم قـائیدی ڕەئـیس
شاری «فرما»ی گرت، هەم شاری «بلیس»
بـــە چــوارده مــانگ قــووەی بــەهییە
فـــەتحی کـــرد شـــاری «اسکــندریّە»
عــەمری خـاوەن دڵ «مـصر»ی قـەدیمی
کــرد بــە قـەرارگـای سـوپای عـەزیمی
لەوێ بــینای کــرد مــزگەوتێ بــە ئـەمر
نــاوی مــەشهووره بــە جـامیعی عـەمر
لە هــەژدەوە بــوو تــا بـیست و یـەکـەم
مـوددەی ئـەم فـەتحە بـەبێ زیـاد و کـەم

واقیعاتی ساڵی نۆزدەی هیجری لە غەیری میسرا

لە ســاڵی نــۆزدە گــەیی بــە عــومەر
شکــــایەتنامە لە ســەعدی ســەروەر

هەرچەند رازی بوو لە خـولقی چـاکـی
عــەزلی کــرد لەسـەر شکـاتی شـاکـی
کــردی بــە والی «عــبداللە»ی عـەتبان
بۆ خاکی بـەسرە بـە عـەدل و ئـیحسان
ئینجا رێکی خست «عبداللە»ی سەروەر
سوپای «نـەهاوەند» بـە ئـەمری عـومەر
ئــامیری ســوپا نــوعمانی نــاو بــوو
ئــیدارەی حــەربی گــەلێ تـەواو بـوو
لەم ســوپادا بــوو حــوزەیفەی یـەمان
ســاحێبــی سیڕڕی ڕەهـبەری زەمـان
لەپـاش ئـەم حـەربە داگـیران یـەکسـەر
خاکی «صـمیرە» و مـوڵکـی «دیـنەوەر»
شــاری «مــاهان» و شــاری «هـەمەدان»
فــاتیح نـەعیم بـوو، شـەقیقی نـوعمان

واقیعاتی ساڵی بیست و یەکی هیجری

ساڵی بیست ویەك عەمری کوڕی عاس
عەقەبەی هەنارد بە عـەزم و ئـیخلاس
فـەتحی کـرد خـاکـی «زویـلە» تـەمام
«بــــارك الله فــــي تـــــلك الأيّـــام»

واقیعاتی ساڵی بیست و دوو

ساڵی بیست و دوو عـەمری جـوان مـەرد
«طـــرابــلس» و «بــرقە»ی فــەتح کــرد

لەم ســاڵەدا بــوو فــەتحی «عــەسقەلان»
مــــوعاوییە بـــوو ســەرۆكــی یــەلان
فــەتحی كــردەوە بــراكــەی نــوعمان
خاكی «هەمەدان» پاش سەورە و تـوغیان
جەریر فەتحی كرد «قەزوین» و «زەنجان»
نەعیم خاكی «ڕەی» مەشهوور بە «تـاران»
هەم داگـیری كـرد «قـومس» و «گـورگان»
هــەم «طَــبَرستان» بــە هــێزی مــەردان
بــە ئــەمری عــومەر نــەعیمی دڵ پـاك
بــوو بــە كــۆمـەك و یـاوەری سـەمماك
تــا داگــیریان كـرد بـە سـوڵح و پـەیمان
تـــەواوی خـــاكـــی «ئــازەربایجان»
لەم ساڵا بوو هـات سـوراقـەی مـەنسوور
«باب»ی داگیر كرد وەكوو شێری سـوور
لە بــابەوە چــوون بــە عــەزم و ئــیمان
بەكـیرە و حـەبیب، حـوزەیفە و سـەلمان
بۆ خاكـی «مـوقان» بـۆ «لان» و «تـفلیس»
هــەموویان داگــرت بـە ئـەمری ڕەئـیس
«عــــبدالرّحــــمان»ی ئــیبنو ڕەبــیعە
ئـــەم پـــاڵەوانـــەی پــایە ڕەفــیعە
بــە ئــەمری عــومەر بـە فـەتح و زەفـەر
ڕۆیــی بــۆ غــەزای تـوركی بـەلەنجەر
عــوتبە بـنیفەرقەد شـەجیعی مـەشهوور
فەتحی كرد هەموو خـاكـی «شـارەزوور»

هــەم داگــیری کــرد خــاکــی «صــامغان»
گـــــــەییە نـــــزیکی ئـــــازەربایجان

واقیعاتی ساڵی بیست و سێ

لە بــیست و ســێدا فــەتحی «خــوراســان»
فەتحی «هــەرات» و «مــەرو» و «شــاهیجان»
فـــەتحی «نـــەیشابوور»، ئـــەمانە هــەموو
بــــە ریـــــاسەتی والی ئـــــەحنەف بـــوو
لەم ســـاڵا عـــوسمان کـوڕی «ابـوالعـاص»
«اصطخر»ی داگرت بە سوپای حــەقناس
«جــەور» و «کــازروون»، هــەم «نــوبندجان»
«شـــیزر» و «شـیراز»، خـاکـی «ئـەرەجان»
ســـــارییە گــرتی زۆر بـــە دەست و بـــرد
لەم ســـاڵا شـــاری «نســـا» و «دارابـــجرد»
لە مـــــــــەدینەدا حــــەزرەتی عــــومەر
لە رۆژی جـــــومعە لە ســــــەری مـــینبەر
خـــوا پــیشانی داکـــە ســـوپای دوژمـــن
خـــــــەریکن دەوری ســـــارییە بگـــــرن
ئــەمیش تــرسانی و پــێی گــەیان بــێ تــەل
«یَـــــا سَـــــارِیَةُ الْـــــجَبَلَ الْـــــجَبَلْ»
گـــــورج گـــەڕایـــەوە بـــە هـــێزی ســـوپا
دووری خســــــتەوە دوژمــــــنی گـــــومڕا
هـــەر لەم ســـاڵا بـــوو داگـــیرا «کـــرمان»
«مکـــران» و «سیستان» بـە نـووری ئـیمان

ئـینجا شـەهید بـوو ئـەم عـالی نـەهجە
بـیست و شـەشەمی مـانگی «ذي‌الحجّه»
لە کـاتی نـوێژا لە وەخـتی سـەحەر
بـە دەسـتی «ابـولؤلؤ»ی بـێ‌فـەڕ
خـەلیفە گـەییە پـایەی شـەهادەت
ئـەویش بـە مـایەی شـوومی شـەقاوەت
عومری شەست و سێ بە عـەقڵ و کـەماڵ
خـەلافەتی کـرد شـەش مـانگ و دە ساڵ
لەلای ئـەبووبەکـر مـەدفوون بـوو عـومەر
لە «روضـه»ی والای سـەییدی سـەروەر
لە سـەرەمەرگا حـەزرەتی عـومەر
وا خـەلافەتی فـەرموو مـوقەڕڕەر
شـۆرا بـێ لە بـەین عـەلی و عـوسمان
زوبەیر، تەلحە، سەعد، هەم «عبدالرحمان»
پـاش مـەشوەرەتی ئـەسحابی کـوبار
مـانگی مـوحەڕڕەم ساڵی بیست و چوار
عـوسمان دامـەزرا لەسـەر خـەلافەت
ئـەسحابە هـەموو پـێیـان کـرد بـەیعەت

خەلیفەی سێهەم عوسمان «ذي‌النّورين»

خەلیفەی سێهـەم خـاوەن وەفـا و بـەین
حەزرەتی عوسمان لەقەب «ذوالنّورين»
بـاوکی عـەففانە، بـابای «ابوالعـاص»
دایکـی ئـەڕوا نـاو، بـەبێ قسـە و بـاس

سـێهـەم بـاپیرەی «عـبدالمـناف»ە
کە سێهـەم جـەددی مـەولای ئـەشرافـە

واقیعاتی ساڵی بیست و چوار

کـاتێ دامـەزرا حـەزرەتی عـوسمان
کـردی بـە والی سـەعدی بـە ئـیمان
لە کـووفە لەسـەر تـەوسیەی عـومەر
داینا لە جێگەی موغەیرەی سـەروەر
پاش ئەمە عوسمان کەوتە ئیستیعداد
خۆی ئامادە بوو بـۆ فـەتح و جـیهاد

واقیعاتی ساڵی بیست و پێنج

ساڵی بـیست و پـێنـج بـە نـەقڵی خـەبەر
لەسـەر تـەحریکی ڕۆمـی بـەد ئـەسەر
بـە هـێزی سـوپای «قُسـطَنطَنِیّە»
پـەیمانی شکـاند ئـەسکەندەرییە
عەمری کوڕی عاس مەردی بە حـیکمەت
فـەتحی کـردەوە بـە هـێز و قـووەت
عـەهدیان شکـاند ئـازەربایجان
گـرتیەوە وەلیـد وەکـوو پـاڵەوان
هـەر لەم سـاڵا بـوو کـە مـوعاوییە
فـاتیح بـوو بـە زۆر بـۆ «عـموریّە»
لەم سـاڵا نـاردی عـەمری داهـیە
«ابـن ابـی سرح» بـۆ «افـریقیە»

هــەر لەم ســاڵا بــوو عـوسمانی ســابیر
نــاردی بـۆ «کـابول» «عـبدالله»ی عـامیر

واقیعاتی ساڵی بیست و شەش

ساڵی بـیست و شـەش لە ئـەفریقیە
ئیبنو ئەبی‌سەرح بـە حـوسنی نـییە
داوای ئیزنی کرد لە زاتی عـوسمان
بـۆ مــوحارەبەی فـیرقەی کـافران
بە شوجاعەتی «عـبدالله»ی زوبـەیر
لە «افـریقیە» نـائیل بـوو بـە خـەیر

واقیعاتی ساڵی بیست و حەوت و بیست و هەشت

لە بیست و حەوتا بە هـێز و تـەمکین
مــوعاویە چــوو هــەتا «قــنسرین»
لە بیست و هەشتا «قبرص»ی داگرت
تەهدیدی هـەموو سـەواحـیلی کـرد

واقیعاتی ساڵی بیست و نۆ

«عبدالله»ی عامیر بە هێز و بـە فـەخر
ساڵی بیست و نۆ ڕۆیی بۆ «اصطخر»
لەبــەر عـوسیان و سـتەم لە پـەیمان
داگیری کردن بە سـوپای بـێ‌سـامان

واقیعاتی ساڵی سی

لە ساڵی سیدا سەعیدی بن‌عاس
بۆ «طبرستان» رۆیی بە ئیخلاس
بە سوپای چالاك حەملەی بردەوە
لەبەر نەقزی عەهد فەتحی كردەوە
هەر لەم ساڵا بوو كە «عبدالرّحمان»
غەزای «باب»ی كرد بۆ نەشری ئیمان
لەم حەربەدا بوو حوزەیفەی ئەسرار
«صاحب السّرّ»ی رەسوولی نازدار
خیلافێكی دی لە ناوی یاران
لە قیرائەتی بەعزێ جێی قورئان
بۆلای خەلیفە كە گەڕایەوە
ئەو ئیختیلافەی بۆ گێڕایەوە
تێی گەیاند ئەگەر خیلاف بمێنێ
پایەی شكۆهی ئیسلام ئەشكێنێ
ئینجا عوسمانیش زوو بە ئیهتیمام
بۆ موحافەزەی قورئانی ئیسلام
دایینا لیجنەیێ عولەمای عالی
بە ریاسەتی حەزرەتی عەلی
بە نووسینەوەی كەتەبەی ئەمین
حەوت نوسخەی نووسی قورئانی موبین
بە یەك سوورەت و بە یەك قەرائەت
سوورەت بە سوورەت، ئایەت بە ئایەت

ڕەوانـــەی کـــردن تـــەرەف بــە تـــەرەف
تـــا وەری بگـــرن خـــەلەف لە ســـەلەف
«یَمَن» و «بَحرَین»، «بَصره» و «کوفه» و «شام»
«مکّـــه» لای خـــۆیشـــی مـــەسحەفی ئـیمام
بـــوو بـــە یـــەك تـــەرتیب لە هـەموو شـاران
شکـــڵی نـــووسین و خـــوێنـدنەوەی قـورئان
ئـــیشێکـــی بـــاش بـــوو بـــۆ دینی ئـیسلام
بـــۆیـــە فـــەرمووبووی حـەیدەری سـەمسام
ئـــەگـــەر مـــن ئـــەبووم خـــەلیفە و ئـــیمام
زوو ئـــەم تـــەرتیبەم ئـــەکـــرد بـــۆ کـــەلام

واقیعاتی ساڵی سی و یەك

لە ساڵی سی و یەك بە پێنجسەد پـاپۆر
هـــات لە ڕۆمـــەوە ســـوپاهێکـــی زۆر
لە ئـــــەفریقادا هـــــەموو دابـــــەزین
بـــە ســـەرکردەیی ئـەمیر «قسـطنطین»
بـــۆ مـــوحارەبەی ســـوپاهی نـــەبەرد
زوو مـــوعاوییە خـــۆی ئـــامادە کـــرد
سوپاکەی سەرکەوت بە لوتـفی بـاری
بـــەم غـەزا ئـەڵێن غـەزای «صـواری»
پـاش ئـەم واقـیعە «ڕوم»ی تـێشکـان
نـــەما بـــۆ دڵیـــان قـــووەت و تـەکـان
هـــەر لەم ســـاڵەدا بـە قـەزای جـەببار
کوژرا «یەزدی جورد»، کوڕی شەهریار

وەهـــا مـــەشهووره لەلای خـــوراســـان
تورکان کـوشتیان بـە سـەهل و ئـاسان
پاش مەرگی عومەر ئەهلی خـوراسـان
لەســـەر پـــەیمانی پـێشـوویان نـەمان
جـــا لەم ســـاڵەدا «عـــبدالله»ی عـامیر
فـــەتحی کـــردەوە بـــە ئـەمری ئـامیر
هەم دای‌گـرتەوە «فـارس» و «کـرمان»
خاکی «سیستان» پاش نەقزی پـەیمان

واقیعاتی ساڵی سی و دوو

لە ساڵی سی و دوو چوو موعاوییە
بـــــۆ تـــــەنگەبەری «قســـطنطنیە»
هەر لەم ساڵا بوو عوسیانی تورکان
«عـــبدالله»ی دلێر ئـــەوانـی شکـان

واقیعاتی ساڵی سی و سێ

ساڵی سی و سێ بوو کە موعاوییە
بـــۆ غـــەزا ڕۆیـــی بـۆ «مـلاطیە»
تیکرار «قبرص»ی فـەتح کـردەوە
شۆڕشی «ئەفریقا» بـەو دامـردەوە

واقیعاتی ساڵی سی و پێنج

لە ساڵی سی و پێنج «رودوس» تەسلیم بوو
بـــە مـــوعاوییەی ســـەلیمی خـۆش خـوو

هـــەر لەم ســاڵەدا لە هــەژدەی قــوربان
شــەهید بـوو عـوسمان، جـامیعی قـورئان
مــوددەی خــەلافەی بــە فــەیز و ئـیقباڵ
دوازدە ڕۆژ کـــەم بـــوو لە دوازدە ســاڵ
عــومری عــەزیزی لە هــەشتا و دوو بـوو
«جــنّةالبـقیع» کــە بــەو مــەعموور بـوو
لە عـــەهدی ئـــەوا لەبـــەر ئـیهتیمام
زۆر زیـــادی کـــرد وڵاتـــی ئـیسلام
گـەیی بـوو بـە «هـیند» حـەددی ڕۆژهەڵات
«دەلیـــای ئـــەتلەس»یش ڕۆژاوای وڵات
حـەددی جـنووبی دەریـای «هـیند»ی بـوو
حــەددی شـیمالی «دەریـای سـپی» بـوو
«جَـــزَاهُ اللّٰـــهُ عَـــنِ الْـــمُسْلِمين
یَـــوْمَ لِـــقَاءِ رَبِّ الْـــعَالَمينَ»

خەلیفەی چوارەم عەلی ـ کرّم الله وجهه ـ

خــەلیفەی چــوارەم بــە قــەدر و عــیززەت
حـــەزرەتی عـــەلی، ئـامۆزای حــەزرەت
لەپـــاش وەفـــاتی حـــەزرەتی عــوسمان
بـــەیعەتیان پـێ کـرد ئـەشراف و ئـەعیان
ئـــــەبووتالیبە بـــــابی ئـــەم زاتـــە
دایکـــــی فـــاتیمەی عـــالی ســیفاتە
ســـەنای ئـــەم شـەخسە نـایەتە دەفـتەر
ئـــەو بـوو فـاتیحی قـەڵاکـەی خـەیبەر

له غـــــەزای ئـــوحود ئـــەو «اسـسـدالله»
ســـاحێب ســـوپا بـــوو، خـــاوەنی ئـــاڵا
ئــــەمیر بـــوو عــەلی بــه ئــەمری خـــاتەم
بـــۆ مــــەحوی بـــتی تـــایفەی حـــاتەم
لەو شــــــەڕا گـــیرا «ســــفانه»ی عــــەزرا
بـــــه ئـــەمری حــەزرەت مــەرەخەس کــرا
ئــەو بــوو فــیدایــی بـۆ گــیانی حــەزرەت
نووست له جێی حەزرەت شەوەکەی هیجرەت
له شــــانی ئـــەوا بــــه نـــەسسی جــەلی
حــــەزرەت فــەرموویه: «أَقْــضَاكُــمْ عَــلي»
مـــــەعنای ئـــەم قســــه لەم حــــەدیسایه
«مـــــن شـــــاری عـــیلمم، عــەلی درگـــایه»
چوار ساڵ و سێ مانگ حـەیدەری کـەڕڕار
خــــەلافەتی کـــــرد بـــــه حــوسنی ڕەفــتار
له ســــاڵی چـــــلا حــــەڤدەی ڕەمـــــەزان
گـــوڵبـــاغی عــومری گـــەیشت بــه خـــەزان
ســەر وەخــتی سەحەر سوبحی سەعادەت
گـــــەیشته پــــایەی بــــەرزی شــــەهادەت
عــومری شەست و سێ، مـەدفەنی «کـووفه»
ئـــیمڕۆ بــه شـــاری «نــەجەف» مــەعرووفه

خەلیفەی پێنجەم حەسەنﷺ

خـــەلیفەی پــێنـجەم حــەزرەتی حــەسەن
ئــەزهەری زەهـــرا و ئــەنوەر و ئــەحسەن

تا موددەی شەش مانگ زۆر بە شەرافـەت
مـــــایەوە لەســـەر عــەرشی خـــەلافەت
جـا دەسـتی هـەڵگـرت «اکـبر السّـبطین»
لەبـــەر ئـــیسڵاحـــی بـــەینی «فِـئَتَین»
مـــوددەی خـەلافەت گـەیشتە سـی سـاڵ
لەســـەر بـــەیانی شـای سـاحێب کـەماڵ
وەفـــاتی فـــەرموو لە پـــەنجای هـیجری
عومری چل و حەوت، بەقیع جێی قەبری

باسی دوازدە ئیمامە

دوازدە ئـــیمامان ئـــەووەڵیـــان «عَـــلي»
دووهـــــەمیان «حَسَـــن» ئـــیمامی وەلی
ســـــێهـــەم «حُسـین»ە شـــەهیدی والا
مـــەولید مـــەدینە و مـــەدفەن کـــەربەلا
عومری پەنجا و حەوت، بێ زیاد و کەم
رازی بـبێ لێی خـوای سـاحێب کـەرەم
«زیـــن العـــابدین» مـــەدەنی رەفـــیع
عومری پەنجا و حەوت مەدفەنی بـەقیع
«محمّد باقر» عـومری پـەنجا و هـەشت
مـــەولید مـەدینەی بـەوێنـەی بـەهەشت
مـــەدفەنی بـــەقیع خـــاکـی مـوقەددەس
رازی بـــــبێ لەو عـــەللامی ئــەقدەس
«جعفر»ی «صادق» شەخسی مـوئتەمەن
وەك بـــابی عـــومر و مـەولید و مـەدفەن

«المـــوسی الکـــاظم، امـــام الهُـــدی»
مـــەولید مـــەدینە و مـــەدفەنی بـــەغدا
عومری پەنجا و پێنج رای بـوارد تـەمام
بـۆ نـەشری دیـن و ئـەحکامی ئـیسلام
ئـــیمامی هـــەشتەم «عـــلی رضـــا»یـــە
مـــەولید مـــەدینەی ســـاحێب ســـەفایە
مـــەدفەنی والای تـــووسی خـــوراسـان
عومری پەنجا و پێنج رابورد بە ئیحسان
ئـــیمامی نـــۆهـــەم «مـــحمّد جَـــواد»
عومری بیست و پێنـج بـێ کـەم و زیـاد
مـــەولیدی تـــووس و مـــەدفەنی بـەغدا
لای مـــووسای کـــازم «امـــام الهُـــدیٰ»
ئـــــیمامی دەهـــــەم «عـــلي الهـــادي»
عـومری چـل سـاڵ بـوو بـەبێ زیـادی
مـــەولید مـــەدینە و مـــەدفەن ســـامەرە
«أَعْــــطَاهُ اللّـــــهُ کُـــــلَّ مَسَـــــرَّه»
یـــازدەهەم نـــاوی «حَســـن عَسکـری»
خـــاوەنی پـــایە و مـــایەی ســـەروەری
مەولید مەدینە و عومری بیست و هەشت
مـــەدفەن ســـامەڕە بـــبێ بـــە بـەهەشت
ئـــیمامی ئـــــاخر «مَـــهدی مُـــنتظَر»
«مُـــحمد» نـــاوە، بـــە نـــەقڵی خـــەبەر
«رَضِـــــيَ عَـــــنْهُمُ الإِلٰـــــهُ الْـــوَهّٰاب
وَ عَـــــنّٰا بِـــــهِمْ فـــي یَـــوْمِ الْـــمَآب»

فەسڵی دووهەم لە بابی ئەوەڵ لە دووبابەی ئەم کتێبە

فـــەسڵی دووهـــەمین ئـــەی بـــرای ئـــەمین
ئـــــەکـــــا بـــــەیانی روکـــنی دووهـــەمین
روکـــنی دووهـــەمین پـــێنج فـەرز بـە ئـەدا
لە شــــەو و رۆژا بکـــــەی بـــــۆ خـــــودا
«صُبح» و «ظُهر» و «عَصر»، «مَغرِب» و «عِشا»
لەســـــەر ژن و پـــــیاو، فـــــەقیر و پـــــاشا
بـــە شـــەرتی عـــەقڵ و بـــلووغ و ئـــیسلام
چـــــونکا بـــــناغەن بـــۆ هـــەموو ئـــەحکام

شەرتەکانی نوێژ

شەرتی نوێژ پێنجە: پاکی جـل و جـێ
دووهەم پاکی لەش لە هەرچی پیس بێ
لە بێدەسـنوێژی، هـەم لە لەشپـیسی
چونکی عـیبادەت نـاکـرێ بـە پـیسی
سـێهـەم هـاتنی وەخـتی نـوێژەکـان
هـەوا بـە پـەلە نـەتخاتە تـەکـان
شـەرتی چـوارەمـین روو لە قـیبلە کـە
کەعبەی موعەززەم لە شاری مـەککـە
پێنجەمین سەتر و پـۆشـینی عـەورەت
لە ناو خەڵکا بـی یـاخود لە خـەڵوەت
پـیاو داپـۆشـێ نـاوکی تـا ئـەژنۆی
ژن هەموو لەشی ئیللا دەست و رووی

پیسی لە شەرعا چییە؟

هەرچی بێتە دەر لە دوا و لە بەر
پیسە، نەك مەنی حەیوان و بەشەر
خوێن و زووخ و کیم، موسکیراتی تەڕ
مردوو، نەك کولە یا ماسی و بەشەر
هەرچی لە خوێنی ئاوەکی دوورە
مردووی مەعفووە، وەکوو مێلوورە
پیسە هەرشتێ لە لەشی زیندوو
جیا ببێتەوە، حاڵی ببە زوو
ئیللا خوری و موو و پەڕی گیانداریٚ
کە گۆشتی بخوریٚ لەبۆ موختاریٚ
پیسە بەڵغەم و ئاویٚ بێتە دەر
لە میعدەی بەشەر، نەك لە سینە و سەر
پاکە بەدەنی گیانداری زیندوو
نەك سەگ و بەراز، یا بەچکەی هەردوو

بە چی لە پیسی پاك ئەبێتەوە؟

پاك ئەبێتەوە لەم دوانە بە ئاو
شەش دەفعە ڕۆشن، دەفعەیێ قوڕاو
لە باقی پیسی مەعنای تەهارەت
لاچوونە لەبۆ عەینی نەجاسەت
ئەوەندەی بشۆی ئەو مادده لاچیٚ
ڕەنگ و تام و بۆیش نەمێنیٚ لەو جیٚ

ئــەمما لە مــیزی مــناڵێ نــێر بــێ
هەر بە خواردنی شیری پاك تــێر بــێ
پــاك ئــەبێتــەوە بــە ئــاوپرژێنــی
نــەسسی حــەدیسە، هــیچ دانــەمێنــی
بــۆ هــەر پــیسیێ کــە نــەیبێ جــوسە
ئــاوی پــیا بکــەی کــافییە و بــەسە

باسی «استنجاء»، یانێ خۆ پاکەوە کردن لە پیسی بەر و دوا

لە شتێ تەڕ بێ و دەربێ لە عەورەت
یــانێ بــەر و دوا، فــەرزە تــەهارەت
یا بــە ئــاوێکــی پــاك و پــاکــۆ کــەر
لابــەرە پــیسی لە پــاش و لە بــەر
یا بە ماددەیێ کــە وشك بــێ و پــاك
بە وێنەی بەردێ هەڵی کــەنێ چــاك
بە ســێ پــیا هــێنــان یــا زیــاتر لەوە
خــۆت لەو پــیسییە پــاك بکــەرەوە
ئەگــەر لە عــادەت نــەچووبێتــە دەر
نەشییێتە ســەری خــاریجێکــی تــەڕ
وە ئیللا هەر ئاو پــێویستــە لەبــۆت
ئەبێ ئەمری دین فێر ببی بۆ خــۆت

تەهارەت لە بێدەسنوێژی و لەش‌پیسی

دەســـنوێژ و غــوسڵە پــاکــی لە حــەدەس
شــرووتی دەســنوێژ شــەشە، ئــیتر بــەس

نـــیەتی فـــەرزی دەســـنوێژت بـێری
لەگەڵ ئەووەڵ جێی ڕووت کـە ئـەیشۆری
دووهــەم غــوسڵی ڕوو، یــانێ دەمـوچاو
چ پــــێست و چ مــــوو، بشــۆرە تــەواو
ئــــەندازەی واجب بــــەبێ دەردیســـەر
بەینی هەردوو گوێ و چەناکە و مووی سەر
مووی زنج و سمێڵ، مووی تەختی ڕوخسار
بــرژانگ و بـرۆ، لەگــەڵ مــووی عـوزار
ریشـــێ تـــەنك بـێ و نـاوی بـبینی
دەر و نـــاویان فـــەرزە شـــۆریـــنی
ریشـــێ کــە پــڕ بـێ و نــاوی نــەبینی
تـــەنها دەرەوەی فـــەرزە شـــۆریــنی
سـێهــەم شــۆریـنی دەســتانە هــەردوو
تـا ژووری ئـەنیشك بـە قـەدری یـەك مـوو
چوارەم مەسحی سەر، یاخود ئـەو مـووەی
لەســەر دەرنــەچێ، ئــەگــەر بـەری دەی
پــێنــجەم شـۆریـنی هـەردوو پـێ و قـاپە
شــــەشەم تـــەرتیبە و تـەرکی خـــراپــە

سوننەتەکانی دەسنوێژ

ســونەتی دەســـنوێژ بـە نـەقڵی سـەلەف
«بِسْمِ اللّـه» کـردن، جـا شـۆریـنی کـەف
ســێهــەم ســیواکــە، ئــەمما بـە ئـیراك
تــام و بـۆنـی دەم خـۆشـتر ئـەکـا چـاك

رادانـــــــــی ئـــــاوە لە دەم و لە لووت
بە سێ جار سێ جار، چاکترە و مەزبووت
تەعمیمی مـەسحیش لەبـۆ سـەر و گـوێ
دەس خستنە ریش و پەنجەی دەست و پێ
پێش بـخە لای راست لە دەست و لە پـێ
لەســەر لای چــەپت ســونەتە و بـەجێ
ســەرکەوە لە فــەرز دامــەمێنــە پـەست
بــۆ شـۆریـنی پـێ و دەمـوچاو و دەست
شەوقی نـاوچاو و بـریقەی دەست و پـێ
رۆژی قـــیامەت بـــەمە دێتـــە جـــێ
شۆرین و مەسحت بە سێ جار سێ جـار
بــە خـــێری ســـونەت ئـەتکا بـەهرەدار
یــەك لە شــوێنـــی یـەك بـۆ ئـەم ئـادابـە
تـــەدلیکی ئـــەعزات خـــێر و ســـەوابــە
دوعای پاش دەسنوێژ وەکوو مـەشهوورە
ئــەگــەر بــی‌خوێنـــی ئــیحسانی زۆرە

مەسحی خوف لەباتی شۆرینی پێ

شەرعەن دروستە ئەی روونـاکـی چـاو
مەسحی خوف لەجێی پێ شۆرین بە ئاو
خـوفێ داپـۆشـێ هـەردوو قـاپ و پـێ
بـــۆ وردە رۆیـــن قـــابیل بـــێ لە رێ
پـــاك بـێ و مـانیع بـێ بـۆ دادانـی ئـاو
مەر لە جێی تەقەڵ، یا قۆپـچەی بـەسراو

بـــــیانکەیتە پــێ لە پـــاش تــەهارەت
لە بــێدەســـنوێژی لەگـــەڵ جـەنابەت
تـــا شـەو و رۆژێ بـۆ ئـەهلی «حَـضَر»
سێ شەو و سێ رۆژ بـۆ ئـەهلی سـەفەر
لەو حــەدەسەوە کــە بــە ســەرتا بــێ
پاش ئەوە کـە تـۆ خـوف ئـەکـەیتە پـێ
حــوکمی لەشپـیسی کـاتێ هـاتە رێت
یـــا خـــوفت درا یـا داتکـەند لە پـێت
مـوددە تـێکئـەچێ و ئـەبێ سـەرلەنوێ
لە پــــاش تــەهارەت بــیکەیتەوە پــێ

ئەو شتانەی دەسنوێژ ئەشکێنن

دەســـنوێژ ئــەشکێنــێ شــتێ بـێتـە دەر
بـــا کـــەم هــەڵکــەوێ لە دوا یـــا لەبــەر
هــەم لە یــەکـدانـی پـێستی ژن و پـیاو
نــەك دان و نـینۆك، مـوو یـا نـاوی چـاو
مەگەر یـەکـێکـیان بـچووك بێ بـە ساڵ
ئـــارەزوو نـــەکـــرێ بـۆ «سَـلیم الحـال»
یاخود مـەحرەم بـن بـە نـەسەب یـا شیر
یـــا بــە ژنخـوازی وێنـەی بـۆ تـەسویر
کچ و دایك و خوشك، خوشکەزا و پوورە
لە خــــزمانی ژن خـــەسوو و خـــەزوورە
دەسنوێژ ئەشکێنێ شـێتـی و بێهـۆشـی
حـالەتـی مـەستی، یـەعنی سـەرخـۆشـی

نووستنی هەرکەس مەگەر بە تەمکین
نەیێ بە سەریا شتی ناشیرین
مەس و دەس لێدان هەر بە بەری دەس
لەبۆ عەیبی خۆت یا عەیبی هەرکەس
ئەگەر سینفێکن تەنها دەس لێدەر
وە ئیللا هەردوو ئەبینن زەرەر
مەگەر مەحرەم بن لەویش دەس لێدەر
دەسنوێژی ئەشکێ و ئەگا بە خەتەر

ئەسبابی «غُسل»، یانێ خۆ شۆرین

ئەوەی باعیسە بۆ غوسڵی ئەعزا
یانێ شۆرینی سەرتاپای باڵا
یەکەم مردنە، دووهەم مناڵ بوون
حەیز و زەیسانی لە پاش ڕزگار بوون
وەزعی جەنابەت یانێ لەشپیسی
ئەسبابی دووە، ئەگەر ئەپرسی
ئینزالی مەنی و دوخوولی زەکەر
بە ناوی فەرجا، دوا بێ یا بەر
فەرزی خۆ شۆرین ئەووەڵ نیەتە
بۆ دەفعی حوکمی ئەو جەنابەتە
دووهەم شۆرینە بۆ لەشت هەموو
بە ئاوی ڕەوان چ پێست و چ موو
ناو پەلکەی ژنان ئەگەر تەڕ نەبێ
با بکرێتەوە تا باش تەڕ ئەبێ

بۆ دەسنوێژ و غوسڵ نەبی بێخەبەر
لە قولی پاژنە و کەلافەی مووی سەر
ژێری نینۆك و گۆشە و پێڵووی چاو
لۆچی دەرەوەی گوێیانت تەواو
هەرچی دەرکەوێ بۆ قەزای حاجەت
بێشۆرە لەبۆ رەفعی نەجابەت

چی مەنع ئەکرێ لە بێدەسنوێژ

بەبێ دەسنوێژی حەرامە و گوناه
نوێژ و تەوافی ماڵی «بیت الله»
لەگەڵ هەڵگرتن یا خۆ دەس لێدان
لە پەڕە یا بەرگ یا بەرگی قورئان
هەرچیش نووسرابێ بۆ دەرسی قورئان
وەکوو سەبوورەی دەرسی مناڵان
زیاد لەمانەیش لەسەر لەشپیسان
مەنعە خۆندنەوەی بە قەسدی قورئان
نەك قەسدی دوعا یا وەعز و ئەزکار
یا بۆ تەسخیری وڵاخ بۆ سوار
هەروا حەرامە مانەوەی مزگەوت
هەم رابوردنی حائیز بە ڕێکەوت
ئەگەر بترسێ بە خوێنی جاری
مزگەوت پیس بکا بە رێبواری

ئاوی تەهارەت چۆن ئەبێ

ئـــەو ئـــاوەی ئـــەشێ لەبـۆ تـــەهارەت
بۆت بەیان ئەکـەم بـە چـەن عـیبارەت
ئـــاوی دەریـــایە و چـــەم و جـــۆبـاران
ئاوی کانی و بـیر، هـەم بـەفر و بـاران
ئـــەمما بـــەری بـــێ لە کـلکە بـۆ نـاو
وەکـــوو ســـزگاو[1] و گـولاو و ئـارداو
کار نەکراو لە غـوسڵ یـا لە دەسـنوێژا
ئـــــەسحابە ئـــــاوی وایـــان ئـــەڕێژا
هەم نـەگـۆڕابـێ تـام و ڕەنگ و بـۆی
ئیللا بە مـەعبەر یـا قـەرارگـای خـۆی
ئـــاوێ بگـــاتە حـــەددی قـــوللەتەین
جاری یا وەستاو، ئەی نووری عەینەین
پاکە و پاکۆکـەر لەبـۆ غـەیری خـۆی
تا نـەگـۆڕابـێ ڕەنگ یـا تـام یـا بـۆی
کەمتر لەو حـەددە جـاری یـا وەسـتاو
کە پیسی تێکەوت پیس ئـەبێ تـەواو
لاکـــین بـۆ جـاری قـەولێکـی قـەدیم
هەیە و مـەقبووڵە لای ئـەهلی تـەعلیم
بـا پـیسی تـیابێ پـاکـە و پـاکـۆکـەر
مەگەر وەسـفێکـی بگـۆڕێ یـەکسـەر

١. ئاوی ماست و پەنیر و شیر و دۆ.

«قُلَّتَین» بە کێشانە و بە پێوانە

حەددی قوللەتەین بە کێشانەی ساق
تا پێنج‌سەد «رِطل»ە، بە ریتلی عێراق
هەفتا تەورێزی و کەسرێکە بە جەم
لەسەر کێشانەی وڵاتی عەجەم
ئەمما بە پێوان بۆ جێی مودەووەر
بۆ پانی گەزێ، راستە و موعتەبەر
بۆ قووڵی دوو گەز بە گەزی نەجار
گەزی نەجاریش وایە بە قەرار
گەز و چارەکە بە زیراعی دەست
ئەم قسە راستە لێی ببە سەربەست
بۆ جێی چوارگۆشە کافییە و مەعقوول
زیراع و روبعی عەرز و عومق و توول
بە زیراعی دەست کە موعتەدیل بێ
نەك بۆ درێژی و کورتی مائیل بێ

باسی «تَیَمُّم» بۆ بێ‌دەسنوێژ و لەش‌پیس

کاتێ ئاو نەبوو برای بە تەمیز
چار تەیەمومە بە شەرعی عەزیز
نەبوونی بۆ ئاو یا واقیعییە
پێی ئەڵێن حیسسی، یاخود شەرعییە
وەکوو بە پارە ئاو بە دەست‌کەوێ
تۆش بێ‌پارە بی و پەکت بکەوێ

یــــاخود لە نـــــرخــــی عــــادەتی بــازار
زیــــــاتری بــــویٚ بــــایعی نــــابار
یــــاخود ئـــــاو بــــبیٚ ئــــەمما بــتەویٚ
بــــۆ خـــواردنــەوەی پــەکت نــەکــەویٚ
یــــاخود مــــانیع بـــیٚ لە ئــیستیعمالی
دوکـــــتۆریٚکــــی بــاش عـــادل و عـــالی
جــــا کــــاتیٚ ریٚکــەوت یــەکــیٚ لەمــانە
خـــــۆت حـــازر بکــە ئــازا و مــەردانــە
تــــەیەمموم بکــــە لەبــــۆ حـــــەدەسەین
پاش دوخوولی وەخت، ئەی نووری عەینەین

***

فــــەرزی تــــەیەمموم دوانــە بــە قــەرار
یـــــەکــــەمین نــەقلّی گــلّیٚکــی تــۆزدار
ئــەمما ئــیستیعمال نــەکــرابــیٚ جــاریٚ
بــــۆ تـــــەیەمموی مـــــەعزەرەتداریٚ
دووهــــــەم نـــــیەتی ئــیباحەی «صــلاة»
لەگـــــەلّ ئــــەو نــــەقلّە بــمیٚنــیٚ لەلات
هــــەتا ئــەو گــلّە ئــەگــەیٚ بــە ڕووت
مەسحی پــیٚ ئـەکـەی ئـازانـە و مـەزبووت
دوو جار دەس بـدە لە ئـەرز، یـەك بـۆ ڕوو
دووهەم لەبۆ دەست، ئەی برای خۆش‌خـوو
تــۆزاوی ئــەکــریٚ، هــەرچــی ئـەشۆری
یـــانیٚ لە ویٚنــەی دەســنویٚژ نــاگــۆڕی

***

ئەعزای بێدەسنوێژ چوار حیساب ئەکرێ
ڕوخسار، هەردوو دەست، سەر و هەردوو پێ
هەرکام لەوانە عەلیل بێ و خەستە
تەیەممومێکی شەرعەن پێویستە

***

وەختی تەیەمموم وەختی شۆرینە
بۆ ئەوجێ خەستە یاخود برینە
ئەمما بۆ لەشپیس وا دانراوە
بە تەیەممومێ ئیشی تەواوە
بەرودوا لەبۆ غوسڵ و تەیەمموم
نییە بۆ لەشپیس «واللە اعلم»

قەزای ئەو نوێژانە کە بە تەیەمموم بکرێ

ئەگەر هەر سەبەب نەبوونی ئاوە
حیسسەن ئاو نییە لەو جێگا و ماوا
هەر نوێژێ بکەی بەو تەیەممومە
قەزای ئەو نوێژە غەیرە لازمە
ئەگەر بە ئەغڵەب ئاو نەبێ لەوێ
وە ئیللا شەرعەن ئیعادەی ئەوێ
ئەگەر نەبوونی شەرعی بێ ئەمجار
ئەگەر تەیەمموم بۆ دەستە و ڕوخسار
نەشبێ لەسەریان موشەمما قەتعا
لە سەرت نییە قەزا لە شەرعا

کــاتێ مــوشەمما لەســەر ئــەوانــە
مـــــوتڵەقـــەن قــەزا واجب بــزانــە
ئەگـەر تـەیەمموم بـۆ سـەر و پـێ بـێ
یـانێ نـەخۆشـی لەو دوو شـوێنـا بـێ
مـوشەمما نـەبێ و ئـەندامت پـاك بـێ
هــیچ قــەزا نـییە، دڵت روونـاك بـێ
ئـەمما هـەروەختێ وێنـەی مـوشەمما
لەسەر ئەوان بێ کاکـی خـۆش سـیما
ئــەگــەر دانـرابـێ لەسـەر تـەهارەت
موشەمماش نەگرێ ئیللا جێی عیللەت
یــا بــەشی وەســتان نــایەوێ قــەزا
ئــــەگــینا فــەرزە قــەزا بــۆ جــەزا
بە تـەیەممومێ هـەر فـەرزێ ئـەکـرێ
سا مەگەر سـوننەت عـەلاوەی بکـرێ

وەختی نوێژەکان

وەخـتی نـوێژی سـوبح سـفیدەی سـەحەر
تــا هــەتاو کــەوتن بــە شــەرعی ئـەنوەر
وەخــــــتی نـــیوەڕۆ کــــاتێ ڕۆژ لادا
لە نـــــــاوەڕاســـــتی ئــــاسمانی والا
هــــەتا سـێبــەری هــەر شــتێ ئــەگــا
بــە قـەد خـۆی بـێجگـە «ظِـلّ»ی ئـیستیوا
شەش پێ و چوار و دوو، سێ مانگەی بەهار
عــەکســی بــۆ هــاوین هــەیە بـە قـەرار

هـــەشتە و یـــازدەیە و دوازدە بـــۆ پـــاییز
عـــەکسی بۆ زستان ئەی برای عـەزیز
لەپـــاش ئـــەم وەخـــتە زەمـــانی عـــەسرە
تـــا دەرئـــەکـــەوێ رەشـــی لەو قـــوترە
ئـــینجا مـــەغریبە، عـــیشایش وەختی دێ
کـــاتێ شـــەفەقی ئـــەحمەر غـــائیب بـــێ
لە غـــــرووبەوە تـــــا دەریـــــێ هـــــەتاو
مـــــاوەی بـــــە ســـەعات رابگـــرە تـــەواو
لە نـــــیوەی ئـــــەوا لەســــــەر دەســــتەوە
وەخـــــتی نـــیوەڕۆت بـــێتـــە دەســـتەوە
چـــی ویست بـــۆ دوانـــزە نـیوەی رابگـــرە
ئـــــەو کـــاتە عـــەسرە، بـــەهانە مـــەگـــرە

بانگ و قامەت بۆ نوێژ

سوننەتە بۆ پیاو بـانگ لەگـەڵ قـامەت
تـەنها بـێ یـاخود لەگـەڵ جـەماعەت
بـۆ فـەرزی حـازر یـا فـەرزی فـەوتاو
ئـــەمما قـــامەتی بـــۆ نـــایەتە نـــاو
هـەر قـامەت هـەیە بـۆ جـەمعی ژنـان
غەیرە مەشرووعە بۆ ئـەوان بـانگ دان
شـەرتی بـانگ دانـە: ئـیسلام و تـەمیز
نێر بێ و لە وەختا، ئـەی بـرای عـەزیز
لە غـــەیری ســوبحا، ئـەمما لەبـۆ ئـەو
بـــانگدان دروستە لەپـاش نـیوەشەو

بـــانگێکـــیتریش لە وەخـــتی ســـەحەر
وایە بـە شـەرعی ڕەسـوولی سـەروەر
تەرتیب، تەوالی، یەك لە شوێنـی یـەك
بۆ بانگ و قامەت شـەرتە بـەبێ شـەك
لەپـــاش تـــوولی فـــەسڵ بـــینا بـەتاڵە
بە دوو کەس بـانگ و قـامەت مـەحاڵە
شەرتە لەوانە ئەی کـاکـی ڕوو سـوور
بـیستنی کـــەسێ لە نـــزیك یـا دوور
جوملەی بانگ غەیری تەکبیرو تەوحید
دوو دوو واریـدن ئـەی بـرای وەحـید
تـــەکـــبیر چـواره و تـەوحید تـەنهایە
لەلای شـــــافیعی ســـوننەت وەهـــایە
یـــەکـــە یـــەکـــەیە ئـــەلفازی قـامەت
غەیری تەکبیر و جوملەی «قَدْ قـامَت»
ئـــــەمانە دوو دوون لەلای شـــافیعی
لەســـەر ســـوننەتی شـــەرعی واقـیعی

سوننەتەکانیان

ســـوننەتە بـانگدەر دەنگـی عـالی بـێ
لە هـــەردوو حـەدەس زاتـی خـاڵی بـێ
دەنگیشی خـۆش بـێ هـەتا بـە تـەئسیر
دڵی دڵداران بکـــــا بـــــە ئـــــەسیر
لەسەر شوێنی بـەرز، بـەرەوڕووی قـیبلە
دەس بکـــا بـــە بـــانگ بـــەبێ عـەجەلە

پـــەنجەی شـــادەتی بکـــا بـــە گـــوێدا
تـــا دەنگـــی بـــە هـــێز بـــڕوا بـــە ڕێدا
«تَرجیع»یش بکا ئەی نـووری عـەینەین
یـــەعنی تـــەلەففوز بـــە شـــەهادەتەین
بـــە تـــەرتیبی بـانگ بـێدەنگ و سـەدا
ئـــینجا بـــۆ ئـیعلان دەنگـی هـەڵ بـدا
جـــاری ئـــەووەڵی «حـيّ عـلى الصّـلا»
لا بکــــــــاتەوە بـــــەلای راســـــتەدا
جـــاری ئـەووەڵی «حـيّ عـلى الفـلاح»
روو کاتە لای چەپ بۆ نەشر و «ایضاح»
لە جـــاری دووەم بـــۆ ئـەم دوو جـوملە
روو بکـــــاتەوە بـــــەرەو رووی قـــیبلە
«تـثويب» لە سـوبحا بـۆ بـێداری قـەوم
دوو «الصَّـــــلٰاةُ خَـــــيْرٌ مِـــنَ النَّـــوْم»
ئـــادابـــی لە بـــانگ، پـــەلە لە قـــامەت
ســـــونەتی دیـــــنە بـــە ئـیستیقامەت
بـــۆ هـــەر ســـونەتێ بـــە جـــەماعەتە
«الصَّـــــــــلٰاةُ جٰـــــامِعَةٌ» قـــــــامەتە

گوێ گرەکانی چی بڵێن؟

هەرکەس گوێی لە بانگ یا لە قامەتە
هەر لەفزێکی بیست بیڵێ سـونەتە
فـــەقەت بـــۆ جـوابـی «حَـيّعلَتَين»
«لٰا حَوْلَ وَ لٰا...» سونەتە بـە عـەین

بـــۆ جـوابـی «قَـدْ قـامَتِ الصَّـلاة»

«أَقـــــامَهَا اللّــــــهُ وَ أَدامَــــــهَا»

لەپاش بانگ و قامەت چی ئەوترێ؟

پاش بانگ و قامەت سـەلات و سـەلام

بـــنێرن لەبـــۆ ســــەییدی ئـەنام

بـۆی داوا بکـەین مـەقامی مـەحموود

روتبەی وەسیلە و «فضیلە»ی مەشهوود

بــەڵکـوو بـە یـومنی سـەییدی ئـەنام

لە هـــەردوو دونـــیا بگـــەن بـە مـەرام

ئەمری قامەت بە ئیمامە

قامەت مەربووتی ئـەمری ئـیمامە

بە هەرکەس بڵێ راسـتە و تـەمامە

زۆرتـرە خـێری ئـەزان و قـامەت

جەمعەن لە خێری تەنها ئیمامەت

روو کردن لە قیبلە

قــیبلە کـــەعبەیە «بــیت الله»ی ئــەکـرەم

کــە وا لە شـــاری مـەککـەی مـوکەڕڕەم

کــەعبەی مـــوعەززەم ئــەگــەر عـەیانە

بــۆ خـــۆت بــیزانــە و لەبـۆی بـڕوانـە

ئــــەگــــەر غــــایبە بکــــە ئــیعتیبار

بـە قسـەی کـەسێکـی عـادڵ و هـۆشـیار

ئەگەر دەس‌نەکەوت شەخسێ موعتەبەر
بـــی‌دۆزەرەوە بـــە فـــیکر و نـــەزەر
فـــەقەت مـــیحرابـــی «سـیّد الأنـام»
مـــزگەوتی شـــار و دێهـاتی ئـیسلام
ئـــەبن‌بە دەلیـــل بـــۆ قـــیبلەی شـــەرعی
مـــەکـــەوەرە دوای خـــەیاڵی تـــەبعی
نـــەوەك بـــەردەنوێژ لە ســـەرە ڕێدا
خـــۆت تـــەحقیق بکـــە قـیبلە لەو جـێدا
دەلیـــلی قـــیبلەی بـــە پـایە و روتـــبە
بـــۆ وڵاتـــی ئـــێمـــە ئـــەستێرەی قـــوتبە
بـــەڵکـــوو لە بـــەغدا هـــەتا هـــەمەدان
قـــەزوین و گـــورگان، تـــا مـــازندەران
هـــەرکاتێ قـیبلەت بـینی بـە مـەتڵووب
بۆ خۆت ڕاوەستە و ڕووبەڕووی جنووب
گـــەر لە پشـــتەوە ئـــەستێرەی جـــەدی
لەلای ڕاســـتەوە بـــە مـــەیلی ئـــەت‌دی
ئـــەو جـەبهە کـە تـۆ ڕووبـەڕووی ئـەوی
قـــیبلەی شـــەرعییە، مـــوشتەبەه نـــەوی
بـــــەدەڵی ئـــــەمە قـــــیبلەنومایە
شـــیمالی قـــوتبە و قـــیبلە ئـــەولایە
مـــەشریقی زســـتان، مـــەغریبی هـــاوین
بـــۆ چـــەپ و ڕاســـتت بگـرە بـە یـەقین
ڕووبـــەڕووی جـــنووب ڕاوەســـتە لەبـار
ئـــەوە قـــیبلەیە بـــە قـــەوڵی ئـــەنوار

ئــەگــەر بــە تــەردید کــەوتیتە مــەلال
ڕوو بکـــە بــۆلای مــوقتەزای خــەیاڵ
کــاتێ خــەتای خــۆت لەبــۆ کــەوتە دەر
بـــۆ خـــەتا قــەزات واجــبە لەســەر
پــێویســتە لەبــۆ مــەردی بــێڕەشــاد
تــەقلیدی دانــای ســاحێب ئــیجتیهاد

ئەرکانی نوێژ

ئـــەرکانی نــوێژت نــۆزدەیــە تــەمام
لەســـەر مـــەزهەبی شــافیعی هــومام
ڕوکـــنی ئـــەووەڵی نـــاوی نــیەتە
لەبـــۆ کـــردنی فــەرزی ئــەو وەخـــتە
لەگـــــەڵ نـــــیەتا «الله اکـــبر»
بـــۆ مـــوقارەنە مـــەکــەوە خــەتەر
لەلای ئـــەهلی عــیلم غــەیرە خــافییە
کـــە مـــوقارەنەی عـــورفی کــافییە
ســێهــەم و چــوارەم فــاتیحە و قــیام
لەبــۆ تــوانــا و دانــای ســاحێب فــام
قـــیام ئـــەمەیە کــە زنــجیرەی پشت
هـــەتا ئــەتوانــی ڕێك بــوەستن گشت
پــێنــجەم ڕکــووعە، وا تــەختی تــەوێڵ
لەگــەڵ بــەر ئــەژنۆ ڕێك بــێ، بــەبێ فــێڵ
شـــەشەم ئــیعتیدال بـــەرز بــبەرەوە
وا کـــــە ڕاوەســـــتای لە ئـــەووەڵەوە

حـــەوتەم ســـوجدەیە هـــەتا ئـــەتوانـــی
تـــــەوێڵ بــــە ڕووتـــی لە زەوی دانـــی
سکی پەنجەی پێ و ئەژنۆ و بەری دەست
دانـــێیـــتە زەوی بـــە هـــێز و مـــەبەست
ئـــەژنۆ داپـــۆشـــین فـــەرزە و زەروورەت
چـــونکا داخـــڵن لە حـــەددی عـــەورەت
هـــــەستە و دانـــــیشە ئـــەمە هـــەشتەمە
ســـوجدەی دوایـــی ڕوکـــنی نـــۆهـــەمە
لەم پـــــێنـــج ئـــەرکانا مـــانەوە فـــەرزە
پـــەلەپەل مـــەکـــە بـــەوێنـــەی هـــەرزە
تـــــەحیاتی ئـــاخر ڕوکـــنی پـــازدەهەم
دانـــــیشتنەکـــــەی ڕوکـــنی شـــازدەهەم
ڕوکـــنی حـــەڤدەهەم پـاش ئـەم تـەحیاتە
ســــڵاوات لەســــەر شـــای بـــەرییاتە
هـــەژدەهەم ســـەلام، ئـــاخریان تـەرتیب
وەکـــوو ڕابـــووران، ئـەی بـرای نـەجیب

«أبعاض»ی نوێژ

نـاوی ئـەبعازە لەسـەر ئـیستیلاح
ئەمانە ئەیڵێین ئەی بـرای سـەڵاح
قـــنووت و قـــیام لەبـــۆ بـەیانیان
هەم وەتری نیوەی دوایی ڕەمەزان
سڵاوات لەسەر حەزرەت و ئـالی
پاش قنووتەکان چاك ببە حـاڵی

لەگەڵ قعوودا تـەحیاتی ئـەووەڵ
پاش ئەو سڵاوات لەسەر «مُفضَّل»
سڵاوات لەسەر ئـالی مـوحتەرەم
ئەمما لە دوای تەحیاتی دووهـەم

هەیئاتی نوێژ

پـێی ئـەڵێن هـەیئەت لەسـەر ئـیستیلاح
لەپـاش تـەحەڕڕوم دوعـای ئـیفتیتاح
«الله اکـــبر» لەبـــۆ ئـــینتیقال
زیکـری رکـووع و سـوجدە و ئـیعتیدال
هـەم لە هـەیئاتە هـەردوو دەسـتەکـان
بـەرز بکـەیتەوە تـا عـاستی سـەر شـان
بـەری ئـەوانـیش روو لە قـیبلە بـێت
کـاتێ تـەکـبیری تـەحەڕڕوم ئـەڵێیت
کـاتی دانـەوین بـۆ روکـنی رکـووع
کـاتی ئـیعتیدال بـە وەزعـی مـەشرووع
لە تـەحیاتی ئـەووەڵ کـە هـەستای
دەست بـەرز کـەرەوە کـاتێ راوەسـتای
جەهر و ئەسراریش هەرکام وەختی خۆی
هـەیئەتی نـوێژە، ئـاگـاداربـە بـۆی
سـوبح و مـەغریب و عـیشا ئـاشکران
عـەسر و نـیوەڕۆ سـیرڕیـن و پـەنهان

باسی سوننەتەکان بێجگە لە «ابعاض» و «هیئات»

سوننەتە بـە شـەوق بـی لەبـۆ «صَـلاة»
بـــۆ مـــوناجاتی خـــودای کـــائینات
بە دەستی ڕاستت بگرە دەستی چـەپ
مایل بۆلای چەپ بە وەزعـی ئـەدەب
دایـــاننێ لە ژێر پـــەرەکـــەی دڵت
دوور بـــخەرەوە فـــیکری بـــاتڵت
بـــخوێنـــەرەوە ئـــەلفاز بـــە ئـــارام
مەعنای تێ فـیکرە بـە شـعوور و فـام
خشـــووعت بـــبێ بـــە دڵ و ئـــەندام
خۆت زەلیل بکە بـۆ خـودای عـەللام
بـڕوانــە لەبـۆ جـێگـای سـوجدەگـا
لا مـــەکـــەرەوە بـــەم‌لا یـــا ئـــەولا
ســـوننەتی نـــوێژە لەپـــاش ئـــیفتیتاح
تـەعەووز بکـەی بـە قـەسدی نـەجاح
لە پـــێش فـــاتیحە لە گشت ڕکـــاتێ
ئـــەگـــەر بـخوێنـی خـێرت ئـەگـاتێ
لەپـــاش فـــاتیحە «آمـــین» ســـوننەتە
ئـــامین وەك مـــۆری «ربّ العـــزّة»ە
ئەگەر مەئمووم بووی ڕێك لەگەڵ ئیمام
ئـــامین بـــخوێنە ئـەگـەی بـە مـەرام
ئەمجارە نۆبـەی خـوێنـدن سـوورەتە
بـــۆ دوو ڕکـــاتی ئـــەووەڵ ســـوننەتە

بۆ تەنها و ئیمام، بەڵام بۆ مەئمووم
هەر گوێ ڕاگرتن سوننەتە مەعلووم
لە سوجدە و جلووس دوعا بخوێنە
ئیحتیاجی خۆت بە حەق بنوێنە

ئەو دوعایانەی کە نەقڵ کراون لە حەزرەتەوەﷺ

لەپاش تەحیاتی ئاخریش کاکە
تا دوعای مەئسوور بخوێنی چاکە
«آیـة الكُـرسی» ئەی برای جەلیل
حەمد و تەسبیح و تەکبیر و تەهلیل
ئینجا پاش ئەوە سەلامت داوە
دەست بەرزەوە کە دەم بە دوعاوە
وەکوو فەرموویە ڕەسوولی کەریم
دوعا بخوێنە بە سیدق و تەسلیم
ئیستیغفار بکە لە باری گوناه
لەبۆ ڕزگار بوون لە چارەی سیاه
لێی داوا بکە بارانی ڕەحمەت
بڕژێ بە سەرتا بە فەیز و نیعمەت
بۆ باوك و دایك، بۆ خوشك و برا
بۆ بێگانە و خزم ببە بە چرا
هەر قاپی ئەوە دائیم گوشادە
هەر بە ڕەحمی ئەو عالەم دڵشادە
دڵ موتمەئین بە دڵت نەلەخشێ
ئەگەر ڕاست بکەی خودا ئەتبەخشێ

لێت قەبووڵ ئەکا چونکی ڕەحمانە
دوعا بۆ خۆت و خزم و بێگانە

ئەو شتانەی نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە

ئەوەی مەشهوورە لەبۆت ئەژمێرم
لە «مُبطلات» و بە خوات ئەسپێرم
نوێژ بەتاڵ ئەبێ بە قەتعی نیەت
چونکە ئەساسە لەبۆ عیبادەت
بە فەوتی یەکێ لە شەرتەکانی
وەکوو پیس ببێ جلی یا گیانی
هەم بە خواردنەوە و خواردنی خۆراك
هەرچەنە کەم بێ، کاکی دڵ ڕووناك
حەتا قووت بدەی پارچەیێ بەڵغەم
کاتێ کە بگا بە سەرحەددی دەم
هەم بەتاڵ ئەبێ بە عەمدی کەلام
یا بە حەرفێکی موفید بۆ مەرام
بە هەر وەزعێکیش لێی پەیدا ببێ
دوو حەرفی ڕۆشن، باش ئاگات لێ بێ
وەکوو ئاخ و ئۆف، ناڵین و گریان
وەك پێکەنین و قاقا، براگیان
یا وەکوو کۆکەی لە عوزر خاڵی
یا فوو یا فیکە بە خووی منالی
بەڵام مەعزووری بە «سَبق اللِّسان»
یا کەلامی کەم بە جەهل و نیسیان

تـا شـەش کـەلیمە بـە کـەم حـیسابە
لەوەو ژوور زۆرە و بـۆ نـویژ خـرابـە
زەرەری نـییە نـوتق بـە قـورئان
بـۆ حـاڵی بـوونی ئـینسانی نـەزان
وەکـوو ﴿يَا يَحْيَىٰ خُذِ الْكِتَابَ﴾[1]
یـانێ ئـەو شـتە لەو جـێدا لابـە
گـەر مـەقسەدت بـێ تـۆ لەگـەڵ تـەفهیم
بـخوێنـیتەوە قـورئانی عـەزیم
هـەم زیکـر و دوعـا نـیەتی زەرەر
ئـەگـەر تـیا نـەبێ خـیتابی بـەشەر
ئـەو وەکـوو «الله» یـا «سُبْحَانَ اللّه»
ئـەم وەکـوو جـوملەی «يَرْحَمُكَ اللّه»
نـوێژ بـەتاڵ ئـەکـا هـەڵـمـەتی نـابار
چـوون مـوخالیفە بـۆ شـێوەی ویـقار
هەم بـە سـێ جـووڵە بـە ئـەعزای گـەورە
بـە ئـیستیقامەت، یـاخود بـە دەورە
وەکوو سێ هەنگاو یا سێ جووڵەی دەست
مـەسەل لە نـوێژا پشـتێنـی ئـەبەست
نەك بە دوو هـەنگاو یـا سـێ نـاو بـە نـاو
یا بە جومگەی ورد ئەی رووناکـی چـاو
لێو بـبزوێنـێ یـا چـاو هـەڵێنـێ
یـا بـە سـەرپەنجە خـۆی بـخورێنـێ

---

١. مریم/ ١٢.

بـــا تـــەنبیهـ بكـــا ئـــازانـــە و ســەربەست
پیاو بە تەسبیح و ژن بـە چـەپڵەی دەست
راخـــــە بــــەرماڵێ یــــا دانــــێ دارێ
تـــــا بـــــە بــەردەمتا نــەیێ ڕێبــوارێ
چــونكا نــیشانەن لەبــۆ شـەخسی ژیـر
لەم ئـــادابــانە قــەت مــەكــە تــەقسیر

مەكرووهاتی نوێژ

نــوێژت مــەكـــرووهە لە مــۆڵە رانـا
لە ڕێگـــا و حـــەمام، لە گـــۆڕســتانا
كاتێ حازر بوو خواردنـێكـی خـۆش
بەر لە نوێژەكـەت ئـەو بكـە بـە نـۆش
كاتێ موحتاج بی بە چوونە سـەر ئـاو
دەس مـەكـە بـە نـوێژ نـیوە و نـاتەواو
هــەرگیز مـەڕوانـە بـە ڕووی حـەوادا
لا مــــەكــــەرەوە بــەم‌لا و بـــەولادا
بـــەرەڵلا بكـە جـل و مـووی سـەرت
قــۆڵت هــەڵكــێشە لە جـلی بـەرت
نوێژی بێ‌سەبەب سێ كـات حـەرامـە
ئــەگــەر نـایزانـی پـێت بـڵێم كـامە؟
لەپاش نوێژی سوبح هـەتا ڕۆژهـەڵدێ
بــە قـــەد رمـــێكیش بـەرزەوە ئـەبێ
وەخـــــتی ئــیستیوا تــا دوای زەوال
ئیللا لە جومعەو كەعبەی «ذي‌الجلال»

لەپاش نوێژی عەسر تا دوای غرووب
چاك بە حاڵی ئەی بڕای مەحبووب

باسی دوو سوجدەی سەهوو

سوننەتە سوجدە بۆ جەبری خەلەل
تا دەستت کەوێ سەوابی ئەکمەل
دوو سوجدە وێنەی دوو سوجدەی «صَلاة»
پاش ئەوان فەورەن سەلامە و نەجات
ناویان بە سوجدەی سەهو مەشهوورە
بۆ غەیری سەهویش بوونیان مەزکوورە
ئەم سوجدە ئەبرێ بە شەرعی ئەنوەر
بۆ تەرکی مەئموور یا فیعلی مونکەر
یا شك لە زیادی فیعلێ کراوە
ئەگەر قابیل بێ زیادی لەو ناوە
جا باش گوێ بگرە بۆ شەرح و تەفسیل
هەرچیت پێ ئەڵێم بیکە بە دەلیل
مەئموری مەترووك گەر لە ئەرکانە
بەسەر کردنەوەی واجب بزانە
جا ئەگەر ئەوەت بە بیر کەوتەوە
لە پێش وێنەیا ئەگەڕێتەوە
ئەگەرنا کاتێ گەییت بە وێنە
بیکە و گوێ مەدە تۆ بەو مابەینە
لە پێش سەلامیش دوو سوجدە ئەبرێ
جەبری ئەو تەرکە بەم سوجدە ئەکرێ

ئــەگــەر ئـەبعازە هـەر سـوجدەی ئـەویٚ
ســەهوەن یـا عـەمدەن تـەرکی هـەڵکـەویٚ
گەڕانـەوەیش بـۆی پـاش گـەیین بـە فـەرز
عـــەمدەن مـــوبتیلە حـــاڵی بــە لە دەرز
لاکـــین بــۆ مــەئمووم واجــبە ئــەگــەر
بگــــــەڕێتـــەوە ئـــیمامی ڕەهـــبەر
بـــەم شـــەرتە بــە ســەهو بگــەڕێتــەوە
عـــەمدەن مـــوبتیلە ئــەگــەر بــێتــەوە
ســـوجدە ســـوننەتە بــۆ فــیعلی مــەنهی
ئەگەر مـوبتیل بـیٚ، عـەمدی نـەك سـەهوی
وەك خـــواردنـــی کـــەم بـە سـەهو و خـەتا
یــا وەکــوو تــەتویل بــە ڕوکــنی کـۆتـا
وەکـــوو ئـــیعتیدال ئــەی بــرای جــوان
یـــا دانــیشتنی بــەینی ســوجدەکــان
یــــاخود تــیکراری ڕوکـنیٚ لە ئـەفعال
وێنــەی ڕکــووع و ســوجدە و ئــیعتیدال
یـــا ڕوکـــنی قـــەولی بگــوێزیــتەوە
یــــاخود بـــە تــیکرار بــیخوێنــیتەوە
ئـــەو دوو ســوجدانــە دەوان بــۆ دەردی
نــەقڵی ســەهوی بـیٚ یـاخود بـە عـەمدی
گـــەر نـــەقڵی عـــەمدی لێت نــەدا زەرەر
بـــــە وێنــــەی ڕوکـــــنی «الله اکــــبر»
هــەر فــیعلیٚ ســەهو و عـەمدی خـەتەرە
سـوجدەی پـیٚ نـاویٚ چـوون بـیٚسـەمەرە

وەکـــوو کـــەلامی زۆری خـــەرافــات
چـــونکی لەبــۆ نــوێژ ئــەبێ بــە ئــافات
هـــەرچـــیش مـــوتڵەقـــەن زەرەری نـــییە
چـــون بـــێزەرەرە ســـوجدەی بــۆ چـــییە
وەکـــوو هـــەنگاوێ یـــا ئـــیلتیفاتێ
چـــونکی زەرەرت بـــەوە نـــاگــاتێ
کــە بــەجێت هــێنــا روکــنێ لە ئــەرکان
لاکـــین کـــەوتیتە وەســـوەسە و گـــومان
مـــەسەلەن لەپـــاش رکــاتی ســێهــەم
وتت ســـێهـــەمە یـــاخود چـــوارەم
ئـــەبێ ئـــەو شـــوبهە لە دڵ دەرێنـــی
رکــاتی چـــوارەم بــۆ خــۆت بــخوێنــی
چـــونکا زیـــادی بـــۆ ئــەو رکــعەتە
قـــابیلە ســـوجدەی ســـەهوت ســـوننەتە
لەمـــــە زیـــاتر تـــەفسیل نـــادرێ
چـــوون زیــهنی مــناڵ هــەڵی نــاگــرێ

باسی سوجدەی تیلاوەتی قورئان

هـەرکەس خـۆنـدیەوە ئـایەتی سـوجوود
ســـوننەتە لەبـۆی سـوجدە بـۆ مـەعبوود
یەك سوجدەی جامیع بۆ شەرت و ئەرکان
عەینەن بە وێنەی سـوجدەی نـوێژەکـان
لە غـــەیری نـــوێژا یــا لە نـــوێژا بـــێ
ئـــەگــەر لە ئـــیمام تــاك و جــیا بـــێ

چــونکی مــەئموومی فــەرعی ئــیمامە
ســوجدەی تــابیعی ســوجدەی ئیمامە
ئــــەمما لە نــــوێژا تــەکــبیر و ســەلام
بــۆ ئــەم ســوجدەیە نــاییّتــە ئــەنجام
هــــەروا ســــامیعیش بــۆ ئــەو ئــایەتە
ئــەگــەر مــەشرووع بێ ئــەو قــەرائــەتە
جــا نــەخوازەڵا کــە شــەخسی قــاری
خــۆی ســوجدە بــبا بــۆ زاتــی بــاری
نەك بۆ خوێندنی لەش‌پیس یاخود مەست
یا خوێنـدنێکـی بـێ جـێگـە و نـاوەخت
ئــایەتی ســوجدە چــواردەن لە قــورئان
بــۆت بــەیان ئــەکــەم تــا بـبن عـەیان
لە «اعراف» و «رعد»، لە «نحل» و «اسـرا»
یــەکــێ لە «مـریم»، دوانـیش لە «حَـج»ا
«فــرقان» و «نــمل» و ﴿آلـمٓ، تَـنْزِیل﴾[1]
«حـم»ی ســوجدە ئــەی بـرای جـەلیل
«نــجم» و «انشـقاق»، سـوورەتی «عـلَق»
تــیایانا هــەیە جێی سـوجدە بـە حـەق

***

لەوانــە نـییە سـوجدەی سـوورەی «صـاد»
ئــەو ســوجدەی شـوکرە بـۆ «ربّ العـباد»

---

١. سجدە/٢-١.

وەخـــتی خـــۆی داوود «عــلیه السّــلام»
سوجدەی شوکری بـرد بـۆ خـوای عـەللام
ئێمەیش هەر سوجدەی ئەو شوکرە ئـەبەین
کــە بــە خــوێنــدنی ئــەو باسە بگـەین
لەوەخــــتی نــوێژا ئــەم ســوجدە نــییە
لەســــەر ســــوننەتی «خــــیر البَــرِیَّة»
هەم سوجدەی شوکری حودووسی نیعمەت
یا سوجدەی شوکری لاچـوونی زەحـمەت
یـــان هـــی بـــینینی گـــیرۆدە و بـــێدیـــن
لە غـــەیری نـــوێژا ئـــەبرێن بـــە یـــەقین
ئــینجا تــەکــبیری تــەحەڕڕوم ئـەکـرێ
لەپــاش سـوجدەکـەیش سـەلامی ئـەدرێ

باسی نوێژی جەماعەت

ئەگەر تاڵبی بۆ ئـەجر و ڕەحـمەت
حازر بـە لەبـۆ نـوێژی جـەماعەت
بە دەلیـلی شـەرع ئـەسەح وەهـایە
فــەرزە، وەلاکـــین فـەرزی کـیفایە
مـەرتەبەی بـەرزە بـە قـەدر و بـەها
بیست و حەوت پایە لە نوێژی تەنها

شرووتی نوێژی جەماعەت

شــرووتی زۆرن، ئـەووەڵ بـڵێم بـۆت
قــەسدی ئیقتیدا بـە ئـیمامی خـۆت

دووهـــــەم ئـــەمەیە بـــاوەڕت وابـــێ
کە نـــوێژەکـەی ئـەو سـاغ و ڕەوا بـێ
پـــێش نـــەکـــەوتنە سێهـــەم لە ئـیمام
لە غـەیری کـاتی خـەوف و ئـیلتیحام
شرووتی چوارەم بە شێوەی ئـیجمال
دوا کــــــەوتنی ئـــــیمام لە ئــــەفعال
بـــــەڵام پـــــێویســـــتە لێرەدا تـــەفسیل
بـــاش حـــاڵی ببە ئـەی بـرای جـەلیل
لە تـەحەڕڕوما ئـەگـەر پێش کـەوی
یـــا هـاو تـرازووی ئـیمام ڕێ کـەوی
نوێژت بـەتاڵە، چـونکی بـۆ مـەئمووم
پـــــاشکەوتن لێرا واجـــبە مـــەعلووم
لە غـەیری ئـەوا پـاش و پـێشکـەوتن
بە دوو ڕوکنی ساغ ئەگەر ڕێ کـەوتن
مـــــوبتیلە لەبـــۆ نـــوێژی جـــەماعەت
ئـــەگـــەر لەبـۆ تـۆ نـەبێ مـەعزەرەت
پێنجەم بـۆ نـوێژی ئـیمام و مـەئمووم
هـــاوڕەنگـی شـەرتە بـزانـە مـەعلووم
دەی لەم پێنـج فـەرزا نـییە لە ئـیمکان
قودوە بـە نـوێژی مـانگ و ڕۆژ گـیران
هـــــەروا ئـــیقتیدا نـــادرێ ئـیجازە
لەبـۆ پـێنـج فـەرزە و نـوێژی جـەنازە
شـەشەم پـێویسـتە ئـەهلی جـەماعەت
هاوڕێی ئیمام بن بـۆ فـیعلی سـوننەت

ئەگەر فاحیش بێ ئیختیلاف لەوێ
وێنەی ئەم باسە ئەگەر ئەتەوێ
کاتێ تەرکی کرد ئیمامی ئەفزەل
سوجدەی تیلاوەت، تەحیاتی ئەووەڵ
ئەبێ نەیانکا مەئموم بەو حاڵە
ئەگینا بێشك نوێژی بەتاڵە
حەوتەم ئاگایی لە فیعلی ئیمام
وێنەی رکووع و سجوود و قیام
بە دیتنی خۆی یا بڕێ مەئموم
یا بە بیستنی دەنگێکی مەعلوم
هەشتەم گرد بوون لە یەك مەکانا
بە دەستووری شەرع ئەی برای زانا
یا لە مزگەوتا یا لە دەرەوە
گشت ئیحتیمالێ ورد بکەرەوە
وەستانیان ئەگەر لە مزگەوتایە
ئیقتیدای مەئموم شەرعەن ڕەوایە
یا مابەینیان مەسافەی زۆر بێ
یەکێ لە سێبەر یەکێ لە خۆر بێ
یا لەو مابەینا حائیل بێ، بینا
دیوار، پەنجەرە، یا سەفحەی مینا
مادام ئەو بینا خاوەن دەرگابێ
وەها هاتوچۆ بەوا ڕەوا بێ
یانێ قابیل بێ چوون و حەرەکەت
بۆ شوێنی ئیمام بە گوێرەی عادەت

بـــەرەو رووی قـيبله بـه رێك و رەوان
یا پشتەو قـيبله یـا خـود لەسـەر شـان
بـا ئـێسـتاش دەرگـا بـاش داخـرا بـێ
مـادام بـه بـزمار قـايم نـه‌کـرا بـێ
بـــەڵام فـەتاوای حـــاشیەی «بـــغیە»
ئـــەڵێ قـــەید نـاکـا زەرەری نـییه
هـــەرچـــەند بـه بـزمار قـایم کـرا بـێ
ئــەمه ئــەزانــێ هـــەرکەس زانـا بـێ

له مزگەوتە هەیوانی مزگەوت

وەکـــوو مـــزگەوتە هـــەیوانـــی مـــزگەوت
له هـــەر لایـــەکـــی مـــزگەوتا رێ کـــەوت
لەســـــەر دڵخـــوازی ئـــەهلی عـــیبادەت
قـــــەرار درابـــــێ بـــــۆ نـــوێژ و تـــاعەت
بـــۆ وەخـــتی بـــەهار یـــا فـــەسڵی پـــاییز
یـــــا لەبـــــۆ هـــــاوین کـــــرابـــێ تـــەمیز
ســـەری گـــیرابـــێ بـــە وێنـــەی هـــەیوان
یـــا ســـەر پـەتی بێ وەکـوو سـەکـۆکـان
بـــا ئـــاگـــات نـــەبێ له وەقـفی ئـەو جـێ
یـــــا له بــــەینا بـــێ جـــادەی تـــازە رێ
مـــــادام نـــــەزانـــــی تـــــازە بـــــینایه
ئـــەگـــەر وەهـــا بـــوو حـــوکمی جـــیایه
وەهـــایه نـــەسسی «تُـحفه» و «شـیروانـی»
له جـــــــەماعەتا له جـــــەڵدی ســـــانی

هـــەم لە مـــزگەوتە هـــۆدەی مـــنارە
ئـــەمما مـــەشرووتە بـــەم ئـیعتیبارە
لە مـــزگەوت یـــاخود هـــەیوانـــی ئـــەوێ
ڕێگـــای هـــاتوچۆی لەبـــۆ ڕێ کـــەوێ
جـــێی «مـــؤذِّن» و ئـــیمام و خـــادم
هـــۆدەی تـــەڵەبـــە و مـــەدرەسەی عـــالم
حـــوکمی مـــزگەوتیان لەبـــۆ بـــزانـــە
کـــە لای مـــزگەوت بـــن ئـــەم مـــەوقیعانە
مـــادام نـــەزانـــی وەخـــتی خـــۆی واقـیف
جـــیای کـــردوونەوە ئـــەی بـــرای عـــاریف
نـــەقڵی شـــیروانـــی وایـــە بـــێ‌خـــیلاف
لە بـــابی وەقـــف و بـــابی ئـــیعتیکاف
لە مـــزگەوت نـــییە حـــەریمی مـــزگەوت
بـاسی حـەریمیش ئـەکـەم بـە ڕێ کـەوت
حەوش و ڕێی باز و جێگەی خەوش و خاڵ
بـــەردەمی دەرگـــا بـــۆ هـــاتوچۆی مـــاڵ

باسی ئەوە کە ئیمام و مەئمووم هەردووکیان لە دەرەوە بن
وەك دەشت و بینای غەیرە مزگەوت،
یا ئیمام لە مزگەوت و مەئمووم لە دەرەوە
یا بە پێچەوانەوەی ئەمە

مـەئمووم لە دەر و ئـیمام لە مـزگەوت
یا عەکسی ئەمە هـەرکاتێ هـەڵکـەوت

یــا ئــەگــەر هــەردوو وان لە دەرەوە
ئــەم چــەند شــەرتانە بـخوێنـەرەوە
بــۆ پـێك هـاتنی مـەعنای ئـیجتیماع
زیاد نـەبێ بـەینیان لە سـێسـەد زیـراع
لەو شـوێنـا نـەبێ حـیجاب و حـائیل
بــۆ بــەینی قــەوم و ئـیمامی فـاسیل
ئەگەر حائیل بوو سـاحێب دەرگـا بـێ
کــەسێکــی وەهــای لا ڕاوەسـتا بـێ
بشــێ بــۆ ئـیمام بــەو سـیمایەوە
بــۆ ئــەو کــەسانە وان لە دوایــەوە
وەزعــی ئـیمامیش بـزانـێ مـەعلووم
بــە دیـتنی خـۆی یـا بـڕێ مـەئموم
کــاتی عــوبووریش پــێویسـتە بـرام
بــێ پشــتە و قـیبلە بگـەی بـە ئـیمام
ئــەمما لە کــاتێ ســەفی بـینا بــێ
بــە ســەفی ئــەویان هـیچ لازم نـابێ
چــوون لە تـەریقەین ئـەسەح سـانییە
ئــەم ئــیستیسالە مــوعتەبەر نــییە
لەم مـــەسائیلا تـــەحقیقاتم کــرد
ڕوانــیمە کــتێب بــە فـیکرێکـی ورد
توحفە و شیروانی و حاشیەی جـەمەل
حــاشیەی کـوردی تـەواو مـوکەممەل
ئەگـەر خـەتایەك وازیـح بـوو بـۆتـان
ئیسڵاحـی بکـەن بـە خـێری خـۆتـان

ئیقتیدا بە کێ ڕەوایە یا ڕەوا نییە؟

شـــەرعەن دروســـتە ئـیقتیدای ســەلیم
بـــە ئـینسانێکــی ســەلەس و ســەقیم
هـــەر وا ئـــیقتیدای ژنـــی تـــاهیره
بـــــە «مُســـــتَحاضه»ی «لا مُـــتَحَیِّره»
هـەم دەسـنوێژ گـرتوو بـە تـەیەمموم کـەر
بـەو شـەرتە قـەزای فـەرز نـەبێ لە سـەر
حـــازر بـــە قـــەزا، واجب بــە ســونەت
بـــاڵغ بـــە مــناڵ خــاوەن مــەعریفەت
عـــەکســی ئـەمانەیش لازمــە فـەهمی
نـــەك پـیاو بـە ژن قـاری بـە ئـوممی
ئـــینسانی ئـــوممی وایــە تـەحدیدی
موخیل بێ بە حـەرف یـا بـە تـەشدیدی
بـە ئـیسقاتی ئـەو یـاخود بـە ئـیبدال
«هێ» لە شوێنی «حێ»، «زێ» لە باتی «ذال»
«اَرَت» ئـــوممییە کـــە بـــەبێ مــەحەل
حەرفێ دەغم ئـەکـا هـەرچـەند بە بـەدەل
هـــەروەها «اَلثَـــغ» کـە بـێ ئـیدیغام
ئـــەگـــۆڕێتـــەوە حـــەرفێ لە کــەلام
بــەڵام قــەید نــاکــا «لُـثغە»یـێکی کـەم
بـــە قـــەولی «ابـــن‌سریج»ی ئــەکــرەم
مـەکرووهە قـودوە بـە «فـافا» و «تَـم تـام»
هـەم بـە «لاحِـن»ێ نـەگـۆڕێ کـەلام

ئــەگــەر بــیگۆڕێ و نــاچار بـێ، ئـەشێ
بــۆ وەك خـــۆی بـاشه و بـۆ قـاری نـاشێ

باسی نوێژی جومعه

بـــرا له بـــاتی نـــوێژی نـــیوەڕۆ
دوو ڕكـــات جـومعه فـەرزه لەسـەر تـۆ
لەسەر ئەمری شەرع چەن شەرتی هـەیه
ئــەبێ بـێنــه جـێ بـۆ ئـەم جـومعەیه
وەخـتی نـیوەڕۆ و وەزعـی جـەماعەت
قــەسدیشی شـەرته لەسـەر شـەریعەت
هــــەم شــەرته بكــرێ له نــێو ولاتــا
یــــانێ له خـــــیتەی شـــار و دێهـــاتا
كاتێ دوور كـەوێ له جـێی مـەعمووره
یەقین ئەو جـومعه له سـیحەت دووره
نابێ جومعەی كەی لەسـەر پـێش‌كـەوێ
یــــا بــــەیەكــــەوه دوان ڕێ كــەوێ
مەگەر زەحـمەت بـێ جـا بـه نـاچاری
تــەعەددود ئـەبێ بــۆ ئــەهلی شـاری
هەم شەرته چل پـیاو ئـازاد و هـۆشـیار
وەتــەنی و جـێ‌گـیر له دێهـات و شـار
نــەك ژن و شـێت و غـەریب و ڕێبـوار
یـاخود كـۆچـەری و نـیشتەجێی دەوار
بــــخوێنــــێتــەوه خــەتیبی ئــەدیب
دوو خـــوتبه له بــۆ ئـیرشاد و تـەئدیب

ئـــەرکانی خـــوتبە پـێـنـجن مـوحەققەق
له هـەردوویانا حـەمد و سـەنای حـەق
لەگـــەڵ ســـەڵەوات لەســـەر پـێغـەمبەر
ئـــینجا مـــەوعیزەی خـــێر و مـوعتەبەر
پـــــایانی ئـــەووەڵ ئـــایەتی قـــورئان
ئـــەنجامی ئـــەمیان دوعـــای مـوئمینان
لەش پیس نەبوونە و دەسنوێژێکی جوان
خـــۆ داپـۆشـین و پـاکـی لەش و گـیان
خــــەتیب ڕاوەســــتێ له هـــەردوویانا
بــــــــاش دابـــــــنیشێ له بـــــەینیانا
پێویستە چل کـەس ڕوکـنەکـان بـبیەن[1]
کـەم و بـیشێکـیش مـەعانی تـێ بگـەن
لەپـــاش زەوال و له پـــێش نـــوێژا بـــن
بـــە زمـــانی عـــەرەب چـــاك داڕژا بـن

خوتبەی باقی نوێژەکان

دوو خوتبە لەبۆ نوێژی جەژنەکان
نوێژی باران و مانگ و ڕۆژ گیران
ئەخوێنرێتەوە لەپاش نـوێژەکـان
بـە مـوناسیبی وەزعـی ڕۆژەکـان

١. واتە: ببیسن، گوێیان لێ بێ.

خوتبەی مووسیمی حەج

چوار خوتبەی بێ نوێژ سوننەتی حەجە
دوو خوتبەی رۆژی حەوتی «ذي‌الحجە»
ئـەخوێنـرێن لە نـێو «مسـجد الحـرام»
بـۆ ئـادابـی حـەج بـە نـەهجی ئیسلام
یــــەکـــێ لە مــینا، لە رۆژی جــەژنا
چــوارەم لە رۆژی دەرچـــوون لە مــینا

نوێژی جومعە بە کەمتر لە چل کەس

ئەگەر رێ نەکەوت چل کەس بە تەحدید
بـە کـەمتر لەوەیش ئـەکـرێ بـە تـەقلید
چـــەن قـــەولی هـەیە حـەزرەتی ئیمام
مــــــوختارن لەلای عــولەمای ئـــەعلام
قەولێ بـە دوو کـەس، قـەولێ بـە چـوار
قــــەولێ دوازدە پـــیاوانـــی ئـــەحرار
ئـــەووەڵ لە «جُـــمَل»، بـــەڵام «إعــانە»
ئــــەڵێ تــەقلیدیان بـــە بــاش بــزانــە
کـاتێ بـە تـەقلید جـومعەت کـرد ئـەتۆ
ســــونەتە بشکـــەی نــوێژی نــیوەڕۆ
بــە جـــەماعەت بــێ یـاخود بـە تـەنها
فـــەقەت جـەماعەت بـاشترە و بـە بـەها

بە چی ئەگەی بە جومعەدا؟

هەرکەس رکاتێ لەم نوێژە بکا		لە جەماعەتا بە جومعە ئەگا
ئەگەرنا لەپاش سەلامی ئیمام		نوێژی نیوەڕۆ بێنێتە ئەنجام

سوننەتەکانی جومعە

سوننەتە لەبۆ تاڵبی جومعە
لەبەر رەزای حەق نەك ریا و سومعە
خۆی بشۆرێت و نینۆکی بکات
مووی بەر سمێڵ و سوننەتی لابات
بکاتە بەری جلێکی خاوێن
سپی بێ چاکە لە سەر تا داوێن
خۆی بۆنخۆش بکا بەیانی بڕوا
دەم بە زیکرەوە بە شەرم و حەیا
نزیکی خەتیب بە دڵ گوێ بگرێ
ئەگەر دووریش بوو بخوێنێ زیکرێ
لە شەو و رۆژی جومعە مونەووەر
سڵاوات زۆر بدا لەسەر پێغەمبەر
خوێندنی «الکهف» ئەیزەن سوننەتە
مایەی رزگاری فیتنە و زەحمەتە
دوعا لە رۆژا زۆر موستەجابە
بە خوسووس دوعای ساعەی ئیجابە
کە خەتیب دانیشت لە سەری مینبەر
تا هەردوو خوتبە ئەگەنە ئەوسەر

مەکرووهات و موحەڕڕەمات و ئیعزاری جومعە

خـەرید و فـرۆش پـاش وەخـتی زەوال
مەکرووهە لەسەر شەرعی «ذي‌الجـلال»
بـەڵام ئـەمانە پـاش بـانگی دووهـەم
قەتعەن حـەرامـن بـە شـەرعی ئـەکـرەم
هەنگاو هەڵ هێنـان لەسـەر شـانی عـام
شەرعەن مەکرووهە و لای بەعزێ حەرام
خواردنی شـتێ کـە نـاخۆش بـێ بـۆی
مەکرووهە و ئەبێ بـە عـوزریش لەبـۆی
هــەروەکـوو قـوڕی لەسـەر ڕێگـوزەر
جـــلی وای نـــەبێ کـــە بـــیکاتە بـــەر
یـا سـەرما و گـەرمای لە تـاقەت بـەدەر
یـا تـرسی فـیتنە و ئـاشووب و خـەتەر

سوننەتەکانی خەتیب

ســونەتە خـەتیب وەخـتێ بـێتە مـاڵ
عــەدەد حــازر بــێ تــەواو و کــەماڵ
جــا ســەلام بکــا لەســەر جـەماعەت
نوێژی تەحییەیش بە شـەرتی ویسـعەت
ئــینجا ســەرکەوێ بـۆ سـەری مـینبەر
یـاخود شـوێنـێکـی بـەرزی مـوعتەبەر
کــە گــەیشتە ســەر ڕوو بکــا لە عـام
بــە دەنگــێکــی بـەرز لێـانکا سـەلام

بانگدەر پاش جواب دەس بکا بە بانگ
بە دەنگێکی بەرز شیرینی شەش دانگ
لە کاتی بانگا دانیشێ خەتیب
جا هەڵسێتەوە بۆ وەعز و تەئدیب
بە خوتبەیەکی کورتی بە مانا
ئیرشادیان بکا بۆ دین و دنیا
بە دەستی ڕاستی لای مینبەر بگرێ
بەرەو ڕووی کۆمەڵ ئەملا و لا نەگرێ
بە چەپ شمشێرێ یاخود گۆچانێ
پاڵی پێوەدا هەتا ئەتوانێ
لەپاش خوتبەکان فەورەن بێتە خوار
دەس بکا بە نوێژ بە شەرم و ویقار
کە نەجاتیان بوو ئیتر دڵشادن
بۆ ئیشی خۆیان بە حەق ئازادن

باسی کورت کردنەوەی چوار رکاتی بە دوو رکات

نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و خەوتنان
کورت ئەکرێنەوە لە سەفەرەکان
کاتێ شرووتی جێبەجێ ببێ
یەکەم مەسافە دوو مەنزڵ ڕێ بێ
دووهەم حەڵاڵ بێ بڕینی ئەو ڕێ
سێهەم بزانە کە بۆ کوێ ئەچێ
چوارەم ئەمەیە ئیقتیدا نەکا
بە هەر ئیمامێ نوێژ تەواو ئەکا

پـێنـجەم نـیەتی قـەسری بـێتـە دڵ
لەگـەڵ تـەکـبیرا ئـەی بـرای فـازڵ
شـەشەم زانـینی ئـادابـی قـەسرە
حـەوتەم دەوامـی وەزعـی سـەفەرە
ئـیبتیدای سـەفەر ئـەی بـرای گـیانی
وەخـتێ کـە دەرچـی لە ئـاوەدانـی
ئەگەر گوێ نـەدا بـە قـەسری سـەلات
تا دوور کەوتەوە ڕێگەی چەن سەعات
دوو مـەنزڵ ڕێگـای ئـەگـەر بـۆ مـاوە
قەسری بۆ ئـەکـرێ لەو جـێ بـەولاوە

***

کـاتێ گـەیشتی بـە عـەینی مـەرام
قەسرت بۆ هەیە ئـەی بـرای بـە فـام
ئەگەر مـانەوەی چـوار ڕۆژی تـەواو
لە دڵتا نەبێ ئـەی بـرای خـۆش نـاو
بەڵکوو ئەگـەر تـۆ وەهـات هـاتە دڵ
بە کەمتر لە چوار حەل ئەبێ موشکڵ
کەچی بۆت نەکرا بـە قـەزا و قـەدەر
تۆش هەر لە فیکرای کە بـڕۆیـتە دەر
هـەتا هـەژدە ڕۆژ لەسـەر ئـەم حـاڵە
شەرعەن قەسری نوێژ بۆ تـۆ حـەڵاڵە

***

ئەمما بۆت نابێ قەسری نوێژ ئەگـەر
مـانەوەی چـوار ڕۆژ بـێنـیتە نـەزەر

هەم بە قەراری نیەتی رجووع
قەسری نوێژەکەت لێ ئەبێ مەمنووع
کە گەڕایتەوە ئەگەر هاتە جێ
شرووتی پێشوو قەسرت بۆ ئەکرێ
تا عەینی شوێنی ئیبتدای سەفەر
وەها لە شەرعا بووە موقەڕڕەر

جەمعی نوێژەکان

نیوەڕۆ و عەسر، مەغریب و عیشا
جەمع بکەرەوە «کَیفَ مٰا تَشاء»
لە سەفەرێکا دوو مەنزڵ رێ بێ
کە شەرتی قەسری تیا جێبەجێ بێ
بۆ «جمع التّقديم» سێ شەرتی کامڵ
قەرار دراوە، ئەی برای فازڵ
نوێژی ئەووەڵیان لە پێشا بکەی
ئینجا دووهەمیش هیچ تەفرە نەدەی
نیەتی جەمعی دووهەمت ببێ
لەو کاتا ئەوەڵ ئەهێنیتە جێ
با هێشتا وەختی ئەووەڵیان مابێ
بگەیتە ماڵ و سەفەر تەواو بێ

***

قەرار دراوە بۆ «جمع التّأخير»
دوو شەرت لەوانا قەت مەکە تەقسیر

نـــیەتی جـــەمعت بـــبێ لەبـــۆیـــان
بەر لە ئـینتیهای وەخـتی ئـەووەڵیـان
هــــەروا ســـەفەرت دەوامـــی بـــبێ
تا ئەو دوو نوێژە هەردوو ئـێنـە جـێ

قەسر و جەمع بە یەکەوە

وەکوو قەسر و جەمع بە یەکە یەکە
هەردوو پێکەوە ئـەکـرێن بـێلەکـە
بەڵکوو واجبە لەگەڵ جەمعا قـەسر
کاتێ نیوەڕۆت گەیاندە لای عەسر
مادام دەس نـەدا لە وەخـتی ئـەودا
هەردوویان تـەواو بکـەی بـە ئـەدا
لێرا وەکوو جەمع قـەسریش لازمـە
قسـەی تـوحفەیە و قـەولی عـالمە

«جمع التّقديم» لەبەر باران

«جـــمع التّــقديم»یش لە کـاتی بـاران
پــــایز یــا زســـتان یــا لە بـــەهاران
سێ شەرتی هەیە کاتێ کە هـەڵکـەوت
جەماعەت بۆ نوێژ دووری بۆ مزگەوت
بـــارینی بـــاران لە وەخـــتی ئـــەووەڵ
ئـــەووەڵ و ئـــاخر نـــەبێ مـــوعەتتەل
هـەم لە ئـەووەڵی نـوێژی دووهـەمیان
لە شـــــــــەریعەتا کـــــراوە بـــــەیان

جەمعی تەقدیم و تەئخیر بۆ نەخۆش

جـــائیزە لەبـــۆ نـــەخۆشـــی زویـــر
هەم «جمع التّقديم» هەم «جمع التّأخير»
قـــەوڵی ئـــیمامە هـــەرچـــەن زەعـــیفە
تـــەقلیدی بـــۆ خـــۆت گـــەلێ زەریـــفە
موختاری «روضـه» و «ابـن‌المـقری»یـە
«اذرعـــــی» ئـــــەڵێ «مُـفتی بِـهِ»یـە
ئـــەمما لە جـــەمعا تـــەقدیم یـا تـــەئخیر
لە شـــەرتەکـــانا هـــیچ مـەکـە تـەقسیر
هـــەم لازم ئـــەکـــا مـــەرەز و کـــەسەل
ئـــەوەڵی هـــەردوو، ئـــاخری ئـــەووەڵ

ئەو نوێژانە کە سوننەتن

لەســـەر دوو بـەشن نـوێژانـی سـوننەت
لە بـــەشێکـــیانا هـــەیە جـــەماعەت
بـــەیانیان ئـــەکـــەم بـــە نـــەهجی پـایە
لەســـەر فـــەرموودەی ئـــەهلی دیـرایـە
دوو رکـات جـەژنی رەمـەزان و قـوربان
بـــەینی ئـــیشراق و زەوال بـــە مـــیزان
پاش ئەوان نوێژی کسووف و خسووف
دوو رکات نوێژن بە شێوەی مـەعرووف
لە هـــەر رکـــاتێ هـــەیە دوو قـــیام
بـــۆ دوو فـــاتیحە، دوو رکـــووع تـەمام

نـــوێژی ئـــیتیسقا بـــۆ داوای بـــاران
دوو ركات نـوێژە بـە شـەرت و ئـەركان
لەپـــاش ئـەمانە دوو خـوتبەی زەریـف
بـــــخوێنـــێتـــەوە خـــەتیبی شـــەریف
جـــا نـوێژی وەتـری بـە قـەدر و مـیزان
پـــاش تـــەراوێحـــی مـــانگی رەمـەزان
یەك و سێ و پێنج و حەوت و نۆ و یازدە
دوو دوو تـــەحیات و سـەلامی سـاز دە
ركـــــاتی ئـــاخر تـــەحیات و ســـەلام
ئـــەم شـێوە بـاشە بـە شـەرعی ئـیسلام
ئـــینجا تـــەراویـــح پـاش عـیشا تـەمام
بیست ركات دوو دوو، تەحیات و سەلام

***

بـــۆ قـیسمی دووهـەم جـەماعەت نـییە
بەوێنـەی «ضُـحیٰ»ی سـاحێب مـەزییە
لەپـــاش ئـــیشراقـــە تـــا وەخـــتی زەوال
دوو ركات تا هەشت بە قەدر و ئـیجلال
جا نوێژی ئیحرام، جـا نـوێژی تـەواف
دوو ركات نوێژی بێشـوبهە و خـیلاف
ئـــەمجارە نـوێژی تـەحییەی مـەسجید
لە نـێو مـزگەوت و رەحـبەی مـەساجید
ئـــــەمجارە نـــوێژی «ســـنّة الوضـــوء»
كە دەسنوێژت گرت بـەجێی بـێنـە زوو

دوو ركــات لە مـالا كـاتێ چـوویتە دەر
چ بــۆ ســەفەر بـێ و چ غـەیری سـەفەر
كـــە هـــاتیتەوە لە ســەیری ســەفەر
دوو ركات لە مزگەوت باشە و موعتەبەر
لە بــەینی وەخــتی مــەغریب و عـیشا
نـــوێژی ئــەووابـین وەخـــتیەتی بـــرا
لە دوو ركــــاتە هــەتا بـیست ركــات
بەپێی ئـارەزووی ئـەوكەسەی ئـەیكات
نـــوێژی «تــهجّد» یـــا «صـــلاة اللّـیل»
پاش بەعزێ نووستن بە ڕەغبەت و مەیل
هــەم ســونەتە نــوێژ بــۆ ئـیستیخارە
یـــانێ داوای خـــێر لەو خــەبەردارە
«صــلاة الحـاجه» بـۆ دەفـعی حـاجات
دوو تـــا دوانـــزەیە، ئـــینجا مـوناجات
زۆر خـــێری هــەیە «صـــلاة التّســبیح»
لە هەر ركـاتێ حـەفتا و پـێنج تـەسبیح
لەپــاش فــاتیحە و ســوورەتێ قـورئان
پانزە جار تـەسبیح بـۆ خـودای مـەنان
دە لە ركــــــــــوعا، دە لە ئــــیعتیدال
هـەر سـوجدەیێ دە، بـێغـەم و مـەلال
دە لە جـــــلووسی مـــابەینی ئــــەوان
دە بــۆ دانـــیشتن لەپـاش سـوجدەكـان
چوار ركات نـوێژە ڕۆژ بـە یـەك سـەلام
شـەو بـە دوو سـەلام بگـات بـە خـیتام

بــۆ وەتــری غــەیری مــانگی ڕەمــەزان
جــەماعەت نــییە بــە شــەرعی یــەزدان
هـــەروا ڕەواتــیب خـــێریــان دیــارە
بــــۆت بــەیان بکــەم لەســـەر ژمــارە
دوو پێش بەیانی و پـێش نـیوەڕۆ چـوار
لەپــاش نــیوەڕۆیش چـوارن بـە قـەرار
چوار بەر لە عەسر و دوو بەر لە مەغریب
دوو لەپاش مەغریب ئـەی بـرای تـالیب
لە بــــەر و دوای عـــــیشادا دوو دوو
ژمــارەی ئــەمانە گـەییە بـیست و دوو

***

مــوئەککــەد لەنــاو قـیسمی ڕەواتـیب
خـــێریـان زۆرتـرە بـە چـەن مـەراتـیب
دوو بـەر لە سـوبح و پـێش نـیوەڕۆ دوو
پاش ئەو و عیشا و مەغریبیش دوو دوو
پاش ڕوتـبەی وەتـرە ڕاتـیبەی سـەحەر
جــا هــەشتەکــەی‌تر بگـرە بـە نـەزەر

شۆرینی مردوو

شـــۆریـن و کـفن و نـوێژی مـردوان
دفنیشیان فـەرزە گـوێ بگـرە جـوان
حـــەتتا مـنالّی لەبـارچـووی مـردوو
ئەگـەر نـیشانەی حـەیاتی پـێ بـوو

غــوسڵی ژن بـۆ ژن، پـیاو بـۆ پـیاو
سوننەتی دینە ئەی برای خـۆش نـاو
هــەروا دروســـتە عــەکســی ئـەمانە
ئــەگــەر مـەحرەم بـن ئەو ئـینسانانە
ئەگەر ڕێ نەکەوت کەسێ مەحرەم بێ
لەباتی غـوسڵی تـەیەمموم ئـەکـرێ
عمومی لەشی چ پـێست و چ مـوو
چ پــەنامەکـــی و چ بــە دەرۆ بـــوو
مـــناڵی نـێری خـــەتەنە نــەکـــراو
تەیەمموم ئەکرێ پاش غوسڵی بە ئاو

کفنی مردوو

کفن پێویســتە بـۆ شـەخسی مـردوو
بۆت بـەیان ئـەکـەم حـاڵی بـبە زوو
ســـاتیری لەشـــی ســـەرتاپای بـــاڵا
فــەرزی قـەتعییە، حـەققە بـۆ خـودا
دووهەم و سێهەم حـەققە بـۆ مـردوو
مەنعی ناتوانێ «وارث» هەرکەس بوو
بــەڵێ ئـەگـەر قـەرز مـاڵی دابگـرێ
قەرزار ئەم دووەی پێ مەنع ئـەکـرێ
لە سـێ زیـاتر خـیلافە و مـەهجوور
ئەگەر وەرەسـە تـیا بـبێ مـەحجوور
جا ئەگەر سـێ بـوون بـا لەفـافە بـن
ســـپی و سـەرتاپا و بـە نـەزافـە بـن

ئەگەر بوون بە پێنج وایە موعتەبەر
پیاو سێ لەفافە و کراس و مێزەر
ژن دوو لەفافە و کراس و ئیزار
لەگەڵ سەرپۆشێ پێی ئەڵێن خومار
ئەژنۆ تا ناوك ئیزارە بیناس
لە ناوك تا سەر پێی ئەڵێن کراس
وردە پارچەکان لە ژێر لەفافە
پێوە ئەپێچرێن زۆر بە لەتافە

نوێژی مردوو

فەرز کیفایەیە نوێژ لەسەر مردوو
لە دوای شۆرینی ئەندامی هەموو
بە شەرتی پاکی مەحەلل و جێگەی
پاکی ئەو جلەیش بە سەریا ئەدەی
بۆ پاکی جێگا حاشیەی جەمەل
بەیانی ئەکا سەریح نەك موجمەل
روکنە چوار تەکبیر هەموو لە قیام
لەپاش ئەووەڵیان فاتیحە تەمام
لەپاش دووهەمیان سەلات و سەلام
پاش سێهەم دوعا، پاش چوارەم سەلام
جەماعەت چاکە چاکتر بە سێ سەف
بە ریوایەتی خەلەف لە سەلەف
لەسەر چەن مردوو پێکۆ دابنرێ
بە تەنها نوێژێ ئیکتیفا ئەکرێ

بـــەم شـــەرتە وەلی بـــەمە رازی بـــێ
وە ئیللا بە جیا نـوێژیـان بـۆ ئـەکـرێ

دفنی مردوو

جـــا وەخـــتی دفـنە بـۆ شـەخسی مـردوو
لەســـــەر ســــــەفەرە بـــــاشە بــــڕوا زوو
بە وەزعی حورمەت بە سەیری سورعەت
بـــۆســــەر مـــەقبەرە بکـــەن حـــەرەکـەت
بـــە قـــەد قـــامەتێ قـــەبری قـــووڵ بکـەن
چـــاڵ و گـــۆڕیـــچە، یـا چـاڵ و لاکـەن
لەپـــاش داپـــۆشـــین ســـوننەتە تـەڵقـین
هـەم دوعـــای تـەسبیت بـە دیـنی مـوبین
ئـــەڕواحـــی مـــردوو بـــاش ئـــاگـادارن
لە وەزعـــی خـــۆیـــان بـاش خـەبەردارن
رۆح جـــەوهەرێکـــە لەتـــیف و قـــودسی
دووره لە مـــاددەی کـــەسیفی شـــەخسی
عـــالەمی قـــەبریش پـێی ئـە ڵێن بـەرزەخ
وێنـــــەی بـــەهەشتە یـــا وێنـــەی دۆزەخ
بە وێنەی نووستوو زەحمەت و رەحمەت
واریـــــدی ئـــەبێ نـــیقمەت و نـــیعمەت
هـــیچ قســـەیش نـــاکـا هـەتا نـووستووه
عـــــەینەن ئـــەم وێنـــە وێنـــەی مـــردووه
بـــــاوەڕت بـــبێ ئـــەگـــەرچـــی غـــەیبە
فەرموودەی حەزرەت بێ شـوبهە و رەیـبە

سـابتمان بکـا خـالیقی کـەونەین
لەسـەر جـوابـی بـاشی مـەلەکـەین
بـە یـومنی ڕۆحـی سـەیدی ئـەنام
بـڕژێ بـە سـەریا سـەلات و سـەلام

***

روکنی سێهەم لە فەسڵی سێهەمدا

ئـەڵێم بـە عـەونی «ربّ العـالمین»
لە سێهەم فەسڵا روکنی سـێهـەمین
روکنی سێهەمین سەرفیترە و زەکات
بە موسوڵمانی مـوستەحەق بـدات
هەشت سینفن لەسەر بەیانی قورئان
ئێستە چوارن بـۆت ئـەکـەم بـەیان
فەقیر و میسکین سەفەری و قەرزار
چوارەکەی‌تریان فەوتاون یەکـجار

١. فەقیر

فـەقیر ئـەوەیە هـەژار و لات بـێ
یا بەشێکی کەم بـە دەسـتەڵات بـێ
مەسەلەن ئەگەر ویستی دە دیـرهەم
چوار دیرهەمی بێ یاخود لەوە کەم

٢. میسکین

میسکین ئەوەیە لە کەسب و لە مـاڵ
شـتێکـی بـبێ مـەسرەفی حـەڵاڵ

ئەمما ناقیس بێ بەشێكی كەمی
لە دەدا كەم بێ چوار دیرهەمی

شەرتی زەكات دان بە فەقیر و میسكین

بەم شەرتە زەكات بەمانە ئەدرێ
كەسیان نەفەقەی شەرعی وەرنەگرێ
لە باب یا ئەولاد یا ژن لە شووی خۆی
یا ئەو نەفەقەی كافی نەبێ بۆی
ئینجا بۆ كاسب ئەونەی پێ ئەدرێ
بكرێ بە مایە و كەسبی پێ بكرێ
بۆ غەیرە كاسب ئەوەنە ئەدرێ
بژی بە عادەت، هەتاكوو ئەمرێ
نابێ بە مانیع مەسكەن و لیباس
ئەسپی سواری و حاجەت و ئەساس
یا خاك و باخێ كە واریداتی
كیفایەت نەكا بۆ نەفەقاتی
یاخود كتێبی تەدریسی ئوستاد
یا بۆ تیا خوێندن، یا وەعز و ئیرشاد
هەم مانیع نییە كەسب نەكردن
چ لەبەر تەدریس چ لەبەر خوێندن
نەك بۆ مانەوەی لە خەڵوەخانە
یا بە نەوافیل تەی كا زەمانە

٣. قەرزار

سێهەم قـەرزارە پـێی ئـەدرێ زەکـات
لەسـەر دەسـتووری دەری خـەم لەلات
ئـەگــەر قـەرزارە بـۆ دەفـعی فـەساد
یـا بـۆ ئـیسڵاحـی مـابەینی عـیباد
پێی ئەدرێ زەکـات بـا دەوڵەمـەن بـێ
با نەخت و جینسی بە حوقە و مەن بێ
ئـەگــەر قــەرزارە بــۆ نـانی مـیوان
یا بینای مزگەوت یـا بـۆ پـرد و خـان
یـا مـەسڵەحـەتی عـاممەی ئـیسلامی
قــەرزی ئــەدرێتـۆ گشت بـە تـەمامی
مــادام بــە پــارە دەوڵەمــەن نــەبێ
ئـیتر بــا مــاڵ و ئــەملاکـی هـەبێ
ئەگـەر قـەرزارە بـۆ مـەسرەفی خـۆی
مادام ئـەو سـەرفە حـەڵاڵ بـوێ بـۆی
یــا حــەرام بـووبێ ئـەمما بـە راسـی
تـۆبـەی کـردبێ بـۆ خـودا نـاسی
پێی ئەدرێ زەکات ئەگەر خۆی نەیبێ
ئــەونە قــەرزەکـەی بکـا جـێبـەجێ
هــــەروا زامــــنی قــەرزاری هــەژار
نەك یەکـێ بـمرێ بـێ مـاڵ و قـەرزار

٤. سەفەری

چـوارەم سـاحێبی سـەفەری حـەڵاڵ
وەکــوو ســەفەری تـەحسیلی کـەماڵ

یا سیلەی ڕەحمی برا و خزم و خوێش
یـا بـۆ بـینینی دۆسـتی دڵ ڕاکـێش
حـەتتا سـەفەری تـەبدیلی هـەوا
کـە لەبـۆ نـەخۆش ئـەبێ بـە دەوا
نـەکـوو سـەفەری ئـینسانی حـەیران
بـێ سـوود بگـەڕێ لە دێ یـا شـاران

زەکاتی باوك بۆ ئەولادی قەرزار

بـاوك و دایکـێکـی مـاڵ و سـەروەتدار
زەکـاتی ئـەشێ بـۆ ڕۆڵەی قـەرزار
یـانێ بـەبۆنـەی حـاڵی قـەرزاری
نـەك لەبـەر حـاڵی لاتـی و هـەژاری
هـەروا پـێی ئـەدا زەکـاتی مـاڵی
لەبـۆ مـەسرەفی ژن و عـەیاڵی
چونکی مەجبوورە باوکی ساحێب مـاڵ
لەبۆ خەرجی خۆی نەك خەرجی عەیاڵ
هـەروا ڕەوایـە ژن بـدا زەکـات
بـە شـووی فـەقیری بـێ ئـەوزاع و لات
یـا مـاڵی بگـا بـە حـەددی نـیساب
مادام بەش نەکا بـۆ خـەرجی ئـەسباب
تـوحفە لە بـاسی قـیسمی سـەدەقات
ئـەمانەی تـیایە مـەعلووم بـێ لە لات

زەکاتی فیترە یا زەکاتی سەر

هەرکەسێ بیبێ زیاد لە نەفەقە
بۆ خۆی و ئەهلی کە موستەحەقە
لە شەو و ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان
سەرفیترە بێنی لەبۆ داماوان
ئەندازەکەیشی بۆ هەموو سەرێ
لە قووتی غالب ساعێکە ئەدرێ
ساعێ چوار موددە بە زەبتی عادیل
چوار مشتە ئەمما مشتی موعتەدیل
شەشسەد و هەشتا و پێنج درەمی زیو
چوارسەد و حەفتا و نۆ مسقاڵ و نیو
بە وەزنی غرام دو کیلۆی تەمام
لەگەڵ سێسەد و نەوەد و حەوت غرام

زەکات لە چەن شتا واجبە

زەکات واجبە بەپێی شەریعەت
لە نەقد و جینسی ماڵی تیجارەت
لە هەرچی بشێ بۆ قووتی ئینسان
لەسەر ئارەزوو، نەوەك بۆ داماان
وەکوو برنج و گەنم و جۆ و زەڕات
ماش و نیسك و نۆك، هەم باقی ئەقوات
بەوێنەی خورما و مێوژ و ترێ
ئەمانە هەموو زەکاتیان ئەدرێ

له مــەڕ و بــزنا زەكــات دەرئــەكــرێ
وشــتر و گــایێ ئــیشی پــێ نــەكــرێ
جــا یــەكــە یــەكـە تـەفسیلیان ئـەدەین
بــەیانی شــەرتی زەكــاتیان ئــەكــەین
له ئـاڵتـوون و زیـو دەرئـەكـرێ زەكـات
ئــیللا خشــڵی ژن بــتبێ مــەعلوومات
حــەددی زەكــاتیان بــەبێ بـاس و قـاڵ
بۆ زیو سەد و چل، ئاڵتوون بیست مسقاڵ
مــاڵی تــیجارەت بــەگــوێرەی قـیمەت
حــیسابی ئــەكــەن ئــەهلی شـەریعەت
ئەمانە هەردوو پاش مـوددەی یـەك سـاڵ
چــل‌یەكــیان ئــەدرێ تــەواو و كـەماڵ
ئــاڵتــوون و زیــوێ دەربكــرێن له كـان
چــل‌یەكـیان ئـەدرێ بـێ تـوولی زەمـان
خەزێنـە كـۆنـەی پـێش عـەهدی ئـیسلام
پــێنـج‌یەكـی ئـەدرێ فـەورەن «بِـالتّمام»

حەددی زەكاتی قووت

پــێنــج ویســقی تـەواو نـیسابی قـووتە
ئــەگــەر له تــوێكــڵ سـادەیە و رووتـە
دە ویســقە ئــەگــەر بـە قـەپاخ و تـووك
هەڵگیرێ، وەكوو پـەڕشـە یـا چـەڵتـووك
ئـەو پـێنـج ویسـقانە كـە حـەددی قـووتە
هــەزار و شــەشسەد ریــتلی مـەقسووتە

جــەمعەن چــوون ڕیــتلێ نــەوەد مســقاڵە
ســەد و چــل و چــوار هــەزار مســقاڵە
هــەر مســـقاڵێکــیش ئــەکــا پـێنـج غـرام
بۆیە حەوتسەدە و بیست کـیلۆی تـەمام
بە تەنەکەی نەوت کـە پـێی ئـەڵێن پـووت
چل و شەش تەنەکەی دار ماڵی مەزبووت
بــە وەزنـــی تــەبریز کـێشـانەی نـیساب
دووسەد و بیست و پـێنـجە بـە حـیساب
دەیــەکــیان ئــەدرێ ئــەگــەر بـە بـاران
ئـــاو بــخۆنــەوە یــا بــە جــۆبــاران
ئــەگــەر ئــاو بـدرێن بـەوێنـەی دۆلاب
بیستیەك واجـبە بـە گـوێرەی حـیساب
دوو قــیسم گــەنم ئــەدرێنــە دەم یــەك
لە ســاڵێکــا بــن بــەبێ شـوبهە و شـەك
نەك دوو نـەوعە قـووت لە یـەك جـیا بـن
پـــێویســـتە هــەموو لەمــە ئــاگــا بــن
کـــــرێی جـــووتیار و وەرزێری خـــەلە
نــــابێ دابشکـــــێ لە عــــەینی خـــەلە
حــەقدەسێ وەکــوو حــقووقی شــوان
عـــــەلاقەی نـــییە لەســـەری حـــەیوان
هــەروەها حــەقی ســاحێب زەویـیەکـان
جــیا نــاکـرێتـەوە لە جـەزری خـەرمان

حەیوانێ کە زەکاتی لێ بدرێ

حـەیوانـی زەکـات وا مـوقەڕڕەرە
وشــتر و گـایە، هـەم بـزن و مـەڕە
وشـــتر حـــەواڵەی وشـــتردارانـــە
گا و بزن و مەڕ هەن لەم کوردستانە

زەکاتی گا

لە سـی سـەر گـادا یـەکساڵێکـی مـێ
ئەدرێ بۆ زەکات بـە مـوحتاجی جـێ
کە گـەیی بـە چـل دوو سـاڵێ ئـەدرێ
بێ عەیب و نوقسان بەم شەرتە مێ بێ
کە گەیی بە شەست نێرێکی دوو سـاڵ
ئیتر ئـەگـۆڕێ فـەرزی سـاحێب مـاڵ
یانێ بۆ سی سەر نـێرێکـی یـەك سـاڵ
یا لە چـل سـەرا مـێیـەکـی دوو سـاڵ

زەکاتی بزن و مەڕ

هەر نـەوعێکت بـوو لە بـزن و لە مـەڕ
سەرێکی ئەدرێ کە بوو بـە چـل سـەر
ئـــەگـــەر بـزنت دا فـەرزە دوو سـاڵێ
ئەگەر خۆ مەڕ بـوو بـاشە یـەك سـاڵێ
ســـەد و بـیست و یـەك حـەقی دوانـە
بـــۆ دووســـەد و یـــەك واجب سیانە

له چــوارســەد سـەرا واجب چـواره
ئەوجا بـۆ سـەد سـەر سـەرێ قـەراره
بۆ زەکات ناشێ عـەیبدار و نـەخۆش
بەرخ و کارژەلە، ئەی بـرای بـە هـۆش
مــەگــەر نــیسابی لە ســاڵابــمرێ
جـا لە بـەچکەکـان زەکـاتیان ئـەدرێ
مەسەل کە چـل سـەر کـاریان لێ بـبێ
لە عـــەینی ســاڵا دایکــیان بــمرێ
لەم چـل بـەچکەدا بـەچکەیێ ئـەدرێ
ساڵی دایکیشیان بۆ حیساب ئـەکـرێ
یا چل کار بکرێ و سـاڵ بەسەرا بـێ
هــەر لەو بـەچکانە زەکـاتیان ئـەدرێ
چــوارسـەد سـەر بـزن لە سـاڵا بـزێ
چوار بزنو چوار کار بۆ زەکات ئەدرێ

شەرتی زەکاتی حەیوان

خــۆ لەوەڕیــن و چــاودێری شــوان
تەواو بوونی ساڵ شـەرتە بـۆ حـەیوان
بـەڵێ بـۆ بـەچکەی عـەدەدی نـیساب
ساڵی دایکـیان بـۆ ئـەکـرێ حـیساب
مەسەل کە چـل سـەر دوو کـارە بـزێ
ئـیللا یـەکـێکـیان سـێ کـاری بـبێ
چوون گەیشتوونە سەد و بیست و یەك
دوو سەر زەکاتیان لێ ئەدرێ بێشـەك

سـاڵی دایکـیشیان لەبـۆ حـیسابە
چونکی چـل حـەیوان رێکـی نـیسابە

چ زەکاتێ وا لە زیممەی مالیکا و چ وا لە عەینا

زەکـاتی مـاڵی تـیجارەت هـەموو
وا لە زیممەدا ئەی برای خۆش روو
زەکاتی نەقد و قووت و حەیوانات
وا بە عەینەوە، مەعلووم بێ لەلات
کاتێ واجب بوو زەکـاتیان، ئـەبێ
هیچ تەسەڕڕوفێ لەو ماڵا نـەکـرێ
هـەتا زەکـاتیان تـەواوی ئـەدرێ
یا ئەگەر قووتە بۆت تەخمین بکرێ

لە چ ماڵێکا زەکات نادرێ

زەکـات نـادرێ بـە قـەولی ئـیمام
لە مـاڵی مـەوقووف بـۆ جـیهەتی عـام
وەکـوو مـەوقووفەی فـوقەڕا و ئـەیتام
وەکـوو تـەلەبەی عـولوومی ئـیسلام
ئەمما مەوقووفەی چەن کەسی مەحدوود
وەکوو دە شەخسی مەعلووم و مەعهوود
زەکاتی ئەدرێ چـوون مـوڵکـی خـاسە
ئـەم مـەسئەلەیە بـێ دەنگ و بـاسە

کێ زەکات لە ماڵی مەحجوور ئەدا

لە مـــاڵی شــێت و ســەفیهو ئـەیتام
وەلی دەرئـــەکـــا زەکـات «بِـالتَّمام»
وەلی خاسی خۆی یا خود وەلی عام
یانێ قازی شەرع بۆ ئیمزای ئەحکام

تەقلیدکردنی ئیمامی ئەعزەم

لەســەر مـەزهەبی ئـیمامی ئـەعزەم
ڕازی بــبێ لەو خـــەللاقی عـــالەم
دروســتە زەکـات یـا فـیترە بـدرێ
بە تەنها شەخسێ لە هەر سینفێ بێ
هەروا دروستە بۆ فـیرقەی ســادات
کاتێ خومسیان بە حەق پێ نەگات
ئـەیزەن ڕەوایـە تـەسلیمی قـیمەت
بۆ فیترە و زەکات هەم بۆ کەفارەت
نەقڵیش دروستە بـەبێ کـەراهـەت
لەبۆ ئـینسانی ســاحێب کـەرامـەت
وەکـــوو ســـاڵح و عـــالمی نـافیع
وەکـوو تـەڵەبـە و ئـینسانی واریـع
یـــا لەبـۆ خـزمێ کـە بـێنـەوا بـێ
نەوەك بە لاتی سووك و ڕیسـوا بـێ
ئەمما مـەکـرووهە بـێجگـە لەمـانە
باش ئـاگـات بـبێ لەم ئـەحکامانە

دەی زۆر زەریـفە تـەقلیدی بکـەی
کاتێ کە زەکات بەو نـەوعە بـدەی
ئەزهەری دوو قەوڵ لەلای شافیعی
نەقڵی مەمنووعە بە مـەنعی قـەتعی
بــە غـەیرە ئـەزهەر نـەقڵی ڕەوایـە
زۆر شــافیعییەیش فـیکریان وایـە
ڕێی ڕەفتار کردن بەو قەوڵە ئـەدرێ
هەروا تەقلیدی ئەمانەیش ئـەکـرێ
ئەوا دەرنـەچووی لە قـەولی ئـیمام
بۆ نەقڵی زەکـات مـەقام بـە مـەقام

***

دەفعی بە یـەکـێ لە مـوستەحەققان
لە تەنها سینفێ لە هەشت سینفەکان
جائیزە لەسەر قـەولی «اصـطخری»
با سەییدیش بێ بۆ حیفزی فەخری
تەقلیدێ بـاشە هـەرکەس ئـەپرسێ
تــەعلیمی بکــە و دڵت نــەترسێ

***

دروســتە قــەبز و ئـەقبازی وەکـیل
هــەروا ڕەوایـە تـەقدیم و تـەعجیل
بەم شەرتە ئەوەی کە وەری ئـەگـرێ
لە کاتی وجووب شەرعەن پێی بدرێ

فەسڵی چوارەم

لە چوارەم فەسڵا روکنی چـوارەمـین
رۆژووی رەمەزان لەسەر ئەهلی دیـن
فەرز ئەبێ رۆژووی مانگی رەمـەزان
بە تەواو بوونی سی رۆژەی شـەعبان
یـاخود پـیاوێکـی ئـازادی تـەواو
مـانگی یـەك شـەوە ببینێ بـە چـاو
کـــاتێ لای قـازی شـــەهادەتی دا
بەو شەهادەتەیش قازیش حوکمی دا
فەرز ئەبێ رۆژوو لەسەر خاس و عام
بینا بە حوکمی مـەحکەمەی ئـیسلام
یـا بـە تـەواتـور ئـەگـەر هـاتە جـێ
بینینی مانگی یەك شەوەی ئـەو جـێ

***

هەرکەس بە تەنها خۆی مانگ ببینێ
لەسەر خۆی فـەرزە نـیەت بـهێنـێ
بۆ هەرکەسێکـیش پـێی بـاوەڕ بکـا
قسەی ئەو کەسە سـیرایـەت ئـەکـا
لەسەر نیشانەیش ئـەدرێ ئـیعتیماد
لەبـۆ هــەرکەسێ بکــا ئـیعتیقاد
نیشانە وەکـوو تـۆپـی نـێو شـاران
ئـاگـری سـەر کـێو چـرای مـناران

«رملی» ئەڵێ شەخسی حیسابگەر
حیسابی بۆ خۆی باشە و موعتەبەر

تەئسیری حوکمی وڵاتێ بۆ وڵاتێکی تر

حوکمی هەر شوێنێ مانگی تیا بینرا
بۆ هاو مەتلەعی ئەو شوێنە ئەڕوا
یەکیەتی مەتلەع ئەمەیە دوو شار
یەك خەتیان هەبێ بۆ «نصف النّهار»
شیمال و جنووب تەئسیری نییە
تەئسیر بە فەرقی شەرقی و غەربییە
مابەین کە کەمتر لە سێ مەنزڵ بێ
نابێ ئیختیلاف لەوێ حاسڵ بێ
«ابومخرمە» تا هەشت دەرەجە
فەرقی مەغربیان ناکا بە حوججە
زیاد لە نیو سەعات لەپاش رۆژهەڵات
خەڵکی رۆژاوا وەعدەیان ئەگات

کام جەژن خاسە و کام جەژن عامە

ئینجا بزانین جەژنمان کامە
کام جەژن خاسە و کامەیان عامە
کە رۆژوومان گرت بە حوکمی حوککام
لەپاش سێ رۆژە جەژنە لەبۆ عام
وە ئیللا نابێ جەژنی عام بە ماڵ
هەتا نەبینرێ هیلالی شەواڵ

یــەعنی دوو عــادڵ بــبینن بــە چــاو
شــــایەتیش بــدەن لای قــازی تــەواو
بــەڵام بــینینی یــەك شــەخسی عــادڵ
جــەژنی عــموومی پــێ نــابێ حــاسڵ
هـــــەروەها فـــاسق بــەبێ تــەواتــور
جــەژنی عــوموومی پــێ نــابێ زاهـیر
بــەڵێ بــۆ هــەرکەس کــە بــاوەڕ بکــا
دروســـتە شـــەرعەن جـــەژنی پێ بکــا
لە بــــــەر و دوای زەوالا هــــیلال
قــــەتعەن دائــەنرێ لەبــۆ ئــیستیقبال
یــــانێ ئـــیفتاری ئـــەو ڕۆژە نــابێ
مــوسوڵمــان ئــەبێ لەمــە ئــاگــا بــێ

شەرتی ڕۆژوو چییە؟

شــــەرتی ڕۆژووە نـــیەتی ئـــینسان
بــە شــەو بــۆ ڕۆژووی ڕۆژی ڕەمــەزان
نـــابێ هــیچ عــەینێ بــە ڕۆژا بــڕوا
بـــە خـــاڵیـــایی ئــەندامــی تــۆدا
وەکــوو کــراکــە و بــرناخ و گــەروو
سك، بـــەر و دوا، حـــاڵی بــبە زوو
زەرەری نـــییە بـــە دڵ نـــەلەرزی
بگـــــاتە ڕەگت دەرمـــانی دەرزی
هــــەم بـــێزەرەرە دەرمـــانی ئــەجزا
بـــا تــەئسیر بکــا لە مــۆخ و ئــەعزا

چونکی سك نییە بـە عـورف و عـادەت
«مـغنی» بـبینە و وەربگـرە حـیکمەت
بـەڵێ کـە دەرزی گـەییە نـێوی سك
ڕۆژوو ئـەشکێنـێ بـەبێ شـوبهە و شك
زەرەری نـییە تـۆزی سـارا و دەشت
تەئسیری کلیش کـە چـاوت پـێ ڕەشت
دووکەڵی کـوورەیش بـە قـەدەر عـادەت
نەك هـی جگـەرەی تـاڵی پـڕ بـیدعەت
پـارێز لە عـەمدی جـیماع و ئـینزال
خـۆ ڕشـانەوە شـەرتە بـێ جـیدال
جیماعی عـەمدی بـۆ شـەخسی فـاعیل
قـەزا و کـەفارەت پـێی ئـەبێ حـاسیل
ئـازاد کـردنی عـەبدێکـی بـە دیـن
لە عـەیبی عـەمەڵ سـالم بـێ و ئـەمین
جا ڕۆژووی دوو مانگ لەپاش ڕەمـەزان
ئـیفتاری ڕۆژووی نـەیەتە نـاویان
ئینجا نان دانی شەست کەسی مـیسکین
بۆ هەر یەکێکیان مـوددێ، قـووتی ژیـن

سوننەتی ڕۆژوو

تەعجیلی ئیفتار شەرعەن سـوننەتە
کـە خـورما نـەبوو ئـاو بـێمـننەتە
لە جـەماعەتا نـوێژی تـەراویـح
جێبەجێ بکە بـە نـەهجی سـەحیح

بـە شـەو بـێدار بـە هـەتا ئـەتوانـی
مەخسووس شەوانی نیوەی پـایانی
«لیـــلة القـدر»یش زۆر بـەناوبانگە
خێری ئەوەندەی یـەكهەزار مـانگە
لە تــاقەكــانی دە ڕۆژەی ئــاخیر
لە ســـەری هـەیە حـەدیسی زاهـیر
بۆیە گـوم كـرا وەخـتی بـە تـەعیین
زۆر كۆشش بكەی بۆ ڕەفتاری دین
ئەعلای سوننەتی مـانگی ڕەمـەزان
سەدەقە و خێرە و خوێندنی قورئان
حەزرەتی خاتەم وەكوو بای شەماڵ
خێری ئەگەیی بە شەخسی بێحاڵ
تەئخیری پـارشێو هـەروا سـوننەتە
سەراسەر فەزڵ و خێر و حـیكمەتە

***

ئــەمە بـــوو زاهـــیر ئـادابـی ڕۆژوو
ئــەمما پـێت ئـەڵێم حـاڵی بـبە زوو
ڕۆژووی حەقیقی بۆ گشت ئـەعزایـە
چوون غایەی ڕۆژوو خێر و تەقوایـە
باش بپارێزە دەم و گوێچكـە و چـاو
لە قســـە و بـــاس و نـــەزەری خـراو
بە دەست و بە پێ قەت زەرەر نەدەی
ئـیحسانی ڕۆژووت بـە بـادا نـەدەی

دڵت بـــە یـــادی خـــوا ئـــاوا بـــێ
دەمت مەشغووڵی زیکـری خـوا بـێ
ئـەوەندە بـنوە گـیانت ڕەحـەت بـێ
ئـیتر بـا ئـیشت هـەموو تـاعەت بـێ
خـــۆلاســـە ڕۆژوو خـاسی خـوایـە
«الصِّـــيَامُ لِي» مـــەعناکـــەی وایـــە
ئـــەگـــەر ڕەمـــەزان وا بـــبەیتە سـەر
ئەگەی بـە ڕەزای خـەللاقی ئـەکـبەر

ڕۆژوو نەگرتن بۆ کێیە و شەرتی چییە؟

ڕۆژوو نـــەگـــرتن تـــەجویزی ئـــەدرێ
بـــۆ مـــوسافرێ دوو مـــەنزڵ بـبڕێ
هـــەم بـــۆ نـــەخۆشـی بـە ئـێش و ئـازار
ئـــیجازە هـــەیە شـــەرعەن بـــۆ ئـــیفتار
هەروەها حائیض هەم شەخسی مەحسوور
بـۆ ئـیشی گـران نـاچار بـێ و مـەجبوور
«تُـــحفە» بـــهێنـــە و بـــی‌خوێنـــەرەوە
ئـــەم مـــەقسوودانـــە لێك بـدەرەوە
لەپـــاشا قـــەزا بـــەبێ کـــەفارەت
لازمـــە بـــۆیـــان بـەپێی شـــەریعەت
ژنـــی حـــامیلە یـــا ژنـــی شـیر دەر
بـــۆ حـــەمڵ و مـــناڵ بـبینێ زەرەر
فـــەرزە لەســـەریان ئـــیفتار و قـــەزا
فـــیدیەش لازمـــە بـــۆ ئـــەجر و جـــەزا

پـــیر و نــەخۆش و پــیاوی شــلەپەت
هــەر فــیدیە ئـەدەن بـیگرە گـوێچکـەت

فیدیەی تەفرەدانی ڕۆژوو

هەرکەس تەفرەی دا قەزای ڕۆژووەکان
هـــەتا بـێتـەوە مـــانگی ڕەمــەزان
قــەزای لە ســەرە و فـیدیە بـۆ فـەقیر
هەر ڕۆژێ موددێ بێتوول و تـەقسیر
تــیکراری هــەیە بــە تـیکراری ســاڵ
کە فـەوتا قـەزا لەپـاش ئـەووەڵ ســاڵ

کەفارەتی نوێژ و ڕۆژوو بۆ مردوو

مــردوو بـۆ ڕۆژوو ئـەگـەر قـەرزار بـێ
زوو چــاری بکــەن نـەك گـورفتار بـێ
ڕۆژووی بۆ بگرێ خزم و خوێشی خۆی
یا بـڵێن بـە یـەکـێ ڕۆژوو بگـرێ بـۆی
یــا بــۆ هــەر ڕۆژێ مـوددێ لە تـەعام
بــــدا بـــە دامــــاو لە بــاتی ســیام
بــۆ نــوێژی فـەوتاو بـرای بـە ئـەدەب
عــیلاجی نــییە بــە ئـەسڵی مـەزهەب
بـــەڵام بــە قــەوڵی قــەدیمی ئــیمام
قـــەزای جــائیزە بــەوێنــەی ســیام
«قـفال» نـەقڵ ئـەکـا لە بـڕێ ئەسحاب
لەبۆ هـەر نـوێژێ مـوددێ بـە حـیساب

وەجـــهێکــیش هــەیە مــوختارە لەلا
گـــەلێ ئـــەسحابی شـــافیعی والا
وەلی کـــەفارەت بـــدا بـــە ئـیتعام
لەبــۆ نــوێژەکــەی بــەوێنــەی سیام
تــەقلیدیان ئـەکـرێ بـۆ نـوێژ و ڕۆژوو
کــەفارەت ئــەدرێ گـەلێ زوو بـە زوو
ئــەگــەر تــاڵبــی بــۆ ئــاسانی کــار
قـــیمەتی تــەعام بــدەی بــە هــەژار
تـــەقلیدی رەئـــیی حــەنەفییەکــان
ئـەم ئـیشە سـەختەت بـۆ ئـەکـا ئـاسان

ڕۆژووی سوننەت

ڕۆژووی سـوننەتیش گـەلێ ئـیحسانە
بــاعیسی قــەدر و قـورسی مــیزانـە
شەش ڕۆژی شەوال لەپـاش ڕەمـەزان
نۆ ڕۆژەی ئـەووەڵ لە مـانگی قـوربان
مەخسووس عەرەفە بۆ غەیری حەجاج
لەبــۆ ڕۆحــی تــۆ ئـەبێ بـە مـیعراج
نــۆهــەم و دەهـەم لەگـەڵ یـازدەهەم
لە ڕۆژەکـــانی مــانگی مــوحەڕڕەم
سیازدە و چوارە و پازدەی بـەناوبانگ
سێ ڕۆژەی ئـاخر لە ژمـارەی مـانگ
ڕۆژی دووشەممە لەگەڵ پـێنـجشەممە
بــاعیسە لەبــۆ خــەیر و مــەرحــەمە

غـــەیری ئـــەمانەیش کـــراون بـــەیان
بـــــڕۆ بـــــپرسە لە عـــــولەماکـــــان

روکنی پێنجەم لە فەسڵی پێنجەم

روکنی پێنـجەمین لە فـەسڵی پـێنـجەم
حەجی «بیت الله»، کەعبەی مـوعەززەم
لە عـــومرا جـاریٚ فـەرزە ئـەم حـەجە
لەگەڵ عەمرەدا بـەم شـەرت و نـەهجە
هـــــەتا دێتـــــەوە کـــافی بـــێ مـــاڵی
بۆ خەرجی خـۆی و ئـەهل و عـەیاڵی
ئەندامی سـاغ بـێ و رێگـە بـە زاهـیر
دوور بـــێ لە فـیتنەی دوژمـنی قـاهیر

ئەرکانی حەج چەندێکە؟

ئـەرکانی شـەشن، ئـەووەڵیـان ئـیحرام
قەسدی داخڵ بوون لە حەجی ئیسلام
دووهەم وەسـتانی خـاکـی عـەرەفات
با کەمتریش بـێ لە مـوددەی سـەعات
پاش وەخـتی زەوال لە رۆژی نـۆهـەم
تـــــا بـــــەرەبەیان لە رۆژی دەهـــــەم
سێهەم تەوافـی «بـیت الله»ی ئـەکـرەم
لەبەر فەرموودەی خـواوەنـدی عـالەم
چـــوارەمـــین سـەعیە، یـانیٚ راکـردن
نەك بە دەستووری خۆ مـاندوو کـردن

لە نــوقتەی سـەفا تـا نـوقتەی مـەروە
بە سیدق و سـەفا، بـە زەوق و جـیلوە
پــێنــجەم تــاشینە یــا قـرتانی مـوو
شەشەم تەرتیبە وەکـوو مـەعلووم بـوو
هەر ڕوکنێ بۆ حەج مەشموولی ئـەمرە
بێجگە لە وەسـتان، ڕوکـنە بـۆ عـەمرە
ئــەرکانی تــەواف حــەوتن بـراکـەم
بــۆت بـەیان ئـەکـەم ببە خـاترجـەم
یەکـەم بـێتـە جـێ لەپـاش عـەرەفات
لە شــەو و ڕۆژی جـەژنی بـێ‌ئـافات
پــاکـی بـەدەن و پـۆشـینی عـەورەت
پاکــی لە حـەدەس، هـەم لە جـەنابەت
حەوت دەورە ئەمسەر «حجر الأسود»
لای چەپتەوە بێ «بیت الله»ی ئـەمجەد
هــەر ڕوکــنێ فــەوتا نـوسوك بـەتاڵە
پێویسـتە قـەزایش لەپـاش ئـەو سـاڵە

واجباتی حەج چەندێکە؟

واجــــبی حــــەجە ئــیحرام لە مــیقات
مــــیقاتیش زۆرن بــــە گــوێرەی وڵات
لە مــــوزدەلیفە بــــە شــــەو بــمێنــی
لە نــیوەی دوای شــەوەکــەی جــەژنی
ڕەمــی «جــمرة العــقبە»ی مـەخسووس
لە ڕۆژی جەژنا حەوت ڕەمیی مەنسووس

پـــاش ســـەر بـــڕیـــنی دیـاری قـوربانی
پــێش «طـواف الرّکـن» زۆر بـە جـوانـی
رەمـــی ســێ جـەمەرەی «ایّـام التّشـریق»
هەریەکێ حەوت بەرد بە وەجهی تەحقیق
وەخـــــتی ئـــەمانە لەپــــاش زەواله
تــــەرتیب لە بـــــەینا بـــێقــیل و قــاله
ئـــەووەڵ و وەســـەت، ئــەمجا عـــەقەبە
لەســـەر ئـــەمری شـــەرع وا مـــوڕەتـتەبە
مـــــانەوەی زۆری شـــەوانـــی تــەشریق
لە خـــــاکـــــی مـــینا واجـــبە تــەحقیق
«طـــــواف الوداع» بــۆ مـــاڵ ئـــاوایـــی
بـــە زەوق و ئــیخلاس کـــاتی جـــیایی
ئـــــەم واجــباتە هـــەرکامیان نــەکــەی
بــــە ســـەرێ حـەیوان تـۆڵەکـەی ئـەدەی

بە چەن جۆر حەج و عەمرە ئەکرێن؟

ئەم حەج و عەمرە ئەکرێن بـۆ عـیباد
بە ســێ تـەریقە، ئـەفزەڵیـان «إفـراد»
ئیحرام ببەستێ بۆ حـەجی شـەریف
لەسـەر مـیقاتی مـەعلوومی زەریـف
پاش حەج بڕواتە خـاریجی حـەرەم
ئیحرام بـبەستێ بـۆ عـەمرە بـێغـەم
دووەم «قِران»ە بۆ هەردوو یـەك جـار
ئیحرام ببەستێ و دەس بکـا بـە کـار

سێهەم «تمتّع» بەم نەوعە ئینسان
ئیحرام ببەستێ بۆ عەمرە جوان
لەپاش عەمرەکەی بە حوسنی مەنهەج
ئیحرام ببەستێ لە مەککە بۆ حەج
ئەهلی تەمەتتوع فەرزە سەر ببڕێ
حەیوانێکی ساغ بزنێ یا مەڕێ
حەوت‌یەکی گایێ یاخود وشترێ
جێگەی حەیوانێ سەربەخۆ ئەگرێ

چی حەرام ئەبێ بە ئیحرام؟

کاتێ داخڵ بووی بە شێوەی ئیحرام
لێت مەمنووع ئەبێ شەش فەرمان تەمام
ئەووەڵ پۆشینی دووراوێکی وا
کە دەورە بدا بە لەشی تۆدا
یا بە یەك ئەعزا لە ئەعزاکانت
وەکوو سەر یا دەست یاخود پێ‌کانت
ئەمما قەی ناکا کە بکەیتە مل
قایشی شیر و کیف و حەمایل
یاخود پشتێنێ ببەستیتە پشت
تێی هاوی پارە و پێویستی خۆت گشت
یا ئەو ئیزارە پێچاویەتە خۆی
گرێی لێ بدا تا راوەستێ بۆی
ئەمما ریداکەی نابێ گرێدا
نابێ بە دەرزی تەقەڵی لێدا

هــەروا مـەمنووعە پـۆشـینی ڕووی ژن
نـــەك بـــاقی ئـەعزا، گـوێ بگـرە لە مـن
دووهــەم مـەمنووعە لە ئـەهلی ئـیحرام
بــۆنخــۆشـــی لەبـۆ لیباس و ئـەندام
سـێهـەمین چـەوری لەبـۆ ڕیش و سـەر
لەو ئـــیحرامـــەدا هـــەیەتی زەرەر
چـــوارەم بـــڕیـــنی نـــینۆك و مـــووە
لە موددەی ئیحرام لێت مـەمنووع بـووە
پـــێنـــجەمین نـــابێ حـــەیوانـــێ بگـــرێ
لە وەحشی و بەڕی کە گۆشـتی بـخورێ
ئـــــەمانە مـــــەنعن لە کـــاتی ئـــیحرام
فـــیدیەیان ئـــەوێ بـــە دیـــنی ئـــیسلام
شـــەشەم جـــیماعە لە کـــاتی ئـــیحرام
بـــەتاڵ ئـــەکـــاتۆ حـــەجت بـە نـــاکـــام
هـــەرچـــەن واجـــبە ئـیتمامی عـــەمەل
واجـــبە فـــیدیە و قـەزای مـوستەعجەل

سوننەتەکانی حەج

سوننەتی حـەجە پـێش چـوونە ئیحرام
غـــوسڵ و دوو ڕکـات «سـنّة الاحـرام»
«لَـــبَّیكَ لَـــبَّیْك» پـــاش چـوونە ئـیحرام
بە سیدق و ئیخلاس بۆ خودای عـەللام
«طواف القدوم» بـە نـەهجی مـەعرووف
کە چوویتە مەککە پێش فیعلی وقـووف

سـونەتە ئـیفراد قـورسە بـە مـیزان
لە تـەمەتتوع و لە وەزعـی قـیڕان
لەپـاش تـەوافـی «بیت الله»ی عـەزیم
دوو ركات لە پشتی جێگـەی ئـیبراهیم
پاش حەج سونەتە بۆ دەسەی حـەجاج
زیارەتی مەرقەد شای سـاحێب مـیعراج
ڕوو بکـاتە جـێگـەی ئـەو شـاهی دینە
بکـەوێتـە ڕێ لەبـۆ مـەدینە
سـەڵەواتـی زۆر بـەڕێوە بـدا
لەسـەر سـەییدی «فـخر الأنـبیا»
ئـەجزای ئـەندامـی بکـا بـە دەماخ
بۆ بۆنی خۆشی شای ڕوخسار گـوڵباخ
دڵ بگـرێ وێنـەی مـینای زەڕەبـین
بـۆ ڕۆژی ڕۆحـی «فـخر المُـرسلین»
کـە گـەیشتە شـار بـا خـۆی بشـۆرێ
لە بـیری «حـرّە» و جـلی بگـۆڕێ
کە چووە مـزگەوت حـەجاجی ڕەهبەر
دوو ركـات نـوێژ بکـا لە پـاڵی مـینبەر
لای ڕاسـتیەوە بـێ کـۆڵەکـەی مـینبەر
وا بـوو وەسـتانی حـەزرەتی سـەرەوەر
ئـینجا بـێتـە لای «روضـە»ی شـەریفی
ڕوو بکـاتە قـەبری پـاك و نـەزیفی
ڕاوەستێ بـە شـەرم بـۆ سـاحێب مـەقام
تـەقدیمی بکـا سـەلات و سـەلام

بـــــپاڕێتـــــەوە لە خــــودای عــــالەم
بــۆ بــەرزی پـایەی حـەزرەتی خـاتەم
سکـــــاڵا بکــــا بــۆ گــوناهی خــۆی
بەڵکـوو خـوداوەنـد ڕەحـمێ بکـا پـێی
جــا بــێتــە دواوە گـەزێ بـە تـەحقیق
بــۆ مــواجــەهەی فــارۆق و سـدیق
زوو سـەلام بکـا لە هـەردوو شـەیخەین
بووبەکر و عومەر ساحێب عیلم و عەین
بـــــپاڕێتـــــەوە لە خــودای ئــەکــبەر
بـۆ بـەرزی پـایەی بـووبەکـر و عـومەر
بـــاقی خـــولەفا و ســـائیری ئـەسحاب
هەم ئال و بـەیتی شـای عـالی جـەناب
هــــەم دوعـــا بکـــا بـۆ بـەرزی ئـیسلام
بـۆ ئـەهلی سـەڵاح، خـەواس و عـەوام
بــــپاڕێتــەوە بــۆ ئــیسڵاحــی عـــام
لەبــــۆ تـــەوفیقی دائــیرەی ئــیسلام
ئـــــینجا بـــــێتــەوە بـە ئــاگــاداری
خــــۆی بـــپارێزێ لە شـــەرمەساری
بـەڵکـوو بـەو نـوور و سـیمای شـیرینە
وەری گــــــرتووە لەو روکــــــنی دیــــنە
بـــــمێنـــــێتـــــەوە هــــەتا قــیامەت
چـــرای ئــیمانی ســـاغ و ســـەلامەت

***

ئەمە پێنج فەسڵەی ئەرکانی ئیسلام
لە بابی ئەووەڵ گەیشت بە خیتام
جا با دەست بکەین بە بابی دووهەم
بە تەوفیقی خوای عەللامی ئەکرەم

***

الإِيْمَانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللّٰهِ وَ مَلٰائِكَتِهِ وَ كُتُبِهِ
وَ رُسُلِهِ وَ بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَ شَرِّهِ

بابی دووهەممان شەش فەسڵە عەیان
ئەرکانی ئیمان بۆت ئەکەم بەیان
ئیمان بە خودا هەم بە فریشتە
پێغەمبەرانی عالی سروشتە
بەو کتێبانەی جیبریلی ئەمین
هێنانی بە حەق لەبۆ مورسەلین
بە قیامەت و بە قەزا و قەدەر
لەسەر فەرموودەی ئەعلای پێغەمبەر
ئەم ئەرکانانە ئوسووڵی دینن
مایەی رزگاری گشت موئمینینن
لە پێشا باشە باسێ لە ئیمان
تا بەعزێ مەقسەد دەرکەوێ لێمان

باسی ئیمان

بە قەولی جمهوور لە موتەکـەللیمین
زومرەی فوقەها هـەم مـوحەددیسین
ئـیمان تـەسدیقە و ڕەفـتار و ئـیقرار
سێ جوزئن بێ یەك ناکرێن ئـیعتیبار
لەلای بەعزێکیش تەسدیقە و ئـیقرار
تــیا داخـــڵ نـییە عـەمەڵ و ڕەفـتار
ئەمما بە قـەولی گشت مـوحەققیقین
ئـەسحابی عـیلم و ئـەڕبـابی یـەقین
ئــیمان تــەسدیقە بـە مـەعنا بـاوەڕ
بەوەی هێنـاویە ڕەسـوولی سـەروەر
بە گوێرەی تەفسیل بۆ مـوفەسسەلات
بە گوێرەی ئیجمال لەبۆ مـوجمەلات
خــاریجی ئــەوە ڕەفــتار و ئـیقرار
بـــەڵێ لازمـــە ئــیقرار بــۆ ئــاسار
یانێ بۆ ئیجرای حوکمی دین لەسـەر
هەرکەس موئمینە بە دیـنی سـەروەر
ئــەم تــەسدیقیشە عـیلم و عـیرفانە
کەیفی نـەفسانی شـەخسی ئـینسانە
ئەبێ تـەسلیمیش لەگـەڵ ئـەودا بـێ
بـێ ڕەزا و تـەسلیم مـوعتەبەر نـابێ
بـا بـاوەڕ بکـا کـە قسـەی ڕەسـوول
بە نەهجی واقـیع سـابتە و مـەقبووڵ

کـە عـینادی کـرد لە ڕەزا و تـەسلیم
حـەتمەن کـافرە بـە شـەرعی سـەلیم
ئـەمە تـەحقیقی عـەللامەی «سَـعد»ە
بەمە حەل ئەبێ چەن شوبهە و عوقدە

ئیمانی تەقلیدی بەکار دێ یا نە؟

بە تەقلیدی غەیر بـە قـەولی جـمهوور
ئیمان یێتـە جـێ بـە تـیبقی مـەشهوور
فـــەقەت ئـــەشعەری ئـیمامی جـەلیل
ئـــەڵێ پـــێویســـتە بـــۆ ئـیمان دەلیـل
بـەعزێ عـولەما بـە وەجـهی تـەحقیق
لەم بـەینا ئـەکـەن تـەقریب و تـەوفیق
حەمل ئەکەن قەولی جمهووری جەلیل
لەســـەر تـەقلیدی و ئـیجمالی دەلیـل
ڕەئی ئەشعەریش حەمڵ ئەکەن لەسەر
تەقلیدێکی ڕووت، بێ فـیکر و نـەزەر
مـــەعلوومە ئـــەمە زەعـــیفە و عـەلیل
چـــونکا لازمـــە «فـي الجـملە» دەلیـل
با نەیبێ قووەی بـەحس و ئـیستیدلال
بۆ ڕەددی ئـەهلی شـەغەب و جـیدال
واقـــیعەن عـــاقڵ بـــێ دەلیـــل نـــابێ
بە تەقلیدی ڕووت قـەت زەلیـل نـابێ
وەکوو بیستوومە شـەخسی دەشـتەوان
هـــاتە دەم وەکـــوو پـیاوێکـی زۆر زان

ئـیتسدلالی کـرد بـۆ بوونی خـودا
بە جـێ پـێی ئـینسان لە عـەرزی ڕێدا
وەکوو بۆ تەوحید کوردێکی جەسوور
کردی بە دەلیل ئاشی بـێستان سـوور
هـەتا یـەکـێ بـوو ئـاشەوانـەکـەی
حـیساب نـەئەکـرا ئـاردە شـانەکـەی
ئـیمڕۆ دوو بـەشە و ئـاشەوان دووە
ئـەو ئـاشە بـاشە بـێ ئـاو نـوستووە

ئایا ئیمان تەفاوت ئەکا بە نەقس و زیاد، یانە؟

ئـەگـەر کـردەوە جـوزئی ئـیمانە
تـەفاوەت لەوا تـەواو عـەیانە
ئـەگـەر ئـیقرار و تـەسدیقە ئـیمان
یـاهەر تـەسدیقە وەکـوو زوو وتـمان
تـەوفاوت نـاکـا بـە نـەقس و زیـاد
یـەك مـەرتەبەیە بـۆ هـەموو عـیباد
چوون لەسەر ئەووەڵ ئیمان بـێ ئـیقرار
قـەت نـایەتە جـێ و نـاکـرێ ئـیعتیبار
تـەسدیقیش راسـتە عـیلمێکـە جـازم
زیـاد و کـەم نـاکـا بـە عـەقڵی حـازم
فەقەت عـولەمای سـەردەستەی ئـەفکار
خـیلافی ئـەمە ئـەکـەن ئـیعتیبار
چونکی هەر تەسدیق بە چەن دەرەجات
تەفاوەت ئـەکـا بـۆت ئـەکـەم ئـیسبات

بــە «عــلم الیـقین»، بـە «عـین الیـقین»
بـــە «حـــقّ الیــقین» لەبــۆ ســدیقین
جـــا نـــەخوازەڵا تـــەقلیدێ ئـــەگـــەر
وەهـــــای دابـــنێن بـــاشە و مـــوعتەبەر
چەن پایەی هـەیە بـۆ قـووەی تـەسدیق
ویـجدان پـێت ئـەڵێ وایـە بـە تـەحقیق
نـــەختێ تـێ‌فـیکرە لە ئـەحواڵی خـۆت
لە حـــاڵی نـــەقس و لە کـــەماڵی خـۆت
جـــارێ لە عـــەرشە ئـیمان بـە بـەرزی
جـــارجـــار لە نـــزمی ئـیمان ئـەلەرزی
ئـــــاخر ئـــــیمانی زومـــرەی ئـــەشقیا
نـــــاگـــــاتە پـــایەی دەســـەی ئـــەتقیا
چ جـــــایێ پـــایەی ئـــەنبیای کـــیڕام
بــڕژێتــە ســـەریان ســـەلات و ســەلام
بــە وەقــری ســـەدری ســدیقی وەلی
بـە «کشـف الغـطا»ی حـەزرەتی عـەلی
پــەردە لائــەچێ لەســـەر ســـینە و دڵ
بـــۆ تـۆ حـەل ئـەبێ هـەزاران مـوشکڵ

فەرق لە بەینی موئمین و موسلیم چۆنە؟

موئمین و موسلیم جـیان بـە مـەفهووم
لە حوکمی شەرعا یەکێکـن مـەعلووم
بـــڵێ بـــەو کـەسە لێت تـەسلیم نـاکـا
ئەی چۆن موئمین و موسلیم فەرق ئەکا

فەسڵی ئەووەڵ لە باسی روکنی ئەووەڵ

فەسڵی ئەووەڵمان روکنی ئەووەڵە
ئیمان بە خودای «عزّوجلّ»ە
ئیمان بە خودا وایە بە تەحقیق
لە دڵتا ببێ باوەڕ و تەسدیق
بەمە کە خودا وجوودی حەقە
لە هەموو عەیبێ پاك و موتڵەقە
هەیەتی هەموو ئەوسافی کەمال
چ وەسفی جەلال، چ وەسفی جەمال
جەلالی «سَلب»ە و جەمالی «ثبوت»
سبووتی فیعلی و زاتییە مەزبووت
کونهی زاتی ئەو لە عام مەستوورە
ئەمما وجووهی غەیرە مەحسوورە

سیفاتی سەلبییە

ئوسووڵی سەلبی پێنجن موحەققەق
«قدم» و «بقا» و «وحدت»ی موتڵەق
«استغنا»ی موتڵەق لە گشت ماسیوا
نا موماسیلی بۆ هەموو ئەشیا
قیدەم نەیبووە عەدەمی سابیق
بەقا بۆی نابێ عەدەمی لاحیق
وەحدەت یانێ ئەو بێ تەعەددودە
لە شیرکەت بۆ غەیر باش موجەڕڕەدە

هەر ئەو خـالیقە لە بـۆ مـەخلووقات
چ لە زەوات بـن یـاخود لە سیفات
هەر ئەو واجبە و باقی مـەوجوودات
بە ئیجادی ئەو وەر ئەگـرن سـوبات
هەر ئەو بۆ عالەم ئەشێ بە مـەعبوود
هەر بۆ ئەو ئەشێ ئـیتاعە و سـجوود
بـێ ئـیحتیاجە لە مـاسیوای خـۆی
ماسیوا هەمووی مـوسەخخەرە بـۆی
ناشوبهێ بە هیچ، هـەرچـی بـێتـە دڵ
خـودا وا نـییە ئـەی بـرای عـاقڵ
نە وەکوو ماددە و نە وەکوو سیفات
نە بـە سـەریا دێ عـیللەت و ئـافات
جـیهەت و جـێگـا بـۆ زاتـی نـییە
زاتـی لە وەخت و زەمـان بـەرییە

سیفاتی «ثبوت»ی فیعلی

سیفاتی فیعلی بۆت ئەکەم بەیان   لە روکنی قەدەر وازیح و عـەیان

سیفاتی «ثبوت»ی زاتی

سـیفاتی زاتـی حـەوتن لەبـۆ زات
خـاریج لە دەرکـی عـەقڵی مـەخلووقات
لە زاتـی خـودا قـەت جـیا نـابن
بـوون و هـەن و ئـەبێ هـەر بـبن

«حەیات» و «عیلم» و «ئیرادە» و «قودرەت»
«سەمع» و «بەسەر» و «کەلام»ی موسبەت
زیندوویی و زانین، مەیل و توانین
بیستن و بینین، گفتوگۆی شیرین
«احق سبعك» ڕەمزە بۆ سیفات
هەر حەرفێ وەسفێ دەرئەخا لەلات

تەفسیلی سیفاتی

حەیات وەسفێکە مەنشەئی عیلمە
مایەی ئیرادەی خودای بە حیلمە
بە بونیە و مەزاج ئیحتیاجی نییە
لە قیاس لەسەر ئێمە بەرییە
هەروەها باقی سیفەتانی زات
قیاس ناکرێن لەسەر ماددیات
بەڵام نموونەی سیفاتی زاتە
ئەو سیفەتانە کە تۆ لەلاتە

***

عیلم وەسفێکە بەو ئەبێ مەعلووم
هەرچی بێتە دڵ مەوجوود و مەعدووم
داگرە لەبۆ هەموو مەراتب
لە موستەحیل و مومکین و واجب
عیلمی بە حاڵی باقییە و سابت
هەرچەن ئەگۆڕێ عەلاقەی بۆ شت

بــە شــوێنــی عــیلما ئیرادەی خــودا
جــیا ئــەکــاتەوە یــەکــێ لە دوولا
ئینجا قودرەتیش باش ڕووی تێ ئەکـا
بـــەپێی ئــیرادە ئــیجادی ئــەکــا
قــودرەت ئــیش ئــەکـا لە مـومکیناتا
نــــــەك لە واجب و مـــــومتەنیعاتا

❊❊❊

سەمع و بەسەریش بـیستن و بـینین
وەها لایق بێ بـۆ خــوای عــالەمین
دەنگی پێی مێر و زەڕڕە لە ناو چاڵ
دیارن لای خودای خاوەنی کـەماڵ
بــە وێنــەی نــاڵەی نــاڵ لە زبـرانـا
یــا گــڵۆپـی بـەرق لە نـاو شـاران

❊❊❊

کەلام لە عــورفی عــولەمای قــودسی
ئیستیعمال ئەکرێ بۆ لەفزی و نەفسی
کـــەلامی لەفــزی لەفــزێکـــە وەهـا
ئـــیفادە بکـــا مـــەقسوود و مـــەعنا
کـــەلامی نــەفسی ســیفەتێکــە وا
مــەبدەء بـێ لە بـۆ ئـەلفاز و مـەعنا
کــەلامی لەفـزی زیـددی سکـووتە
سکـووتی زاهـیر کـە لات مـەزبووتە
کەلامی نەفسی زیـددە بـۆ سکـووت
یــانێ سکـووتی بـاتینی مـەزبووت

وێنەی ئـەمانەت لێ مـەعلووم بکـەم
یــەکـێ لە دڵا خـامۆشـە و ئـەبکەم
یەکێ مەفهووم و مەعنای بە جـۆشـە
کــەچی زمــانی لاڵ و خـــامۆشــە
کەلامی نـەفسی ئـیزافـەی بـۆ حـەق
یــانێ سیفەتە بـۆ فـەردی مـوتڵەق
بەری لە لەهجە و ئەسوات و حـەرفە
بـەری لە وەزعـی لوغـەت و عـورفە
ســیفەتی خــاسە و قـەدیم و زاتـی
بــــەسیتە وەکـــوو بــاقی ســیفاتی
***
کـــەلامی لەفـــزی ئــەخوێنــرێتــەوە
هەم لەبـەر ئـەکـرێ و ئـەنووسرێتـەوە
بە عـیبری ئـەبێ و هـەم بـە سـەریانی
هــەم بـە عـەرەبی و لەفـزی قـەحتانی
ئـــیزافــە ئــەمە مــەعناکــەی وایــە
کــە هـەر بـە خـەلقی زاتـی خـودایـە
هـــەموو لە لەوحـــا ســـەبت کـــراون
بــۆ کــاتی تــەنزیل تــەرتیب دراون
کە مەیلی کردووە بۆ وەحی و تـەنزیل
بە ئـیلقای ڕۆحـی داویـە بـە جـیبریل
بــــەم ئــــیعتیبارە کــەسرەتی هــەیە
ئــــەم عــــەرەبییە و ئــەوە عــیبرییە

بەعزێ «فَصیح»ە و بەعزێکی «افـصَح»
بەعزێ «واضِح»ە و بەعزێکی «اوضَح»
بەعزێ موعجیزە بـۆ جـینن و ئـینسان
وەکـــوو ئـــایاتی بـــێوێنـەی قـورئان

دەلیل لەسەر ئەم سیفەتانە

دەلیـــــل بـــۆ بـــوونی ئـــەم ســـیفەتانە
یـــەکـــەم ئـــایەتی نـــەسسی قـــورئانە
دووهـــــەم خـــیلافی ئـــەم ســـیفەتانە
بـــۆ خـــودا نـــاشێ، چـونکی نـوقسانە
لە زۆری ســـیفات مـــەکـــە مـــوبالات
کە مەوسووف یەك بێ، با زۆر بێ سیفات
ســـیفەت تـــابیعی زاتـــی مـــەوسووفە
ســـەربەخۆ نـــییە، وەکـــوو مـــەعرووفە

***

سیفەتی تەکوین یان وەسفی بـەقا
وەسفی زاتی نین ئەی شیرین لیقا
تەکوین عەلاقەی قودرەتە بۆ کـار
بەقایش وجوودە لەگەڵ ئیستیمرار
تەکوین سبووتی و بـەقا سـەلبییە
هـەرکامیان ئـەگـری ئـیعتیبارییە

فەسڵی دووهەم روکنی «ثانی»یە

روکـــنی دووهـــەمین تـــەسدیقە بـە دڵ
بـــە مـــەلائیکەی مـــەعسوومی کـــامڵ
جـــیسمێ لەتـــیفن هـــەموو نـــوورانـــی
پـــاکـــن لە عـــەیب و نـــەقسی نـــەفسانی
نـــە مـــێن نـــە نـــێرن، نـــە پیاون نـــە ژن
کەسیان لێ نـــابێ و لە کـــەسیش نـــەبوون
یـــانێ مـــەخلووقن بـــە ئـــەمری خـــودا
بـــــە ﴿کُـــنْ فَـــیَکُون﴾[1] «تَـــبارَكَ الله»
ئـــەتوانـــن خـــۆیـــان دەربـــخەن دائـــیم
بە هـــەر ســـوورەتێ پـــاك بـــێ و مـــولائیم
بەعزێ جار جیبریل بۆ لیقای حەزرەت
ئەبوو بە «دِحْـیە» بـە ڕەنگ و ســوورەت
دیـحیە پـیاوێ بـوو لە ئـەهلی مـەککـە
سەر و قـامەت ڕێك، بـێ گـەرد و لەکـە

***

دائـــــیم مـــوتیعن بـــۆ ئـــەمری خـــودا
هـــەموو مـــەعسومن، بـــەری لە گـــونا
لە ئـــــاسمانا نـــــییە بســـــتێ جـــــێ
کـــــە فـــــریشتەیێ لەو جـــــێدا نـــەبێ

---

١. بـقرە/١١٧. آل عـمران/٤٧. انـعام/٧٣. نـحل/٤٠. مـریم/٣٥. یس/٨٢. غافر/٦٨.

یــــا لە ڕکــــووعان یــــا لە ســـجوودا
یــــا وان لە نــــووری فــەیز و شــهوودا
هەرچی مـەخلووقە بـۆ خـودای ئـەکـبەر
فـــــریشتەیەکـــــی مـــەئموورە لەســـەر
بــە ئــەمری خــودای عــەلیم و خــەبیر
ئــیدارەی ئــەکــا بــە نــەهجی تـەقدیر
بـــــەپێی وەزیـــفەی هـــێز و قـــووەتدار
بـاڵیـان دوو دووە و ســێ ســێ یـا چـوار
یـــانێ عـــــادەتی لەســـــەر ئـــەسبابە
ئــەگـــەرنا خـــودا هــەر خــۆی حــیسابە
هــیچکەس نــازانــێ عــەدەدیان ئــیللا
زاتـــــی عـــــەلیمی خـــــودای تــەعالا
بـــەعزێ بـــۆ بـــەهەشت خـــەزێنـــەدارە
بـــەسەر ئــەمانا «ڕضــوان» ســـەردارە
نـــۆزدە تـــایفە یــــا نـــۆزدە نـــەفەر
بــە دەســتی «مـالِك» مـەئمووری سـەقەر
کـــاتبی ئـــەعماڵ دوانـــن بــۆ شـــەو
دوانـــیش بـــۆ ڕۆژ، ئـــاگـــادارن لەو
کــاتبی چــاکــە، لە ســەر شــانی ڕاس
هی شەڕ لەلای چەپ بێ‌خـیلافـو بـاس
ئـــەووەڵ حــاکـمە، دووهـەم مـەحکوومە
ڕەحـــمی خـــودایـــی لەمـــا مـــەعلوومە
مـــەئمووری ســـوئال «نَکـیر» و «مُـنکَر»
ئـــەپرسن بــاسی خـــوداو پـــێغـــەمبەر

بەعزێ مەئموورن بۆ عەزابی قەبر
جا بیبڕێتەوە با بگاتە حەشر
لە فریشتەدا هەن چوار ئەسناف
هەڵژمێراون لە زومرەی ئەشراف
ئەووەڵ لەمانە فیرقەی «کڕّوبین»
لەبۆ تەعزیبی گشت موعەززەبین
دووهەم «روحانی» مەئمووری رەحمەت
سێهەم «هەڵگری عەرشی عەزەمەت»
عەدەدیان چوارە لە نەشئەی دونیا
ئەگەیێن بە هەشت لە نەشئەی ئوخرا
فیرقەی چوارەم «مقرّبین»ن
ساحێب مەقام و ساحێب تەمکینن
ئا لەم فریقەیە برای موجەڕڕەب
چوار مەلائیکەی والای موقەڕڕەب
شەخسی ئەووەڵیان ناوی «جوبرەئیل»
مەئمووری وەحیە و ئەمینی تەنزیل
دووهەم «میکائیل» مەئمووری ئەرزاق
خۆشی و ناخۆشی لە هەموو ئافاق
سێهەم «عیزرائیل» مەئموورە لەسەر
کێشانی گیانی هەموو گیانلەبەر
چوارەم «ئیسرافیل» مەئمووری «صور»ە
دائیم چاوەڕێی ئەمر و دەستوورە
سووریش شاخێکە بە نەسسی خەبەر
کونی وا تیا بەقەد گیانلەبەر

فـــوو ئــەکـا پـیایا ئـیسرافـیل دوو جـار
بە فووی ئــەووەڵجـار ئـەفەوتێ گـیاندار
بە فووی دووهەمیان موکەللەف یـەکسـەر
زیـندوو ئـەبنەوە و ئـەڕۆن بـۆ مـەحشەر
لاکـــین هـــەڵگـری عـەرشی بـە تـەمکین
چوار شەخسی مەشهوور بە مـوقەڕڕەبـین
پاش نەفخەی ئەووەڵ ئـەفەوتێن بـە جـەم
زیندوویش ئەبنەوە پێش نەفخەی دووهەم
عـــالەم لەو بـــەینا چـــۆڵو بــەتاڵە
«بــین النّــفختین» مــوددەی چـل سـاڵە

باسی جیننی بە موناسەبەی مەلائیکەوە

بـــە مـــوناسەبەی بـــاسی فـــریشتە
بــاسی «جِـــن» ئــەکـەم بـۆ رێکـی رشـتە
«جیننی» لای عەرەب، «پەری» لای عەجەم
دروست کـــراون لە ئــاگــر ســـەرجـــەم
مـــاددەی لەتــیفن ئــەمما بـــە ئــەشکاڵ
خـــۆیـان دەرئـەخەن بـەپێی وەزع و حـاڵ
بـــە وێنـــەی ئـینسان نـێر و مـێدارن
ســاغ و نــەخۆش و نــوستوو و بـێدارن
گشت مـــوکەللەفن بــە فــیعلی تــاعەت
بــە تــەرکی کــوفر و گـــوناح و بـیدعەت
هـــەموو مــوتیع نـین وەکــوو فــریشتە
مـــوتیع و عـــاسین لەســـەر دوو رشــتە

شـــەیتان لە جـــیننە و هـــەموو شـــەیاتین
شـــەیتان مـــەشرەبن، ســەرکێش و بــێ‌دیــن
بــە جـیننی ســەرکێش کــوردان ئــەڵێن دێو
دێو بـــە وەســـوەسە دڵ ئــەکــا پــەشێو
نـــەفسی ئـــینسانیش عـــەدووی ئـــینسانە
بـــۆیـــە مـــوتیعی ئـــەمری شـــەیتانە
پـــەنا بـــە خـــودای رەحـــیم و رەحـــمان
لە هـــەوای نـــەفس و لە ئـــەغوای شـەیتان
مـــەلائیکە و جـــین بـــۆ ئـــەم عـــیبادە
نـــابینرێن مـــەگـــەر بـــە «خَـــرْق العـــادە»
لەبـــــۆ ئـــــەنبیا و ئـــــەولیای کـــــیرام
لەبـــــەر تـــــەبلیغ و تـــــەربییەی ئـــــەنام
ئـــــەم قســـــە راســـتە وەربگـــرە لە مـــن
عـــالم نـــین بـــە غـــەیب مـەلائیکە و جـن
بـــە قـــەد ئـــەو قـــووە خـــودا پـــێی داون
لە کـــــــائیناتا رەفـــــتار ئـــــەتوانـــــن
دە جـــین نـــاتوانـــێ بـــێ ئـــیزنی خـــودا
لە هـــــیچ گـــــیانداری زەرەری بـــــدا
هـــــەموو ئـــــەسیری تـــەئسیری خـــودان
هـــەموو تـــەسخیری تـــەقدیری خـــودان
بـــەوێنـــەی ئـــینسان جـــیننیش بـە عـادەت
ئـــەبن بـــە ســەبەب بــۆ شــەڕ و زەحــمەت
بـــە ئـــیغوائـــات و بـــە ئـــیلقای خـــەیاڵ
لە پـــڕ و پـــووچ و ئـــەفکاری بـــەتاڵ

بـــۆ دەفــعی ئــەوە بــە ئــەمری خـــودا
لە نـــــەزغەی جـــیننی «فــاستَعِذ بِــاللّٰه»
بــە دەئــبی حــەزرەت بــە ویــرد و ئــەزکار
خـــــۆت بـــــپارێزە لە شـــــەڕی ئـــەشرار
چـــونکی پــێویســـتە بــۆ ئــەشیا ئــەسباب
لەگــەڵ تــەوەککــول بــە خــودای وەهــاب

فەسڵی سێهەم

فــەسڵی ســێهــەمین بــۆ روکــنی ســێهــەم
بــــاوەڕە بـــــەمە کـــــە خـــودای عـــالەم
بـــــە ســــــەفارەتی جـــــیبریلی ئـــــەمین
کـــــتێبـــی نـــاردووە لەبــۆ مـــوڕســـەلین
ســـەد و چـــوار کـــتێب خـــاڵی بـــە یـــەقین
لە شـــوبهە و ئـــیلقای جــینن و شــەیاتین
دە لەبــۆ «ئـــادەم»، پـــەنجا لەبـــۆ «شـیث»
ســـی هـــەناردووە بـــۆ ســەری «ئـیدریس»
دە بــــۆ «ئـــــیبراهـــیم»، ســــەدە تــــەواوە
ئــەم ســـەد کــتێبــە «صُــحُف»یـان نـاوە
«تەوراتِ» بۆ «مووسا»، «زەبوور» بۆ «داوود»
«ئینجیل» هــاتووە بـۆ «عــیسا»ی مـەسعوود
دڵت تـــــێك نـــــەچێ لەوە مـــوڕســـەلین
خـــــۆیــــــان زۆرتــــرن لە کــــتێبـــی دیــــن
چـــوون بــــە شـــەریکی زۆر لە مـوڕسـەلین
تـــەبلیغیان کــــردووە کـــتێبـــێکـــی دیــــن

ئــەعلای هــەموویان «قــورئان»ی مـوبین
هــات بــۆ مـوحەممەد «خـتم المـرسلین»
لە بـــیعسەتەوە تـــا کـــاتی وەفـــات
بە بیست و سێ ساڵ لەسەر لزووم هات
جــار جارێ ئـەهات حـەزرەتی جـیبریل
بـە ڕەنگـی دیـحیە بـۆ وەحـی و تـەنزیل
جار جار نەی‌ئەدی و هـەر دەنگـی ئـەهات
وەکوو دەنگی زەنگ لە ڕووی سەر بـیسات
بـەم نـەوعە وەحـیە زۆر مـانوو ئـەبوو
غـەرقی ئـارەقی بـێن‌خـۆشـی ئـەبوو
جــارێ نـیو ئـایەت، جـارێ یـەك ئـایەت
یـــا لەوە زیـــاتر لەســـەر کـــیفایەت
پێنج یـا دە ئـایەت یـا هـەمووی سـوورەت
بـە وێنـەی «کـوثر، اخـلاص» و «تـبّت»
جـــا ئـــەگـەر لەنـاو یـارانـا ئـەبوو
بـۆی ئـەخۆنـدنەوە تـەواو زوو بـە زوو
یـــا لەمـــاڵ بـــوایـە زوو ئـەهاتە دەر
یـــاران لەو وەحـــیە ئـەبوون بـاخەبەر
مـەعلوومی ئـەکـرد جـێی ئـایەتەکـان
هەم جێگای سوورەت بە ڕوتـبە و مـەکـان
کـــاتێ «بســم الله»ی بـۆ نـازڵ ئـەبوو
ئـەی زانـی سـوورەی پـێشـوو تـەواو بـوو
ســـوورەتێکـی کـە هـاتووەتە مـەیدان
لەبـــۆ تـــەبلیغی مـــوکەللەفەکـــان

خــــۆلاســـەی کـــەلام تـــەرتیبی قـــورئان
هــــەر بـــە حـــەزرەت بـــوو، بـیزانـه جـوان
دەخـــــڵی هـــــیچکەسێ لەوانـــــا نـــــییه
هــــەمووی بــــە وەحـــیەو هـــەر تـەوقیفییه
هـیچ دەسـتیان نـەبرد سـددیق و عـوسمان
لەبـــــۆ تــــــەرتیب و مــــەنهەجی قـــورئان
ســـددیق نـــووسییەوە ئـــایەت بـە ئـایەت
جــــــەمیعی قــــــورئان لەبــــەر ویــقایەت
عوسمان خــوێنـدنی قـورئانی یـەك خست
دەرگـــای جـیاوازی قـورئانخوێنـی گـرت

ئەو کەسانە کە هەموو قورئانیان لەبەر بووە

زۆر کەس حافیز بــوون بــۆ هــەموو قــورئان
«تــــــمیم الدّاری» و حـــــەزرەتی «عــــثمان»
«عُـــبادە» بـــاوکی مـــەشهوور بـــە سـامیت
چــوارەم حـەزرەتی «زیـد» کـوڕی سـابیت
«عـبدالله»ی کـوڕی عـەمری کـوڕی عـاس
«عبدالله»ی کـوڕی مـەسعوودی خــوا نــاس
«أُبَـــي» کــوڕی کــەعب، حـەزرەتی «مُـعاذ»
لەگــەڵ «ابـــوزید» لە خـــەڵکـــی حـــیجاز
ئـــــەو مــــــەسحەفانە کـــــە نـــیشان دران
لە پـــێش چـــاوانـــی شـــای پـــێغەمبەران
یـــەکـــەم مــــەسحەفی «ابـــنمسعود» بـــوو
مـەسحەفی «ابـي» دووهـەم مـەشهوود بـوو

سێهەم مەسحەفی «زید»ی بە لەهجە
حەزرەت ئەیخۆندۆ بەو نەوع و نەهجە
هەر بە نەهجی ئەو جومهووری ئەسحاب
ئەیانخۆندەوە «احسن الکتاب»
بۆیە سددیق و عومەری فارووق
زەیدیان دیاری کرد بە شەخسی مەوسووق
بۆ نووسینەوەی قورئانی کەریم
لەپاش وەفاتی ڕەسوولی عەزیم
هەروا عوسمانیش ئەوی هەڵبژارد
کاتی خوێندنەوەی یەك خست بۆ عیباد
یانێ مومتاز بوو لە لیجنەی تەحریر
لەبۆ حەوت نوسخەی قورئانی کەبیر

قیرائاتی سەبعە

حەزرەت فەرموویە خوێندیەوە جیبریل
بە یەك قەرائەت لە کاتی تەنزیل
داوای زیادەم کرد لە لەهجەی قورئان
تا موناسیب بێ بۆ گشت قەومەکان
«قضاعه» و «تمیم»، «کنانه» و «ثقیف»
هوازن» و «هُذیل»، «قریش»ی شەریف
ئەویش خوێندیەوە هەتا حەوت لەهجە
منیش وەرم گرت بەو نەوع و نەهجە
نەك هەموو لەفزێ، بەڵکوو هەندێکی
خوێندیەوە لەسەر شێوەی تایبەتی

ئەم جیاوازییەت بۆ ئەکەم مەعلووم
لەسەر بەیانی ئەربابی علووم
یا بە گۆڕانە لەبۆ حەرەکات
وەکوو لەفزی ﴿بخل﴾ لەسەر چوار جیهات
یا لە مەعنادا لەبەر تەرکیبات
وەك ﴿فَتَلَقّیٰ﴾ هەتا ﴿كَلِمٰات﴾ [1]
یا حەرف و مەعنا بێ‌سەرف و سوورەت
وەك ﴿تَتْلُو﴾ و ﴿نَتْلُو﴾ لەسەر بەسیرەت
یا سوورەت ئەڕوا و مەعنا ئەمێنێ
وەك ﴿بَصْطَة﴾ و ﴿بَسْطَة﴾ بە «صاد» و «سین»ێ
یا حەرف و مەعنا و سوورەت ئەبن گوم
وەکوو ﴿أَشَدَّ مِنْكُمْ﴾ و ﴿مِنْهُمْ﴾ [2]
یا بە تەقدیم و تەئخیری مەکان
یاخود تەغییرە بە زیاد و نوقسان
لەبۆ ئەووەڵیان ئەڵێم نموونە
﴿فَيَقْتُلُونَ﴾، ﴿وَ يَقْتُلُونَ﴾ [3]
نموونەی دووهەم ﴿أَوْصىٰ﴾ و ﴿وَصىٰ﴾یە
ئەم تەفسیلاتە تەواو رەسایە
بەڵام ئیزهار و رووم و ئیدغام
یاخود ئیختیلاف بە لەهجەی ئیشمام

---

١. بقره/٣٧. ٢. توبه/٦٩.
٣. توبه/١١١.

ئـــیختیلافێك نـــین بـــۆ لەفـــز و مـــەعنا
ســـیفاتی لەفـــزن بـــۆ لەهـــجە و ئـــەدا

***

بـەعزێ ئـوستادی فـەزڵ و دیـرایـەت
بـۆ زەبـتی جـیایی لەفـز و قـیرائـەت
ئـــەڵێ ئـیختیلاف یـا لە لەفـزایـە
بـــەبێ گـــۆڕانـــی مـــەعنا لەولایـــە
یـــا ئـــیختیلافە لە لەفـــز و مـــەعنا
دوو مەعنای سەحیح بە ئەسڵ و مـەبنا
لێرا ئـــایەتێ وەکـــوو دوو ئـایەت
مـــەعنا ئـەبەخشێ لەسـەر حـەقیقەت
وێنـەی ﴿مٰـالِكِ یَـوْمِ الدِّیـن﴾ لەگـەڵ
﴿مَلِكِ یَوْمِ الدِّین﴾[1] ئەی برای ئـەفزەڵ
دوو مـــەعنا ئـەدەن، ئـەووەڵیـان وایـە
«خـــودا مـــالیکی ڕۆژی جـــەزایـــە»
مـوتەسەڕریـفە لەسـەر مـەیلی خـۆی
ئـــیعتیرازی کـــەس لایـــق نـییە بـۆی
مـــەعنای دووهـەمیان «خـودا پـاشایە
چی ئـەکـا ئـەیکا لەم ڕووی دونـیایە»
مـــەیلی چـی بکـا هـەموو دێتـە جـێ
لەم دونـــیا هـیچی لە دەس دەرنـاچێ

***

---

١. فاتحە / ٤.

بەڵام دوو مەعنا ئەمیان لەو جیا بێ
یەکێکیان «ئا» بێ و یەکێکیان «نا» بێ
لە قیرائەتا لەسەر ئیستیقرا
نییە بە قسەی سەرجەمی قوڕڕا
«ابن قتیبه»ی عالمی کوردان
ئەڵێ لە کتێبی «مشکل القرآن»
بۆ ئیختیلافی خوێندنەوەی قورئان
دو ئیحتیمال هەن بە عەقڵ و ویجدان
ئەووەڵ ئەمەیە دوو مەعنای سەریح
ئیفادە بکەن مەقبووڵ و سەحیح
ئەم نەوعە زۆرە لە لەهجەی قورئان
هەر لەبەر زۆری نایەوێ بەیان
دووهەمەکەیان ئەوەیە کە وا
دوو مەعنا بدا یەك لە یەك جیا
هەرگیز ئەم نەوعە نییە لە قورئان
سەد شوکر و سەنا بۆ زاتی یەزدان

قیرائاتی سەبعە

ئەم حەوت لەهجەیە موتەواتیرن
لە ناو قوڕڕادا هەموو زاهیرن
حەزرەت ئەیخوێندۆ قیرائەتەکان
بۆ هەر تیرەیێ بە لەهجەی خۆیان
لە لەهجەی حەزرەت گشت خەبەردار بوون
بۆ وەرگرتنی هەموو هۆشیار بوون

چــین چــین ئـەو لەهـجە گـەییوە پـێمـان
بـــە جــەمعێکـــی زۆر لە مـــوسوڵمـــانان
یـــەعنی عــــولەمای بــەرزی عــەللامە
وەك «ابـــنالحـــاجب» هــەم «ابــوشامە»
لە تـــــەواتـــورا ئـــیستیسنا ئــەکـــا
ئـــەوەی تـــابیع بــێ بــۆ وەزعـــی ئــەدا
بــە وێنــەی مــەدد و ئــیمالە و ئــیشمام
«تــخفیف الهــمزە» و وەزعــی ئـیدیغام
حــــەددی ئــەمانە زەحــمەتە بــە چـــاو
کـــە بــە تــەواتــور دیــار بــن و بــڵاو
فــەقەت حــرووف و حــەرەکـە و سکـوون
ئـــەسڵی ئــەمانەیش بــەبێ چــەن و چــوون
چـــونکی ئــیعجازیان بــۆ عــام مــەلحووزە
هـــــەتا قـــیامەت عـــەینەن مــەحفووزە

قوڕای سەبعە

ئەو قوڕای سەبعەی مـەشهووی دونـیا
بۆ عیلم و فــەزڵ و بــۆ زوهـد و تــەقوا
«نافِع» و «حَمزە»، «کسائی» و «عاصم»
پێنـجەم «ابـوعمر» و «عــادل»ی عــالم
«ابــــنکثیر»ە هــــەم «ابــــنعامر»
لە قــــیرائـــەتا ســــەرۆك و ئــامیر
گشــتیان هــەیانە یــەکـێ دوو ڕاوی
بـــۆ زەبـتی لەهـجە بـاش بـە تـەواوی

ڕاوی لە عـــاسم «شـــعبە»ی ئـەسەدی
دووهەمیان «حَفص»ە مەردی موقتەدی
لەسەر لەهجەی حەفس وڵاتی ئیسلام
قورئان ئـەخوێنـن خـەواس و عـەوام
عـــاسم لە «حـــبیب» حــەبیبی وەلی
لە «زیـد» و «اُبـیْ» «عـثمان» و «عـلی»
خـــودا ڕازی بـــێ لێیـــان ئـەجمەعین
لە ئـــــەتباعیشیان هــەتا ڕۆژی دیـــن
خـــودا حـــەل بکـــا مـــوشکڵاتـــمان
بـــە فـــەزڵی ئـــەوان بـــدا نـــەجاتمان

کێ نوختە و ئیعرابی قورئانی دانا؟

ئـــەلفازی قـــورئان بـــێنـــوقتە و ئـــعیراب
دائـــیر بـــوو لەنـــاو ئـــەفرادی ئـــەسحاب
چـــوون ئـیعتیمادیان لەسـەر تـەعلیم بـوو
دڵیـــان بـۆ دەئـبی حـەزرەت تـەسلیم بـوو
کـــاتێ پـــەرەی ســـەند ئـــیسلام لە عـالەم
تێکـەڵ بـوون بـە یـەك عـەرەب و عـەجەم
«زیـــــاد»ی «ابـــــنابـــــیە»ی مـــەشهوور
ڕەئـــیس و والی بـــۆ بـــەسرەی مـەعموور
بـــاش تـــێیـــان گـــەیاند تـەریقی سـەواب
وایـــــە دابـــــنێ بـــــۆ قـــورئان ئـــیعراب
ئـــینجا ئـــەمری کـــرد بـــە «ابـــوالأســـود»
ئـــیعرابـــی دانـــا بـــە نـــوختەی مـــوفرەد

ئــەم وەزعــە مـاوە تـا عـەهدی «حـجاج»
عــاميلی عــێراق بــۆ دەخــڵ و خــەڕاج
ئــەمری کــردە ســەر «نــصر بــن‌عاصم»
هــەم «يــحيی»ی کـوڕی يـەعمەری عـالم
نــوختەيان دانــا بــە تــاق و بـە جـووت
بۆ حەرفی مەنقووت، مەعلووم و مەزبووت
نــوختەی قــەديميان گــۆڕی بـە ئـيعراب
بــۆ دەفــعی غــەڵەت لە قــوڕای کــيتاب
ئــــيتر هـــــەروەها خـــــوتووتی کـــووفی
مــــايەوە لەســــەر شکــڵی مــەعرووفی
هــەتا ســێســەد و کــەسرێکــی هـيجری
کـــــە «ابــــن‌مُقله» کـــردی بـــە «بَـصری»
ئــينجا حــرووفی مــەسحەفی عــوسمان
هەرچـی نـووسرابـوو بـێ‌زيـاد و نـوقسان
بــە شکــڵی بــەسری هــەمووی نــووسرا
قـــورئان بــە بــەسری ئــيستينساخ کــرا
بــۆ ئــەو حــەرفانەيش تـەوقيف ئـەساسە
خـــاريجی ئـــيسم و ڕەســمی قــياسە
کـــەس حــەقی نــييە بــۆ زيــاد و کــەم
حــــــــەق ئــــيتتيباعە «والله اعـــلم»
ئــــەم مــــوختەسەرەم لەم بــابە نــووسی
لەبـــۆ خـــزمەتی قــــورئانی قــودسی
خــودا نــووری قــورئان بکـا بـە يـارمان
ســــاحێبــەکــەيشی بــە تکــاکــارمان

لە مـــوشكلاتـــی دونـــیا و قـیامەت
رزگـــارمان بكـــا ســـاغ و ســەلامەت

فەسڵی چوارەم روكنی چوارەمە

روكــنی چـوارەمـین ئـەی بـرادەران
تــەسدیقە و بـاوەڕ بـە پـێغـەمبەران
لەفــزی پـێغـەمبەر یـانێ پـەیغامبەر
پــەیغامی خـــودا دێنــێ بـۆ بـەشەر
پــێغــەمبەر پـیاوێ ئـازاد لە بـەشەر
شەرعی بۆ هاتبێ لای خودای ئەكبەر
لەبــۆ تــەربییەی عــوقەلای ئــافاق
بۆ خودا ناسی و ئوسووڵی ئـەخلاق
بـــۆ لابــردنی رەزیــلەی نــەفسی
بۆ دەفعی هەوا و ئارەزووی شەخسی
هـەتا بـەكـار بـێ بـە روونـاكـی دڵ
بۆ ئـیشی خـۆی و تـەدبیری مـەنزڵ
بــتوانــێ بكــا ئــیدارەی بــەشەر
لەسەر میقیاسی شـەرعی پـێغـەمبەر
خــۆلاسـەی كـەلام بگـا بـە كـەمال
لەبــەر پـەیڕەوی وەزعـی ئـیعتیدال
لەسەر رەزای حـەق وەربگـرێ سـزا
تــا ســەرفەراز بــێ لە رۆژی جـەزا
پێغـەمبەر ئـەبێ بـە عـەقڵ و ئـیدراك
بە شەرم و شكۆ و بە ئەخلاقی چـاك

پــایەی بــاڵا بــێ لە هــاو عــەسرانــی
لەبــەر تــەربییەی ئــوممەتەکــانی
پــێغــەمبەر ئــەبێ نــەسەبی پــاك بــێ
نــەسەبی دارای حــەسەبی چــاك بــێ
باوك و دایکی ئەو بە فەزڵ و شەرەف
بۆ گــەوهەری ئــەو ببن بــە سـەدەف
ئــەبێ بــەری بــێ لە کــەسبی ڕەزیــل
ئەوانــەی عــەیبن بــۆ پیاوی جــەلیل
ئەبێ مەحفووز بێ لە دەرد و عیللەت
ئــەوەی قــەبیحە بــە تــەبعی میللەت

«بَعث»ی پێغەمبەران بە قەتعی پێویستە

ئینسان با ژیر بێ هەر عەقڵی خامە
لەبــۆ بــەعزێ شت عــەقڵی نــەفامە
یــا بــا دانــا بــێ بــە ئــیشی دونــیا
ئــاگــادار نــییە لە کــاری عــوقبا
هەر داگیر ئەکرێ بە هەوای نەفسی
ئەکەوێتە شوێن ئەغرازی شەخسی
چــونکە نــەیدیوە ڕۆژی قــیامەت
خۆی ئەهاوێتــە چــاهی نــەدامــەت
ئەگەر عــەقڵی تــۆ وەکــوو چــرایــە
نــووری ئــەنبیا شــەمسی «ضــیا»یــە
هەر پێویستە بۆی نووری هیدایەت
کــە لە ئــەنبیا ئــەکا سیرایــەت

ئەو نووره مایەی شەرحی سدووره
بۆ ئەو قـووەتە ئـینسان مـەجبووره
هەر بەو نوورەیە کاتێ هـەڵگـیرسێ
بێ ئەوەی زاهـیر لە کـەس بـترسێ
لە ئـیشی چـاك و خـراپ ئـەپرسێ
لە سـزای ڕۆژی جـەزا ئـەترسێ
هەر بەو نوورەیە کە هۆشـیار ئـەبێ
لەسـەر قـیامەت خـەبەردار ئـەبێ
بۆ خۆی و بۆ خەلق ئەکـەوێتـە ڕێ
هەر مەشغووڵ ئەبێ بە ئیشی بەجێ
بە قـەد ئـیتاعەی هـەوای نـەفسانی
ئـینسان نـاقیسە نـووری ئـیمانی
ئـیمانی کـامڵ نـوورێکـی پـاکـە
هەرکەسێ بـیبێ کـردەوەی چـاکـە

فەرقی «نَبی» و «رسول»

لەلای بەعزێ کەس نەبی و ڕەسـوول
موساوی یەکن بە مـەعنا و مـەدلوول
هەردوو ساحێبن بـۆ شـەرعی بـەلیغ
هەردوو مەئموورن بۆ نەشر و تەبلیغ
بەعزێکیش ئـەڵێن ڕەسـوول ئـەوەیە
بـۆ تـەبلیغی دیـن ئـەمری پـێ هـەیە
ئەگـەر بـۆ تـەبلیغ ئـەمری پـێ نـییە
پێی ناڵێن «رسـول»، ئـەوە «نـبي»یـە

بەعزێکیش ئەڵێن تەبلیغ هەر ئەبێ
ببێ، ڕەسوول بێ، یاخود نەبی بێ
لاکین کتێبی تازە فاریقە
یا نەسخی حوکمی شەرعی سابیقە
یەکێ لەمانە شەرتە بۆ ڕەسوول
نەوەك بۆ نەبی ئەی برای مەعقوول
نەسخی بێ کتێب وایە بە ئیلهام
تێ بگا نەسخی بەعزێ لە ئەحکام

عیسمەتی ئەنبیاعلیهم السلام

لەسەر تەحقیقی سەعدی تەفتازان
تاجی عیززەتی سەری سەربەرزان
لەپاش «نبوّت» سابتە عیسمەت
لەبۆ ئەنبیای ساحێب کەرامەت
لە گوناهانی کەبیرە موتڵەق
هەم لە سەغیرەی عەمدی موحەققەق
هەروا لە سەهوی سەغیرەی خەسیس
چوون لایق نییە بۆ پایەی ڕەئیس
ناقیلی گوناه بۆ شەخسی ئەوان
ئەگەر ئاحادە مەردوودە جوان
ئەگەر مەشهوورە تەئویلی ئەکرێ
مەحمەلێکی باش لەبۆی دائەنرێ
ئەگەر قەتعی بێ مەحموولە لەسەر
پێش نبووەتی ڕەسوولی سەروەر

یا نـیسیان، یـاخود «خـلاف الأولیٰ»
ئــیتر لا مــەدە بــۆ ئــەمڵا و ئـەولا

لە ئەسڵی نبووەتا فەرقی ئەنبیا نییە

بـــــۆ پــــێغـــــەمبەران نـــییە تـــەفاوەت
لە ئـــــەسڵی وەزعـــــی وەســــفی نـــبووەت
هـــــەرکەس هـــــەریەکــێ لەوانــە تــەکــزیب
بکـــــــا، ئـــیمانی نـــابێ بــــە نســـیب
هـــیچکەس لە پـــــەری و فـــریشتە و ئـــینسان
نـــاگـــا بـــــە پـــــایە و مــــەرتەبەی ئـــەوان
لەنـــــاو خـــــۆیـــــانا ســـــەلەف و خــــــەلەف
بـــــەعزێ لە بـــــەعزێ ئــــــەفزەڵ و ئـــــەشرەف
دروســـــتە بــــە شـــــەرع بـــــڵێی ئـــــەفزەڵە
لە غـــــەیرە مـــــوڕســـەل هـــەرکام مـــوڕســـەلە
ســـێســـــەد و ســـیازدە یـــا پـــازدە ڕەســـوول
لە ئـــایە و حـــەدیس ســی کـــەسیان مـــەنقوول
«آدم»، «شیث»، «ادریس»، «نوح»، «هود»ی جـەلیل
«صـــــالح»، «ابـــراهـــیم»، «لوط» و «اســـماعیل»
«اســحاق» و «یــعقوب»، «یــوسف» و «ایــوب»
«ذوالکفل» و «شُعَیب»، هەم «موسی»ی مەحبووب
«هـــــارون» و «یـــــوشَع»، «الیَسَـــع»، «الیـــاس»
«اشـــــــمویل»، «داود»، «ســــــلیمان»ی ڕاس
«عُــــزَیر» و «یــــونس» «زکـــریا» و «یــحیی»
«عـــیسی»ی مــەسیح و «شــمعون» لەگــەڵیـــا

ئـــینجا «مُــــحمّد» ســـــاحێب مــــوعجیزات
ڕۆژی هـــــیدایـــــەت لەبــــۆ مــــەخلووقات

«اولوالعزم»ەکانیان

پێنـجەی «اولوالعـزم» بـە «عـلم الیـقین»
ســەردارن لە نـێو جـەمعی مـوڕسـەلین
ئـــــەو زەواتـــانەن «اولوالعـــزم»ەکـــان
لە تـــــەبلیغاتا کـــــەوتوونە تــــەکـــان
ڕەحـــمەتی زۆریـان بـە دەسـتی ئـەعدا
لە تـــــەبلیغاتا هـــــاتووە بــــە ســـەردا
هەر سابیر بـوون بـۆ ئـێش و ڕەحـمەت
لەبـــەر تـــەربییە و تـــەنویری ئـوممەت
«نوح» و «ابراهیم»، «موسی»ی بن‌عمران
«عیسی» و «مـحمّد» شـای پـێغـەمبەران
نـــووح «نـجيّ الله»، ئـیبراهـیم «خـلیل»
مـــووسا «کـــلیم»ە بـۆ خـودای جـەلیل
نــــەجی پــــارێزراو خــەلیلیش یـــارە
کــەلیم هـــاوڕازی خــــودای غـــەففارە
عـــــــــیسا «روح الله» و «کــــــلمة الله»
یــەعنی پــەیدا بـوو بـە ئـەمری خـودا
بێ واسـیتەی بـاب بـە نـەفخی قـودسی
بـە فـووی جـوبرەئیل بـە دەم و دەسـی
مـــــوشتەبیهـ نـــەبی تـــۆ لەم ئــەحواڵە
ئـیحتیمالی حـەق چـوار ئـیحتیماڵە

ئــادەم پــەیدا بــوو بـەبێ دایك وبـاب
حــەوا بــەبێ دایك عــیسا بـەبێ بـاب
بــاقی ئــادەمی بـە هـۆی دایك و بـاب
قــــودرەتی خـــودا نــایەوێ حــیساب

موعجیزاتی ئەنبیا

بــۆ دەلیــل لەســەر سـیدقی ئـەنبیا
خـودا مـوعجیزەی پـێدان لە دونـیا
موعجیزە ئیشێ ئوممەت پێی نەکرێ
دەعوای نبووەت پێی تەرویج بـدرێ
بــێ مـوباشەرەی ئـەسباب و مـاددە
بە قودرەتی حەق بـە «خـرق العـادە»
لەبۆ سەربەرزی جەمعی مـورسـەلین
تا تەسدیق بکرێن بۆ ئەحکامی دیـن
عورفەن مەشرووتە ئیسمی موعجیزە
بــــە مـــوجادەلە و بـــە مـــوعارەزە
بــێجگــە لەوانــە هــەر «کـرامت»ە
ئــەگـــەر زەمــانی دوای ریســالەتە
لە پـێش نـبووەت «إرهـاص»ە یـەقین
ئــەساسە لەبــۆ پـایەی مـورسـەلین

بەیانی دەلیلی شەرەفی حەزرەتﷺ
بەسەر ئەنبیا و مورسەلینا

بە گەلێ دەلیل حـەزرەتی ئـەحمەد
لە ناو مورسەلین ئەشرەفە و ئەمجەد
هەر لەبۆ ئـەو بـوو گـەلێ لە ئـاسار
نـەك لەبـۆ بـاقی روسـولی ئـەخیار
دەوامــی بـەعزێ مـوعجیزەکـانی
وەکوو گـەوهەری لەفـزی قـورئانی
دینی جامیع بوو بۆ زۆر عـیبادەت
نەبوون بۆ باقی ئوممەت و میللەت
پـارێزرا هـەموو ئـوسووڵی دیـنی
لە شوبهە و تـەحریف بـە نـائەمینی
شەرعی بەکار دێت بۆ هەموو زەمان
دەعوەتی عام بوو بۆ هەموو جیهان

باسی بەعزێ سیرەتی گەورەی حەزرەتﷺ

هەتا نـەفعی بـێ مـەوعیزە و ئـیرشـاد
قەت مەیلی نـەبوو بـە زەجـری عـیباد
زاتــێ ﴿رَحْــمَةً لِــلْعَالَمِين﴾ [١] بــێ
چــۆن ئـەبێ بـەشەر لەو نـائەمین بـێ

---

١. انبیاء/١٠٧.

زۆر لە قــەبیلە و کــۆمــەڵی عــەرەب
هــەر بـە مـەوعیزە گـەیین بـە ئـەدەب
فەقەت کە چاریان نـەکـرا بـە ئـیرشـاد
دوژمن دەستیان کرد بە شـەڕ و فـەساد
نــاچار بـۆ نـەشری ئـیسلام و ئـیمان
ئــــیزنی شـــەڕ درا لەگــەڵ کــافران
لەبــەر شــوجاعەت لە کـاتی نـەبەرد
هەرگیز لە دوژمن پشتی هـەڵ نـەکـرد
چوون بە ڕۆح و گیان بۆ دین ناسر بوو
لە نـۆ حـەربەدا خـۆیشـی حـازر بـوو
بەدر و ئوحود و «مـریسیع»، خـەندەق
«قریظه» و خەیبر راست و مـوحەققەق
لە فەتحی مەککە و حونەین و «طائف»
فــەقەت بــزانــە ئــەی بـرای عـارف
هــەر بــە تـەئییدی قـەزای سـەماوی
مــەککــە بــەبێ شـەڕ ڕۆیـینە نـاوی
وا ئـەبێ بـۆ دیـن تـەئیید و نـوسرەت
گشت ئەمانە بوون دە ساڵەی هیجرەت
ئــەو بــڕی ڕشــتەی فــەسادی بـتان
بــەو فــەوتا ئـیفساد لە بت پـەرستان
بــەو شکــا هـێزی کـوبیاری عـەرەب
دامــــەزرا پــایەی زانــین و ئــەدەب
نـەوانـدی پشـتی بـەدخواهـانی دیـن
دایمــەزران بــەردی بـناغەی یـەقین

تــەربییەتی کــرد شــاری و لادێیــی
دەوار نشـــینی وشکـــی بـــەدەوی
بە هۆش و کەماڵ گشت بوون بە ئینسان
بوون بە مـەرکەزی دائـیرەی ئـیحسان

***

خوا ئەمری کرد بـە پـێغـەمبەران ئەگەر بیبینن پـێی بـێنـن ئـیمان
ئەگینا بڵێن بە هـەموو ئـوممەت حازر بن لەبۆ تەسدیقی حەزرەت
بۆیە نیشانەی ئـەو شـاهە گـەورە لە عـهوودا بـوو دەورە بـە دەورە

گردەوە بوونی عیبادات لە دینی حەزرەتاﷺ

هەرکەس ئاگای بێ لە تاریخی دیـن
لە عـــیبادەتی دەورەی مـــوڕســـەلین
ئـــەزانـــێ ئـــەوەی لەم دیـــنا هـــەیە
لەبـــۆ ئـــوممەتی «خـــیر البـــریّە»
لە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و جـیهاد
حە جی «بیت الله» و ئەزکار و ئەوراد
لە هـــیچ دیـــنێکـا گـرد نـەبووەتەوە
لەبـــۆ پـــێشـــینان نـــەبوونەتەوە

«اصول» و «فروع»ی دینی پارێزراوە

دینی مـەحفوز بـوو لە دەسـتی تـەحریف
لە تـــەعەڕڕوزی ئـــینسانی کـەسیف
سـەلەف و خـەلەف بـە ڕووی حـەقیقەت
بـوون بـە حـەرەسی حـەددی شـەریعەت

دائـــیم قـــەلەمدار مـــوهەییا و هـــۆشـیار
بـــۆ دەفـــعی مـــوفسید ئـازا و خـەبەردار
ئـەمما هـەر عـەهدی مـووسا بـێ ئـەجەل
یەهوود پەرستیان «عجل»ی موستەعجەل
لەپـــاش وەفـــاتی گـــۆڕیـــیان تـــەوراتَ
ئـــایاتی حـــەقیان کـــرد بـــە خـــەرافـات
لە عـــەهدی خـــۆیـــا مـــەسیحی جـەلیل
هەرچی خـوێنـدەوە نـوسووسی ئـینجیل
پـــاش رەفـعی عـیسا فـیرقەی عـیسەوی
تـێکـیان دا حـوکم و شـەرعی نـەبەوی
بـە ئـارەزووی نـەفس کـەوتنە «تـضلیل»
هـــەموو لایـــاندا لە حـــوکمی ئـــینجیل
ئـــــینجیلەکـــــەیان نـــــەما لە بـــــەینا
جـــا چـــوار ئـــینجیلی جـیاوازیـان دانـا
ئـــەغلەب تـــاریخن بـۆ حـالّی شـەخسی
بـــێ رەبـــتن لەگـــەڵ ئـەحکامی قـودسی
«مـارقوس» و «مَـتیٰ»، «لوقـا» و «یـوحنا»
ئـەم چـوار کـەسە بـوون ئـینجیلیان دانـا

دینی ئیسلام بەکاری هەموو زەمانێ بێت

ئەگەر بـیتە سـەر تـەحقیق و تـەتبیق
بۆ دینی ئیسلام بـە گـوێرەی تـەدقیق
باش حالّی ئـەبی کـە دیـنی ئـیسلام
بـــەکـــارە لەبـــۆ جـــەمیعی ئـــەنام

مـەعنا و مـەفهوومی ئـایاتی قـورئان
کــافییە لەبــۆ گشت دەور و زەمـان
مــوفیدە لەبــۆ مــەعاش و مــەعاد
کـــافییە لەبـــۆ جـــەمیعی عـــیباد
حــافیزە لەبــۆ نــفووس و ئــەموالْ
ناموس و حقووق، حەرام و حەڵاڵ
جامیعە لەبۆ وەزعـی دونـیا و دیـن
چ بــۆ قــیامەت، چ بـۆ حـاڵی ژیـن
قـــەراری داوە وەزعـــی ئـــیعتیدال
بــۆ کـاتی حـاڵ و رۆژی ئیستیقبال
هەرچی پاشکەوێ مـیللەتی ئـیسلام
لەبــــەر لادانــە لە دیــنی ئــیسلام
کــاتێ ئــەحکامێ ئــیحیا بـێتـەوە
عـالەم بـە جـارێ گشت ئـەژێتەوە
سیرڕی ئەحکامی هـەموو روونـاکـە
دەلیـــلی رێکـــی عـەقڵ و ئـیدراکـە
بــۆیــە نــاسیخە دینی بـۆ ئـەدیان
حـەزرەت خـاتەمە بـۆ پـێغـەمبەران
حـەزرەتی عـیسا کـاتێ دێتە خـوار
دیــنی ئــیسلامی ئــەکـا ئـیختیار

ریسالەتی حەزرەت عام بوو

عـــەلاوەی ســـابیق بـــزانــە یـــەقین
حەزرەت رەحمەت بـوو لەبـۆ عـالەمین

بوو بە پێغەمبەر شاهی «خیر النّاس»
لەبۆ تەربییەی هەموو جینن و ناس
بانگی کرد بۆ دین ڕەش و سپی و سوور
کاغەزی نووسی بۆ نزیك و دوور
کاغەزەکانی دەعوەتنامەی ئەو
هەموو ئاشکران بە نوور و پڕتەو
ئەمما غەیری ئەو لە پێغەمبەران
هەریەك بۆ جەمعێ ڕەوانە کران
ئادەم بۆ زومرەی ئەولاد و ئەحفاد
شیس بۆ سەر برا و برازا و ئەولاد
ئیدریس بۆ فیرقەی ئەولادی قابیل
نووح بۆ کۆمەڵێ بت خواهی عەلیل
هوود بۆ قەومی عاد، ساڵح بۆ سەموود
ئیبراهیم بۆسەر تایفەی نەمروود
لووت بۆ تایفەی سەرکێشی سەرمەست
بێ شەرم و ئەدەب، فاحیشە پەرەست
ئیسماعیل بۆسەر عەرەبی حیجاز
ئیسحاق بۆ ئەهلی شامی بە ئیعزاز
حەزرەتی یەعقووب بۆ ئەهلی نەجڕان
بۆ مەنعی کوفر و ئەسبابی خوسران
یۆسف لە میسرا بۆ قیبتییەکان
ئەییووب لە شاما بۆ ئەهلی حەوران
«ذوالکفل» بەشیر بۆ تایفەی رووم
شوعەیب بۆ ئەهلی مەدیەنی مەحرووم

هەم بۆ «اصحاب الأیکه»ی بێتەمکین
فەوتان بە سەیحەی بەهێز و غەمگین
مووسا بۆ قەومی بەنی ئیسرائیل
هەم بۆ سەر قیبتی و فیرعەونی عەلیل
حەزرەتی یووشەع، ئلیاسی جەلیل
پاش ئەو ئەلیەسەع، پاش ئەو ئیشموویل
داوود، سولەیمان، عوزەیری جەلیل
مورسەل بوون بۆسەر بەنی ئیسرائیل
یۆنس بۆ ئەهلی خاکی نەینەوا
ئیمانیان هێنا سەد هەزار بالا
زەکەریا و یەحیا، هەم عیسای جەلیل
شەمعوون بۆ فیرقەی بەنی ئیسرائیل
هەموو مەعلوومن بە «علم الیقین»
لەلای ئەوانە عالمن بە دین

***

لەبەر شەرەفی ئەو شای مەردانە
ئوممەتی چاکتر لە ئوممەتانە
ئینسانی عاقڵ باش خەبەردارە
گەورەیی دەستە لەبەر سەردارە
دەلیلی نەقلی بێخیلاف و باس
﴿خَـيْرَ أُمَّـةٍ أُخْـرِجَتْ لِـلنَّاس﴾ [1]

---

١. آل عمران/ ١١٠.

دەلیـــلی عـــەقڵی وایــە مــوفەسسەڵ
شــەرافــەت حـەسرە لە عـیلم و عـەمەڵ
کــەماڵی عــیلمی بــۆ ئــەهلی ئــیسلام
لە ئـــیعتیقادا بـــۆ دیـــن و ئــەحکام
پـــایەی گــەیشتە ئــەوجی عــەزەمەت
مەخسووس بۆ فیرقەی عولەمای ئوممەت
عـــەمەڵ یـــا بــە دڵ یــا بــە زمــانە
یـــاخود بــە بــاقی ئــەعزا و ئــەرکانە
بـــە دڵ و زمـــان نـــایەوێ ئــیسبات
لەپـــاش ئــیعتیقاد بــە زات و ســیفات
ئـــەو تـــەنزیهات و تــەقدیسە تــامە
کــە روکــنی دیــنی قــەومی ئــیسلامە
ئـەو جـەزم و یـەقین بـێشـوبهە و رەیـبە
ئـــەو ئــیعتیقاد و ئــەوزاعــی غــەیبە
ئــەو دوعــا و زیکــرە و ئـەو ئـیستیغفارە
ئـــەو تـــیلاوەتە کـــە بـــەرقەرارە
بــۆ هــیچ ئــوممەتێ نــەبوە بــە دەوام
ئـــیللا بــۆ قــەوم و مــیللەتی ئــیسلام

***

عــەمەڵ بــە ئــەرکان وەکــوو عــیبادەت
یـــاخود ئــاساری ئــەخلاق و ســیرەت
وەکـــوو غـــیرەت و شــەرەف و وەفــا
وەکـــوو راســـتی و ســـەماح و ســەفا

وەکوو سـەرفی مـاڵ بـۆ ڕێگـەی ئـیرشـاد
وەکـــوو هــیجرەت و نـوسرەت و جـیهاد
هـــــەرکەس بـــــزانــێ تــاریخی ئــەییام
ئـــەزانــێ پـایەی بــۆ قــەومی ئــیسلام
بە خسووس ئەسحاب و تـەبەقەی سـەلەف
وەریان گرت ئەوجی سەربەرزی و شەرەف

تەرتیبی شەرەفی ئەسحاب

لەســــەر تـــەرتیبی وەســـفی خـــەلافەت
هەر پـێنـج خـەلیفەی سـاحێب شـەرافـەت
پاش ئەوان «حسین» جا «حمزه» و «عباس»
ئـــەمجارە بـــاقی عـــەشەرەی حـــەقناس
«طـــــــلحە» و «زبـــــیر» و «ابـــــوعبیده»
«عـــــبدالرحـــــمن» و «ســـعید» و «ســـعد»ە
ئینجا سێسـەد و سـیازدەی ئـەهلی بـەدر
غـــەیری ئــەوانــەی رابــووران بــە قــەدر
لە هـــــەر مـــــاڵێ بـــــن نـــاوی ئــەمانە
یــــا لای هـــەرکەسێ چـــاکـــە، بـــێزانـــە
یـــــانێ ســــــەبەبە لەبــــۆ بـــــەرەکـــەت
لەبـــۆ ڕزگـــار بـــوون لە شـــەڕ و ئـــافەت
تکـــــــــا بـــــــــەمانە لە کـــــاتی ڕجــــــا
بــــۆ هـــــەر مــوشکڵێ بــەی ئــیلتیجا
مـــــایەیە لەبـــــۆ کـــــەشف و ئـــــیجابە
لەســــــەر تــــــەجرەبەی ئــــەهلی ئــیسابە

جـا ئـەهلی ئـوحود حـەوسەد ئـەسحابە
هـــەموو مـــوهەییا وەك شـــێری غـــابە
ئـــینجا ئـــەسحابی «بـیعة الرّضـوان»
هـەزار و چـوارســەد بـە سـیمای جـوان
پـاش ئـەوان بـاقی ئـەسحابی حـەزرەت
بەگـوێرەی سـەبقی هـیجرەت و نـوسرەت
تـــەرتیبی ژنـــان «فـــاطمە»ی زەهـــرا
ئـینجا «خـدیجە» و «عـایشە»ی حـەمرا
ســـەییدە «حـــفصە» و «امّ حـــبیبە»
ســـەییدە «سـودە»ی مـەشرەب نـەجیبە
«امّ ســلمە» و «مــیمونە» و «زیــنب»
جـا «جـویریە» و «صـفیە»ی بـە ئـەدەب
ئـــەمجارە بـاقی ئـەسحابی حـەزرەت
لە ژنـــان بـەپێی هـیجرەت و نـوسرەت
لەپـــاش ئـــەسحابە فـیرقەی تـابیعین
بـە خســووس عـولەما لە مـوجتەهیدین
«خَـــیْرُ الْـــقُرُونِ قَـــرْنِي» مـــیقیاسە
بـــۆ تـــەرتیبی عـام وێنـەی ئـەساسە
بـــەم تـەرتیبە فـەزڵ عـەینی ئـینسافە
لەمـــە لابـــدەی نـــاحەق و لافـــە
وایـــە مـــەشرەبی ئـەئیممەی سـەلەف
پـــەیڕەوی ئـەوان حـەقە بـۆ خـەلەف

***

بەعزێ ئەرپابی بیدعەت و خیلاف
ئەڵێن بە شێوەی شوومی ئیعتیساف
لە خولەفادا عەلی ئەفزەڵ بوو
ئەو موستەحەققی روتبەی ئەووەڵ بوو
هەرچەن لەم باسا زۆر بوو قیل و قال
کێشایەوە سەر نیزاع و جیدال
منیش بۆ ئەهلی ئیحقاق و ئینساف
چەن دەلیل ئەڵێم بۆ دەفعی خیلاف

***

یەکەم دامەزرا ئیجماعی ئەسحاب
لەسەر ئەبووبەکر بە سیدق و سەواب
حەزرەتی عەلیش قەناعەتی کرد
ئەویش بێ‌نیزاع باش بەیعەتی کرد
گەر حەق نەبوایە گەورەیی سددیق
نەئەهاتە جێ ئیجماع بە تەحقیق
ئەگەر ببوایە نەسسێکی جەلی
ئەی‌کرد بە دەلیل حەزرەتی عەلی
تەسەوور نەکەی عەلی زەعیف بوو
چونکی ئەوەندە مەردی شەریف بوو
مادام لای‌دایە لە ئەفکاری عام
دەستەی زۆر ئەبوو لە سەحبی کیرام
عەلاوە شەخسێ ساحێب شەرافەت
چۆن قەبووڵ ئەکا غەسبی خەلافەت

دووهەم ئەسحاب و حەزرەتی عەلی
لەگەڵێ جاردا بە وەزعی جەلی
بانگیان لێ ئەکرد بۆ پایە و جاهی
«یَا خَلِیفَةَ رَسُولِ اللّٰهِ»
فەرموودەی ئەوان ڕاست لەتیفەیە
خۆیان جاریان دا ئەو خەلیفەیە

***

عەلی وەریگرت خۆی لەو خەلیفە
جارییەی قەومی بەنی حەنیفە
دایکی موحەممەد حەنەفی نەسەب
ساحێبی جاه و مەقام و حەسەب
ئەگەر خەلیفە نەبوایە سدیق
لێی وەرنەئەگرت عەلی بە تەحقیق
چوون هەر خەلیفە حوکمی نافیزە
تەقسیمی ئەموال بۆ ئەو جائیزە

***

ئەگەر خەلافەت بکرێ بە میراس
ئەبێ بە حەققی حەزرەتی عەبباس
عەلی بیبوایە نەسسێکی جەلی
ئاشکرا ئەبوو و ئەدرا بە عەلی
مادام وا نەبوو مەعلووم بزانە
حەق هەر ئیجماعی ئەسحابەکانە

***

لەو حــەیاتەدا حــەزرەت ئــیمام بـوو
خۆیشی سەرگەورەی هەموو ئیسلام بوو
کــە خــۆی ســدیقی دانـا بـە ئـیمام
یــانێ گـەورە بـێ بـۆ جـەمعی ئـیسلام
کــێ بــێ بـتوانــێ بکــا جـەسارەت
لابـا لە مـیحراب ئـیمامی حـەزرەت

❊❊❊

عـــەلاوەی ئــەمە دەلیــلی لەتــیف
لەبــۆ ئــینسانی تــەبیعەت شــەریف
ئــەمەیە لای دا ئــەووەڵ خــەلافەت
لەوان تــا پــاك بــێ مــاڵی نـبووەت
لە غایەی جاه و حیشمەت و سەرووەت
لە خـود پـەرستی و تـەقازای دەوڵەت
هـەتا دەرکـەوێ مـەقسود لە ئـیسلام
فەقەت ئـیسڵاحـە و ئـیرشـادی ئـەنام
کە موحەققەق بوو خـەلافەی سـدیق
عەهدی بۆ فارۆق باش ئەکرێ تـەتبیق
عومەریش پاکە لە شـوبهە و تـوهمەت
چونکە خەلافەی کرد بـە مـەشوەرەت
پاش دەوری عوسمان عەلی ئیمام بوو
جێگەی وسووقی سەحبی کـیڕام بـوو
تـەسلیمی بکـە ئـیجماعی ئـەسحاب
هــاوسەرە لەبــۆ ئــیسابەی ســەواب

لادە لە فـیکری ئـەهلی خـەرافـات
بـە قسـەی بـەتاڵ مەکە موبالات
هەر حـەق وا لەلای سەوادی ئـەعزەم
لەسەر فەرموودەی ڕەسوولی ئـەکرەم
خسووسەن دەسـەی ئـەسحابی کـیرام
ڕازی بـێ لێیـان خـالیقی ئـەنام

***

خۆت تەحقیق بکە بە عەقڵ و تـەمکین
جەهدی ئەسحابە چۆن بوو لەبـۆ دیـن
قـەومێ کـە خـودا ڕازی بـێ لەوان
تـاڵب بـێ کـە لەو ڕازی بـن ئـەوان
«خـیر الأمّـة» بـن بـە نـەسسی ئـایەت
ڕووناك بە نـووری چـرای هـیدایـەت
نـووری نـبووەت لە نـاویانا بـێ
سـیمای سـەعادەت لە ڕوویـانا بـێ
جـۆگـەی زەلالی ئـاوی شـەریعەت
بـەوان هـاتبێ بـۆ دڵی ئـوممەت
ڕۆن زەیتی پاکی و عـیسمەتیان وابێ
بـێ لە ئـاگـردان نـووری هـودا بـێ
بـە شـەرم و شکـۆ، حـەمیدە ئـاسار
لەگـەڵ هـەژاران بـیانبێ ئـیسار
خـاوەن قـەناعەت لە مـاڵی دونـیا
خـۆیـان بـنوێنـن وەکـوو ئـەغنیا

دڵ پــاك لە دەردی نــیفاق و ئـەوهام
بــێ بـاك لە دووری ئـەولاد و ئـەقوام
بـــچنە غـــەریبی لە ڕێی خــودادا
ســابیر بــن لەبــەر زامــی ئــەعدادا
لاشـــە زامــاری ڕم و تــیر و شــیر
بەعزێ بکوژرێن، بەعزێکـیش ئـەسیر
بـــەعزێ بکــوژێ ئــەولاد و بــابی
لەبــەر دیــن لابــا مــەیلی ئـەحبابی
تۆزی پێی ئەوان بـە هـێز و هـەڵمـەت
بـبێ بـە هـەوری بـارانـی ڕەحـمەت
خـــوێنـــی لاشـــەیان بــڕژێتـە زەوی
درەخــتی حــیکمەت پـێی ببێ قـەوی
بــە دەست و بـە پـێ، بـە زمـان و دڵ
تیر و تـەکـان و تـۆبـە و تـەوەککـول
تــۆخــودا ئـینسافە لە حـەق لابـدەی
نــیسبەتی خــراپ لەوانــە بــدەی؟
دەخیل سەد دەخیل دەس بـە دامـانت
نــەکــوژێنــیتەوە چــرای ئــیمانت
بــــاوەڕت بــبێ ئــەسحابە پــاکــن
بــە کـردەوە چـاك، بـە دڵ ڕوونـاکـن
مــایەی ڕوونـاکـین لەبـۆ سـەرزەمین
لەپــاش وەفــاتیش بــە دڵی نـوورین
تــەعزیمیان مــایەی نــووری ئیمانە
تـەشریفیان پـایەی ئـەجر و ئـیحسانە

بـە شـەرم و حـە یـا بـڵێ بـە تـەمکین
«رَضِـــــيَ اللّـــــهُ عَـــنْهُمْ أَجْـــمَعِينَ»
«وَ عَـــنّا بِـــهِمْ فِـــي الدُّنْـــيا وَالدّيـــن»
ڕزگـــــارمان بکـــا لە ئـــافاتی ژیـــن

باسی بەعزێ لە ئیمامە موجتەهیدەکان

بـــە مـــوناسەبەی ئـــەسحابی ئـــەمین
باس ئەکـەم بـەعزێ لە مـوجتەهیدین
تـــا لە ژیـــنا بـــوو ســـەییدی مـــوبین
مـــەهبەتی وەحـــی و مـەنبەعی یـەقین
چونکە مەرجیع بوو لەبۆ خاس و عـام
بۆ هیچکەس نەبوو شـوبهە لە ئـەحکام
عەسری ئەسحابیش هەر بـەو سـیفەتە
چوون مونەووەر بوون بەو مـەعریفەتە
کە ڕۆیـی عـەسری ئـەسحابانی دیـن
هـــــاتە پـــێشـــەوە دەورەی تـــابیعین
چوون لە زەمانی حەزرەت نزیك بوون
لە ئـــیشتیباه و غـەڵەت تـەریك بـوون
بۆ ئەوان باشتر حـەل ئـەبوو ئـەشکاڵ
زوو بـــە مـــەردانـــە ئـەڕبـابی کـەماڵ
کەوتنە سەر فیکری تەدوین و تەسنیف
بـــۆ زەبـتی دیـنی ئـیسلامی حـەنیف
ئەووەڵ موسەننیف «عبدالملك» بـوو
ئـوستادی ئـوستاد بـۆ «شـافعی» بـوو

یاخود «رَبیعی» ساحێب «اعجوبه»
یا «سَعد»ی کوڕی ئەبی‌عرووبه
بە سەعی و جیدد و جەهد و ئیهتیمام
پەیدا بوون جەمعی عولەمای ئیسلام
چەن کەس لەوانە بە عیلم و رەشاد
گەیینە پایەی بەرزی ئیجتیهاد
ئیستینباتیان کرد ئەحکامی ئیسلام
«جَزاهُمْ عَنَّا الْمَلِكُ الْعَلّام»
موجتەهیدینی دینی پێغەمبەر
عەدەدیان گەیی بە هەژدە نەفەر
چواریان مەزهەبیان تەدوین کراوە
بۆیە تەقلیدیان رەوا دراوە
«ابوحنیفه»ی ئیمامی ئەووەڵ
«مالك»، «شافعی»، «احمد بن حنبل»

[ئیمامی ئەعزەم]

ئەبوحەنیفە ناوی نوعمانە
ناوی باوکیشی سابت بزانە
لە دایك بوونی وەها مەعرووفە
هەشتای هیجری بوو لە شاری کووفە
لە سەد و پەنجای تاریخی هیجری
وەفاتی فەرموو، حەفتا بوو عومری
لە «اعظمیّە»ی بەغدایە قەبری
خودا زیاد بکا سەواب و ئەجری

شەش کەسی دیبوو لە ئەسحابەکان
لە تابیعینە بە پایە و مەکان

[ئیمامی مالیك]

ئیمامی مالیك کوڕی ئەنەس بوو
ئەنەس خادیمی مەولای ئەقدەس بوو
لە ساڵی نەوەد عەسری تابیعین
موتەوەللید بوو لە مەدینەی دین
لە ساڵی سەد و حەفتا و نۆی هیجری
موتەوەففا بوو، هەشتا و نۆ عومری
لە مەدینەدا لە خاکی بەقیع
دفن کراوە بە پایەی ڕەفیع

ئیمامی شافیعی

هاتە دونیاوە شافیعی ئەکرەم
ڕۆژی وەفاتی ئیمامی ئەعزەم
لە سەد و پەنجای هیجری بێگومان
لە خاکی غەززە یا لە عەسقەلان
پاش موددەی دوو ساڵ برا بۆ مەککە
لەوێ مایەوە بێگەرد و لەککە
لەبەر تەرەقی عیلم و فیترەتی
بە پانزە ساڵە بووە بە موفتی
خۆی موحەممەدە و باوکی ئیدریسە
جەددی عەبباسی ساحێب تەقدیسە

نــەسەبی بـەرزی بـە پـایە و حـورمەت
لە «عـبدالمـناف» ئـەگـاتە حـەزرەت
وەفـاتی فـەرموو لە دووسـەد و چـوار
یەعنی عومری ئەو گەییە پەنجا و چوار
قـەبری مـەعرووفە لە قـەررافـەی مـیسر
مـەزاری عـامە لە گشت دەور و عـەسر

***

ئیمامی ئەحمەد بن‌حەنبەل

مـوتەوەللید بـوو ئـەحمەد بـن‌حەنبەل
لە سەد و شەست و چواری موکەممەل
بە حەفتا و حەوت ساڵ گەییوە عومری
لە بـەغدا لەسـەر دیـجلەیە قـەبری

***

ئـەم چـوار زاتـانە بـە حـەق ئـیمامن
مـوجتەهیدینی دیـنی ئـیسلامن
عـادڵ و عـالم بـە ئـایەی ئـەحکام
بـە ئـەحادیسی سـەییدی ئـەنام
گشت ساحێب پایەی میانەی مەقبووڵ
لە عـەرەبییە و بـەلاغە و ئـوسووڵ
خـۆلاسـە شـەرتی ئـیجتیهاد بـۆ دیـن
لەم زاتـانا بـوو بـە «عـلم الیـقین»
غـەیری ئـەمانەیش لە مـوجتەهیدین
هەرچۆن عالم بوون بە ئەحکامی دیـن

فـەقەت مـەزهەبیان تـەدوین نـەکـراوە
بـــۆیـــە تـــەقلیدیان ڕەوا نـــەدراوە

سەبەبی ئیختیلافی موجتەهیدین چییە؟

ئـــەپرسیت بـــۆچـــی هـەیە ئـیختیلاف
لای ئـــیمامانی بـــە فـــەزڵ و ئـینساف؟
ئـــەڵێم دەلیـــلی حـــوکمی شـــەریعەت
ئـــەووەڵ کـــیتابە، دووهـــەمین ســـوننەت
ســـێهـــەم ئـــیجماعی ئـــەربابی کـەمال
چـوارەم قـیاسە و پـێنـجەم ئـیستیدلال
ئینجا هەر حـوکمێ سـاحێب تـەوزیحە
کـــــیتاب و ســــوننەت لەوا ســـەریحە
جـــێی خـیلاف نـییە بـۆ مـوجتەهیدین
چونکە ئەو حـوکمە مـەعلوومە لە دیـن
ئــــەمما ئـــایەت و حـــەدیسێکـــی وا
کــە چـــەن ئـیحتیمال قـابیل بـێ لەوا
مـــەعلوومە ئـەبێ بـە جـێی ئـیختیلاف
بـــەپێی ئـــەفکاری ئـــەهلی ئـیکتیشاف
چونکی پاش سەرفی فیکر و مەعریفەت
وای بۆ کەشف ئەبێ مـەعنای عـیبادەت
وەیـــا مـــەتڵەبـــێ ســـوننەت و کـیتاب
تـــەوزیحی نـــەکـــا بـــەبێ ئـــیرتـــیاب
مـــەجبوورەن قـــیاس لەوا بـــێتـــە کـــار
یـــا بـــە ئـــیستیدلال ئـــەکـرێ ئـیزهار

مادام عەقڵی شەخس ئەبێ بە کەششاف
تەبعەن ئەبێتە جێگەی ئیختیلاف

***

ئەگەر ئەپرسی بۆچی ئیحتیمال
هەیە تا ببێ بە مایەی ئیشکال؟
ئەڵێم ئەو ئەمرە ئیحتیمالییە
لەلای شاریعا تەواو جەلییە
فەقەت مومکینە کە لەلای نازیر
مووزیحی تەواو نەبووبێ زاهیر
مەسەلی حەدیس مووزیحی ئەوە
ئەم موجتەهیدە نەگەیوە بەوە
یا ئەو حەدیسە لای ئەم زەریفە
لای ئەو موجتەهید گەلێ زەعیفە
ئینجا بە فیکری هەریەکێ فەرعی
ئیستینبات ئەکرێ بە نەهجی شەرعی
با حەق یەکێبێ چونکی مەعزوورن
موختیء و موسیب هەردوو مەئجوورن

***

بەعزێکیش ئەڵێن ئەهلی ئیختیلاف
هەموو موسیبن بە حەق و ئینساف
چونکی حوکمی شەرع ئیعتیبارییە
مەربووتی ئەمر و قەزای بارییە
خودایش تالبی یوسر و ڕەحمەتە
غەیرە تالبی عوسر و زەحمەتە

هـــەر قــەومێ نـــەوعێ تــەریقەتیانە
فــــەرعی مــــەئلووفی تــەبیعەتیانە
بــەعزێ عــیبادەت ئــاسانە بــۆیـان
بــەعزێکـیش سـەختە بـە تـەبیعەتیان
دەی موحتەمەل هات کیتابو سوننەت
تا بشێ لەبۆ چـەن وەجـهو سـوورەت
تا بۆ هەر قەومێ شەخسێکـی ئـەعلەم
حوکمێ وەربگرێ بـاش و مـوسەللەم
جــا چــونکی خــودا زاتـەن رازیـیە
مــوسیبە هــەرکەس بــەوان قــازییە
وا لەم تـەقریرە بـۆ تـۆ مـەعلووم بـوو
ساحێبی حوکمەین مـوسیبن هـەردوو
دەی «اِخــــتِلاٰفُ اُمَّــــتي رَحْـــمَه»
لەســەر هــەردوولا مـحەللی جـەزمە
تـا ئـێسـتە وتـمان کـە لەفـزی دەلیـل
بە چەن ئیحتیمال هەڵئەگـرێ تـەئویل
ئەمماکە حوکمێ بۆ ئەوان هـەڵکـەوت
ئایەت و حەدیس بۆیان ڕێ نەکـەوت
لەوە چـــار نــییە ئـیللا بــە قــیاس
یــا بـە ئـیستیدلال لە عـولەمای نـاس
تــەبعەن ئـیختیلاف یـێتـە جـێ لەمـا
بــــە ئــــیختیلافی فــیکری عــولەما

موجتەهیدانی ئوسوولی دین

لە عـــەسری نـووری سـەییدی ئـەفزەل
عـەقیدە سـاف بـوو لە وەهـم و خـەلەل
هــەرووەها عــەسری قــەومی سـەحابە
هــــەم تـــابیعینی ســاحێب نــەجابە
ئــینجا مـوسوڵمـان پـرژ و بـڵاو بـوون
خراپ و چاکیان پـێك تـێکـەڵاو بـوون
چوون دوور کەوتەوە دەورەی سەعادەت
دەرکەوت سـەوادی فـەساد و بـیدعەت
گەرچـی لەو وەخـتا زۆر بـوون ئـیمامان
دانــا بــۆ ئـەسڵ و فـەرعی ئـەحکامان
دەرکـــەوتن دوو شـێر زۆر بـە مـەردانـە
لەســەری چــوارەم قــەڕنــێ زەمــانە
شێخ «ابـوالحســن» ئـەشعەری نـەسەب
شــێخ «ابـومنصور» حـەمیدە حـەسەب
ئـــیهتیمامیان کـــرد لە ڕێی خـــودادا
ئــەم لە ســـەمەرقەند ئــەو لە بــەغدادا
لەسەر مـەشرەبی حـەزرەت و ئـەسحاب
بــەیانیان فــەرموو عـەقیدەی سـەواب
شـێخ «ابـوالحسـن» ئـەشعەری جـەلیل
خـۆی نـاوی عـەلی بـاوکی ئـیسماعیل
جـــەددی نـــۆهـــەمی ئـــەبوومووسایە
کـــە لە ئــەسحابی «رســول الله»یــە

دووســـەد و حـەفتای تـاریخی هـیجرە
مـــوتەوەللید بــوو لە شــاری بــەسرە
ئـــیعلانی فـــەرموو لە ڕۆژی جــومعە
لە بـــەسرە ڕەددی ئـــەربابی بــیدعە
جــا هـیجرەتی کـرد بـۆ شـاری بـەغدا
لەبــۆ ئـیرشـادی ســونەت و هــودا
تـەسنیفی هـەبوو هـەتا پـەنجا و پـێنـج
هەموو موفید بوون بۆ ئـیسلام بـێ‌ڕەنـج
لە سێسـەد و سـێ و کـەسرێ لە هـیجرە
بـە سـەکـتەی قـەلبی فـەوتا لە حـوجرە

***

شـێخ «ابـومنصور» نـاوی مـوحەممەد
«عـــلم الهُـدی» لەقـەبی ئـەمجەد
باوکی مـوحەممەد بـاپیری مـەحموود
تەئویلاتی ئەو مەشهوورە و مـەوجوود
لە مـــاتوریدا هـــاتووەتە دونـــیا
لە ســـەمەرقەندا دەرچـــوو لە دونــیا
تـاریخ زیـاتر بـوو لە سـێسـەد و سـی
وەفــاتی فــەرموو ئـیمامی قــودسی
هــەرکەس تــابیع بــێ بـەم ئـیمامانە
لە ئـــیعتیقادا ســـاحێب ئـــیمانە

***

دوو شێخی حەدیس ئیمامی ئـوممەت
مەعدەنی نوور و مـەنبەعی ڕەحـمەت

یەکەم مەحبووبی حەزرەتی باری
ئیمامی حەدیس شێخی «بوخاری»
ناوی موحەممەد «ابوعبدالله»
باوکی ئیسماعیل بە مەقام و جاه
تەئلیفی ئەوە زەریف و مەلیح
جامیعی مەشهوور «جامع الصَحیح»
ئەعلای کتێبی میللەتی ئیسلام
لەپاش قورئانی هادی بۆ ئەنام
مەولید بوخارا و قەبری لە خەرتەنگ
شوێنێکی کۆنە لەلای سەمەرقەند
تاریخی بوون و وەفاتی مەشهوور
«وَلَدَ فـي صِدقٍ وَ مٰاتَ فـي نُور»[1]
دووهەمیان «مُسلم» وەلەدی حەجاج
بۆ سەری ئیسلام بوو بە زەڕڕین تاج
نیسبەت قوشەیری، وەتەن نەیسابوور
لە دووسەد و شەش هاتووەتە زوهوور
لە دووسەد و شەست عەلاوە یەك ساڵ
بە لیقای خودا گەیشت بە کەماڵ

[کەڕامەت]

کەڕامات حەققە بۆ ئەهلی شەرەف
لە ئەولیای دین سەلەف و خەلەف

---

١. «صدق» بە حرووفی ئەبجەد ئەکاتە ١٩٤، وە «نور»یش ئەکاتە ٢٥٦.

«خرق العادە»یان زۆر و بێشومار
سابتە بە شەرع دیارە بە ئاسار
تەریقەی فیرقەی ئەولیا چاکە
ئەولیا دڵیان بە حەق رووناکە
وەلی عارفە بە زات و سیفات
وەختی سەرف ئەکا بە خێر و تاعات
تابیعی شەرعی شاهی ئەنبیا
مانیع لە حوببی رەزیلەی دونیا
ئەم نیشانەیە زۆر موسەللەمە
کە هاومەجلیسیان خاتری جەمە
هەرکەسێ بە شەرع ناموافیقە
ئەوە نەك وەلی، بەڵكوو فاسیقە
میزانمان حەسرە لەسەر شەریعەت
خیلافی ئەوە هەر شەڕە و بیدعەت
رزگارمان بکا خودا لە بیدعەت
سابتمان بکا لەسەر شەریعەت
بە سیڕڕی قەلب و رۆحی ئەولیا
بە فەیزی ئەعلای شاهی ئەنبیا
بڕژێ بە سەریا بارانی رەحمەت
پەی پەی بە دەوام هەتا قیامەت
سەفای ئەو فەیزە بگا بە دڵمان
حەل بکا بۆمان هەموو موشکڵمان
تا بە سەربەرزی رۆژی قیامەت
بگەین بە لیقای ساغ و سەلامەت

روکنی پێنجەمین

روکـــنی پـــێنـــجەمین بـــە ئـــیستیقامەت
بـــــاوەڕە بـــــەوە راســــتە قـــــیامەت
ئـــــەم دونـــــیا ئـــەڕوا عـــالەمێ‌تـــر دێ
جـــەزای کـــردەوەی تـــیادا دێتـــە جـــێ
هەرکەس جەزای خۆی پێ ئەگا سـەرپاك
خـــراپ بـــۆ خـــراپ، چـاکـە لەبـۆ چـاك
پـــێی نـــیشان داویـــن سـەییدی سـادات
لەبـــــۆ هـــــاتنی بـــــەعزێ عـــەلامات
وەکـوو بـێ‌ڕەحـمی گـەورە و سـەرداران
وەکـــوو بـــێ‌شـــەرمی لای هـــەرزەکـاران
فـــــەرمان ئـــەدرێتـــە دەســـتی نـــائەهل
عـیلم کـەم ئـەبێ و غـالْب ئـەبێ جـەهل
زۆر ئـــەبێ مـەکـر و غـەش و خـەیانەت
کـــەم ئـــەبێ راسـتی و وەفـا و ئـەمانەت
لادانــــــی ئـــەولاد لە ڕێگـــەی ســـەواب
بـــێ ئـــەدەب ئـەبن لەگـەڵ دایك و بـاب
بـــــە پـــــێچـــەوانــە بـــەشەر ئـــەبینین
ئـــەمین بـــە خـــائین، خـــائین بـە ئـەمین
دونـــــیا پـــــڕ ئـــەبێ لە فـــەساد و شـــەڕ
خـــــۆشـــی نـــامێنـــێ بـــۆ دڵی بـــەشەر
ئـــینسانی عـــاقڵ مـــەبهووت و حـــەیران
ســـەرگەردان ئـــەبێ لە وەزعـــی زەمـــان

ڕابـــووریٚ بـــەلای قـــەبریٚکـــی نـــۆدا
ئـــەڵیٚ خـــۆزگـا مـن ئـەبووم لەو جـیٚدا
بـــیٚجگـــە لەمـــانە یـــیٚتـــە سـەر بیسات
لەبــــۆ قــــیامەت گــــەلیٚ عــــەلامات
وەکـــوو فـــەرموویە تـــەواو ڕوو ئـــەچیٚ
ســیٚ پــارچـــە زەوی نــامیٚنــیٚ لە جــیٚ
یـەك لە خـۆرهـەڵات، دوو لە خـۆرنشـین
ســـــیٚ لە جــــــەزیرەی عــــەرەبا یـــەقین
وەك دەرکـــــــەوتنی ســـــــەفیانی کـــــافر
وەکـــوو دەرچـــوونی دەجـــاڵی ســـاحیر
وەك دەرکـــــەوتنی مـــــەهدی لەو دەمـــا
لەگـــــەڵ نـــــزوولی عـــــیسا لە ســـەما
هـــاتنی «یأجـوج» و «مأجـوج» بـە جـەفا
دەرچـــوونی «دابّـــة» لە خـــاکـــی ســـەفا
هــــەم هـــەڵاتـــنی ڕۆژ لە خـــۆرنشـــین
بـــە غـــەیری عـادەت وەکـوو ئـەیبینین
دونـــیا پــڕ ئــەکــا دووکـــەڵیٚکـی ڕەش
لە عـــەدەن دەریـــیٚ ئـــاگـــریٚکـی گـەش
لەپـــاش ئـــەمانە نـــەفخی «فـي‌الصّـور»ە
کـــــاتی ویٚرانـــی دونـــیای مـــەعموورە
کـــیٚوانـــی زەوی شـــی ئـــەکـــریٚنـــەوە
ئـــــاسمانەکـــــان ئـــــەپیٚچـــــریٚنـــەوە
زەوی ئـــەگـــۆڕیٚ بـــە دەشـــتیٚکـی ســاف
تـــــیایا نـــــامیٚنـــیٚ لاری و ئـــیختیلاف

پاش موددەی چل ساڵ چۆڵی مەعموورە
زیندوو بوونەوە بە نەفخی سوورە
لەپاش بەیانی بەعزێ عەلامەت
لە پێش بەیانی وەزعی قیامەت
وەزعی بەرزەخت بۆ ئەکەم بەیان
لەسەر بەیانی عولەمای ئەعیان
ئینسان لەو وەختا خەریکە بمرێ
ئەگەر لە ریزی چاکان بژمێرێ
موژدەی پێ ئەدەن فریشتەی ئەخبار
بە ڕەحم و لوتفی خالیقی غەففار
پاش مردن ڕۆحی ئەبەن بە سەفا
بۆلای ئەرواحی زومرەی عورەفا
خوا نەکەردە گەر لە ناپاکانە
جێی تانە و لۆمەی مەلائیکانە
پاش مردن ڕۆحی ئەبەن بە زەحمەت
بۆلای ئەرواحی ئەهلی مەعسیەت
«والحاصل» ڕۆحی زۆر خەبەردارە
لە ئەشقیایە یا لە ئەخیارە
لە حاڵی لاشەی هەم باخەبەرە
شۆرین و بردن لەبۆ مەقبەرە
ئەمما نازانێ خۆیەتی ئەبرێ
هەتا لە قەبرا باش قەرار ئەگرێ

***

کــــە دایــانپۆشــی لە قــەبری تــەنگا
بــەجێ مــا لە ژێر ئــەو ســیا ســەنگا
ئـــاگـــادار ئــەبێ لە ئــەحواڵی خــۆی
کـە خـۆی مـردووە قـەبرە بـوو بـە جـێی
جــا دێ بــەسەریا وەزعــی گـۆڕەوشـار
لەپــاش ئــەم وەزعــە وەزعــی پـرسیار
یـــانێ فـــریشتەی ســوئال دێنــە لای
لەبـــۆ تـــەحقیقی بـاوەڕی دونــیای
خـــوا و پــێغــەمبەر، ئــیمام و دیــنی
کـــێن و کــــامەیە؟ چــــییە ئــایینی؟
گـــەر جــوابــی داوە بــە بــاشی ئــازاد
فــەورەن قــەبرەکــەی بـۆ ئـەبێ گـوشاد
لەلای ئــەو ئــەبێ بـە سـارا و بـە دەشت
پێی نیشان ئەدەن جێی خۆی لە بـەهەشت
ئـــەگـــەر نــەزانــێ بــەیانی جـواب
مــــوبتەلا ئــەبێ بــە ئــێش و عــەزاب
یـــا ئـــەبڕێتـــەوە لە قــەبرا عــەزاب
یــا دەوام ئــەکـا تــا ڕۆژی حــیساب
هـەرچـی نـاخۆشی و خـۆشی مـردووە
هــەمووی بــەوێنــەی حـاڵی نـووستووە
ئــەوزاعــی ڕۆحــە ئــەحواڵی غــەیبە
لای خـــودا ســـەهلە و بــەری لە عــەیبە
ئــەمە بــەرزەخە تــا کــاتی مــەحشەر
حـــەیاتی تـــازە دێتــۆ بــۆ بــەشەر

وەکوو زووو وتـمان بـە نـەفخەی دووهـەم
زیندوو ئـەبنەوە مـەخلووقات سـەرجـەم
زاهــــیری نـــوسووس ئـیفادە ئــەکــا
بـــەعس بـــە جـــەمعە بـۆ هـەموو ئـەجزا
گـــرد ئـــەکـــاتەوە هـــەموو ئـەعزای تـۆ
ئێسك و ڕەگ و گۆشت، وردە ئەجزای تۆ
ئـــەو ئـــەعزا کـــۆبـــن یـــا پـــرژ و بـــڵاو
خـــوراو یـــا ســـووتاو یـا بـە خـاك ڕزاو
مـاددەی ئـەجزاکـان هـەموو مـەوجوودن
مـەشموولی عـیلمی خـودای مـەعبوودن
گـــرد بـــن یـــا بـڵاو لای ئـەو بـێ‌فـەرقە
عـــــالم و قـــــادر خـــــالیقی خـــــەلقە
بـــە ڕیـــوایـــەتی مـــەفهوومی حـــەدیس
کـــە فـــەرموویەتی ڕەســـوولی ڕەئـــیس
جـــــــــــوزئێ لە لاشـــــە لە ڕزان دوورە
بـــە «عـــجب الذّنب» نـــاوی مـەشهوورە
لەســـەر ئـــەو جـوزئە ئـەندامـی ئـینسان
دروست ئـــەبنەوە بـــە ڕێکـــی دیســـان
گشت کەس ئەزانـێ کـێیـە و کـوڕی کـێ
ئـــەهلی شـــار بـــووە یـــا دەوار یـــا دێ
چـــۆن بـــوو ڕەفـــتاری لە دەورەی دونـیا
چـــارە ڕوونـــاك بـــوو یـــا چـــارە ســـیا

***

ڕووناك ئەبێ ئەرز بە تەجەللای زات
مەخلووقات ئەبرێن لەبۆ عـەرەسات
مەخلووق ئەکەونە ترسان و دەهشەت
دایان ئەپۆشـێ حـیجابی وەحشـەت
هەرکەس مەشغووڵی نەفسی نەفسییە
خەمباری ئـێش و دەردی شـەخسییە
جـا تکـا ئـەکـا سـەییدی سـەروەر
بۆ ڕزگار بوونیان لە هەوڵی مـەحشەر
جا وێنەی بـاڵدار دەفـتەری ئـەعمال
ئـــــێت لەســـــەر ئـــەمری
خـــــــودای «ذي‌الجـــــــلال»
ئـەدرێتـە دەسـتی ڕاسـتی سـوعەدا
وەرئەگـرن مـوژدەی ئـەلتافی خـودا
هەرکەس بەدبەخت بێ ئەدرێتە دەستی
چەپی لەلای چەپ یـا لەلای پشـتی

حیسابی کردەوەی موکەللەف

جا حیساب ئەکرێن ئینس و جینن سەرپاك
لەســـەر کـــردەوەی خـــراپـە یـــا چـــاك
بـــەعزەن وا لەنـــاو نـــامەی عـــەمەڵدا
بـــەعزێ ئـــەعزای خـۆی شـەهادەت ئـەدا
بـەعزێ گـــوناهیش کـــەس پـــێی نـازانـێ
فـــەقەت زاتـــی خـــوا بـۆ خـۆی ئـەیزانـێ

ترازووی ئەعماڵ

ئینجا بێتە ناو ترازووی ئـەعماڵ   بۆ لێکدانەوەی نوقسان و کـەماڵ
تای ئیشی چاکە سپیە وەکوو شیر   تای خراپەیشی ڕەشە وەکوو قیر

پرسیار و عیتابی خوای تەعالا

پـاش ئـەمە خـودای عـەلیم و خـەبیر
دێتـە سـەر عـیتاب لە ئـەهلی تـەقسیر
پــرسیار ئــەکـا لە جــین لە بـەشەر
بـۆ بـێ‌بـاوەڕی و بـۆ کـردەوەی شـەڕ
لە پــێغــەمبەران بــۆ وەزعــی عـیباد
لە خسووس وەزعی تەبلیغ و ئـیرشـاد
لە عــولەماکــان ئــەپرسێ یـەکسـەر
لە ئەمری مەعرووف، نەهی لە مونکەر
هـەروا لە ئـوممەت ئـەپرسێ بـە عـام
لەســەر ئــیتاعەی عـولەمای ئـەعلام
ئەپرسێ بـە قـەهر لە ئـەهلی بـیدعەت
لەسـەر ئـیزهاری زیـددی شـەریعەت
ئینجا ئەمر ئەکـا بـە جـەزای چـاکـان
هـەم بـە عـەزابـی دەسـتەی نـاپاکـان
مەگەر مەشموولی عـەفوو مـەغفیرەت
هەر بە ڕەحمی خوا یـا بـە شـەفاعەت

پردی «صراط»

جـا ئـینجا کـاتی هـات و نـەهاتە
وەخـتی عـبووری پـردی سیراتـە
کـە راکـێشـراوە لەسـەر جـەهەننم
بـۆ خـراپ و چـاك جـاهیل و عـالم
باریك‌تر لە مـوو تـیژتر لە ئـەڵمـاس
جێی ئیمتیحانە لەبـۆ جـینن و نـاس
عبوور بـەو پـردا بـە رای حـەقیقەت
بـەقەد عـبوورە بـە رێی شـەریعەت
بەعزێ موکەللەف لێی ئەکەونە خوار
لە جـەهەننما ئـەبن گـرفتار
کافر هـەمیشە و مـوسوڵمـان بـەپێی
تۆڵەی گـوناهی، جـا دەرئـەچێ لێی
موسوڵمانی پاك دڵ رووناك بە نـوور
زۆر بە ئـاسانی لێی ئـەکـەن عـبوور
بەعزێ وەکوو بای وەشـتی بـەهاران
بـەعزێ بـەوێنـەی شـۆڕەسـواران
بەعزێ بەوێنەی تیشکی تیژی بـەرق
بە هەناسەیەك ئەبڕێ غەرب و شەرق
شەرعە میسالی ئـەم سـەفا و سـەیرە
هەر ئەهلی شەرعە عـاقیبەت خـەیرە

***

کــە عــبووریان کــرد کـۆمـەڵی مـەسعوود
گشت گـرد ئـەبنەوە لە «حـوض المـورود»
ئـــاوی ئـەو حـــەوزە سـپی‌تر لە شـیر
بـۆنــی خـــۆش‌تــرە لە مـیسك و عـەبیر
یـەکــێ هــەزار ســاڵ لە جــەهەننم بـێ
گـــیرۆدەی دەرد و ئـێش و ئـەلەم بـێ
کـە گـەییە ئـەوێ زۆر مـەسروور ئـەبێ
سـینەی بـە سـەفا و سـاحێب نـوور ئـەبێ
هەرکەس لێی خواردۆ جـین بـێ یـا بـەشەر
قـەت تـینووی نـابێ بـە نـەسسی خـەبەر
دەی مــەعلووم ئــەکــا ﴿شَـــرَاباً طَـهُور﴾
نـۆش ئـەکـرێ لەبـۆ لەززەت و سـروور
پاش «حوض المـورود» ئـەڕۆنـە بـەهەشت
هەرکەس لە جێی خۆی دەس ئەکا بە گەشت
قـەسری بـێ‌قسـوور، بـاغی بـێ‌خـارە
«روح الرّیـــاحین» گـــوڵ و گـــوڵزارە
خـۆشـی وای هـەیە نـە گـوێ بـیستوویە
نـە بـە دڵ خـەیاڵ، نـە چـاو دیـتوویە
دۆســتی ئـارەزووی دۆسـتێکـی بکـا
لە عـــەرزی رێدا ئـەم بـە ئـەو ئـەگـا
هـەرچـی تـۆ بـڵێیت کـەمە لە تـەعریف
هـەرچـی بنووسیت نـاگـا بـە تـەوسیف

هەرچی کە بکا نەفست ئارەزوو
حازرە لەلات فەورەن زوو بە زوو
ئەعلای نیعمەتی بەهەشت بۆ ئیسلام
بینینە بە چاو بۆ خودای عەللام
﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ﴾ [1]
چونکە ﴿إِلَىٰ رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾ [2]
حەزرەتی مەولای ساحێب نبووەت
بەیانی کردووە نیعمەتی روئیەت
قورسی مانگ بینین بە چواردە شەوە
ڕەمزی تەشبیهی بینینی ئەوە
چونکی موسوڵمان ئەگەن بە بەقا
نوورانی ئەبن بە نووری لیقا
زەڕڕاتی وجوود بە نووری شهوود
نوورانی ئەبێ بە فەیزی مەعبوود
گشت سەرمەست ئەبن بە تەجەللای زات
گشت سەربەست ئەبن بە جیلوەی سیفات
ئەمەیە مەبەس، ئەمەیە مەرام
ئەمەیە ئەنعام، ئەمەیە ئیکرام
خوا بەشمان بدا ئالەم لیقایە
لەم جیلوەی فەیزە و بینینی خوایە
بە پایە و مایەی سەروەری ئیسلام
«علیه الصّلاة، علیه السّلام»

١. قیامە/ ٢٢.
٢. قیامە/ ٢٣.

فەسڵی شەشەم

فەسڵی شەشەمین ڕوکنی شەشەمە
قەزا و قەدەری خـودای ئـەعزەمە
لەم فەسڵا لەسەر نەهجی غـەزالی
دە ئەساس ئەڵێم «عـلى التّـوالي»
بـاوەڕت بـبێ بـەم دە ئـەساسە
ئەوجارە دین و عـەقیدەت راسـە

ئەسڵی یەکەم

بـاوەڕت بـبێ بـە قـەزا و قـەدەر
هەرچی کـە بـووە یـا ئـەبێ یـەکسـەر
هـەر بـە ئـیجاد و خـەلقی خـودایـە
لەسـەر ئـیرادەی خـودای تـەنهایە
قـەزا بـە مـەعنای ئـیرادەی زاتـە
بـۆ هـەرچـی ئـەبێ لەم کـائیناتە
قـەدەر بـە مـەعنا ئـیجادی ئـەشیا
لەو زەمـانەدا بـۆی قـەرار درا
ئـیجادی ئـەشیا هـەر بۆ خـودایـە
خـەلق لایـقی زانـای بـینایە
ئـێمـە جـاهیلین بـە ئـەنجامی کـار
چی چاکەو ئیقباڵ، چی بەدەو ئـەدبار

هەر لەو کاتەدا کە ئیشێ ئەکەین
ناتوانین تەواو تەفسیلی بدەین
ئەو بازە بردت پانی چەن پێیە
چەن جومگەت جوولا و چەنێ لەجێیە
ئەگەر کەسێکیش لە تۆ بپرسێ
جوابت پێ نییە قیمەتی فلسێ
هەر شتێ ئەکەی حەرەکە و سکوون
دائیم موحتاجی بۆلای ڕەهنموون
ئینکارم مەکە ئەمە یەقینە
ئەغڵەب بێهۆشی وەکوو مەکینە
گەلێ جار عەزمت بۆ پەیدا ئەبێ
بڕێ جار عەزمت لێ بەرباد ئەبێ

ئەسڵی دووهەم

هەروا کە عیباد غەیرە خالیقن
لەبۆ بێدەخڵیش هەر نالایقن
کەسبی کردەوە هەیە لەبۆیان
کاسبن لەبۆ ئەفعالی خۆیان
بێ عەلاقە نین وەکوو بەرد و دار
لەم عەلاقەدا نییە جێی ئینکار
بتلەرزێننەوەو خۆت بلەرزێنی
فەرقی ئاشکرا لەوا ئەبینی
بۆ خۆت هەڵکەوی خۆت دائەمێنی
دەستت پێوەنێن تۆڵە ئەستێنی

مەعنای کەسبی ئەشعەری

بــە دڵ حــازر بــە ئــەگــەر تــۆ دانــای
تــاڵبــی دیــن و ســەر ڕشــتەی دونــیای
تــا مــەعنای کــەسبت بــۆ بکــەم بــەیان
لەســـەر تـــەقریری عــولەمای ئــەعیان
خودا بە ڕەحــمەت عــیلمی پــێت داوە
چ ئـــیشێ بـــاشە، کـــام ئیش خــراوە
هـــەروا ئـــیرادە و مـــەیلی داوە پـــێت
تـــا لە کـــاتێکـــا ئـــیشێ بـــێتە ڕێت
لە بۆ فیعل و تەرك بــە ڕۆژ و بــە شــەو
لایـــێ هـــەڵبگــری بــە تــەعیینی ئــەو
قـــودرەتی داوە و ئـــەتوانـــی بـیکەی
هەر لایێ بە مــەیل تــەرجــیحێ بـدەی
ئەم سێ سیفەتەی مەعلوومو مەوجوود
داونـــــی بـــە تـــۆ خـــالقی مـــەعبوود
لەبـــۆ هــەر ئــیشێ بــە تــۆ بــێتە جــێ
ئـــــەم ســـــیفەتانە حـــــازرن لەوێ
دەی مـــوقارەنەی ئــیرادە و قــودرەت
لەگەڵ ئیشەکەت کەسبە بە سیحەت
پـــایەی تـــۆڵەیـــە و مـایەی جـەزایـە
چـــونکی ســـەبەبی خـەلقی خـودایـە

سەبەبی خەلقی «ربّ العباد»ە
بۆ فیعلی عیباد بە نەهجی عادە
سەرفی قودرەت و ئیرادەی بەشەر
هەر خودا ئەیکا ببە باخەبەر
فەقەت مەحەللە ئینسان و پەری
ئەمەیە مەعنای کەسبی ئەشعەری

کەسبی ماتوریدی

ئەما بە فیکری شێخی ماتورید
کەسبی موکەللەف وائەکرێ تەحدید
سەرفی ئیرادە و قودرەتە بۆ کار
ئینسان لەم سەرفا فاعیلە و موختار
چونکی ئەم سەرفە بە مەعنا ئیسناد
ئەسەرە لەبۆ قودرەتی عیباد
هەم سەبەبیشە بۆ خەلقی خودا
بەگوێرەی عادەت باش ببە ئاگا
تۆ خەیاڵ نەکەی کە ماتوریدی
خەلەلێ ئەگا ئەولای تەوحیدی
چونکی ئەو سەرفە ئیعتیادییە
لە مەوجوداتی ئەعیانی نییە
تەئسیر لەو سەرفا نابێ بە ئیجاد
«والله الهادي طريق الرّشاد»
فیکری ئوستاد و قازیش ببینە
فیکری عالمان نووری موبینە

ئەسڵی سێهەم

کەسب دەرناکا موتڵەقـەن ئـەفعال
لە ژێر ئیرادەی خودای «ذوالجلال»
چی ئـیرادە کـرد ئـەوە یـێتـە جـێ
هەرچی مەیل نەکا بە قـەتعی نـابێ
لە موڕادی خـودا جـەمیعی عـالەم
زیاد و کەم ناکا موویێ خاتر جـەم

***

لەســـەر ئـیرادەی حـەزرەتی بـاری
تـۆ مـەجبوور نـابی، هـەروا مـوختاری
مـەعلوومی ئـەهلی عـیرفان و حـیلمە
کـە ئـیرادەی خـوا تـابیعی عـیلمە
عـیلمی ئـەزەلیش تـابیعی فـیعلە
فیعلی مـوکەللەف مـەحەکـییە و ئـەسڵە
زانـیویە ئـەزەل تـۆ بـە ئـیختیار
لە کاتی تـەکـلیف چـلۆن ئـەکـەی کـار
لەسـەر ئـەو عـیلمە مـەیلی هـاتە بـار
مەیل بە شوێنی عیلم، عیلم بە شوێن کار
ئـیجبار ئـەوەیە نـاچارت بکـا
بـێ عـیلم و مـەیل و ئـاسارت بکـا

بـــا بـۆت بـەیان کـەم وێنـەیێ سـەحیح
کە بەکارت بێت بـۆ کـەشف و تـەوزیح
وەلی کــە بــە کـەشف بـزانـێ ڕەنـجێ
ئـــەبینی لە ڕێ، یــا کـــووپەی گـەنجێ
چـــی دەخـلی هـەیە بـە لوتـف و ئـازار
پـیێت ئــەدا دیــنار یــا لێت ئــەدا دار
هەروا بێ‌تـەشبیهـ عـیلمی «ذي‌الجـلال»
ئـــاوێنــە ڕەنگــە و کــردەوە مــیسال
ئـــاوێنــە وێنــەی ئــەشیا ئــەنوێنــێ
بـــۆ حـــەللی ئــەمە کــێ دائــەمێنــێ

***

مـــــەیل و ئـــیرادەی زاتـــی عـــەلییە
بـــە مـــەعنای ڕەزا و مـــحەبەت نـییە
ڕازیـــیە بـــە خـــێر نـــاڕازی لە شـــەڕ
هەردوویش مەشموولن بۆ قەزا و قەدەر

ئەسڵی چوارەم

لوتفی فـەرمووە بـە خـەلق و ئـیجاد
هـەم بـە تـەکـلیفی عـوقەڵای عـیباد
نە خەلق و ئیجاد، نە وەزعی تەکلیف
واجب نین لەسـەر خـەبیری لەتـیف

ئەسڵی پێنجەم

گشت تەکلیفێکی پێ ئەکرێ لە خەلق
ئەمە مـومکینە بـەپێی فـیکری حـەق

ئەمما قەت نەبووە و قەت واقیع نابێ
ئـیللا بـە چشـتێ لە تـاقەتا بـێ

ئەسڵی شەشەم

ئـەتوانـێ بکـا تـەعزیبی مـوتیع
عـاسیش بـباتە مـەرتەبەی ڕەفـیع
ئـەمما بـە شـێوەی کـەرەم و ئـیحسان
بـە زایـە نـادا ئـیتاعەی ئـینسان
هەرچەن بە ڕەحمەت عاسی ئەبەخشێ
پـایەی قـەدریشی قـەتعەن نـالەخشێ

ئەسڵی حەوتەم

ئـەوەی بـاشترە لەبـۆ دونـیای تـۆ
یـا لەبـۆ پـایەی ڕۆژی جـەزای تـۆ
هـیچ واجب نـییە لەسـەر زاتـی حـەق
بـۆ خـۆی مـوختارە لە ئـیشا مـوتڵەق
بـەڵێ مـەیلی بـێ ئـەتدا هـیدایـەت
بـۆ کـاری خـێرت ئـەکـا عـینایەت
لوتـف و تـەوفیقت بـۆ ئـەخاتە کـار
بـۆت ئـاسان ئـەکـا چـەن ئـیشی نـابار
یـا ئـەگـەر ویستی ئـازارت بـدا
هـەزار تـەگـەرەت دێنـێتە ڕێگـا
پـەنا بـە لوتـفی خـودای «ذي‌الاکـرام»
لە جـۆشـی قـەهر و جـیلوەی ئـینتیقام

زۆری دروست کـــرد کـــافری مـــەعلوول
بـــێ کـەس و بـێ دەست، دامـاو و مـەلوول
هەروا چـەن کـەسیش بـە وێنـەی نـەمروود
مـەغروور و شـەروور، بـەدکار و مـەردوود
خـــۆلاســـەی کـــەلام ئـــەفعالی حـــەکیم
پـــڕە لە حـــیکمەت، لێم بکـــە تـــەسلیم
نـــاپاکـــێ بـــژی یـــا پـــاکـــێ بـــمرێ
هەردوو لە حیکمەت جێگەی خۆی ئەگرێ
هـــەر ئـــیشێ ئـــەکـــا پـــڕە لە حـــیکمەت
بۆ تۆ زەحـــمەت بـێ یـا خـێر و ڕەحـمەت
هــــەر ئـــیشێ بکـــا فـــەزڵە یـــا عـــەدڵە
کـــەشفی ئـــەم ســـیرڕە بـــۆ زانـــا ســـەهلە

ئەسڵی هەشتەم

فەرزە ناسینی خوای ساحێب قودرەت
بە دەلیـلی سـەمع کـیتاب و سـوننەت

***

ئەسڵی نۆهەم

بـــەعسی ئـــەنبیا فـــەزڵی جـــەلیله
نـــە واجـــبە بـــۆی نـــە مـــوستەحیله
نـــاردنی ئـــــادەم هـــەتا پـــێغـــەمبەر
ســـڵاوات بـباریٔ لەســـەریان یـەکســەر

بـــۆ هـــیدایـەتی جـینن و ئـینسان بـوو
هەمووی ڕەحمەت و فەیز و ئیحسان بوو

ئەسڵی دەهەم

خەتمی کرد زومرەی ئەنبیا و ڕوسول
لەسەر موحەممەد ساحێبداری کـول
دیـــنی نـــاسیخی هـــەموو ئـــەدیانە
زامــــــنی خـــێری هـــەموو زەمـــانە
کردی بـە ڕەحـمەت لەبـۆ عـالەمین
خوا بـەشمان بـدا لە فـەیزی، ئـامین

***

خاتیمە و پایانی بارانی ڕەحمەت

کە ئاگادار بووی باش لەم مەرامە
کاتی خـاتیمەی عـەنبەر خـیتامە
چەن باسێ هەیە وەکوو دەستەگوڵ
لەبـۆ دەمـاخی یـارانـی یـەك دڵ

دانانی ئیمامی عادڵ

واجـــــبە لەســـەر عـــوقەلای ئـــیسلام
بــــە دەلیــلی ســـەمع دانـــانی ئـــیمام
بـــزانـــە شـــەرتە بـــۆ شـەخسی ئیمام
پیاو بێ و ئازاد بێ و ناسراو بـە ئـیسلام

عــاقڵ و عــادڵ، قــوڕەیشــی نــەسەب
شەجیع و سەربەرز بە خولق و حەسەب
وەکوو شیری ڕووت یا شێری سـەمسام
نــافیع بــێ لەبــۆ نــوسرەتی ئـیسلام
بۆ سەدی سەرحەد بۆ سـەربەرزی ژیـن
بــۆ پــاراســتنی قــولله و قـەڵای دیـن
ئەگەر ڕێ نەکەوت قـوڕەیشـی جـەلیل
با شەخسێتر بێ دەخـیل سـەد دەخـیل
تــا خــاڵی نــەبێ ئـیسلام لە ئــیمام
مـــەینەتی زۆرە نـــاییّتـــە کـــەلام

گوناهی کەبیرە

لە دیــن دەرنـاچێ ئـەهلی کـەبیرە
هەرچەن ئـەسیری بـیری تـەقسیرە
مــەگــەر گــوناهێ بـیکا بـە کـافر
چ جورمی باتین چ جـورمی زاهـیر
وەکوو ئینکاری ڕوکـنێکـی ئـیمان
یا ڕوکنی ئیسلام، ئامان سەد ئامان
مەسەل ئینکاری خەللاقی ئـەکـبەر
یاخود ئینکاری «بَعث»ی پێغەمبەر
ئـینکاری فـەنا و ئـینکاری مـەعاد
بۆ حەشر و نەشری جەمیعی عـیباد
یاخود ئینکاری ڕۆژووی ڕەمـەزان
یا حەجی بـەیتی «کـعبة الرّحـمن»

یەئس لە ڕەحمەت، ئەمن لە عەزاب
یاخود تەحقیری سوننەت و کیتاب
تەحریمی حەڵاڵ، تەحلیلی حەرام
ئەمما بە نەسسی ئەدیللەی ئەحکام
گوناهی غەیری نەوعی ئەمانە
پێی کافر نابێ ئەو موسوڵمانە

***

وەکوو ڕەزیلەی بەخێڵی و نیفاق
حەز لە شۆرەت و ناوبانگی ئافاق
خۆ لێ بایی بوون، ریا و تەکەبور
حیرس و تەماع و بوغز و تەهەوور
گومانی بەدی بە ئەحواڵی خەلق
چاکی لەبۆ خۆی ڕەزیلەی سەردەق

***

دوژمنی لەگەڵ تایفەی چاکان
عولەما و ئەولیا، باقی دڵ پاکان
بێ حەیا و شەرمی لەگەڵ دایك و باب
بۆ دونیا عارە و پاشەڕۆژ عەزاب
قەتعی سیلەی ڕەحم لەگەڵ خزم و خوێش
تەشەر و تانە لە شەخسی دڵ ڕێش
مەنعی دڵسۆزی لەگەڵ خاس و عام
مەخسووس تەربییە و تەعلیمی ئەحکام
بە خسووس قسووری ئوستادی مەرسووم
بۆ تەعلیماتی توللابی علووم

کـــوفری نـــیعمەت و جـــەفا لە پـــەیمان
ئـــــەمما پـــەیمانێ بشـــێ بـــۆ ئـــیمان
غـــەیبەت و درۆ و وەعـــدە بـــە خـــیلاف
دەست بڕیـنی خـەڵك بـە لاف و گـەزاف
سـەرفی مـوسکیرات، چ وشك و چ تـەڕ
لاتـــی و شـــێتـــییە و بـۆ عـاقیبەت شـەڕ

***

تـەحسیلی عـلووم هـەر لەبـۆ دونـیا
وەك دەسکـــەوتنی جـــاه و کـــیبریا
دامـــەزرانـــدنی بـیدعەت و ئـیفساد
تـــەرکی ســـوننەتی «ســـیّد العـــباد»
بە دەوام تـەرکی نـوێژی جـەماعەت
یا تەرکی جومعە بە ڕەسمی بیدعەت
لەبـــەر تـەشائوم ڕجـووع لە سـەفەر
یا بـە سـەنەدی قسـەی حـیسابگەر

***

خـــواردنـــی مـــاڵی ئـــەوقاف و ئـەیتام
یـــا مـــاڵی حـەرام بـە هـێزی حـوککام
مەخسووس بە بەرتیل، بە سوێندی درۆ
دیـــنت ئـــەفەوتێ و ئـــەبی ڕەنـــجەڕۆ
مـــاڵ داگـــیر کـــردن بـــە نـفووز و زۆر
بە دزی و جەردەیی وەکوو چـەکـەخۆر
لە گـــــەز و وەزن و مـــەنا خـــەیانەت
شـــەهادەتی زوور، کـــەتمی شـەهادەت

خـــەیانەت لەگــەڵ مــاڵی ئــەمانەت
بــەدترە لە گشت قــیسمی خــەیانەت
ســـوود و بــەرتیل و گــرەو و قــومار
ئـاگـری سـوورن زیـنهار سـەد زیـنهار
هــەرگیز ئــەمانە مــەکــە بــە پــیشە
دارت دەریـــێنـــێ لە ڕەگ و ریشـــە
لە هــەموو بــەدتر کــاکــی بە تـەمکین
دونــیا خــواردنــە بــە بەهانەی دیـن
ئــەساسی هــەموویش حــوببی دونــیایە
هــەر بــۆ دونــیایە ئـینسان ریسـوایـە
کـوشتنی ئـینسان بـێ حـەق و قـیساس
هــەم داوێن پــیسی ئــینسانی نـاڕاس
دانــــانی داوی بــــەڵا و مـــوسیبەت
بــۆ ئـەوەی یـەکـێ بـخەیتە زەحـمەت
بــە فــیتنە و ئــیفساد بــە دوو زمــانی
بــۆ نــەفس و نـامووس یـا مـاڵ دانـانی
بــوختان بـۆ ژن و بـۆ پـیاوی شـەریف
نیسبەتدانی خـەڵك لە ئـیشی کـەسیف
لەقـــەب داهــێنـــان لە مــوسوڵمـــانان
تــەحقیری فـەقیر بـە جـەور و تـوغیان
بە چـاوی سـووکی ڕوانـین لەبـۆ غـەیر
خـۆ بـە زل گـرتن بـە پـایە و بـە خـەیر
لەگـــــەڵ دڵ ســـافان فـــێڵ و نـــاسافی
گوێ نـەدان بـە حـەق بـە بـێ ئـینسافی

لە مـــــزگەوتانا قســـەی دونـــیایی
تـــەرویجی نـــاحەق بـــە نـــاڕەوایـــی
بێدەنگ بوون لەسـەر کـردەوەی حـەرام
ئـەگـەر بـێ‌فـیتنە بگـا بـە مـەرام
لە کـــاتی عـــوزرا ڕەفـیقـی ژنـــان
یـانێ بـۆ بـەینی نـاوك و ئـەژنۆیـان
تەرکی واجـیبات بـێ‌عـوزری شـەرعی
یـا فـیعلی حـەرام مـەمنووعی قـەتعی
کـــەبیرە زۆرن غـــەیری ئـــەمانە
نـــاگـونجێن هـــەموو لەم ڕیســالانە
بـــڕۆ بـــپرسە لە عـــولەمای دیـن
لە تـــرسی خـــودای «ربّ العــالمین»

باسی تۆبە کردن

تـۆبـە واجـبە بـە نـەسسی ئـایەت
سێ شەرتی هـەیە، یـەکـەم نـەدامـەت
پـــــەشیمانییە لەو گـــــوناحانە
کـە زوو کـردوونی بـەبێ شـەرمانە
دووهــەمیان عــەزمە کـە هـەتا مـاوە
خـۆی نـەخاتەوە نـاو ئـەو قـوڕاوە
سـێهـەمیان ڕەددی حـقووقی نـاسە
یـا ئـیبرای زیـممە لەو شـەڕ و بـاسە
تـەفرەی تـۆبـەی تـۆ لە ئـیشی گـوناه
گـــوناحێ‌تــرە بـــەبێ ئـیشتیباه

قەت تەفرە نەدەی تۆبەکەت هەیهات
ژین نەفەسێکە ئەمرێکە نەهات
ئیقتیدا بکە بە چاك و خراپ
هەرچەن بە چاکان باشە بۆ سەواب
نوێژ بکە لەسەر مردووی موسوڵمان
چ گوناحبار بێ چ ئەهلی ئیحسان
لە ئەهلی قیبلە یەکێ بە کافر
مەزانە تا کوفر لێی نەبێ زاهیر
بە ئیقراری خۆی یا بە شەهادەت
لە شەخسی عەدڵی ساحێب سەعادەت

بەهەشت و دۆزەخ

بەهەشت و دۆزەخ ئێستە مەوجوودن
لە قورئانەدا گەلێ مەعدوودن
لەبۆ جێگایان هەیە ریوایەت
لەسەر فەرموودەی ئەهلی دیرایەت
بەڵێ فەرموویە کوردی مەعنەوی
شێخ «عبدالرّحیم» لەقەب مەولەوی
نەسسێکی سەریح هیچ نییە دیار
لەبۆ تەعیینی جێی جەننەت و نار
حەق وایە دەسیان هیچ لێ نەدرێ
تەفویز بە عیلمی زاتی حەق بکرێ
ئەم دوو جێگەیە «دارالخلود»ن
لەگەڵ ئەهلیان باقی و مەوجوودن

هـەرچـەن حـادیسن ئـەڕواحـی گـیاندار
دروسـتی کـردوون خـوای بـە ئـیقتیدار
ئـــەمما ئـەمێنـن گشت بـە ئـەبەدی
لەسـەر تـەعلیمی شـەرعی ئـەحمەدی
فـەقەت ئـەڕواحـی غـەیرە مـوکەللەف
لە حـــەیوانـــاتا ئـەڕۆن بـە تـەلەف
ئـێمـە نـاوبەینی هـیچ نـادەین قـەرار
بـۆ کـوفر و ئـیمان، بـۆ جـەننەت و نـار
یـــا وان لە دۆزەخ یـا وان لە بـەهەشت
دەرەکی ئەو حەوت دەرەجەی ئەم هەشت
خـــوا لە دۆزەخ ئـــازادمـــان بکـــا
بـە خـۆشـی بـەهەشت دڵ شـادمان بکـا
لەگـــەڵ ئـەنبیا و زومـرەی سـددیقین
لەگـــەڵ ئـــەولیا و ئـــەربابی یـەقین

باسی شەفاعەت

شـــەفاعەت حـــەققە لەبـــۆ ئـەنبیا
لەبـــۆ قـــاتیبەی زومـرەی ئـەسفیا
ڕۆژی قـــیامەت خـــەللاقی عـــەللام
دەرئـــەخا جـیلوەی جـۆشـی ئـینتیقام
عـالەم ئـەکـەونە زەلزەلە و دەهشـەت
لە خـۆفـی خـودا ئـەکـەونە وەحشـەت
جـا پـەنا ئـەبەن عـوومی ئـوممەت
بـــۆ پـێغـەمبەران لەبـۆ شـەفاعەت

کەسیان خۆ ناکەن بە ساحێبی کار
هەرکام بە نەوعێ ئەکەن ئیعتیزار
هەتا ساحێبی مەقامی مەحموود
لەبۆ خودای خۆی ئەڕواتە سجوود
تا نیدای بۆ دێ لای «ربّ العزّة»
سەر بەرزەوە کە و بکە شەفاعەت
کە هاتە مەیدان بۆ تکای ئوممەت
واز ئەکرێتەوە دەروازەی ڕەحمەت
هەر پێغەمبەرێ لەبۆ ئوممەتی
شەفاعەت ئەکا بەپێی ریفعەتی
شەهید و ئەسحاب، ئەولیای کیرام
سوڵەحای ئوممەت، عولەمای ئەعلام
شەفاعەت ئەکا تا ڕێکەوێ بۆی
لەبۆ ئەتباع و دۆست و برای خۆی
ئەگەر کەسێ ما و فەرامۆش کرا
لەبۆ شەفاعەت هیچ ناوی نەبرا
ئەوە مەشمولی فەیزی خودایە
جێگەی ڕەحمەتی حەق تەعالایە
بە نەسسی ئەخبار ڕۆژی قیامەت
لە پێنج مەقاما هەیە شەفاعەت
یەکەم بۆ نەجات لە ترسی مەحشەر
کە مەدهۆش ئەبن قاتیبەی بەشەر
دووهەم ئیستیعجال بۆ عەرزی حیساب
سێهەم بۆ سەهلی سوئال و جواب

چــوارەم دەرچــوونی بــەعزێ گــوناهبار
لە کــوورەی دۆزەخ لە عــەزابــی نــار
پێنجەم بۆ بـەرزی دەرەجـەی بـەهەشت
کە نەوعی ئـەوان ئـەگـەیێن بـە هـەشت
مــوسوڵمــان بـەپێی عـەقیدە و رەفـتار
لەو دەرەجــانە بــۆی ئــەدرێ قــەرار
ئــــومێدم وایـــە رۆژی قـــیامەت
تکاکارمان بێ حـەزرەت بـە رەحـمەت
وایــە عــەقیدەی ئـەسحابی حـەزرەت
ئــەهلی سـوننەت و عـیلمی بـەسیرەت

پاڕانەوە لە خوا

بـــەم عـــەقیدەیە «کـــریم» راجـــییە
بـــڕواتـــە ریـــزی فـــیرقەی نـــاجییە
ئــەوانــەی مـاون بـە سـیدق و سـەواب
لەسـەر ئــادابـی حـەزرەت و ئـەسحاب
ســـەربەرزی دونــیا و رۆژی قــیامەت
لە تــەرزی بــیدعەت ساغ و سـەلامەت
کــە بــە ســەلامەت نــەزمم تـەمام بـوو
«الحـــمد للّـــە» حـــوسنی خـــیتام بـــوو
ژمــارەی بــەیتی زیــاد لە ســێ هــەزار
هــــەریەك دورڕێکــی نــاودار و نــازار
ســاڵی تــاریخی بـە گـوێرەی هـیجرەت
هەزار و سێسەد لەگـەڵ حـەفتا و حـەوت

لەســـــەر مـــوهاجیر بــڕژێ بـــە دەوام
بـــــەبێ ژمـــــارە ســــەلات و ســـەلام
لەســـەر ئـــەسحاب و ئـــال و ئـــوممەتی
بـــە قـــەد بـــوڵەنـــدی پـــایە و هـیممەتی
ئەی ڕەهنومای خێر، خێر بە دەست ئاسان
فـــەییازی مـــوتڵەق بـــە لوتـف و ئـیحسان
بـا ئـیقلیم گـیر بـێ «بـارانـی ڕەحـمەت»
ڕەحمەتی عـام بـێ بـۆ هـەموو ئـوممەت
ئەی سـاحێب گـوفتار لە سـەرای غـەیبی
بـــــە «أَنَـــــا عِـــنْدَ ظَـــنِّ عَـــبْدِي بِـــي»
تـــــۆمـــاری عـــومرم ئـــەڕوانـــم پـــێدا
قـــوسووری زۆرە و خـــێر کـــەمە تـێیـدا
هـــەرچـــەن لەم وەزعـــە زۆر هـەراسـانم
ئـــــومێدەواری عـــــەفو و ئـــــیحسانم
سا حوسنی زەنـنم بـە حـەق بـێنە جـێ
زۆر خـۆشـە خـودا لە بـەندە خـۆش بـێ
بـــــمبەخشە بـــە شـــای هـــەموو ئـــەنبیا
بـــــە ســـەفای قـــەلبی مـــەولای ئـــەولیا
حـــەل بکـــە بـە خـێر گشت مـوشکڵاتـم
بـــۆم ئـــاسان بکـــە ڕێگـــەی نـــەجاتم
تـــــەوفیقم بـــــدە بـــــۆ ئـــیستیقامەت
لەســـــەر تـــەریقی ســـیدق و ســـەلامەت
بەڵکـوو لە جـەفا و مـەینەت و زەحـمەت
بـــــمشۆرێتـــەوە «بـــارانـــی ڕەحـــمەت»

الحمد للّه حقّ حمده والصّلاة والسّلام علی سیّدنا محمّد
و آله و صحبه و أمّته من بعده

نەجاتم بوو لە هۆنینەوە و نووسینەوەی ئەم هۆنراوە دینییە بەرزە -کە باسی ئوسوول و فرووعی دینی موبین ئەکا -لە شەوی یەکشەممەی موسادیفی بیست و پێنجی رەمەزانی موبارەك، لە مەدرەسەی خانەقای بیارەی شەریفە بە تەئریخی ١٣٥٤ی هیجری. وە لێبوومەوە لە پوختە کردن و لێ زیاد کردن و نووسینەوەی دووبارەی لە شەوی شەممەی شانزدەهەمی «ربیع‌الأول» لە مەدرەسە و مزگەوتی «حاجی حان» لە گەرەکی مەڵکەندی لە شاری سلێمانی بە تاریخی ١٣٧٤ی هیجری و زۆر لە خودای تەعالا ئەپارێمەوە کە ئەم کتێبە بکات بە واسیتەی ئیستیفادەی دینییە بۆ خوێندەوارانی کورد زمان. وە منیش رزگار بکا لە مەینەت و جەفا بە فەری سەفای سینەی حەزرەتی ریسالەت مەئاب، «صلّی الله علیه و سلّم»

«سبحان ربّك ربّ العزّة عمّا یصفون و سلام علی المرسلین
والحمد للّه ربّ العالمین» [١]

******

١. صافات/ ١٨٢-١٨١-١٨٠.

پێڕست